دەزگای
چاپ و
پەخشی
سەردەم



لەتاریکییەوە بۆ ڕووناکی

بەڵگەنامەکانی شۆڕشی ١٨٨٠

جەمال میرزا عەزیز

لەئینگلیزییەوە کردوونی بەکوردی

وتەی سەرەتا

نەوشیروان مستەفا ئەمین

پێڕستی یەکەم بەرگ

پێشەکیی ئامادەکەر
١-کوردو ڕابردووی
٢-نیشتمانی کورد یا سنووری نەتەوەییی کوردستان
٣-دۆستایەتیی کوردو ئەرمەن
٤-ژمارەی کورد
٥-ژمارەی ئەرمەن
٦-کوردان لەسەروبەندی دەرکەوتنی ئیسلامەوە تا ئیدارەی حکوومەتی عوسمانی
٧-ڕاپەڕینەکانی کوردستان لە سەردەمی حکوومەتی عوسمانیدا
٨-یەکەم دەوران: لە پەیماننامەکەی نێوان سوڵتان سەلیمو میرو سەرانی کوردەوە تا سەردەمی چوونە سەر تەختی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم
٩-دووەم دەوران: لە هاتنەسەر تەختی حەمید خانی دووەمەوە تا مێژووی ڕاگەیاندنی مەشرووتییەتی عوسمانی (١٩٠٨)
١٠-سێیەم دەوران: لە ئیدارەی مەشروتییەتەوە تا یەکەمین جەنگی جیهانی
١١-چوارەم دەوران: لە دەست پێکردنی جەنگی گشتییەوە تا ئاگربەست
١٢-پێنجەم دەوران: سەروبەندی پاش ئاگربەست
١٣-شەشەم دەوران: لە جموجووڵی نەتەوەییی کەمالیی تورکەوە تا یاخیبوونی شەهیدی خوالێخۆشبوو شێخ سەعید بۆ سەربەخۆیی
١٤-حەوتەم دەوران: لە یاخیبوونی خوالێخۆشبوو شێخ سەعیدەوە تا دووەم جەنگی جیهانی
١٥-بۆ ئەو برا کوردانەم کە خۆ بەکورد دەزانن‌و دێڕە شیعرەکانی مستەفا پاشا بۆ یەکگرتن
١٦-بەندەکانی تایبەت بە کوردستان لە پەیمانی (سێڤر)دا

پێڕستی دووەم بەرگ

-جووڵانەوەکانی کورد لە یەکەم جەنگی گشتیداو دواجار لە ئێران.
-جووڵانەوەکانی کورد لە عێراق پاش یەکەم جەنگی گشتی.
-حکوومەتو یاخیبوونەکانی شێخ مەحموود ئەفەندیو، یاخیبوونەکانی بارزانو هۆیەکانی.
-جموجووڵە عەسکەریەکانی عێراق.
-فیتو دەسیسەکانو ئەوانەی کە بازیچە بوون.
-ئەوانەی کە سیاسەتی کورد لە عێراق بەڕێوەدەبەن.
-زانیاریی گشتی لەبارەی خێڵەکانی کوردەوە.
-مافی کورد لە عێراقداو مەعاریفو ئەفسەرانو فەرمانبەرانی کورد.

پێشەکیی ئامادەکەر

ساڵی ١٩٩٧ کاتێك خەریکی کۆکردنەوەی زانیاریی مێژوویی بووم، کاك "شێرزاد کەریم"م ناسیو دەرکەوت کوڕی "کەریم شالووم"ی دامەزرێنێکی کۆمەڵەی نیشتمانیی کوردیی "خۆیبوون"ە. لەبەر ئەوەی کاك شێرزاد تورکیی عوسمانیی باش دەزانی، ئەو قەناعەتەم لەلا پەیدا بوو کە پێویستە زمان زانینەکەی بخرێتە خزمەتی ڕۆشنبیریی کوردی. خۆیشم لەمێژبوو بە بایەخەوە حەزم دەکرد بابەتە تورکییەکانی گۆڤارو ڕۆژنامەکانی زوومان بکرێنە کوردی. بۆیە ڕووم لێنا پێکەوە خەریکی کارێکی وەها بینو، قایل بوو. ئەگەرچی لەسەرەتاوە گوتی نە کوردیەکەم بە نووسین توندوتۆڵەو نە شارەزاییەکی ئەوتۆیشم لە هونەری وەرگێڕاندا هەیە. بەڵام من هانم داو، بەڵێنم دایێ هێندەی پێم بکرێ ئەو لایەنانەی بۆ پڕبکەمەوەو وەرگێڕانەکانی بە شێوازی خۆم دابڕێژمەوە.

ئیدی لەوکاتەوە بابەتێکی زۆری تورکیی بەرهەمی بنووسانی کوردو بەتایبەت هیی گۆڤاری "ژین"ی ئەستەمووڵمان پێکەوە ئامادەو بڵاوکردووەتەوەو، بەنیازین درێژە بەم کارە بدەین. ئەم کتێبەی بەردەستیش بەرهەمێکی ڕەنجی هاوبەشی هەردوکمانە، پێم باش بوو لە پاڵ بەرهەمەکانی دیکەی خوالێخۆشبوو "عەبدواعەزیز یامولکی"دا بڵاوبیێتەوە. ساڵو شوێنی چاپی کتێبەکە دیارنین، بەڵام بەپێی پێشەکیەکەی خۆی زۆر پێدەچێ دەوروبەری ساڵی ١٩٤٦ هەر لە (تاران) چاپ بووبێ. هەڵەو ناڕۆشنی لە هەر شوێنێکیدا هەبووبێ، هەوڵم داوە پشت بەستوو بە سەرچاوەی متمانەپێکراو راستو روونیان بکەمەوە. مامۆستا عەبدولڕەقیب یووسق لە ڕاست نووسینەوەی چەند ناوێکدا یارمەتیی دام، سوپاسی دەکەم.

لێرەدا بۆ زیاتر ناساندنی ناوبراو بە پێویستی دەزانم ئەم چەند سەرقەڵەمەی لەبارەوە بنووسم:

عەبدولعەزیز کوڕی مستەفا پاشا یامولکیو پوورزای "شەریف پاشای خەندان"ی نوێنەری کوردە لە کۆنگرەی ئاشتیی پاریسدا، ٢١ی کانوونی یەکەمی ١٨٩٠ لە شاری (مەککە) لەدایك بووە، وەختێك باوکی لە فیرقەی ئەرکانی جەنگیی حیجاز بووە. یەکەمجار لە سلێمانی لەلای "عیرفان ئەفەندی" خوێندوویە. ٨ی ئەیلوولی ١٨٩٨ لە بەغدا چووەتە پۆلی یەکەمی قوتابخانەی ئامادەییی مولکی. پاشان بەماڵەوە چوونەتە ئەستەمووڵو، لەوێ مایسی ١٩٠١ چووەتە پۆلی دووەمی ڕوشدیەی عەسکەریی (بەشکتاش)و، دوا پۆلی ڕوشدیەی لە ٢١ی تشرینی یەکەمی ١٣١٩ی ڕۆمی (١٩٠٣)دا تەواو کردووە.

ئەمجا دیپلۆمی ڕوشدیەی لە (سیواس) وەرگرتووە. ساڵی ١٩٠٨ لە دووەم پۆلی قوتابخانەی جەنگیی ئەستەمووڵ بووەو ساڵی ١٩١٠ دەرچووە.

بۆ خوێندنی زیاتر چووەتە ئەڵمانیاو، لەوەبەدوا بە یاوەر خراوەتە یەکەم بەتالیۆنی ڕمهاوێژی نموونەیی (نمونە برنجی مزارقلی آلایی) کە پاسەوانی تایبەتی سووڵتان بووەو چەند ئەفسەرێکی لێهاتووی ئەڵمانیا سەرکردەی بوون. کاتێك لەم بەتالیۆنە بووە وەك یاریدەدەر بەشداری شەڕەکانی باڵکان و یەکەم جەنگی جیهانیی لە دەردەنیلو عێراقو ئێرانو فەلەستین کردووە. دوایی کراوەتە یاوەری سەرکردەی فەیلەقی نموونەییی یەکەم. پاشتر خراوەتە لقی مێژووی جەنگی سەر بە سەرۆکایەتیی ئەرکانی گشتیو، دواتر بووەتە یاوەری تایبەتی سەروەزیر (سەدری ئەعزەم)و دواجار یاوەڕی تایبەتی سوڵتان (وەحیدەلدین). بە هەلی زانیوە کە لە ئەستەمووڵ بووە، یاسای تا پۆلێکی پێشکەوتوو لە کۆلێجی حقووق خوێندووە. لەپاشدا ناچار بووە دوای چوونە دەرێی سوڵتان لە خانەی خەلیفایەتی، ئەمیش ئەستەمووڵ بەجێ بهێڵێو پەنا بباتە بەر فەرەنسەو ئەڵمانیا.

دەوروبەری حوزەیرانی ١٩٢٤ تازە لە ئەڵمانیاوە هاتووەتەوە بۆ عێراقو چووەتە پاڵ بەتالیۆنی هێزی سوارەی (الهاشمی) کە لە بەغداوە بە سەرکردەییی عەلی ڕەزا بەگو یاوەریی ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگو کاپتن "چاپمان" نێردرابوو بۆ گرتنەوەی سلێمانیو شکاندنی هێزەکانی شێخ مەحموودی حەفید. بەهاری ١٩٣٦ بووە بە بەڕێوەبەری (النقلیات الالیة) لە وەزارەتی بەرگری. پێشتریش لە فەرماندەریی قوتابخانەو گەنجینەی سوارە بووە. بەشداریی ئەو جوولانەوە عەسکەریەی کردووە کە بەکر سدیقیی لە مووسڵ تێدا خافڵکوژکرا. دوابەدوای کوژرانی مەلیك غازی بووە بە سەرۆکی ئەنجومەنی عورفی.

بەر لە هەراکەی ساڵی ١٩٤١ی ڕەشید عالی گەیلانی لابراوەو خانەنشین کراوە. پاشان کراوە بە بەڕێوەبەری پڕۆپاگەندەو، ئەمجا لە ١٩٤٢دا بووە بە کارهەڵسووڕێن (القائم للأعمال)ی عێراق لە ئەفغانستانو، دوایی قونسڵ لە کەراچیو ١٩٤٣ لەوێ بووە. ١٩٤٤ بوە بە سکرتێری یەکەمی باڵوێزخانەی عێراق لە تاران. دیسان بووە بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی (مصلحه نقل الرکاب) لە بەغدا.

ئەم سەرهەنگە خانەنشینە ساڵی ١٩٥١ لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەدا لە بەغدا "کۆمەڵەی پوولخوازانی عێراق"یان دامەزراندووە. ١٩٧٠ دوو ساڵ بووە لە تاران زیندانی بووە. هاوینی ١٩٧١ لەژیاندا بووەو، لەوەو پاشو هەر ( ) کۆچی دواییی کردووە.

عەبدولعەزیز یامولکی کاتێك لە ئەستەمووڵ بووە، چالاکیی کوردایەتیی هەبوەو بووەتە ئەندامێکی "کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان"و نووسینی لە گۆڤاری "ژین"دا بڵاوکردووەتەوە. ناوبراو جگە لەم کتێبە، ئەم بەرهەمانەی خوارەوەیشی هەن:

١-صرخة الظلم: او قضيتي، طهران، ١٩٥٢.

٢-كشف القناع عن بعض الوقائع العراقية، الجزء الاول، بغداد ١٩٥٧.

٣-بنەماڵەی خەندان، ئامادەو پەراوێز بۆ کردنی سدیق ساڵح، گۆڤاری "پەیڤین"، ژ٢، ئۆکتۆبەری ١٩٩٧.

٤-بنەماڵەی یامولکیو ژیاننامەی مستەفا پاشا یامولکی، ئامادەو پەراوێز بۆکردنی سدیق ساڵح، گۆڤاری "هەزارمێرد"، ژ٤، ساڵی١، حوزەیرانی ١٩٩٨.

٥-خانەدانی بابان، لە تورکیی عوسمانییەوە وەرگێڕانی شێرزاد کەریم، گۆڤاری "پەیڤین"، ژ٤، دیسەمبەری ١٩٩٨.

٦-بیرەوەرییەکانی عەبدولعەزیز یامولکی، لە تورکیی عوسمانییەوە وەرگێڕانی شێرزاد کەریم، گۆڤاری "مامۆستای کورد"، ژ٢٧و ٢٨.

٧-هەندێ لە متروکانی مصطفی یامولکی، بەغدا، ١٩٥٦.

یامولکی لە بیرەوەریە بڵاوکراوەکانیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە بیرەوەریەکی وردی لەسەر شەڕی باڵکان بەجیا نووسیوەو، درێژەی باسی هاوبەشیی دەوڵەتی عوسمانیی لە یەکەم جەنگی جیهانیدا لە کتێبە تایبەتەکەیدا تۆمار کردووە. لەم کتێبە وەرگێڕدراوەیشیدا گوتوویە: بیرەوەریی سەروبەندی یەکەم جەنگی جیهانیی خۆیی لەسەر خراپەکاریی سوپای تورك لە بەرەی شەڕی کوردستانی خۆرهەڵاتدا نووسیوەتەوەو، سەرباسی بابەتەکانی دووەم بەرگی ئەم کتێبەیشی دیاریکردووە. لەو دووەم کتێبە عەرەبیە ناوبراوەیشیدا گوتوویە بیرەوەریەکانی عێراقی چەند بەرگێك دەبنو سەرباسی دووەم بەشیی دیاریکردووە. ئومێدم وایە ئەو نووسینانەیشی لەداهاتوویەکی نێزیکدا بکەونە بەرچاو*.

سدیق ساڵح

سلێمانی

٢٣ی حوزەیرانی ١٩٩٩

---

* بۆ نووسینی ئەم ژیاننامەیە سوودم لە بیرەوەریەکانی خۆیو دوو لاپەڕەی بەڕێز دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد لەسەر ژیانی ناوبراو وەرگرتووە.

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبانەوە
پێشەکیی دانەر

یەکەمین جەنگی جیهانی مرۆڤایەتیی نوقمی خوینو نەهامەتیو ئێشو ئازارکردو، پاش دووەم شەڕی گشتیش وا بەرەو ئاسوودەیی دەبێتەوە. هەوڵو کۆششی هەموو دنیایش بۆ ئەوەیە مرۆڤایەتی ببرێتە دەورانێکی تازەوە.

مەرجە ١٤ چواردە مادەییەکەی (ویلسن)ی سەرکۆماری ئەمریکا لەکۆتاییی ئەو جەنگەدا کە سەرتاسەری جیهانی گرتبووەوە، پەیدا بوو و، دەیانگوت ئیدی گشت میللەتێك خۆی کاروباری خۆی بەڕێوەدەبات. بەڵام ئەم لافو گەزافو بۆچوونانەیش دوای ماوەیەك کەوتنە ئاوەوە.

ئەمجارەیش ئەو سێ دەوڵەتە گەورەیەی کە بە سەرکەوتوویی ماونەتەوەو ئەرکی ڕێکخستنی دنیایان لە ئەستۆ گرتووە، بانگەواز دەکەنو دەڵێن: ئیدی مرۆڤایەتی بۆ ئارەزوو و هەڵپەو مەبەستی سیاسی نابێتە بووکە سەماکەرە. ئەم پەیمانانەیش دیسانەوە بۆ ئەو دەوڵەتە پچووکانەن کە لەژێر چنگیاندا ماونەتەوەو بەدەنگی نووساوەوە چەپڵە بۆ بەڵێنەکانی ئەو دەوڵەتە گەورانە لێدەدەنو، ئەو نەغمانە دووپات دەبنەوە.

مرۆڤایەتیی بێتاوان لەکاتێکدا لەدڵەوە ئارەزووی هەموو ئەو خواستانە دەکات، ئەو نەتەوەی کوردە کە لە چەندین هەزار ساڵەوە لە چیا بەرزەکانی خۆرهەڵاتی نێزیکدا دەژیو لە زوڵمو زۆرێکەوە تووشی زوڵمو زۆرێکی دیکە دەبێ، بەناوی ڕەگەزی خۆیەوە هاوار دەکاتو دەڵێت: زۆر سەیرە لەکاتێکدا دەبینین جیهانی شارستانەتیو مرۆڤایەتی گەلێك یارمەتیی هێندێك لەو میللەتانە دەدات کە بە بێهێزی بەجێهێڵراون؛ بەڵام ئەو میللەتی کوردەی کە لەنێوان سێ یا چوار دەوڵەتدا لەتلەت کراوەو لە هەزاران ساڵەوە پارێزگاریی دابو نەریتو زمانو ڕەوشتی میلیی خۆیی کردووەو دەنگی لە شاخە سەختەکانەوە دەنگ دەداتەوەو لەپێناوی نەفس بەرزیی خۆیدا هەردەم بەرانبەر بە داگیرکەران جەنگاوەو بەرگریی لەخۆی کردووەو سەرکوت کراوە، ئایا کەیو لەکوێوە ئەو خۆرەی بۆ هەڵدێت کە ڕێگای زانستو عیرفانو خۆشگوزەرانیو بەختەوەریی بۆ ڕووناك بکاتەوە؟

مرۆڤایــەتی پێشــتر لــەژێر بــاری بەســەرهاتو کارەســاتە دڵتەزێنــە جۆراوجۆرەکاندا دەینالاندو، ئێستا شوێنکەوتەی تیـۆری‌و بیروڕای نوێیـە. لـەکاتێکدا مرۆڤایـەتی بـەدڵێکی پـڕ هەسـتی ڕەزامەندییـەوە بـەرەو ئـەم بـیرە نوێیەو ڕووداوەکانی دەچێ، بەشێکی حکوومەتەکان بە کاریگەریی ئـەم گورزە ڕووخاون‌و بەشێ لە گیانەلآدان. ئەو حوکمدارو سەرۆک‌و دەستەو حیزبانـەیش کە بۆ دابینکردنی مانـەوەی دەسەلآت‌و پێگـەی خۆیـان گەمـەیان بـە خوێـن‌و گیـانی مـرۆڤ دەکـرد، بەرانبـەر بـەم گۆڕانکاریانـەی دنیـا هێندێکیـان لـە تاجەکانیان‌و هێندێکیشیان لە سەریان جیابوونەتەوە.

هێندێك لە سەرۆکانی میللەتان پەلەقاژەی پڕکردنی گەنجینـەو گیرفانیانە، بۆیـە دەسـتووره دانراوەکـانی ئاینـە جیاجیاکانیـان بـۆ بـیروڕای شەخسـی‌و نەتـەوەیی‌و دژایـەتیی مرۆڤایـەتی لێکداوەتـەوە. هەرچـەندە بـۆ توندوتـۆڵ‌و جێگیرکردنی جێ‌پێیان‌و بەردەوامیی دەسـەلآتیان بـەفیت‌و سیاسـەت هـەوڵی بەگژیـەکداکردنی مرۆڤایـەتییان داوە، بـەلآم مـەحکوومی لـەنێوچوون یـا حاڵەتێکی ڕووخان بوون.

ئایـا ئەوانـەی کـە ئـەمڕۆ مەشـخەڵی ڕوونـاکیی بـیروبۆچوونی نوێـی مرۆڤایەتییان هەڵگرتووەو دەڕۆن‌و دەیانەوێ گەردنی مرۆڤایەتی‌و میللەتان لە دیلی ڕزگار بکەن، دەرمانێك بۆ دەردەکانی میللەتی کوردیش دەدۆزنەوە؟

ئەوا منیش کورتەیەکی مێژووی ڕاپەڕینەکانی کوردم هەر لە سەرەتاوە تا ئـەمڕۆمان نووسیوە کـە لـە سـەروبەندە جیاجیاکـاندا بـەهۆی کۆبوونـەوەی دەردەکانـەوە دەتەقینـەوە. هـەر بـەو بۆنەیەیشـەوە کاتێك سنووری نەتـەوەیی کوردانم لـەو خاکانـەدا کـە تێیـاندا دەژیان‌و ژمارەیان‌و ژمـارەی ئەرمەنیـەکانی هاونیشتمانیان‌و پێویستی هـەبوونی دۆستایەتی‌و هاوکاریی نێوان ئـەم دوو میللەتەیشم خستوونە بـەرچاوی کەسـانی پێوەندیـدار، ویسـتوومە خزمـەتی ڕاستییەك بکەم.

کتێبەکەمم لە دوو بەرگدا ڕێکخستووە:

پـاش ئـەوەی لـە یەکـەم بـەرگدا هێندێـك باسـم سـەبارەت بـە کوردسـتان نووسیوە، دووەم بەرگی کتێبەکـەم ئـەم باسانەی لـەخۆگرتووە: زیاتر لـەبارەی یاخیبوونی کوردانی کوردستانی تورکیاوەیە بەهۆی ئـەو نەهامەتیانـەوە کـە تووشیان هاتوون. ژیانی کوردانی ئێران لە ئیدارەیەکدا کە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ژیانی کوردانی تورکیاو بە تایبـەتی کوردانـی عـێراق‌و بارودۆخیـاندا

هەیـە. سـەبارەت بـە خێڵاتـی کـورد بەگشـتیو ڕۆحیـەتو ورکردنـەوەی کەموکوڕییان.

مەبەست لە نووسینی کتێبەکەم بە زمانی تورکی ئەوەیە: ئەو کوردانەی کە بەسـەر وڵاتـانی جیاجیـادا دابەشـکراون، ئـەم زمانـە دەزانـن. ئـەم کتێبـەم لـە داهاتوویـەکی نـێزیکدا بـە زمانـانی جیـاواز بڵاودەبێتـەوە. مـن بـەم خزمەتـە چکۆلەیـەی میللەتـە گـەورەو قارەمانەکـەم کـە ئـەوەندەی گەورەییەکـەی بەشخوراوە، سوپاسو قەرزەکانم دەکەمە دیاری بۆ گیانی باوکی کۆچکردووم "مستەفا پاشا" کە بە خەفەتی زۆری بینینی ئەم بەشخوراوییە سەری نایەوەو، بۆ گیانی ئەوانەی کە لەرێاگی کوردایەتیدا شەهید بوونو، بۆ گیانی سـەرجەم شەهیدانی کورد.

ناونیشانی هەمیشەیی:	عەزیز یامولکی
بەغدا- گەڕەکی وەزیرییە(عێراق)	تاران/ ١٩ی حوزەیرانی ١٩٤٦

١-كوردو رابردووى

مێــژووى حاشــاهەڵنەگرى درووســتبوونى جيــهان، وەك لــەلاى زانايــانو شــارەزايانى زانســتو عيرفــان ئاشــكرا بــووە، ناديــارەو نييــە. نووســراوە ئاســـيفيەكانو مێـــژوو و بـــاسو خواســـى نەتـــەوە جۆراوجۆرەكـــانو بەندوباوەكانيش شتێكى بنەبڕيان لەوبارەيەوە تێدا نييە. رووى زەوى، بەپێى ئەو ئەنجامانەى كە لە هەڵكەندنى زەويدا بەدەست هاتوون، تووشى گەلێك گۆڕانكـاريى كاريگــەر بــووە؛ دەركــەوتووە تۆفــانى تايبــەتو گشــتيى تێــدا قەوماون.

ئەگەر بێتوو شێوەى ئەو گۆڕانكارىو كاريگەريانە لەڕووى هونەرييەوە ورد بكرێنەوە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە كە گۆى زەوى يەكجار كۆنەو؛ زۆر لـەمێژە بيريارانى جيهان لە هەوڵى دەستەبەركردنى هێندێك بەڵگەدان لەو ئاسەوارە دێرينانەوە بۆ بەدەستهێنانى زانيارييەكى تەواو لەبارەى زمانو جـۆرى ئـەو ئادەميزادانەوە كە لەسەر ئەم گۆى زەويە ژياون، بەتايبەت سەبارەت بە ژيانى حەزرەتى (ئادەم) كە بە (باوكى مرۆڤ) ناوى دەبەينو چەند هەزار يا چەند مليۆن ساڵێك لەمەوبەر بەشێوەيەكى ڕاستو ڕەوان دروست بووەو، ئيدى پاشتر ئادەميزاد بە هەر چەشنێك بووە بەجيهاندا بڵاوبووەتەوە.

هێندێك باسى مێژوويى كۆن كە زانايانى سروشت پەسنديان كردوونو قورئانى پيرۆزيش لايەنگرييان لێدەكات، دەڵێن تۆفانى (نووح) لە ئاسياى گچكە ڕوويداوەو كەشتيەكەى نووح لەسەر چيايەك گەيشتووەتە وشكانى كە بە چياى (جوودى) ناوبراوە. لەبەر ئەوەى ئەو چياى (جوودى)يە لە كوردستان بووە، مرۆڤەكانى نيشتەجێى ئەو ناوچەيە چەند كۆمەڵێكيان پێكهێناوەو بەو دەوروپشتەدا وەربوون.

جياوازيى ئەو هەرێمانەى كە تێياندا جێگير بوون، كارێكى زۆرى كردووتە سەر ڕەنگو ڕوخسارو زمانيشيانو چەندين شێوەزمانيشى لێ كەوتووەتەوە. وەكوو لەسەرەوە باسمان كرد، نەژداى ئارى لەنێو ئەو نەتەوانەدا كە چەندەها لقيان لێ بووەتەوە، پەيدابووەو، لە ڕۆژانى تاريكى مێژووەوە تا ئەمڕۆ، وێڕاى جياوازيى زمانو شوێنەوار، لە چەند هەزار ساڵێكەوە نيشتەجێ بوون. نە گەمارۆى دەوڵـەتانى بـەهێزى وەكـوو كلـدانو ئاشـوورو ڕۆمو، نـە هێرشـى

داگیرکەرانی عەرەبو شالاوی جیهانسووتێنی مەغۆلو، نە گۆڕانکاریی دیکەی جیهان نەیانتوانیوە ئەم میللەتە لە خاکی خۆی دابڕن.

مێژوو پێمان ڕادەگەیەنێ کە کوردان لەپێش چوار تا شەش هەزار ساڵەوە لە دەوروبەری زاگرۆس نیشتەجێ بوونو، هیچ یەکێك لە خۆرهەڵاتناسان بەڵگەیەکی دەست نەکەوتووە تا ئەم ماوەیەی بۆ سێ هەزار ساڵ لەمەوبەر پێ کەم بکاتەوە. هێندێك کۆنە مێژوونووسی ئێرانیی وەك (فیردەوسی)، پاڵپشت بە چیرۆکە کۆنەکانی کورد، دەڵێن ئەو لاوانەی کورد کە خۆیانیان ڕزگار کردووەوگەیشتوونەتە چیاکانی بە (توورە یووب) ناسراو، دوایی بەکورد ناونراون.

(شانامە/ یەکەم بەرگ)

چو ضحاك بر تخت شد شهریار — برو سالیان انجمن هزار

چنان شد که هر شب دو مرد جوان — چه کهتر چه از تخمه پهلوان
بکشتیو مغزش برون آختی — مر آن اژدهارا خورش ساختی
دو پاکیزه از کشور پادشا — دو مرد گرانمایه پارسا
یکی نامش ارمایل پاکدین — دگر نام گرمایل پیشبین

ارمایل و گرمایل برای خلاص جوانان از کشته شدن چارەء اندیشیده یاخود قرار گزاشتند که بجای مغز سر یکجوان مغز سر گوسفندرا بضحاك بخوانندو بران وسیله یکی از دوتن را از مرگ خلاص دهند.

یکی را بجان داد زنهار گفت — نگر تا نیاری سرا ندر نهفت

ازین گونه هر ماهیان سی هزار — ازیشان همی یافتندی روان
چو گردآمدی مرد از ایشان دویست — بر انسان که نشناختندی که کیست
خورشکر بدیشان بزی چندو میش — سپردیو صحرا نهادی بەپیش
کنون (کرد) از آن تخمه دارد نژار — که آباد باید بدل برش یاد

واتە زوحاك کە بوو بە پاشاو چووە سەرتەخت، هەموو شەوێك دوو لاوی لە نەژادی پاڵەوان، واتە نەژادی پەهلەوی، دەکوشتو مێشکیانی دەردەهێناو دەرخواردی ئەژدیهاکانی دەدا. وڵاتی پاشا دوو مەردی فارسی دڵپاکی لێ بوو:

یەکیان (ئەرمایل)ی ئاینپاکو ئەوی دیکەیان (گەرمایل)ی پاشەڕۆژچاك. ئەوانە بیریان لە چارەسەرێك کردەوە تا ئەم لاوانە لە مردن قوتار بکەن. بۆیە بڕیاریان دا لەبریی مێشکی لاوێك، مێشکی مەڕێك بدەنە زوحاکو، بەوپێیە گیانی لاوێك لە دوو لاو بپارێزن. داوایان لەو لاوە دەکرد کە لە مردن ڕزگار دەبوو، جارێکی دیکە خۆی دەرنەخات. بەمجۆرە هەموو مانگێك (٣٠) سی لاویان لە چنگی مردن دەردەهێنا. ئەو لاوانە بەبێ ئەوەی یەکدی بناسن، دووسەد کۆمەڵیان پێکهێناو بەرەو بیابانەکان بوونەوەو نەژادی کورد لەو لاوانەوە پەرەی سەند.

ئەم چیرۆکەی (فیردەوسی) ڕاست بێ یان نا، دەریخستووە کوردانو ئێرانیەکان لە یەك نەژادی (ئاری)نو ئەو کوردانە هیچ کاتێك تۆرانیو سامی نەژاد نەبوون. هێندێك لە مێژوونووسان نووسیویانە: کوردان ڕێگایان لە لەشکری بەناوبانگی یۆنانیی (ئێگزینۆفۆن) گرتووەو؛ بەهێزێکی شەش هەزار کەسییەوە لەگەڵ (ئەسکەندەر)ی مەکدۆنیدا هاوبەشیی جەنگی (دارا)یان کردووەو، هێزەکانی مەکدۆنی ئێرانیان تا خۆرهەلات داگیرکردووەو سەرا ناودارەکەی (هەخامە نشهان)یان سووتاندووە. کوردان ژیانی دیلیان قبووڵ نەکردووەو بەرەو چیاکان کشاونەتەوەو؛ بەم شێوەیە لە زەریای (خەزەر)ەوە تا کەنداوی (بەسرە) لە هەموو دۆڵو چیا بەرزەکاندا ئاگری ڕاپەڕینیان هەڵیساندووەو، بەوە سەڵتەنەتی (ئەسکەندەر)و دەورانی (سلووقی)یەکانیان پێچاوەتەوە.

ئەگەر ڕاگەیاندنی بێبنچینەی دوا چارەکی ئەم سەدەیەی تورکچیەکان وەلا بنێین کە حەزرەتی (محەمەد)ی پێغەمبەری ئیسلامیان لە نەژادی عەرەب پێ جیاکردەوەو کردیانە تورکو، نەژادی کوردیشیان پێ سڕیەوەو کردیان بە تۆرانی؛ دەبینین زانایانی مێژوو زۆر بەڕوونی باسی ئەو حکوومەتانەیان کردووە کە میللەتی کورد لە رابردوودا بەناوی (ماد)ەوە نێزیك بە زەریای سپی دایمەزراندو، سنوورەکەی لە (ئەدەنە)وە تا (تەورێز)ی باکووری ئێران درێژبووبووەوەو پانتاییەکەی بریتی بوو لە ٦٠٠ شەشسەد میلی چوارگۆشە.

کاتێك سەدەها ساڵ بەر لە دایکبوونی (عیسا)، (ئێگزینۆفۆن) بە ١٠ دە هەزار سەربازی یۆنانییەوە بەنێو کوردستاندا کەوتە پاشەکشە بەرەو وڵاتەکەی خۆی، کوردان زۆر بە تێپەڕبوونی ئەم یۆنانیانە نیگەران بوونو، بۆ بەرجەستەکردنی ڕقو کینەیان دژ بەو هێزە بیانیە، ئابلووقەیان داونو، بە

تلۆرکردنــەوەی تاشــەبەردی گــەورە لــە چیاکــانی دەوروبــەرەوە یەخــەگیری کارەساتێکی گەورەیان کردوون.

پرۆفیسۆر دکتۆر (فریج) کە یەکێکە لە پرۆفیسۆرەکانی بەشی خۆرهەڵاتی ئەکادیمیای بەرلین، ۳۰ سی ساڵ لەمەوبەر مێژووی کوردستانی لە کتێبێکی ٤٠٠ چوار ســەد لاپــەڕەییدا بڵاوکردووەتــەوەو زانیارییــەکی گرنگــی لــەبارەی نــەژادی کــوردەوە بەرچاوخســتووە. کتێبــە زمانەوانیەکــەی ئــەکادیمیای پترسبۆرگ کە بــە زمــانی ڕووســیو کوردییــەو لــە ۸۳۰۷ وشــە پێکــهاتووەو، لێکۆڵینــەوە بەراوردکاریــە زانســتیەکانی دکتــۆر (ســەیج)ی یــەکێك لــە مامۆســتایانی خانــەی هونــەری (کامــبریج)و پســپۆڕی نووســینی زمــانی ئاشووریو، نووسینەکانی (سێر جۆن مالکۆلم)ی بنووسی ئینگلیز لەبارەی مێژووی ئێرانــەوەو، نووســینەکانی (فــۆن هاممــەر)ی مێژوونووســی نــاوداری نەمسە؛ تێکڕا چەند شاکارێکی زۆر گرنگن. لێکۆڵینەوە مەزنەکانی پرۆفیسۆر (ئۆسکار مان) لــە ئــەڵمانیا لــەبارەی کوردانــی ئــێرانو موکرییەوەیــەو؛ چــەند کۆمەڵە بابەتێکی ئەدەبیو زمانەوانیی لە کتێبەکەیدا کە ۱۲۰۰ لاپــەڕە زیــاترە، بڵاوکردووەتەوە.

کتێبەکەی دکتۆر (سەیج)ی ئینگلیز کە بە (نولدەککە) بــەناوبانگ بــووە، پێوەندیــەکانی پێش زاینــی کوردی دیاربــەکرو دەوروبــەریی لــەڕووی چــیرۆكو شیعرەوە لەگــەڵ هیــی کــوردی ئــەمڕۆدا بــەراورد کــردووەو پێوەندیــی ئــەتنی (عرقــی)یــانی شــیکردووتەوە. کتێبەکــەی (بۆســتینگ) ســەبارەت بــە گــەردان (صــرف)ی کــوردیو، کتێبــە دانراوەکــانی (لیــخ) لــەبارەی کــوردانو (خالدی)یەکانی باکوورەوە بەناونیشانی (بەدواداچوونەکان)ەوەو، کتێبەکەی (بلاو) لەسەر خێڵەکانی کورد کە بەناوی (زانیاری)یەوە دایناوەو، کتێبەکەی (ئالبــەرمان)ی مێژوونووســی فەڕەنســەیی کــە باســی کوردانــی لــە یەکــەمین سەدەکانەوە بە جیهان ئاشنا کردووە، بایەخێکی زۆریان هەیە.

کتێبــەکانی (سێر جۆن مالکۆلم)ی خۆرهەڵاتناسی بــەناوبانگی ئینگلــیزو، نووســینەکانی ئــەم دواییــەی (مێجــەر ســۆن) لەســەر کوردســتانو، باســەکانی (ئــەمین زەکــی بــەگ) کــە مێــژووی ڕابــردووی کــوردی زۆر بــەجوانی ڕۆشــن کردووەوتــەوەو، بــەڕێزان (فرایــزەر)و (مــیزلین گــەن)و (ئاگنــەر) کــە ســەدەی هەژدەیەم بە کوردستاندا گەڕاونو، (ف. فلیانۆف زێرنۆف)ی خۆرهەڵاتناسی ڕووس کە ساڵی ١٨٦٥ (شەرەفنامە)ی لە فارسیەوە وەرگێڕاوەو لە ڕووسیا

چاپی کـردووەو، نووسـینەکانی مێجـەر سـۆن لـەڕووی ژیـانی نەتـەوەییی کوردانەوە زۆر بایەخدارن.

ئەکادیمیایـــەکی سیاســـی بـــەناوی (ئـــەکادیمیای دیپلۆمـــاتیك ئینتەرناسیونال)ەوە لە پاریس هەیە. ئەم ئەکادیمیایە کە لە باڵوێزو چاودێران پێکهاتووە، چواردە ساڵ لەمەوبەر ئەندامەکانی بریتی بوون لە (٥١٢) کەس؛ لەمانە ٤٧یان وەزیرانی دەرەوە بوونو، ئەندامێکی ئەو ئەکادیمیایە بەڕێزێك بوو بەناوی (مسیۆ باسـیل نیکیتـین)ەوە کـە سـاڵی ١٩٣٣ کتێبێکـی بـەناوی (دیکسیۆنەر دیپلۆماتیك)ەوە لە پاریس بلاوکردەوەو، یەکەم بەرگی لـە لاپـەڕە ١٢٠١ بەدواوە گوتارێکی زۆر گرنگی لەبارەی کوردستانەوە تێدایە. هـەردوو خەباتکەری گەورە (حاجۆ ئاغا)ی سەرخێڵی (هەڤێرکان)و جـەلادەتی بـەدرخان بەگ ئەو گوتارەو نامەیەك کە (مسیۆ باسـیل نیکتـین) بـە زمـانی تورکـی بـۆ بەڕێزیانی ناردووە، وەریانگێڕاونو، بەمە خزمەتێکی شایانی کوردایەتییان کردووەو لە ژمارە حەوتەمی بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی (هاوار)دا بەناونیشانی (مەسەلەی کورد لە ڕوانگەی بیانییەکەوە)وە بڵاویان کردووەوتەوە.

من لێرەدا چی لەو شاکارەدا گوترابێ لەسەر مەسەلەی کـورد بەگشـتیو بەشـی پێوەندیـدار بــە کوردســتانی عێراقــەوە بەتایبــەتی بـۆ خوێنــدەواران رادەگوازم. جەنابی (مسیۆ باسیل نیکیتین) لە نامەکەیدا وەهای گوتووە:

"ڕۆژانی جەنگی گشتی کە لە ڕووسیا بووم، بۆ یەکەمین جار پێوەندیم بە کوردانەوە کرد. لەوێ ئاشنای شەرکەریو لێهاتوویی فیکریی ڕەچەڵەکەکەتان بووم. لەلایەکی دیکەوە هەوڵمداوە ئەو پشێویانە لەسەر کوردان کەم بکەمەوە کە بەهۆی جەنگەوە دووچاریان بووبوونو بەهیچ شێوەیەك بەلای مەبەستی نەتەوەییانەوە نەدەچوون. هەورەها بووبووم بە مایەی ڕێکخستنی پێوەندیی نێوان کوردانو سەرکردایەتیی عەسکەری. ئەو کتێبی گفتوگۆیەی کە بە زمانی کوردیو ڕووسی بڵاوم کردبووەوە، لێکحاڵیبوونی کوردانو مەسیحیەکانم تێدا ئاسان کردبوو.

یەکەم مامۆستای کوردیم (مەلا سەعیدی نەهری)ی قازیی کوردستان بوو. دواجار لە پاریس درێژەم بە لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونەکانمدا. نووسینەکانم لەوبارەیـەوە لـە گۆڤارەکـانی قوتابخانــەی زمانــە خۆرهەلاتیــەکانی لــەندەنو کۆمەڵەی ئەتنۆگرافیای (ئاسی فرانسز)و جیهانی ئیسلامو هێندێك ڕۆژنامەی کاتیدا بڵاوکردوونەوە.

چەند قسەیەك لەبارەی ئەو گوتارەوە دەكەم كە كانوونی دووەمی ١٩٣٢ لە (دیكسیۆنەر دیپلۆماتیك)دا بڵاوم كردبووەوە:

بەتایبەت دەرهەق بەعێراق، گەرەكە ئاماژە بۆ ئەم خاڵە بكەم كە حكوومەتی ناوبراو كاتێك لە ٣ی ئەیلوولی ١٩٣٢دا لە (كۆمەڵەی نەتەوەكان)دا قبووڵ كرا، ئەو بەڵێنانەی وەكوو پێویستو بەتەواوی لێ وەرنەگیرابوون كە كۆمسیۆنێكی تایبەت ڕێكیخستبوونو ڕۆژی ١٩ی مایسی ١٩٣٢ مۆری ڕەزامەندی لە بەندەكانی درابوو. ئەو پەیماننامە یەكلایەنیەی حكوومەتی بەغدا بەرانبەر بە كۆمەڵەی نەتەوەكان، بە بەیاننامەو بەڵێن نەژمێردرا.

(مسیۆ پۆل بۆنكۆر)ی نوێنەری فەڕەنسە كاتی كۆبوونەوەكە سەبارەت بە گوێنەدانی كۆمیتە بەو هەموو ئەگەرانە كە كۆمسیۆنی گشتیی ئینتیداب ڕەچاوی كردبوون، نیگەرانیی خۆیی ئاشكرا كرد. من لێرەدا حەزدەكەم پەڵپو بەهانەكانی (مسیۆ پۆل بۆنكۆر)تان بیربخەمەوە كە گوتوویە:

بەم شێوەیە ڕژێمێكی نێزیك بە موختاریەتی ئیداری بۆ كوردان دادەمەزراو، سەرەنجام ئەو كاری كۆنترۆڵكردنە كە بۆ كۆمەڵەی نەتەوەكان ڕێكدەخرا، لە داهاتوودا زۆر ئاسان دەبوو. بەڵام ئەوی لە پەڵپو بەهانەی نوێنەری فەڕەنسەو كۆنترۆڵی نەتەوەكاندا پێویست بێ بۆ كەمایەتیەكانی عێراق بكرێت، بەم پێیە پێویستە كوردانی عێراق بزانن سوود وەربگرن. كاتێك كۆنترۆڵی كۆمەڵەی نەتەوەكان سەرقاڵی باسو لێكۆڵینەوەكانی خۆی بوو، جێی داخێكی زۆر ئەوەبوو: فڕۆكەكان لە مانگەكانی نیسانو حوزەیرانی ١٩٣٢دا دێهاتەكانی ناوچەی (بارزان)یان بۆردومان كرد.

لەلایەكی دیكەوە، وێڕای بەشداریی بێهەستو خوستی مانگی ئابی ١٩٣٣ی كوردان لە ڕاپەڕینەكەی ئاشووریەكاندا، مایەی ڕێزو پێزانینە كە (مار شەمعون) لە ڕاپۆرتی ٨ی ئەیلوولی ١٩٣٣یدا بۆ كۆمەڵەی نەتەوەكان گوتوویە: كوردان دەتوانن لەگەڵ ئاشووریەكاندا پێكەوە بژین.

هەرچی توركیایشە، ئەم دەوڵەتە لە (كۆمەڵەی نەتەوەكان)دا قبووڵ كراو؛ كاتێك چووە نێو كۆمەڵە، دیسان سەرژمێریی كەمەنەتەوەكانی ژێر ڕكێفی خۆیی تێدا نەكرایەوە. بارودۆخی ئێستای كوردانی توركیا، لەو نامە كراوەیەدا كە ئەم دواییە بۆ سەركۆماری توركیاتان ناردبوو، بە شێوەیەكی هێندە ئاساییو بەجێ ڕوون دەكەنەوە كە ئیدی پێویستم بەوە نییە بچمەوە سەر ئەم باسە.

گەشتیارێکی بوێرو ئازای فەڕەنسەیی بەناوی (بارون ڕوونە دوفانشۆن)ەوە نیسانی ساڵی ١٩٣٣ بە تەنێو بە یاوەریی ڕێبەرێك بە ناوچە کوردنشینەکەی سنووری نێوان ئەرزرومو ئێراندا گەشتی کردووەو گوتوویە: ئارامیو ئاسوودەیی لەو ناوچەیەدا بەرقەرارن. مادام ڕوونە دوفانشۆن لە کۆنفرانسێکی ئەم دواییەیدا ئەو پڕۆپاگەندەیەی بەدرۆخستووەتەوە کە لەسەر دڕندایەتیو چەتەگەریی کوردان بلاوکراوەتەوەو، بە گوزارشتێکی زۆر جوان گوتوویە: کوردان لە نەژادی تایبەتی (ئاری)نو، کەسانێکی خۆڕاگرو جوامێرنو حەز بە ژیانی سەربەخۆیی دەکەن.

ئەم شایەتیەی مادام دوفانشۆن بۆ ئێمە بە شێوەیەکی تایبەت شایستەی سەرنجە، چونکە ناوبراو ماوەی سێ حەفتە بەشداریی ژیانی خێوەتنشینیی کوردی کردووە. ژیان بەسەربردنی ئەو خانمە لەنێو کورداندا بۆ هیچ مەبەستو هیوایەکی سیاسی نەبوەو، تەنیا بریتی بووە لە خستنەڕووی پاراستنی ئافرەتێك کە بە خاکەکەیاندا تێپەڕ بووە. بە ئومێد بین ئەو برینە کە تووشی کوردستانی تورکیا بووە، گۆشتەوزوون بێو؛ حکوومەتی ئەنقەرەیش لە ئەنجامدا بە شێوازێکی مرۆدۆستانە لەگەڵ کوردانی ژێر دەسەلاتیدا بجوولێتەوە.

کەمێکیش باسی کوردانی کۆمارەکانی ئەرمەنستانو گورجستانو ئازربایجانی ڕووسیا دەکەم:

ژمارەکانی تشرینی دووەمو کانوونی یەکەمی ١٩٣٣ی گۆڤاری ئەرمەنی کە بە زمانی ئینگلیزیو بە ناوی (ماسیس)ەوە بلاوکراوەتەوە، دەریخستووە دامەزراوە زانستیەکانی ڕووسیا پشت بەستوو بە بنچینەیەکی نەتەوەیی کوردان هەوڵو کۆششێکی پڕبایەخ بۆ کامڵبوونیان دەدەن. ئەو هەوڵو کۆششانە تا ئێستا لێیان کۆڵدراوەتەوە. مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵ لە (تفلیس) بانگهێشتنی سازکردنی کۆنفرانسێك کراوە. دەزگای (ملیلتر) لە هاوینی ڕابردوودا دەستەیەکی پێکهاتوو لە پڕۆفیسۆر (شامیلۆف)و پڕۆفیسۆر (میللەر)ی مافناسو پرۆفیسۆر ٠بت یوخان)ی ناردبووە ئازربایجانو گورجستانو ئەرمەنستان. ئەو دەستەیە بۆ هێنانەدیی کوردستانێکی وێژەیی هەموو جۆرەکانی زمانی لە ناوچە کوردنشینەکانی (ئابارین)و (تالین) کۆکردبووەوە. کوردانی کۆچەر لە گوندەکاندا نیشتەجێ کراون. مامۆستایانی کوردی دەرچووی (ئەکوول نۆرماڵ)ی یەریڤان، لەو

قوتابخانە سەرەتاییانەدا کە لە گوندەکاندا کرابوونەوە، خەریکی پێگەیاندنی لاوانی کورد بوون بە زمانی خۆیان.

پسپۆڕەکانی شێوەکانی زمانی کوردیی وەك (بەتویان)و (ئەمینی عەڤدال)و (حەجیێ جوندی)و (جەردوبی گەنجۆ)، بە چاودێریی پرۆفیسۆر (خاچاتریان)و (شاپانتیسیان)، کتێبێکی ڕێزمانیان بڵاوکردووەتەوەو بریتییە لە (١٠٠٠٠) وشەو، ماوەی پتر لە سێ ساڵیشە بۆ هێنانە گۆڕێی زمانێکی ئاسانو یەکئاهەنگ هەوڵی کۆکردنەوەی وشەو زاراوەکانی کوردی دەدەن. ئەم کتێبی ڕێزمانە کە لە یەریڤان بڵاوبووەتەوە، شاکارێکی گرنگو گرانبەهایە. وێڕای ئەوە، فەرهەنگەکەی (م. ف. ژوستی) و (ئا. ژابا) کە ساڵی ١٨٧٩ لە پترسبۆرگ چاپکراوە، هاوڕێیەکی بەڕێزی هەموو بنووسێکی کوردەو نرخی خۆیی پاراستووە.

ئەوکاتەی کە کۆتایی بە قسەکانم دەهێنم، بەداخو پەژارەیەکی زۆرەوە یادی لەدەستچوونی پرۆفیسۆر (مارکۆلوو)ی بنووسێکی کوردی ئاشووری نەژاد دەکەینەوە کە زستانی پار لە مۆسکۆ کۆچی دوایی کردووە.

سەرجەمی کتێبە کۆنەکانو شوێنەوارەکانی دیکەیش ڕایدەگەینن: ئەو نەتەوانەی کە لە چیاکانی خۆرهەڵاتی ئاشوورستان نیشتەجێ بوون، کورد بوونو بە شێوە ناسراونەتەوەو، (ئەکباتان) لەکۆندا پێتەختی میدیا بووەو باپیرانی کوردی تێدا ژیاوە. ئەو کوردانەی کە لە نەژادی (ئاری)ن، هیچ کاتو ڕۆژگارێك سیماو نیشانەیان لەهیی (تاتار) و (مەغۆل) ەکان نەچوە. بەپێچەوانەوە لێکچوونێکی زۆریان لەگەڵ مرۆڤە ئەوروپاییەکاندا هەیە.

ئەو سەڵتەنەتی ئاشووریەی کە ئاسەوارە بەنرخەکانی مۆزەخانەکانی ئەمڕۆی جیهانیان پڕکردووە، (کەیخوسرەو)ی گەورە کە سەدەها چەرخ لە مەملەکەتانی ئاشووردا لە مشتومڕو کوشتاردا بوو، بە سوپا زەبەلاحەکەی کە لە کوردانی میدی پێکهاتبوو، کۆتاییی پێ هێناو کوێری کردەوە. کوردان ئەوکاتە ناوەندی کۆبوونەوەیان لە کوردستانی ئێستادا بوو کە خۆرهەڵاتی لە ئەفغانستان بوو و خۆراوایشی لە دەوروبەری ئەنقەرەوە تا دەشتاییی (خیمانە) پەلی هاوێشتبوو.

(ئەولیا چەلەبی)ی گەشتیاری بەناوبانگی عوسمانی ساڵی ١٠٦٥ی ك بە هەموو کوردستاندا گەڕاوە. لەو ڕوانگەیەوە کە لە کتێبەکەیدا لێی دوواوە، سنووری کوردستان لە باکوورەوە لە (ئەرزڕۆم)ەوە دەست پێدەکاتو لە

(بەسـره) دەبڕێتـەوەو (وانو هـەكاریو جزیـرەو ئـامێدی)ش هـەر لـەنێو ئـەم سنوورەدان. بۆیە كوردانی بە نەژادی تۆران لەقەڵەمداوە. نازانم بە چ جـۆرە سەیرو سەمەرەیەك یادی ئەم مێژوونووسە هیـچو پـووچو سەرلێشـێواوانەی تورك بكەینەوە؟

هێندێك بیریاری سەیر یان كەم عەقڵی نێو عەرەبیش، زیرەكیی خۆیانیان پێشـانداوەو گوتوویانـە كـورد لـە نـەوەی خـالیدی كـوڕی وەلیـدنو پـەرەیان سەندووە. كوردان بە قەناعەتی هەموو ئـە خۆرهەڵاتناسـانە كـە لـە كوردیـان كۆڵیوەتەوە، لە مێژووی هەزاران ساڵەیانەوە تا ئەمڕۆ سەریان لە ئاستی هیچ كەسێكدا نەوی نەكردووەو، لەپێناوی داواكانیاندا یا كوژراو بوون یان بكوژو، سوپاكانی داگیركەران نەیانتوانیوە ئەم نەژادە لەنێوببەن. كوردان لەو ڕۆژەوە كە لە مێژوودا ناسراون، بە ئازادی ژیاونو نەژادو زمانی ئارییان پاراستووەو بە خۆشحاڵییەوە هاتوچوویان كردووە.

قورئانی پیرۆز لە سوورەتی فاتیحـەدا فەرموویـە: "سـتدعون الی قـوم أولي بأس شدید". ئەم ئایەتە پیرۆزە تایبەتە بەكوردو دەریخستووە چ دەسەڵاتو توندوتیژییەكیان هەیە. جەنابی (مێجەر مارك نۆئێل)ی شارەزای زمانـەكانی كـوردیو فارسـی، پـاش جـەنگی جیـهانیی ڕابـردوو و دوای گەڕانـەوەی لـە گەشتێك كە بۆ كوردسـتانی كردبـوو، گوتبـووی: "نەوەیـەكم لـە خۆرهـەڵاتدا نەدیوە ئەوەندەی كورد زیندووبێو، هیچ میللەتێكم نـەدیوە هێنـدەی ئـەوان شایانی سەربەخۆیی بێ. حەیفو مخابن كە ئەوروپا تائێستا ئەم میللەتەی بە شایستەییی خۆی نەناسیوە".

سـەرباری ئـەوەی كـە نەتـەوەی كـورد لـە دروسـتبوونیەوە دەمـارگرژو بەزەبروزەنگە، گەمارۆی نەتەوە جۆراوجۆرەكانیش كە كاری كردووەتە سەر دەوروبەرە ماددیەكەی، ئـەوەندەی دیكـە كوردانـی توندوتیـژ كـردووەو هیـچ كۆتو بەندێك قبـووڵ ناكەنو ژیانی ئازادانەیان لـەچیاكاندا بووەتـە شـتێكی سروشـتی. كـوردان بـەو هۆیـەوە لـە ژیانیـاندا دواكـەتوونو نەیانویسـتووە ڕێككەوتنێكی گەورەو پیرۆز لەنێو خۆیاندا سازبدەن.

ئەو گیانە كە هـەر دەورانێكی سەدەكانی پێشوو لـەنێوان میرنشـینەكانی كـورددا دروسـت بووبـوو، هـەموو كـاتێك بـە پێكـهێنانی كۆنفیدراسـیۆنێكو كۆمـارێكی شـیاو لـەباربووە بـۆ بەدەسـتهێنانی دەوڵـەتێك. نـە پـێڕەویی ئـەو شێوازەیان كردووەو نە یەكێتییەكیان خوڵقاندووەو، نەیانویستووە سەر بۆ

گەورەیەکیان دابنەوێنن‌و، هەردەم سەرئازاد ژیاون. ئەو میرنشینە بەهێزانەیش کە جاروبار دامەزراون، هەمیشە بەهاندانی دراوسێکانیان یا بەهۆی ناکۆکیی نێوان خۆیانەوە تێکشکاون. هەرچەندە نەتەوەی کورد نەیتوانیوە بە کۆمەڵی دەربکەوێ، هەموو کوردێك بزانێ یا نەزانێ هیچ کاتێك دەستی لە زمان‌و ئەو داب‌و نەریتە تایبەتانە کە ناسنامەی نەتەوەییی پێکدەهێنن، هەڵنەگرتووە.

کوردان بە مێژوو میللەتێکن، خاوەنی ناسنامەی تایبەتی خۆیانن‌و تائەمڕۆیش بەشێکی دیاری ژیانی خێڵایەتی بەسەر دەبەن. هۆی نزمیی ئاستی ئابووری‌و کۆمەڵایەتییان بێ‌توانایی‌و لێنەهاتوویی ئەم نەژادە زیندووە نییە، بەڵکە لەبەر نەبوونی شەمەندەفەرو ڕێگاو زانست‌و دادپەورەییە لە وڵاتەکەیاندا. لەبەر ئەوەی لەڕووی ئابووریشەوە لەسایەی حوکمی ئیدارەیەکی خراپدا ماونەوە، یەخەگیری گشت جۆرە ناهەمواریییەك بوون.

باشترین نموونە بۆ دەرخستنی تواناییی کورد ئەوەیە: کاتێك پیاوانی کورد ڕێ‌و شوێنیان دەگۆڕێت، دەبنە کارمەندێکی بەغیرەت‌و لە هەموو بوارەکانی ڕێکوپێکیدا سەرکەوتوو دەبن. دەبینین کرێکاری کورد لە ئەمریکا شارۆچکەی گەورە گەورەیان دروست کردووە، لەکاتێکدا لە وڵاتەکەی خۆیاندا ناچاربوون بە بێکاری بژین. هەزاران کرێکاری کورد نیو سەدەیەك لەمەوبەر هەرچۆنێك بووە کۆچیان کردووە بۆ ئەمریکاو، ئەمڕۆ وەك کرێکاری کارامەو پسپۆڕ لە کارگە گەورەکاندا ئیش دەکەن.

بەگشتی دەرکەوتووە کوردان ئامادەییەکی خێرایان بۆ بەدەستهێنانی خوێندەواری هەیە. بەڵگەیش بۆ ئەوە دروستکردنی حکوومەتی ئەیییووبی‌و هێنانەمەیدانی کەسانی خاوەن خەسڵەتی بەرزی وەك وەزیران‌و پیاوانی ئەدەبناس‌و شارەزایانی پیشەسازییە لە ژیانی گشتیی عوسمانیدا. هەروەها چەندین پیاوانی دەرکەوتوو و بەرزی کورد لە دامەزراندنی حکوومەتی عێراقیشدا خزمەتێکی گرنگیان لە ڕێکخستنی کاروباری بەڕێوەبردندا هەبووەو هاوکارییان کردووە. بۆیە کەس ناتوانێ حاشا لە لێهاتوویی‌و پێگەیشتنی بێ‌ئەندازەی کوردان بکات.

هەرچەندە خوێندنەوەی وشەی کورد (کرد) بە پیتی (ك)ی عەرەبی لە بنەڕەتدا ڕاست نییە. لەبەر ئەوە وەك بیرکراوەتەوە هەڵەیەکی گەورە بووە کە پیتی (ك)ی فارسی لە عەرەبیدا دوای ئیسلام بووە بە (ك)ی عەرەبی. وێڕای

ئەوەی کوردەکان نەوەی میدیەکانن، لەگەڵ مازەندەرانیەکانو ئەفغانیەکانو نەژادی بنچینەییی پەهلەویدا کە ئێرانی کۆنی دامەزراندووە، لەیەك تۆرەمەن. ئەو شوێنانە کە کوردیان تێدا نیشتەجێ بووە، لەمێژوە کۆنەکاندا بە پەهلەوی -واتە پاڵەوان- ناوبراونو، ئەمەیش لە زمانی کۆنی پەهلەویدا هاوواتای وشەی (کرد)ە. خولێخۆشبوو سەعدی شیرازی لە (گلستان)ی شاکاری خۆیدا باسی ئەو شەڕەی نێوان سەرکردەی پەهلەویو ڕۆستەمی زاڵو تۆرانیەکانی کردووەو، گوتوویە:

"دانی کە چە گفت زال با رستم کرد"

گەلێك ناوچەی باکووری کوردستان ئەو ئەرمەنانەیان لە ڕۆژگارە دێرینەکانەوە لەگەڵ کورددا تێدا ژیاون کە لە سەروبەندەکانی میدیاو ئالانو پەهلەویی ئێرانی کۆندا جاروبار بەتێکەڵی یا دراوسێیەتی یا سەربەخۆیی یان نیوچە سەربەخۆیی پێوەندییان لەگەڵیاندا هەبوە. ئەوانە ئەگەر بەڕاستی لە هەمان نەژادیش بووبن، قبووڵکردنی ئاینی مەسیحی وای لێکردبوون جیا لە نەژادی کورد دەست بە ژیان بکەن.

تێپەڕبوونی ڕۆژگارو گۆڕانکاریی سەر بە بارودۆخەکان کارێکیان کردووە ئەرمەنەکان سوود وەربگرنو وەکوو میللەتێك لە بەشەکانی کوردستانی باکووردا خۆ دەربخەنو پەلبهاوێژنو بە پێشڕەویی ڕوو بە خۆراوا (ئەدەنە)و (سیس) بخەنە ژێر چنگی خۆیانو حکوومەتێکی باش دابمەزرێنن. بەڵام زۆری پێنەچوە حکوومەتەکەیان لەلایەن دەوروبەرەکانیانەوە لەنێوبراوە. ئەرمەنەکان لە ڕۆژانی ئەو پاشا نەژاد پەهلەویانەی وەك کەیخوسرەوو دارادا کە دادپەروەرانە ژێردەستەکانی خۆیانیان بەڕێوەبردووە، نەتەوایەتیو زمانی خۆیان پێشخستووەو، لە ئەنجامی ئەم سەرکەوتنو تێکەڵییەوە ڕازی بوون خەتی (مێخی) لە پەهلەویەکان وەربگرنو بەکاری بهێننو، وا بکەن پەهلەویەکان بەپێی ڕۆژگار واز لە خەتی (مێخی) بهێننو خۆیشیان ئەو خەتەیان بەکارهێناوەو پاراستوویانە.

زمانی کوردان لەبنەڕەتدا لەگەڵ هیی فارسی هاونەژادیاندا زۆر لەیەك دەچنو، حکوومەتی ئێران لە ڕۆژانی (کەیانیان)ەوە زۆر جار مامەڵەی لەنێوان هەردوو لایەندا کردووە. جیاوازیی نێوان فارسو کورد، وەك جیاوازیی نێوان عەرەبە قوڕەیشیەکانو (بەنی سوفیان) وایە.

کـــوردان پێــش ئیســـلام ســـەرکردەی دادپـــەروەری وەك کەیخوســـرەو و نەوشـیروانو دوای ئیســلام ســەلاحەدینی ئــەییووبیی جێــی ڕێــزی جیــهانو پاشـتریش کـەریم خـانی زەندیـان پێگــەیاندووە. (نــەمروود) کـە حــەزرەتی (ئیـبراهیم)ی بـە تـاوانی خراپـەکاری دەرهــەق بـە بتــەکانی لەبــەردەم خۆیــدا دادکـاری (محاکمة) کـردووەو پاشـان خسـتوویەتیە نێـو ئـاگر، حوکمدارێکـی کورد بووە. (نەمروود) کە بە زمانی کوردی مانای (نامرێ)یە، وەك خۆی کورد بووە، ئەو ولاتەیش کە حوکمداریی تێدا کردووە ولاتێکی کوردنشین بووە. لەم ڕوانگەیەوە، حەزرەتی (محەمەد)ی پێغەمبەری ئیسلامیش بە ڕەچەڵەك کورد بووە، وەك چۆن عەرەبەکانیش بە (مستعرب)ی لەقەڵـەم دەدەن؛ واتـە دوایـی بووە بە عەرەب.

ڕووباری (فورات) کە ناوی لە قورئاندا هاتووە، ناوی ئەسڵیی لە پەهلەویی کۆنـدا (فـر-هـات)ە، واتـە (زۆر هـاتووە). پاشـان بــە ئـاڵوگۆڕی زمـان نـاوی (فورات)ی لێنراوە. ناوی ئەسڵیی ڕووباری (دیجلە)یش (تیکل-هات)ە، واتە بە (تێکەڵی هات). پاشان ئەویش بە ئاڵوگۆڕی زمان بووە بە (تیکلات)و، دیجلە لە مێژوو و نەخشە بیانیەکاندا وەها ناوی براوە.

هاتوچوو لەو چیا بە (سپیکۆر) ناسراوەی باکووری (ئەزرنجان)دا، بەهۆی زۆریـی بـەفرو توندیـی باوبۆرانـەوە لـە زسـتاندا، زۆر گـران دەبـێ. زسـتانان ڕێگایەکی یەکجار ترسناکە بۆ گەشتیاران. ناوی چیای سپیکۆر واتە (سپی) و (گۆڕ) کە دوو وشەی کوردینو مانایان (گۆڕەسپی)یە.

گەلێك بنکەی توندوتۆڵ لە ڕۆژانی حوکمداریی (یـەزد گـورد)ی یەکـەمدا بۆ پاراستنی ڕێگاکانی (لازستان) دروست کرابوو. ئەگەر ئێستایش شوێنەواریان نەمابێ، ئەوا شوێنەواری قەلایەك لـە سـەرەتای ئەو ڕێگـا گرنگـەدا مـاوە کـە دەچێتە (کموشخانە)ی نێزیك بە گوندی (بان دۆڵە). لێکدانـی وشـەکانی (بان- اوست)و (دۆڵە- وادی) واتە (اوست وادی) بەدەستەوە دەداتو، ئەو شوێنە بە دەربڕینێکـی کوردی ناونراوەو، لەبەر ئەوەی سەرنجی تورکانی ڕانەکێشـاوە وەکوو خۆی ماوەتـەوەو نـەگۆڕاوە. بـەلام ئەو شـوێنە کـە لـەو دەوروبەرەدایـەو تورکـان بـە (صداق) نـاوی دەبـەن، لـە ئەسڵدا بـە کـوردی (ئـووچ تـاق)ەو مانـای (اوچ دیـوان)ی هەیـە. ســەدان نـاوی پـەتیی کـوردی لـە کوردسـتانی بـاکوورو باشوور هەنو بە یەکێك لە سنوورە کۆنەکانی کوردستان دەژمێردرێن.

کورد لەبەر زوڵم‌و ستەمی میللەتە داگیرکەرەکان، جگە لە بوونی ژیانی خۆی، بیری لە هیچ شتێکی دیکە نەکردووەتەوەو لە نەزانیدا ماوەتەوە. بوارەکانی سیاسەت‌و بەڕێوەبردن‌و ئابووریی ئەم وڵاتە ئازیزە لە دۆخێکی پڕ بەدبەختیدا بەجێ‌هێڵراون‌و، کوردی بێچارە لەو ڕووەوە لە جیهاندا بیرچووەتەوە. هۆیەکی دیکەی سەرباری هۆیە باسکراوەکان پڕۆپاگەندەی تورکەکانە کە کوردیان بە میللەتێکی پیاوکوژو تینووی خوێن بە ئەورووپا ناساندووە بۆ شاردنەوەی ئەو خوێنڕێژی‌و کوشتارانە کە لە ئەرمەنەکانیان کردوون. بۆیە هەر دەنگو هاوارێك لە کوردستانەوە بەرزدەبێتەوە، دەنگێکی پێچەوانە لە ئەورووپا دروست دەکات.

مێجەر سۆن کە سەرەتا بە شێوەیەکی نهێنی‌و نەناسراو هاتە کوردستان‌و، پاشتر دوادواییەکانی جەنگی گشتیی جیهانی لەلایەن ئینگلیزەکانەوە کرا بە حاکمی سلێمانی‌و زۆر وردبینانە بە کوردستاندا گەڕاو، ئەو ماوە کەمە کە حوکمداری وڵاتەکە بوو بە ئاوەدانکردنەوە خزمەتێکی گەورەی کرد؛ کتێبە دانراوەکەی شاکارێکی گرنگە بۆ کوردستان‌و، زۆر شیکردنەوەی لەسەر بارودۆخی ژیانی کوردان تێدایە لەو گەشتانەیدا سەرنجی داون. من لێرەدا لە گۆرانییەك دەدوێم ناوبراو زۆر لەلای خۆش بووەو ئەمەی لای خوارەوەیە:

"ئافرەت دەمەوێ ئەو چیا دوورانە ببڕم
ئافرە ت تۆ بڵێی دەچم یا دەمێنمەوە
دەچی، خوا لە ڕێگاکان بتپارێزێ
تا لە دەربەندەکە دەگەڕێیتەوە، چاوەڕێتم
لە دواوە تا بەو حاجیانە دەگەی کە شەو گەشت دەکەن
تا جلەکانت لەبەر هەتاو سپی دەبن‌و دەبریسکێنەوە
لەچۆن ژنێك دەچم ئەگەر وەك پەشێویی منداڵێك
کە بێ‌کەس لە ماڵ‌و کێڵگەدا بەجێ مابێ، بۆت بگریم‌و هاوار بکەم"

مێجەر سۆن پاش ئەوەی لە کتێبەکەیدا باسی ئەو گۆرانیەی کردووە کە تا چ ڕادەیەك هەستی بزواندووەو کاری تێکردووە، گوتوویشیە کاتی خۆی (فرایزەر) کتێبێکی لەبارەی کوردستانەوە بڵاوکردووەتەوەو کوردانی تێدا کوتومت بە دانیشتوانی چیاکانی سکۆتلەندە چواندووەو بە بەراوردێکی نێوانیان ئاوا گوتوویە:

"کوردان لە توانایی ژیانیاندا هێندەی چیانشینێکی سکۆتلەندە یا چیانشینێکی سویسرە گیان بەخت دەکەنو عاشقو گیرۆدەی چیاکانیانن. ئەوانە تێکڕا وەك ڕابردوویان بۆ قەرەبووکردنەوەی خزمەتو بەزەیی سەرۆکەکانیان هەر کۆمەڵێکیان شوێن سەرۆکی خۆی دەکەویو بۆ هەر کوێیەك بڕوات لێی نابێتەوە. هەر بۆیە بوونەتە چەندین خێڵو لەیەکدی جیابوونەتەوە. ئەوانە لەبەر نەزانییان زۆر خۆپەرستو لەخۆباییین، هەروەك دانیشتوانی کۆنی چیاکانی ئێمە ناکۆکیەکانیان بە هێزی بازووی خۆیان چارەسەر دەکەنو کەمو زۆر نەفرەت لە هونەرو پیشەسازی دەکەنو، جگە لە بەناهەق پیاوکوشتنو تاڵانکردن هیچ کارێکی دیکەیان نییە.

ئەمانە کە دوژمنایەتیەکیان لەگەڵ دراوسێکانیاندا دەبێ، پەلاماری دانیشتوانی دەشتاییەکان دەدەن. قوڕبەسەر ئەوکەسەی کە بە (بالی برو)دا سەردەکەوێ، یا بەبێ پاسپۆرتو ڕێبەر هەوڵبدات پێ بنێتە نێو نیشتمانی خۆشەویستی کوردێك.

پاشەڕۆژی کورد جێی گومانەو، بە هەمان خۆشەویتسییەوە پێبەندی ئەو تاڵانییەن کە بوێریی گەرەکە. هەموو میللەتێکیش ئەم جۆرە ترسانەی زۆرنو ساتەکانی تۆڵەو خراپەکاری لەکەداریان کردووە. هەمان کات کوردان زۆر میوانپەروەرنو، چ گفتێك بدەن لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا جێبەجێی دەکەنو، لەڕووی پاراستنی پیرۆزیی بەڵێنو پەیمانیشەوە بەناوبانگن.

پوختەی قسە، کورد زۆر ڕێکوپێكو جوانەو بە جەنگاوەری لەدایك بووەو پیاوێکی ڕاستگۆی هۆزێکە گرنگترین خەسڵەتی ئەوەیە سەرنجی بیانییەك ڕادەکێشێ". (دکتۆر ڕوون)ی بەرپرسی قونسڵخانەی بەغدا سەرەتای سەدەی هەژدەیەم بۆ چارەسەری دەردی کوێریی باوکی، سەری لە میری ڕەواندز دا کە ئەو ڕۆژانە خاوەنی دەسەلاتێکی گەورە بوو. ناوبراو ئەمانەی لەبارەیانەوە گوتووە:

"بنچینەی گەوهەری کورد جەنگاوەرییە. لەلانکەوە مەشقیان پێکراوەو، ئامادەی شەڕو شۆڕی سووکنو، لەوەبەدەر هیچ شێك خۆشحاڵیان ناکات. ئارامو دانبەخۆداگرتنی منداڵانێکی تەمەن دوازدەو هەژدە ساڵیم دین لە پێکدادانێکدا بە قورسی بریندار بووبوون. تێگەیشتم شەڕەکە زۆر توندوتیژ بووە. ئەوانە ئەگەر شەڕەکە بە شەشخانەکەیان نەکەن، کتوپڕو زۆر بەڕاستی بە خەنجەرەکانیانەوە دەکەونە هێرشبردن. کوردان بەڕادەیەکی تەواوو شێوەیەکی

جوانی شایانی وێنــەگرتن هــەر هــەموویان بــە چــەك‌و جبەخانــە ســازو تــەیار کراون.

کاتێك گەشتم بەنێو نیشــتمانەکەیاندا دەکـرد، نیگــەران بــووم ڕمــەکانیانم نــەبینی کــە چــەکێکی کۆنیانــە. ڕمــەکانی کــورد لــە داری حــەیزەران دروســت کــراون‌و زۆر درێــژن‌و، بــۆ ترســاندنی بارگیرەکــانی دوژمــن گوڵونکــەی خــوری بەنووکەکەیەوە دەبەستن. هــەمان کــات ڕمەکانیان بۆ بەرگریکردن بەرانبــەر بــە ڕمــی دوژمــن بەکاردێنن‌و، قەڵغانێکی چکۆلــەی لــە پێســتە دروســتکراو لەگــەڵ خۆدا هەڵدەگرن. زۆرینەیان‌و هەر هیچ نــەبێ تاقمێکیــان زرێ لــە خۆیــان دەدەن کە سنگ‌و پشت‌و هەردوو تەنیشتیان بەیەك دەگەیــەنێ. پــەنجا ساڵ لەمەوبــەر شەڕێکی خوێناوی قەوما بۆ لەنێوبردنی هۆزێکی دراوسێ یــا هێرشــکردنە سەر یەکێك لــە دانیشتوانی دەشتاییەکان، تــا هۆزێکــی کــورد بــەنێو گــەرووی بەردەڵانی چیاکاندا تێپەڕببێ. دەڵێم بینینی ئەم چەشنە جمووجوڵانــە مایــەی سەرسامییە".

ئــەمڕۆ مەســەلەی کوردســتان لــەلای ئــەو چــوار پێنــج حکوومەتــەی کــە کوردستانیان لەنێوان خۆیاندا دابــەش کــردووە، گرنگــەو تــادێت گــەورە دەبێ. دەوڵــەتانی گــەورەی ڕێکخــەری جیــهان چــەندین کۆنفرانــس ســاز دەکــەن‌و بەرژەوەندەکانیان پێکدادەدات، ئایا بۆ ئەم ناوچە پڕ لە نەوتە چی دەکەن؟ ئایا بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بیر لەمافی ئەم میللەتە چەند ملیۆنییە دەکەنەوە؟

تورکیــا ســاڵی ١٩٢٥ کــوردی ڕەشــەکوژ کــرد. دوای ئــەوەیش لەســایەی جێبەجێکردنی ئەو بنەڕەتی داپڵۆسین‌و ستەم‌و سڕینەوەیەدا، بەبێ شــەرمانە دەڵێــت: هیــچ جــۆرە مەســەلەیەکی کــوردی لــە تورکیــادا نییــەو، چۆنایــەتیی راستەقینەی بەڕێوەربردنی کوردستانی شاردووەتەوە. ئێران دەڵێت: کوردان لەگەڵ ئێمــەدا لــە یــەك نــەژادو خوێنین‌و، هیچ جیاوازییــەك لــەنێوانماندا نییــە. عێراقیش بە جوینــەوەی وشــەی کوردســتان، نایــەوێ هیــچ چەشــنە لێــدوان‌و چــەندوچۆنێکی لــەبارەوە بکرێــت. بــەڵام لەلایــەکی دیکــەوە پەیماننامــەی جۆراوجۆر لەگەڵ تورکیادا مۆردەکات.

تــەنیا ڕووســیا کــە کــەنارێکی کوردســتان دەگرێتــە خــۆی، لای خۆیــەوە شنەیەکی بەرەبەیان دەخاتە نێو دڵە گرگرتووەکان. ئەم مەشخەڵی ئاگرە گەرمە کە لەدوورڕا دەرکەوتووە، دیارە لە ناوەند نێزیك دەبێتــەوە. خوایە ئەم ئاگرە

بکەینە ئەتۆمێك بۆ سەر ئەو ناوچە هەزاران کیلۆمەتری دووجا پانو پۆڕە کە لەنێوان سێ زەریادا ماوەتەوە، تا بە سووتاندنی پەنجە نەزانە خوێناویەکانی تورکیا ژیانێکی نوێ بەو ملیۆنەها کوردە ببەخشێ.

٢-نیشتمانی کورد
یا سنووری نەتەوەییی کوردستان

هەر سوپایەکی داگیرکەر ناچار بێ لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆراواو لەخۆراواوە بۆ خۆرهەڵاتو لە باکوورەوە بۆ باشوور بپەڕێتەوە، بەهۆی هەڵکەوتی جوگرافیی کوردستانەوە لە هەموو پەڕینەوەیەکدا لەم ناوچەیەدا کۆدەبێتەوە. وەك چۆن لە رابردوودا رێگای هاتوچووی سوپاکان بووە، هێندێك جار بووە بە بەربەستێکی قایم. لەم سەدەیەشدا لەبەر ئەوەی گرنگترین حەوزی پەترۆڵی جیهانیی لێیە، بووە بە خاڵی بەیەکگەیشتنی دەوڵەتان بۆ گەیشتنی بەو مەیدانانە.

ناوچەی کوردستان لە باکوور وا لەسەر هێڵی درێژیی ٤٠ پلەو لە باشوور ٣٠ پلەو، لە خۆرهەڵاتیش وا لەسەر هێڵی پانیی ٤٨ پلەو لە خۆراوا ٣٦ پلە. سنووری بەرەو باکوور گۆلی وانو لە باکووری خۆرهەڵاتیەوە بە بەرزیی ١٦٩١٥ پێ چیای (ئاراڕات)ی ئەرمەنستانو (بایەزید) لە دامێنەکانی باشووریدا هەن. ڕوو بە باکوور کە ناوچەی ئەرمەنستان بەرەو خۆراوا بەجێدەهێڵین، قەلاَی (ئاڵشگرد– حەسەن) دەگرێتەوەو دەگاتە باشووری (بایبورد). دوایی کە بەلای جۆگەی (کەلکیت)ی دەوروبەری (شەبین قەرەحەساری)دا دەڕۆین، (زارا)و ناوچەی (دێرسیم)ی لانەی قارەمانان لەخۆدەگرێ. لە خۆرهەڵاتی (سیواس)ەوە ڕوودەکاتە باشوور بە لای خۆرهەڵاتی (قانغال)دا دێتو دەوروبەری (کچەرك؟)و دێوریگو عەرەبگیرو گورونو ئەلبیستانو مەرعەش لەنێو خۆیدا بەجێدەهێڵێو بە ئاستی ڕووباری (جەیحان)دا دەگاتە زەریای سپیو لەنێزیکی (ئەیاس)دا دەچێتە سەر زەریا.

دوای ئەوەی کەناری (یمورتالك) دەگرێتەوە، نێزیك بە (پیاس) بەلای باشووری (گاور تاغی)دا تێدەپەڕێو ڕوودەکاتە خۆرهەڵات. لە باشووری (ئیسلاحییە)وە بەلای دەوروبەری (کیلیس)ی ناوچەی (جرابلوس)دا دەڕواتو، لەگەڵ ڕووباری (فورات)دا بەیەکدەگەن.

لەباشوورەوە شان بەشانی دامێنی چیاکانی سنووری ئێستای تورکیاو سووریا دێتو؛ دەوروبەری بیرەجكو حەڕانو مێردینو لە باشووری (نوسەیبین)یشەوە چیای شنگارو ناوچەی کوردانی ئێزدی دەگرێتەوە. لە باشووری مووسڵ نێزیکی (گوێر) لە خاڵی بەیەکگەیشتنی زێی گەورەو

دیجلـەدا دەگاتـە (دیجلـە)و تـا (چیـای حـەمرین) ڕووو بـە باشـوور هاوشـانی ڕووبارەکە دەڕوات. دوایی بە ئاستی زنجـیرەی چیـای حـەمرین کـە ناوچـەی نیشـتەجێی نەتـەوەکانی کـوردو عـەرەب لەیـەك جیادەکاتـەوە، دەوروبـەری تووزخورمـاتوو دەگرێتـەوەو ڕووبـاری دیالــە (سـیروان) دەبـڕێو شــەهرەبان (شهربانو) لە خۆراوادا بەجێدەهێڵێو، لـە خـوارووی (مـەندەلی)دا دێتـە دامێنـی چیاکانی سنووری عێراق- ئێران لە ناوچەی (دیزفوول) کە باشووری چیاکانی لوڕستان لەخۆدەگرێ. کە شووشتەرو ئەهواز لەلای خۆراوایەوە بەجێدەهێڵێ، لە ناوچەی (بندر دیلام) دەگاتە کەنداوی بەسرە.

لـە خـۆراوای (بـەندەر بووشـیر)، دەوروبـەری شـیراز لـەلای خۆرهەڵاتـەوە دەبوێـرێو ناوچـەی قەشقایی دەگرێتـەوە. لـە خۆراوای (ئەسفەهان)ەوە بـەرەو بـاکوور دەبێتـەوەو، بـە دامێنـەکانی زنجـیرەی (وزردە کـوە)دا (خورەمئابـاد)و (برووجەرد) دەگرێتە خۆیو، نێزیك بە ناوچـەی (ئەکباتان)ی پێتەختی کۆنی میدیا -واتە شاری (هەمەدان)ی ئێستا- لـە خۆرهـەڵاتی (بیجاڕ)ەوە بۆ (میان دوواو)و لـەوێوە بـەرەو خـۆراوا بـە بـەرزیی ١١٨٣٠ مـەتر لـە باشـووری (کوەشـاهان) درێـژ دەبێتـەوە تـا دەگاتـە لای گۆمـی (ورمـێ). کـە لـە نیـوەی باشووری کوردستان ڕەت دەبێ، بـەلای (ڕەزائییـە- ورمـێ)وە بـەرەو بـاکوور وەردەچـەرخێو، بە دەوروبەری (خـۆی)و (قوتـوور) و (ماکۆ)و (قەرەکلێسـە)ی خۆرهەڵاتی (بایەزید)دا دەگاتە سنووری ئەرمەنستان.

ئـەوەتا ئـەم زەمینـە فراوانـەی خۆرهــەڵاتی نـێزیك کـە لـە ناوچەیـەکی سەرتاسـەر شـاخاویی دروسـت کـردووە، لـەو ڕۆژەی مێـژووی دێرینـەوە کـە مرۆڤەکانی دەرکەوتوون تا ئەمڕۆ ئەو کوردانەن کە (ئاری) نەژادنو نیشتمانی باپیرانی خۆیانیان پێکهێناوە.

جگە لەو سنوورە نەتەوەییەی کوردستان کە لەسەرەوە دیاریم کـردووە، ١٠٠٠٠ ماڵ لە خێڵەکانی جیهانبەگیو سێڤکانیو عومرانـی لـە (ئـەرزڕۆم)و (ئەزرنجان)ی سەر هێڵی زۆر دووری باکوور و دەشتاییی (خیمانە)ی ئەنقەرەو، پتر لە پازدە هەزار خێزان لە خێڵی ڕەشوانو بروسەنگ لەو ڕێگایانە تا دەگاتـە کـەناری (ئەدەنــە)و لای (مــەجید ئــووزی)ی (ئاماســیە)و (حــەوزە)و لای (قیرشــەهر)و شــارۆچکەی (مەجیدییــە) هــەنو، بەشــێکی دەشــتاییەکانی (زمردین)یش کوردی تێدا نیشتەجێن. هەر لـە ئەسـتەمووڵ خـۆی زیـاتر لـە سەدان هەزار کورد هەن. بەڵام ئەم حاڵو بارەی دوای شەڕەکانی سەربەخۆییی

تورك بەهۆی جێبەجێکردنی سیاسەتی سڕینەوەو لەنێوبردنو کۆچپێکردنی دژ بەکوردەوە بەشێوەیەکی فراوان گۆڕا. بۆیە پێویستە بوونی کورد پێش ئەو ڕووداوانە لەبەرچاو بگیرێت.

هەروەکوو ناوچەی باکووری (حەڵەب) لە سووریا پتر لە پەنجا هەزار کوردی لێیە، دەوروبەری (حەبەشین)ی قەزای (ایپ)ی سنجەقی (تەعز)ی وڵاتی (یەمەن)یش زیاد لە هەشتا هەزار کوردی لێ نیشتەجێن. ئەمانە پاشماوەی ئەو حکوومەتە پچووکانەن کە دوای لەنێوچوونی حکوومەتی سوڵتان سەلاحەدینی ئەییووبی بەناوی (ئال ڕەسوول)و (ئەشرەفییە)وە دامەزرابوون. مزگەوتێك تا ئەمڕۆیش لە (تەعز) بەناوی (ئەشرەفییە)وە ماوە.

ئەو ناوچەیەی کە ویلایەتەکانی خۆراوای حکوومەتی ئێران پێکدەهێنێو لە سنووری ئەرمەنستانەوە تا کەنداوی بەسرە درێژ دەبێتەوە، جگە لە بەشە کوردنشینەکەی، (مۆدانلوو) لە ویلایەتی تارانولای پازۆکیو مازەندەرانو، (شاهیدلوو)و (زەعفەرانلوو)و (کەیوانلوو)و (ئەمانلوو) لە ناوچەکانی بیژنکردو بوجنوردو (قوشان)ی خۆراسانو، زیاد لە بیست هەزار خێزانی کورد دیسان لە دەوروبەری خۆراسان بەناوی (کورد تەیمووری)و (هەزارە)وەو، (شەبانکارە)و (عەنبەربۆ) لەنێزیکی هەمەدانو دەوروبەری (جۆزەکان)و بەندەرعەباسو شیرازو، (کورد عەلی) لە باشووری خۆرهەڵاتی ئێرانو دەوروبەری (سجستان)و، (عومەرلوو)و (قوباقرانلوو)و (شمکانلوو)و (بهادرلوو)و (شاهکولانلوو) لەناوچەی قەزوینو، دوو خێڵی گەورەی کورد بەناوی (لین)و (تایر)ەوە لەلای (هەڕات)ی ئەفغانستانو نێزیك بە خۆراسانو خێڵێکی بەهێزی کوردیش بەناوی (براخۆی)ەوە لە دەوروپشتی باشووری ئەفغانستان هەیەو بە شێوەیەکی بەربڵاو دەژی. ئەم خێڵە کوردە گەورانە لە گەشتە جیاجیاکانی شاهنشاکانی ئێران یا سوڵتان مەحموودی غەزنەویدا لە نیشتمانی ئەسڵیی خۆیان ڕاگواستراون تا بەپێی بەرژەوەندی خۆیان ناوچەیەکی ئاسایشیان لێ پێكبهێنن. کەسانێکی دیکەیشیان بەکۆچ پێکردن گواستراونەتەوە.

ژمارەیەك کوردی ناودار لە ناوچەکانی (آخسخە)و (قارس)و (یەریڤان)و باشووری خۆرهەڵاتی (باتووم) نیشتەجێن. دوو خێڵی گەورەی (لارین)و (بادین) لە خێڵەکانی دەوروبەری شارەزوور کاتی کوشتارەکانی هۆلاکۆ ڕاگواستراونە دەوری وڵاتی (جەزائیر) لە ئەفریقیا.

٣-دۆستایەتیی کوردو ئەرمەن

ئەو کۆنفرانسی ئاشتییە کە دوای یەکەمین جەنگی جیهانی لە پاریس سازکرا، فەریقی یەکەم شەریف پاشای باڵوێزی پێشووی عوسمانیی لە ستۆکهۆڵم بەناوی دەستەی بڕواپێکراوی کوردەوە تێدا ئامادە بووبوو. ئەم زاتە خەڵکی سلێمانیو کوڕی سەعید پاشای ناودارە کە چەندین ساڵ سەرۆکی شووڕای عوسمانی بووەو وەزارەتی دەرەوەیشی بەڕێوەبردووە.

شەریف پاشای خاڵۆزام ئەوکاتە لە پاریس چاوی بە بۆغۆس نۆباری نوێنەری ئەرمەنەکان کەوتووەو، لەبەر ئەوەی کوردو ئەرمەن لەیەك خاکدا پێکەوە دەژینو لەپێناوی بەرگریکردن لە بەرژەوەندی هاوبەشی هەردوکیاندا گەڵاڵەنامەیەکیان مۆرکردووەو هەردوولا ئەو پەیماننامەیەیان خستووەتە بەردەم کۆنفرانس.

ئەم سەرکەوتنەی شەریف پاشا چاپەمەنیەکانی ئەوکاتەی تورکی هارکردووە، لەکاتێکدا حیزبی "حوڕییەتو ئیئتیلاف"لەوەوپێش هێرشی کردبووە سەر کۆمەڵەی "ئیتیحادو تەرەقی"و، هەر ئەو چاپەمەنیانەیش بوون بە شانوباڵی شەریف پاشایان هەڵدەداو بەزریان دەکردەوە بۆ ئاسمان، ئێستایش بەهۆی ئەم ڕێککەوتنەوە لەگەڵ ئەرمەنەکاندا پاشایان داوەتە بەر پەلامار.

وێڕای ئەوەی شەریف پاشا ئەوکاتە لە نامەیەکیدا کە ڕۆژی ١٢ی مایسی ١٩٢٠ بۆ سەرۆکی نووسینی ڕۆژنامەی (پیام صباح)ی خوالێخۆشبوو عەلی کەمال بەگی وەزیری پێشووی ناوخۆی ناردبوو، مەسەلەکەی بەم شێوەیە ڕوون کردبووەوە:

"... ئەو نامەیەتان بڵاونەکردەوە کە بۆم ناردبوون. من بە دیتنی ئەو بەندانەی پەیماننامەکەی ڕێککەوتنی عوسمانی کە پێوەندییان بە کوردستانەوە هەیە، ئیدی دەتوانم بەڕاشکاوی بڵێم: من بۆ ئەوەی مەسەلەی کورد ببەمە کۆنفرانسەکە بەهۆی بەڵگەنامەیەکەوە کە ئەرمەنەکان دانیان تێدا بە بوونی میللەتی کورددا ناوە، قازانجی بوونی کوردستانێکم بە حکوومەتی عوسمانی گەیاندووە. لەژێر باری تاوانبارکرانمدا لەلایەن هاونیشتمانانمەوە، پاداشتی ئەو خزمەتە نیشتمانیە کە بە ناڵەو ماندوویی ڕامپەڕاندووە، تەنیا لە

پێزانینی مێژوو چاوەڕوان دەکەم. بۆ ئەوەی شێوە خۆهەڵکێشانێك نەدەمە بەیاننامەکەم، درێژە بەم باسە نادەم".

وەك شەریف پاشا لەسەرەوە بەکورتی ڕوونی کردووەتەوە، ئەوکاتە ئەو لەیەکگەیشتنە لە پاریس کراوەو لە ئەستەموولیش کۆمەڵەیەکی دۆستایەتیی کوردو ئەرمەن دامەزراوەو دەستی بە کارەکانی کردووە، چونکە لاوانی ڕۆشنبیری کورد بە لابردنی ئەو دەستە زاڵمانەیەی کە ڕاستییەکی بەرزی نەتەوەییی شاردبووەوە، بەختەوەریو سەرکەوتنێکی نەتەوەییان بەدەست هێناو دەستخۆشییان لەو بیروباوەڕی لەیەکگەیشتنە کرد کە ئەو ڕێگایەی ڕووناك کردەوە.

من ئەگەر ئێستا بیرو بۆ چوونو بارودۆخی چارەکە سەدەیەکی دەوڵەتان شی بکەمەوە، دەبینن نە مێژووی عوسمانیو نە پێش ئەوەیش مێژووی گشتیی جیهان هیچ جۆرە ناکۆکیو ئاڵۆزییەکی نێوان کوردو ئەرمەنی لە ژیانی ئەم دواین سەدەیەدا تۆمار نەکردووە. بەڵام بەداخەوە ئەڵمانەکان بە کاریگەریەکی نائاساییو بە شێوەیەکی بێ بنچینە هەردوولایان زەرەرمەند کردو بەتوندی کردیاننە دوژمنی یەکدیو بەرەو بارودۆخێکی ناهەمواریان بردن.

ئەم دوو میللەتە بەرزو توانایە کە بە شێوەیەکی توندوتۆڵ پێکەوە بەسترابوونو بە خۆشەویستییەکی گەرمو برایانەو لەنێو بازنەی هەستو بەرژەوەندی هاوبەشیاندا چەندین سەدە لە ناوچەیەکی بێگەردو پاکدا دەژیان، دووەم نیوەی سەدەی نۆزدەیەم ژیانی بەدبەختییان دەستی پێکرد.

کاریگەریی وەرچەرخانی کۆمەڵایەتیی ژیانی دواین نیوەی ئەم سەدەیەی جیهان بۆ میللەتە جۆراوجۆرەکانو گوێ پێنەدانو کەمتەرخەمیی دەوڵەتەکانیان لە ئاستی ئەو گۆڕانکاریە گەورانەدا کە بەسەر پرنسیپە شارستانیو کۆمەڵایەتیو پیشەسازیەکانو بەڕێوەبردندا هاتوون، بوونە هۆی سەرهەڵدانو دەرکەوتنی فیتو فێڵو دەهۆی پێڕەوکراوی مایەی کوێرەوەری.

میللەتانی ئەرمەنو کورد کە بە دڵێکی پاكو خاوێنەوە لە نیشتمانە شاخاویەکەیاندا ژیانیان بەسەر دەبرد، بە فیتی دەوڵەتی عوسمانی مێشکیان پڕ کرا لە هێندێك بیرو بۆ چوونی تاریكو سەرەنجام پێکدادانی نێوان هەردوولا دەرگای سەروبەندی دەردیسەریی بۆ هەردوو میللەت کردەوە. ئەمە بارودۆخێکی تاڵو شوومی دروست کردووەو، هەستێکی وا نەزانانەی ئاینیی

مەسیحیو ئیسلامیی لەنێوانیاندا خوڵقاندووە کە لە بنەڕەتدا ئەم جۆرە هەستەیان لەنێودا نەبوە، چونکە نە کوردو نە ئەرمەن لەو نەتەوانە نەبوون کە لە چەرخە کۆنەکاندا بەهۆی ئاینەوە ناسنامەی نەتەوەییان ون کردبوو. توندڕەویی ئاینی ئەو دۆستایەتیە سەدان ساڵیەی نێوان کوردو ئەرمەنی تێکنەدابوو و، جیاوازیی ئاین هیچ کاتێك کاری نەکردبووە سەر ئەم دو ڕەچەڵەکە، تەنانەت لە دەورانی خاچپەرستەکاندا لە ئەورووپاوە هاتبوونە ئاسیا بۆ ئەوەی شانبەشانی موسڵمانان بەشداریی شەڕ بکەن.

خۆرهەڵاتناسی ناودار دکتۆر (فریج) لە کتێبەکەیدا نووسیویە: ئەو دوو میللەتەی کە لەسایەی خوو و ڕەوشتو کاریگەریی هەستی بەرزی ئیسلامەتیدا گیانی نەتەوەییی خۆیانیان پاراستووە، دەرکەوتووە یەکێکیان کوردو ئەوی دیکەیشیان فارسەکانە. یەکێك لەو کتێبانەیش کە باسی سەرسەختیی نەتەوەییو پێوەندیی ئەتنی (عرقي)ی کوردان دەکات، کتێبەکەی مستەر (هویەرد)ە کە ساڵی ١٩١٧ دایناوەو لە لەندەن لە بەرگێکی ڕازاوەو بە ناونیشانی "گەشتێك لەنێو مێزۆپۆتامیاو کوردستان"ەوە چاپکراوە، زیاد لە ٦٠ وێنەو نەخشەیەکی تێدایەو ٢٧٣ لاپەڕەیە. هەر لەو کتێبەدا ناوچەرگەی کوردستانو مێژوو و جلوبەرگو دابو نەریتی کوردستان بە جوانی باسکراون.

مادامێکی لە دێرزەمانەوە هیچ جیاوازیو دوژمنایەتییەك لەڕووی ئاینو باوەڕەوە لەنێوان کوردو ئەو ئەرمەنانەدا کە گیانی نەتەوەییی خۆیانیان پاراستووە نەبوەو ڕابردوو و ڕەوشتی ژیانی هەردوو میللەتیش پاکە، بۆیە بیرکردنەوە بۆ پێکهاتنی ئەرمەنو کوردو هەوڵدان بۆ نەهێشتنی هەر ناکۆکییەکی نێوانیان ئەرکی سەرشانی ڕۆشنبیرانی هەردوولایە.

ئەم سەدەیەی دوایی سەرەتا هێندێك فەرمانبەری عوسمانیو دواییش بەناوی تورکایەتیی تورکانەوە یا بە هاندانی کۆمەڵێك دووڕووی دیکە، ئەم دوو میللەتەیان تووشی کوشتار کردووەو هەریەکەیان هۆی کوشتارەکەی خستووەتە ئەستۆی ئەوی دیکەو، بەمەیش هەردوو میللەتەکە بێهێز بوون. ئەوانەی لە بنەڕەتی ئەم چەشنە فیتو کەینو بەینانە ئاگادار نەبن، یا ئەوانەی ئاستی بیرکردنەوەیان سادەو ساکار بێ، وادەزانن میللەتی کوردو ئەرمەن ڕێزو خۆشەویستییان لەنێواندا نەبوەو لە سەدان چەرخەوە دوژمنی یەکدی بوون.

لەوانەیان نەپرسیوەتەوە کە ئەم دوو میللەتەیان لەنێوان جەنگی گەورەی پێشوو و ئەم جەنگەدا قەتلوعامو کۆچ پێکردووە. مێژووی نێزیک سەلماندوویە حکوومەتێکی دادپەروەر دروست نەبوە لەم ڕووداوانە بپێچێتەوە. لەم حاڵوبارەی ئەم سەدەیەدا کاتێك بیرو بۆچوونو ژیانێکی نوێ لە جیهاندا دەست پێدەکەن، دابینکردنی نێزیك خستنەوەو لە یەکدی گەیشتنی ئەم دوو میللەتە ئەرکێکی نیشتمانییە دەکەوێتە ئەستۆی ڕۆشنبیرانو زانایانو گەورەو پیاوانی کوردو ئەرمەن. هەردوولا تەنیا بەو شێوەیە کە مافی ڕەواو ژیانی یەکدی بە دڵسۆزیەوە دەناسنو بە هاوکاریی یەکدی خوێنو گیانو برایەتیی خاك دووبارە بە هەموو گەرموگوڕییەکەوە زیندوو دەکەنەوەو بە دەرسوەرگرتن لەو کوشتارو کۆچپێکردنە جیاجیانەی کە لە تورکیا دژی کوردو ئەرمەن کراون، دەتوانن یەکدی لەئامێز بگرنو پێکەوە برینەکانیان تیمار بکەن. پێویستە بە پێشکەوتنیان لە ژیاندا ئەو تاڵاوە نەهێڵن کە چێشتوویانە. ئەگەر بێتو ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاستیانە کە بەوپەڕی ڕاشکاوییەوە خستوومنە ڕوو، لە لاوو خاوەنبیرانی هەردوو میللەتدا ببینمو، ئەو ئومێدەی کە بۆ داهاتوو پەروەردەم کردووە گەشاوەتر بێتە بەرچاوم، بەختەوەریم زیاتر دەبێ.

٤-ژمارەی کورد

١-کوردانی تورکیا:

پێش یەکەم جەنگی جیهانی کاتێك کوردستان لەنێوان حکوومەتەکانی تورکیاو ئێراندا دابەشکرابوو، بەشێکی دیکەی کورد لە دەورووبەری (قارس)ی ڕووسیا نیشتەجێ بوون. بەڵام دوای جەنگ ساڵی ١٩٢١ ناوچەیەکی گرنگی کوردنشین لە دەورووبەری (قارس) بەپێی پەیماننامەی (برست لیتوفیسك) خرایە سەر تورکیا. لەبەر ئەوەی مەسەلەی مووسڵ لەگەڵ ئینگلیزەکاندا یەکلایی کرایەوە، بەوپێیە ناوچەیەك کە بەشێکی تورکیا بوو، جیاکرایەوەو لیواکانی باکووری عێراقیان لێ پێکهێنرا.

ئەو بەشە گرنگەی کە سنووری ئەو ناوچەیەمان پێشان دەدات، لە هەزاران ساڵەوە کوردانی تێدا نیشتەجێ بووەو بەر تورکیا کەوتووە. پاش جەنگی گشتی لە ئەنجامی پەیڕەوکردنی سیاسەتی بەتورککردنو ڕەشەکوژیو کۆچپێکردنی هاونیشتمانیاندا، چی بە ئەرمەن کرا، کوردیش بەزیادەوە پێی کراو یەخەگیری ستەمو زۆرداریەکی بێئەندازە بوو. پێش جێبەجێکردنی ئەو کوشتارو کۆچ پێکردنە دڕندانەو پڕ سووکایەتیە کە مرۆڤایەتی دێنێتە لەرزین، ئەو ناوچانە کە کوردیان بە چڕوپڕی تێدا نیشتەجێ بووە، ئەگەر هاوبەشیی ئاین وەلابنرێتو جیاوازیی نەژادو زمانی نەتەوەیی لەگەڵ تورکدا ڕەچاو بکرێت، بەو شێوەیەیش زمانو دابو نەریتی هەزاران ساڵەی باپیرانیان پاراستووەو ژیاون.

٢-ژمارەی کوردانی تورکیا:

پاڵپشت بەو شاکارانەی (دکتۆر فریجو جۆنسمۆڵو بونیارون) کە ئەکادیمیای خۆرهەڵات ساڵی ١٩٢٢ لە بەرلین بڵاویکردوونەوە، کوردستانی باشوور ١٩و ویلایەتی دیاربەکر ٥٠و ویلایەتی وان ٩و ویلایەتی بدلیس ٦و ویلایەتی ئەرزڕۆم ٢و ویلایەتی مەعموورەتولعەزیز ٣ خێڵی کوردی تێدا هەنو، بەم شێوەیە بوونی ٨٩ خێڵی سەلماندووە.

پاڵپشت بەو لیستانەی کە ئەرکانی جەنگیی سەرۆکایەتیی سوپای چوارەمی عوسمانی ڕێکی خستوون، دەرکەوتووە هێزێکی سوارەی خێڵایەتی ٤٠٠٠٠٠ چوارسەد هەزار کەسی دامەزرێنراوەو، ئەم زانیاریە لە ئەرشیڤی

بارەگای گشتیی لقی شازدەیەمی مێـژووی جـەنگدا هەیـە. ژمـارەی گشـتیی کورد، بەپێی ئەو سەرژمێریانە کە لە هێزی سـوارەی خێڵایەتییـەوە دەسـت کەوتوون، لە چوار ملیۆن کەمتر نییە. بەڵام ئەو فەوجە خێڵەکیانە ڕاستەوخۆ لەو خێڵانە پێکهێنراون کە لە دۆڵو دەشتیاییەکاندا دەژین، بۆیە سەرژمێریی گشتیی دانیشتوانی شارەکان لەنێو ئەو ژمارەیەدا نییە. هەورەها ئەو سەردەمە شوێنانی وەکوو دێرسیمو دەوروبەری کە هەردەم لە حاڵەتی یاخیبوندا بوون، ئەو سەرژمێریە نەیگرتوونـەوە. جگە لـەوە سـەدان هـەزار کـوردی نیشـتەجێی دەشـتاییەکانی (خیمانــە)ی نـێزیکی ئەنقـەرەو سـیواسو ناوچـەکانی زازاو ئەدەنەو نێو ئەستەمووڵیش لەنێو ئەو حیسابەدا نین.

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێ کە ژمارەی کوردانی تورکیا پاش یەکـەم جەنگی گشتی لە پێنج ملیۆن کەس زیاترە.

٣-لە کۆنفرانسی لۆزان:

(لـۆرد کـێرزن)ی وەزیـری دەرەوەی ئینگلـیز یاداشـتنامەیەکی لــە کۆبوونــەوەکانی مــانگی کــانوونی دووەمــی ســاڵی ١٩٢٢ی کۆنفرانســی لۆزاندادایـە دەسـت نوێنەرایـەتیی تـورك. وا وەڵامو هێندێـك لـە بـەندەکانی دەستەی نوێنەرایـەتیی تورکتـان بـە سـەرۆکایەتیی عیسـمەت پاشـا لـەبارەی سەلماندنی ژمارەو مافی داهاتووی ویلایەتەکانەوە بۆ دەخەمەڕوو:

یاداشتنامەکەی نوێنەی ئینگلیز:

ئـ- تورکـەکانی دانیشتووی ویلایـەتی مووسڵ لـەچاو ڕەچەڵـەکی عـەرەبدا کەمایەتین.

ب-زۆرینـەی کوردو عەرەبەکانی نێو ویلایەتەکە حەز بە یەکگرتن لەگـەڵ تورکـاندا ناکـەن، بـەڵکوو بەپێچەوانـەوە لایـەنگری چوونــە نێــو حکوومــەتی عێراقن.

پ-جگـە لەشـاری کـەرکووك، ئـەوانی دیکـە سـوێندی دۆسـتایەتیان بـۆ حکوومەتی ناوبراو خواردووە.

ت-هـەموو بەرهەمـەکانی ویلایەتەکـە بە ڕێگـای ڕووباری دیجلـەدا دەبرێنـە بـەغداو، لـەوێوە دەنێردرێنــە دەرەوە. لەبەرئــەوە بەســترانەوە بــە بــەغداوە پێویستییەکی ئابوورییە.

ج-کوردان لە نەژادی ئێرانیو ئارین.

وەڵامی تورکان:

ئـ–ئەم وەڵامەی تورکەکان، مێژوونووسە درۆزنەکانیان نەبێ، هەر کەسێکی دیکـە دەخاتـە پێکەنین‌وسەرسـامی. ئەوانـە بـە لافو گـەزاف کـورد دەکەنـە ڕەچەڵەکی تۆرانو تورکو، بە پێویستی دەزانن ویلایەتی مووسڵ بە تورکانەوە ببەسترێتەوە. هـەروەها ژمارەی دانیشتوانی ویلایەتەکە کە نیو ملیۆنـە، بـەم شێوەیەی خوارەوە وردەکەنەوەو دەڵێن: جگە لـەو ژمارەیـە، ئەگـەر تـورکو کوردو خێڵی عەرەبی ڕەوەندیش هەبن، ژمارەیان دیاری نەکراوە.

ب–ژمارەی دانیشتوانی ویلایەتەکە:

٣٦٣٠٠٠	کورد
١٤٦٠٠٠	تورك
٤٣٠٠٠	عەرەب
٣١٠٠٠	ناموسڵمان
٥٨٣٠٠٠	کۆ

لەو ڕوانگەیەوە، عەرەبەکان لە (گەییارە)ی باشووری هێڵی شنگارو، تورکو کوردانیـش لـە کـەناری دەسـتەچەپی ڕووبـاری دیجلـە نیشـتەجێن. زۆربـەی خەڵکیش لە ویلایەتی مووسڵ بە تورکیو کوردی قسەدەکەن.

پ–ویلایەتی مووسڵ هیچ کاتێك پێوەندیی بە عێراقەوە نەبوەو، ناوی زۆر لە شارۆچکەکانی دەوروبەری مووسڵ تورکییە. ئەمـەیش دەیسـەلمێنێ کە لـە تورکەکانی (ئەنادۆڵ)ن.

ت–لەبەرئەوەی دانیشتوانی مووسڵ تورکن، بەپێی پرنسیپەکەی (ویلسن) پێویست دەکات بگەڕێنرێنەوە بۆ تورکیا. هەموو گەلانی کورد، وەکوو مێژوو سـەلماندوویە، بـە ئـارەزووی خۆیـان ویسـتوویانە بخرێنـە سـەر حکوومـەتی تـورك. بەوهۆیـەوە ئێسـتایش ئـەو کوردانـەی کـە لـە مووسـڵن، پێویسـتە بگێڕدرێنەوە بۆ تورکیا.

ج–لەنێو دانیشتوانە جێگیرەکانی ویلایەتی مووسڵداو، هەر لە دەوروپشتی شاری مووسڵو کەناری دیجلە، نـەژادی عـەرەب لـە چـەند گوندێکـی کـاولو پەرێشاندا نـەبێ، لـە هیچ شارۆچکەو گوندێکـی دیکـەدا نیشـتەجێ نییـە. لـە خێڵە کۆچەرەکانی عەرەب، خێڵی (طي) لە مووسڵو دیاربەکرو هـەردوو خێڵـی جبـوورو شـەممەریش لـە دەوروبـەری مووسـڵو (دیرالـزور) لـە هـاتوچوو و نائارامیدانو پێوەندییان بەم ویلایەتەوە نییە.

ح–دەستووری نەتەوایەتی (شلزۆیغ)ی بۆ دانیمارکو (ئەلزاس لۆرەن)ی بۆ فەڕەنسەو (ترانسلڤانیا)ی بۆ ڕۆمانیاو ناوچەی (کیوم)ی (تریستە)یشی بـۆ

ئیتالیا گەڕاندەوەو پێوەی لکاندنەوە. بۆیە ویلایەتی موسڵیش هیی تورکەو دەبێ بدرێتەوە بە تورکیا.

خ-لە کۆتاییی جەنگی گشتییەوە تا ساڵی ١٩٢٢، واتە ماوەی ئەو چوار ساڵە کوردانی سنجەقی سلێمانی لەپێناوی سەربەخۆییدا دەستیان کردبوو بە شەڕو نەچوونە ژێر ڕکێفی حکوومەتی بەغداو ئارامیان لە ئینگلیزەکان بڕی. ئەم ویلایەتەیش بە جیاکردنەوەی تورکیا بە ئارامی ناژی.

د-لەبەرئەوەی هێڵێکی شەمەندەفەر بە درێژیی (٨٥٠کم) هەیەو، (٢٥٠کم) لە هێڵی مووسڵ-بەغدا-بەسرە-فاو کورتترەو مووسڵ لەڕێگای بەغداوە وەردەگیرێتو لەچاو ڕێگاکانی دیکەدا ئەمینترە؛ بۆیە دانیشتوانی ویلایەتی مووسڵ هەمووکاتێك ناچار نابن بەروبوومەکەیان بەڕێگای ڕووباردا بنێرنو، داهاتووی ئابووریی مووسڵ- وەك لە یاداشتنامەکەی ئینگلیزدا هاتووە- بەهیچ جۆرێك نابەسترێتەوە بەڕێگای بەغداوە.

ر-دانیشتوانی ویلایەتی مووسڵ هیچ کاتێك لە ئاستی ژێردەستەییدا بەشداری دیاریکردنی پاشەڕۆژی دانیشتوەکانی دیکە نابن، بەتایبەت کە کوردان بە هیچ شێوەیەك بەوە قایل نابن.

ز-بۆ سەلماندنی ئەم بەهانانە، دەبێ ژمارەی ئەو هێزە گەورەیەی ئینگلیز بهێنینەوە بیرمان کە خەریکی کوشتنو بڕین بوو، کاتێك ڕاپەڕینە بەربڵاو و خوێناویەکەی ساڵانی ١٩٢٠و ١٩٢١ لە ویلایەتی مووسڵو عێراقدا بەرپابوو.

ژ-ڕێککەوتننامە مۆرکراوەکەی ساڵی ١٩١٦ی نێوان فەڕەنسەو ئینگلیز گوتوویە ویلایەتی مووسڵ ویلایەتێکی جیایە لە عێراقو، دەبێ ئەو دوو وڵاتە لەیەکدی جیابکرێنەوە. بۆ سەلماندنی ئەوە بەندەکانی ڕێککەوتننامەکە ئاشکرا دەکەم:

١-ساڵی ١٩١٦ لەو ڕێککەوتننامە مۆرکراوەی نێوان فەڕەنسەو ئینگلیزدا مووسڵ لە عێراق جیاکرایەوەو درا بە فەڕەنسە.

٢-مووسڵ بە داواکاریەکانی شەریف پاشاو داوای دەوڵەتانی هاوپەیمان لە عێراق جیاکراوەتەوە. ئەم ویلایەتە لە باسەکانی پەیماننامەی (سێڤر)دا لەبارەی دامەزراندنی کوردستانەوە لە گەلێك بەنددا لە عێراق جیابووەتەوەو بنچینەی باشووری کوردستانی پێکهێناوە.

٣-سەبارەت بە ژمارەی ئەو کوردانەی کە لە تورکیا نیشتەجێن، ئەمین زەکی بەگ لە کتێبە بڵاوکراوەکەیدا گوتوویە: دوای ئەو کوشتارو کۆچ پێکردنە، ئومێد دەکەم ملیۆنو نیوێکی مابێ.

٥-ژمارەی ئەرمەن

ئەرمەنەکان ئەم بەشانەیان لێ جوێ دەبێتەوە: ئەرمەنی کاتۆلیکو ئەرمەنی پرۆتستانتو گریگۆریانو ئەرمەنی ڕۆمو ئەرمەنی (های هوروم)و ئەرمەنی عوسمانیو ئەرمەنی ئێرانیو ئەرمەنی قۆقازیو ئەرمەنی ئەنگلۆساکسۆن. ئەرمەنەکان هەر لەکۆنەوە زۆر سەرسەختانە پێبەندی بیر و بۆچوونو کارەکانیانن. ئەو ناوچانەی کە ئەرمەنیان تێدا نیشتەجێ بووبێ، خزمەتێکی گەورەیان لەڕووی ئاوەدانکردنەوەو پیشەسازیو ئابوورییەوە تێدا کردوونو پێش کەوتوون.

کوردستان– ئەرمەنستان وەکوو ماکدۆنیای باڵکانەکان کەوتوونە ژێر دەستی میللەتانی داگیرکەر. ڕاپەڕینەکانی ئەرمەن لە دەورانی سەڵتەنەتی عەبدولحەمیدی دووەمەوە دەست پێدەکەن. ئەوانە پێشتر زۆر بەباشی لەگەڵ عوسمانیەکاندا گوزارەنیان کردووە.

حکوومەتی عوسمانی لەو یاداشتنامەیەدا کە ١٢ی شوباتی ١٩١٩ داویە بە کۆمیسەرانی ئەو چوار دەوڵەتە گەورەیە کە پاش جەنگی گشتی ئەستەمووڵیان خستە بەر بەڕێوەبردنی عەسکەریی خۆیان، بەم شێوەیە لە ژمارەی ئەرمەنەکان ئاگاداری کردوونەوە:

ویلایەتەکانی ئاسیای عوسمانی جگە لە ویلایەتەکانی خۆرهەڵات، بەپێی ئامارە ڕەسمیەکان، ٥٤٢٥٧٥ ئەرمەنیان تێدا هەیەو؛ ئەم ژمارەیە ٥٪ ی کۆی گشتیی دانیشتوان، واتە ٢٠\١ پێکدەهێنێ. ئەرمەنەکان لە کتێبە زەردە ڕەسمییەکەی ساڵی ١٨٩٧ی وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسەدا لەبارەی مەسەلەی ئەرمەنەوە، پاڵپشت بە ڕوونکردنەوەکانی مسیۆ (و. کوئینە)ی لێکۆڵی فەڕەنسەیی، دەرکەوتووە ژمارەیان ٤٤٣٧١٣ کەسە.

بەڵام ژمارەیان لە ویلایەتەکانی خۆرهەڵات، واتە ئەرزڕۆمو وانو بدلیسو دیاربەکرو سیواسو مەعموورەتولعەزیز، بەپێی ئامارەکانی عوسمانی بەم شێوەیەیە:

موسڵمان (واتە کوردان)	٣٤٠٨٨٩١	واتە	٧٩٪
ئەرمەن	٦٣٦٣٠٦	واتە	١٦,٥٪
نەژادی دیکە	١٦٢٣٥٢	واتە	٤,٥٪

بەپێی کتێبە زەردە ڕەسمییەکەی فەڕەنسە:

موسڵمان (واتە کوردان)	٢٦٦٩٣٨٦	واتە	٧٣,٥٪
ئەرمەن	٦٦٦٤٣٥	واتە	١٨,٥٪

نەژادی دیکە ٢٦٢٥٨١ واتە ٧,٥٪

ئەرمەنەکانی نیشتەجێی ویلایەتەکانی ئەدەنەو تەرابزوون بەپێی دەفتەری عوسمانی:

موسڵمان ١١٨٧٧٨ واتە ٨٥,٩٪

ئەرمەن ٦٨٨١٣ واتە ٤,٥٪

بەپێی کتێبە زەردەکەی فەرەنسە:

موسڵمان ٨٠٦٧٠٠ واتە ٧٧٪

ئەرمەن ٤٧٢٠٠ واتە ٤,٥٪

لە ویلایەتی ئەدەنە بەپێی دەفتەری عوسمانی:

موسڵمان ٤٤٣٩٣٧ واتە ٨٥,٩٪

ئەرمەن٥٨٢٧ واتە ١١,٢٪

بەپێی کتێبە زەردەکەی فەرەنسە:

موسڵمان ٢٣٤٤٥٠ واتە ٥٨٪

ئەرمەن ٩٧٤٥٠ واتە ٢٤٪

بەڵام بەپێی خەمڵاندنەکانی ساڵی ١٩١٩ی ئەنسکلۆپیدیای بەریتانیا کە زۆر یاریدەدەری ئەرمەنەکان بووە، ئەوانە لە ١٥٩ قەزادا دەژینو تەنیا لە(٩) قەزایاندا زۆرینە پێکدەهێننو حەوت قەزایان پێشاندراونو لە ویلایەتی (وان)ن. ژمارەی دانیشتونی ویلایەتەکانی (ئەرزڕۆمو وانو بدلیسو مەعموورەتولعەزیزو دیاربەکرو سیواسو حەڵەبو ئەدەنەو تەرابزوون)یشی بە شەش ملیۆن مەزەندە کردووە: ١٥٪ی ئەم ژمارەیە ئەرمەنو ١١٪ی مەسیحیو نەژادەکانی دیکەیەو ٧٤٪یشی موسڵمانە. ژمارەی دانیشتوانی ئەو پێنج ویلایەتەی کە زۆرینەیەکی ئەرمەنیان تێدا دەژی، ٢٦٤٢٠٠٠ کەس قەبڵاندووەو لەوە ٢٤٪ی ئەرمەنو ٧٪ی مەسیحیو نەژادەکانی دیکەیەو ٦٩٪یشی موسڵمانە. بەم شێوەیە گوتوویە: ئەرمەن لە هەموو شوێنەکاندا کەمایەتی پێکدەهێنن. بێگومان ئەم ئامارانە سەرجەم کوردیان تێدا جیانەکراوەتەوەو لەنێو سەرژمێریی موسڵماناندا خراونەتەروو.

(گۆسپۆدین)ی یەکێك لە سیاسەتمەدارانو بنووسانی بەناوبانگی ڕووسیای تزاری لەو گوتارەدا کە ڕۆژنامەی (ئۆجین نوویەورەمیا) بڵاوی کردووەتەوە، ڕایگەیاندووە: کوردان لە ویلایەتەکانی (وانو بدلیسو ئەرزڕۆم) زۆربەنو، ئەرمەنەکانیش لەو شوێنانەدا بە شێوەی کەمایەتی نیشتەجێن.

٦-كوردان له سەرووبەندی دەرکەوتنی ئیسلامەوە تا ئیدارەی حکوومەتی عوسمانی

ئاینی زەردەشت ٦٠٠ ساڵ پێش لەدایکبوونی عیسا لەمیدیاو ئێران سەری هەڵداو لە ناوچەکانی ئێراندا بوو بە ئاینی ڕەسمی. ئاینی مەسیحیش ٤٠٠٠ ساڵ دوای لەدایکبوونی عیسا سەرەتای بڵاوبوونەوەی بوو لە دەوروبەری ئەرمینیاو کوردستان. ئەرمەن‌و ئەو کوردە نەستووریانە کە ئەمڕۆ بە ئاشووری ناودەبرێن، پێڕەویی ئەم ئاینەیان کردووە.

پاش ئەوەی کوردانی دیکەی لای خانەقین‌و حەلوان ساڵی ٦٤٠ی ز چوونە نێو ئاینی ئیسلام، (یەزد گورد)ی حوکمداری ئێران بە سوپاکانیەوە پێوەندییان بە ئیسلامەوە هەبوەو، دواجار بەپەلە ئیسلام بوون.

(جراح)ی والیی کوردستان ساڵی ٧٢٧ز بەشدارییەکی زۆری لەو شەڕانەدا کردووە کە لەگەڵ سوپاکانی تورکدا کراون. ئەو ڕۆژە مێژوویییەی ٢٥ی کانوونی دووەمی ٧٥٠ی‌ز کە ڕێکەوتی ١١ی (جمادي الآخر)ی ساڵی ١٣٢ی کۆچیی کردووە، سوپاکانی کورد هاوکارییەکی گەورەیان لەو شەڕەی (زاب)دا هەبوە کە کۆتاییی بە سەڵتەنەتی ئەمەوییەکان هێنا.

هەرچەندە خەلیفەی ئەمەوی لەو شەڕەدا کە لە ناوچەی (کشاف)ی کەناری ڕووباری (زاب–زێ)دا قەواما، سوپایەکی (١٢٠٠٠٠) کەسیی لەگەڵدا بوو. عەبدوڵڵای کوڕی عەلیی مامی (سەففاح) فەرماندەری گشتیی عەباسیەکان بوو. ئەو سوپایەی عەباسیش سەرتاپێ جلی ڕەشیان لەبەربوو و ئەسپو پارێنەکانیان بە پەڕۆی ڕەش داپۆشرابوون‌و ئاڵاکانیان ڕەش بوون. ئەم جۆرە قیافەتە سەربازەکانی (شام)ی ترساند. وێڕای ئەمانە، کاتی شەڕەکە پۆلێك قەلەڕەشکە بەسەر ئەمەویەکاندا فڕین‌و لەسەر ئاڵا ڕەشەکانی عەباسیەکان نیشتنەوە. ئەمە ئەوەندەی دیکە ئەمەویەکانی تۆقاندو بووە هۆی هەڵاتنیان.

دەوڵەتی گەورەی عەرەب لە ڕۆژانی حوکمداریی ئەمەویەکاندا بووە بە پێنج بەشەوەو، بەمەیش کوردستان لە عەرەبستان‌و عێراق جیابووەوەو بوو بە ویلایەتێکی جیاواز. هەرچەندە کوردان ساڵی ٧٧٤ی‌ز چەند شۆڕشێکیان بەرپاردکدو، شۆڕشێکیان لە ڕۆژگاری حوکمی (هارون الرشید)دا بەتوندی سەرکوت کرا. خەلیفە (مەئموون)ی عەباسی زۆر سوودی لە یارمەتیی کوردانی

دەوروپشتی (سنە) وەرگرت دژی (ئەمین)ی برای. بەڵام کە خزمەتی ئەو کوردانە بڕایەوە، پشتی تێکردنو هەموویانی ڕاگواست بۆ مەملەکەتەکانی دیکە.

کوردانی مووسڵ ساڵی ٨٤٠ی ز لە ڕۆژانی حوکمداریی (المعتصم بالله)داو، کوردانی (ئەسفەهانی)یش ساڵی ٨٦٦ شۆڕشی گەورەیان بەرپاکردووە. ئەو ناوچە کوردنشینەی خۆرهەڵاتی بەسرە کە ساڵی ٨٧٥ (محەمەد کوڕی هەزارمێرد) فەرماندەری بوو، یاخی بوو و تا سێ ساڵ دانەمرکێندرایەوە.

یاخیبوونی گرنگی کورد لە ساڵی ٩٠٠ی ز بەداوەو لە رۆژگاری خەلیفە (المقتدر بالله)داو ساڵی ٩٠٦یش قەواما. لەوەبەدوایش سەردەمی حوکمی دەوڵەتەکانی ئێلخانیو ئەتابەکیەکان، واتە ساڵی ١٢١٠ی ز، گەلێك یاخیبوونی کورد سەریان هەڵدا. هەرچەندە حکوومەتەکانی وەکوو (هەذبانییە، شەدادییە، حەسنەوییە، بەرزیکانی، ئەرمشت، مەردان،دەیسەم، شوانکارە، هۆزان، زەنگییە، ئەرتوقیبە[1] ، میرانییە، سۆرانییە، زەرواریيە، عەزیزان)ی لە هاتنە پێشەوەی زۆر دەرفەتدا دامەزراندووە، بەڵام لەبەر هەڵکەوتی جوگرافیی کوردستانو بوونی بە بەردەبازی داگیرکەرانی مەغۆلو نەبوونی یەکێتیو دڵسۆزی وەکوو ئەمڕۆی ئێمە لەنێوان سەرانی کورددا بۆ بەرەنگاریی دەستدرێژیکەران، پاش ماوەیەك لەنێو چوون. ئەمە هەمیشە بووەتە مایەی وێرانیو تێداچوونی مەملەکەتەکانی کوردو کوشتو بڕیان.

خوارزمیەکان نێوان ساڵانی ١٢١٧-١٢٣١ بە ناوەڕاستی کوردستاندا تێپەڕبوونو، کوردان لەبەرئەوەی لەگەڵیاندا ڕێککەوتبوون دووچاری گەلێك نەگبەتی بوون. کاتێکیش تاتارەکان بەدوای خوارزمیەکاندا گەڕاون، بەرەوڕووی شەڕو کاولکاری بوونەتەوە. کوردستانو عێراق چەند ساڵێك پاش لاچوونی ئەم دەرود و پەتایە، تووشی وێرانکاریی بێبەزەییانەی هۆلاکۆ هاتن. لەو نێوانەدا بە ڕووخانی خەلافەتی عەباسی، زۆر خێڵی کوردی دەوروپشتی شارەزوور وەك وەك جووتە خێڵی (لادین)و (بادین) هێرشیان کرایە سەرو تا وڵاتی (جەزائیر) کۆچیان کردو، بەشێکی گەورەی کوردستان لەژێر چنگی مەغۆلەکاندا مایەوە.

---

[1] زەنگی بنەماڵەیەکی تورکمانو ئەرتووقی هۆزێکی تورکمانەو هەردوو لە سەلجووقیەکانن، واتە کورد نین.

مەغۆلەکان ساڵی ١٢٩٧ بۆ لەنێوبردنی ئەو کوردە مەسیحیانەی کە لە قەڵای هەولێر*ی ناوچەی میزۆپۆتامیادا یاخی بووبوون، داوای یارمەتییان لە کورد کرد. بەڵام بەدەنگیانەوە نەچوونو خۆیان لە یاریدەدانیان دزیەوە.

ئەم هەموو ڕووداوانە کە بەسەر کوردستاندا هاتوون، زۆرترین کاولکاریو ماڵوێرانیو کوشتاریان تێدا بە دەستی مەغۆلو تاتارەکان بووە. هێشتا ماوەیەکی ئەوتۆ بەسەر ئەو خراپەکاریانەدا تێنەپەڕیبوو و برینەکانی ئەو مەینەتیە ساڕێژ نەبووبوون، (تەیموور لەنگ)ی تاتار پەیدابوو. ئەم سوپا داگیرکەرە خوێنخۆرە کە تەنیا حەزی بە خوێنڕشتنو وێرانکاری کردووە، پاش ئەوەی ساڵی ١٣٩٤ بەغداو (تكريت)ی بەتەواوی تێکوپێك دابوو، ڕووبە باکوور بۆ کوردستان کەوتبووە ڕێو لە هەولێرو مووسڵو دەوروبەری (جزيرە) کەسێکی بە ساخی نەهێشتبوەوەو قەتڵوعامی کردبوون. تەنیا دانیشتوانی گوندێکی مەسیحیی (ئەریو) ناوی سەر بە (جزيرە) بە غیرەتو لێزانیی قەشەی گوند لەم کوشتارە ڕزگاریان بووبوو. (بدليس)یش بە هیمەتی زانای کورد میر شەرەفەدینی بدلیسی ژیانیان پارێزرابوو.

پاش ساڵی ١٤٢٠ ئەمجارە کوردستان بەناوی هەردوو مەزهەبی سوننەو شیعەوە لەگەڵ ئێرانیە هاوسێو برا هاوخوێنەکانیدا دەستی بە پێکدادان کرد. ئەم حاڵوبارە بێمانایە، ئەم ناکۆکیە نەزانانەیەی نێوان کوردانی سوننیو بەگەکان کە لەژێر دەستی دەوڵەتی (سەفەوی)دا بوون، بەردەوام بوو تا حکوومەتی عوسمانی گەیشتە کوردستانو بووە هۆی دواکەوتنو کاول بوون. لەوەبەدوایش جیاوازیی مەزهەب لەنێوان عوسمانیەکانو ئێرانیەکانداو پێبەندبوون بەم بیروڕا هیچو پووچە، بووە مایەی شەڕوشۆڕێکی زۆر گەورەو، ئەو بەشانەی کورد کە لە هەردوولادا مابوونەوە هەردەم زەرەرمەندتر دەبوون.

* ئەربیل: سووککراوی (ئاری بەعل)ە، واتە پەرستگای ئاریەکانە.

٧-ڕاپەڕینەکانی کوردستان
لە سەردەمی حکوومەتی عوسمانیدا

یاوز سوڵتان سەلیم کە یەکێك بوو لە پاشا گەورەکانی عوسمانی، کاتێك ناچار بوو شەڕ لەگەڵ ئیسماعیلی سەفەویی شای ئێراندا بکات، بیری لەوە کردەوە کەڵك لە جیاوازیی ئاینو مەزهەبی میرنشینە کوردیەکانی سەر ڕێگای خۆی وەربگرێ. شەرەفەددین بدلیسیی زانای بەناوبانگی کورد لەوبارەیەوە یارمەتیەکی لەڕادەبەدەری دا.

لەبەرئەوەی شەرەفەددین بدلیسی زۆر دوژمنی شیعە بوو، بە ڕازیکردنی ئەوچلو شەش میرە کوردەی کە هەریەکەیان بە شێوەیەکی سەربەخۆ حوکمی دەکرد، یارمەتیدانی سوپاکانی سوڵتان (سەلیم)ی کاتی هێرشبردنە سەر تەورێز مسۆگەر کرد. سوپای عوسمانی بەهۆی یارمەتیی ڕاستەقینەی میرنشینەکانی (دیاربەکرو دینەوەرو شارەزوورو لوڕو ئاردیاڵو ئاکرێو ئامێدیو گۆڕکێڵو فنكو حەسەنکیفو چەمشکەزەكو مەرداسیو ئاگیلو ساسۆنو هیزانو کلیسو شیروانو دەرزینیو گردکانو عیتاقو تەرجیلو سوێدیو سلێمانیەو سۆرانو تەرگەوەڕو کرنیو داودو پلنگانو غەرزانو بۆتان)[٢] ەوە سوپاکانی ئێرانی لە شەڕی (چالدێران)دا تووشی شکان کرد. پاش ئەوەی سوڵتان سەلیم هێڵی گەڕانەوەیی دابین کرد، لەگەڵ ئەواندا بەرەو میسر بووەوەو خەلافەتی ئیسلامیی لە خەلیفە (تومانبا) سەندەوە.

ئەو پەیمانانەی کە لەنێوان سوڵتان سەلیمو میرانی کورددا مۆرکراون، ئەمەیان تێدا هاتووە: بەڕێوەبردنی هەموو ناوچەکانی کوردستان بەدەست میرانەوە دەبێو، میرنشینەکان پشتاوپشت بەردەوام دەبنو، هەر میرێك لە ناوچەکەی خۆیدا بەپێی یاساو دابو نەریتی خۆی سەربەخۆ حوکم دەکاتو سکە لێدەداتو، باڵوێز بۆ یەکدی دەنێرنو، هەموو ساڵێك بڕێك پارە دەدەنە

[٢] ناوی ئەو میرنشینو حکوومەتە کوردیانە وەك مێژوونووسی گەورە محەمەد ئەمین زەکی بەگ دیاریی کردوون ئەمانەن: میرنشینەکانی سمغانو قولپو ئاتاقو مەهرانیەو تەرجیلو پەرتەكو چەپاقچوورو چەرمیكو، حکوومەتەکانی ئاگیلو پالوو و جزیرەو خازۆو گەنجو هەکاریو بدلیسو مەحموودیو پنیانشو خابوورو ئاڵشگرد (بڕوانە: محمد امین زکی، خلاصة تأريخ الكرد وكردستان، الجزء الاول، ترجمة محمد علي عوني، ط٢، بغداد، ١٩٦١، ص ١٧٣، ١٧٤، ١٧٥،١٧٦)

دەوڵـەتی عوسمـانیو هـەرکاتێك شـەڕێك قـەوما بـە هێزەکانیانـەوە یـاریدەی سوپای عوسمانی دەدەنو، سوپای دەوڵـەتی عوسمـانیش ئـەوان لـە هێرشـە دەرەکیەکان دەپارێزێ. ئەمانـە سـەرجەم لـەو پەیمانانـەدا جێگـیرکراون. ئـەم پەیماننامەیـە لـە ٥ی تشـرینی دووەمـی ١٥١٥دا مۆرکـراوەو، پاشـا فـەرمانی جێبەجێکردنیی دەرکردووەو ناردوویە بۆ میرەکان.

ئەم چوونە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەی میرنشینەکانی کورد بە ڕەزامەندیی خۆیانو بەبێ ڕژانـی دڵۆپێـك خوێـن بـە سـایەی شـەرەفەددین بدلیسـییەوە، سەرکەتنێکی زۆر گەورە بوو؛ چونکە کوردسـتان هیـچ کـاتێك خـاکی خۆیـی لەبـەردەم هـێزە داگیرکـەرەکاندا واڵانـەکردووەو، ئـەم حاڵوبـارە لــە دەورانــی ئاشووریەکانەوە دەستی پێکردووە. هەروەها لە سـەردەمانی حوکمـی ئێرانیو ڕۆمانیو یۆنانیو سـەلجووقیو عەرەبەکانیشـدا بـەردەوام بـووە تـا ڕۆژگـاری سوڵتان سەلیم.

سنووری هەریـەکێك لـەم میرنشـینانە هێنـدەی دەوڵــەتێکی گـەورە نـەبوەو، ژیانیان تا حکوومەتی عوسمـانی پێویستیی بەکورد هـەبوە درێـژەی کێشاوە. پاش ئەوەی دەسـەڵاتی عوسمـانی لـە ئاسیاو جیهانی ئیسـلامی بـەهێز بـوو، چوونە نێو میرنشینەکانو سوودیان لە نەخشی ئاین بینی. پازدە ساڵ بەسەر ئەو پەیماننامەیـەدا تێپەڕیبوو کە ئەو میرنشینانە دووچاری بێـهێزی کـرانو دەست کرا بە لابردنیانو، دواین میرنشینی کورد کە (بۆتان) بوو ساڵی ١٨٥٠ پاش شەڕێکی خوێناویی گەورە لەنێوچوو.

یەكلـەدوای یـەکی ئـەم میرنشـینانە لـەنێو بران کـە ئێرانیو تـوركو عـەرەب دەوری ناوچەکانیان دابوونو تورکەکان ئەوکاتە بەهێز بوونو، کوردیش هیچ ڕێگایــەکی ســەر زەریایــان لەبــەردەمدا نــەبوو و نــەیاندەتوانی هیــچ جــۆرە ڕێککـەوتنێك بکـەن کـە هەڵبەتــە کاریگەریــەکی بـەرچاوی هــەبوو. ئەوانــەی چـاوێکی خـێرا بـە مێـژووی عوسمـانیدا بگـێڕن، دەبینـین ئـەم دەوڵەتـە تـا ساڵانێکی نێزیك خاوەنی مێژوویەکی پڕ لە ڕاپەڕینو یاخیبوونەو ٩٥٪یان لە ئەنادۆڵ ڕوویانداوەو هەمیشە خوێنێکی زۆر ڕژێنراوەو ئەمجا وەستێنراوەو زۆربەیشیان لـە شوێنێکدا بێدەنگ کـراون. ئـەم ڕاپــەڕینو یاخیبوونانـە لەبـەر ئـەوە سـەریانهەڵداوە کـە حکوومـەتی تورکیـا پەیمانـە مۆرکراوەکـانی خۆیـی لەگەڵ کوردستاندا فەرامۆش کردوونو کەوتووەتە هەڵوەشاندنەوەی بەرودوای میرنشینەکان.

ئەگەر لە پەیماننامەو بەڵێنەکان بکۆڵینەوەو بە نووسراو و یاداشتنامەکاندا بچینەوە کە بە درێژی لە ئەرشیڤەکانی حکوومەتانی عوسمانی یا تورکیادا پارێزراون، ئێمە ناتوانین ڕووداو و کاروباری ڕۆژانی پەیماننامەو بەڵێنە مۆرکراوەکانی نێوان سوڵتان سەلیمو میرو سەرانی کوردستان تا ئەمڕۆ بگێڕینەوە. ئەگەر بێتوو جیایان بکەینەوە بۆ چەند سەردەمێك، بۆمان دەردەکەوێ حکوومەتی تورکیا لەنێو نەژادە جیاجیاکانی ژێر ڕکێفی خۆیدا چۆن بە کوردانی گوتووە ئەمانە دەسەڵاتێکی چەکدارو ڕیفۆرمکەریشنو، ئەو دوو سیاسەتەی جاری وایە لێکدابڕاوو جاری وایشە هەردوکیانی بەیەکەوە بەکارهێناوەو؛ هێندێك جاریش ناکۆکیو ناحەزیی خستووەتە نێو هاوەنیشتمانانو ئەرمەنەکانو دواییش بەیەکیداداون بۆ زیادکردنی دەسەڵاتی خۆی. سەرەڕای ئەو سیاسەتە جۆراوجۆرەی کە لە هەموو دەورانێکی حکوومەتی عوسمانیدا ڕوونو ئاشکرا دەرکەوتووە، کورد ئەو حکوومەتە تورکیەیان ناوێ کە حوکمیان دەکاتو، هەر هەلێکیان بۆ بڕەخسێ لەپێناوی سەربەخۆییی خۆیاندا یاخی دەبن.

٨-یەکەمین دەوران لە پەیماننامەکەی نێوان سوڵتان سەلیم‌و میرو سەرانی کوردەوە تا سەردەمی چوونە سەر تەختی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم

تورکەکان لەم سەروبەندەدا بایەخیان بە بەندەکانی ئەو پەیماننامەیە نەدا کە لەگەڵ کوردانـدا هـەیانبوو، دەسـتیان کـرد بـە هێندێـك دەسـتدرێژی‌و هەوڵیاندا میرنشینەکانی کورد وەك ویلایەتە تورکیەکان لێ بکەن. بۆ نموونە هـاندانی چـەند دانیشـتوویەکی ئـاوەکیی نێـو میرنشـینەکانی بدلیـس‌و حەسەنکێف بووە مایەی وردە سەرکێشی‌و چەند میرێکی کوردیان ناچار کرد پـەنا ببەنـە بـەر ئێرانیـەکان. ئەمـەیش بـووە هـۆی سـەرهەڵدانی جموجووڵـی گەورەو بەهێزی یاخیبوون‌و داواکردنی گێڕانەوەی سەربەخۆیی.

یاخیبوونەکـەی (جـەلالی) پاشـای ئەسـتەموولی لـەنێو جێگاکـەی خۆیـدا تووشی ئەندێشـەیەکی قووڵ کردبـوو، چونکـە لـە خـاڵێکی کوردسـتانەوە بـە شێوەیەك کلێپەی سەندبوو کە تورکیا لە بناخەوە بلەرزێنێ. پاشای تورك لەبەر زۆریی جەستەی ئەو کوردانە کە لە دارستانەکاندا خنکێنرابوون‌و هێندێکیان شیو و بیرەکانیان لێ پڕکرابوون، ناسناوی (بیرهەڵکەن)ی پێدرابوو. ئەو پاشا خوێنڕێژەی تورك کە ئەو ناوەی لێنرابوو (قۆیووچی موراد پاشا) بوو و لـە (شـەهزادە باشـندە)ی ئەسـتەموول نێـژراوە. هـەر دیسـان لـە زەمـانی ئـەم مورادپاشایەدا بوو کە کوردان لە (قەڵای دمدم) بەرهەڵستییان نواندو، مێژووی تورك بەبایەخەوە باسی کردووە.

ئەو شەڕەی کە سوڵتان کانوونی یەکەمی ساڵی ١٠٣٤[٣] دژی ئێرانیـەکان هەڵیگیرساند، بەر لەوەی هێزەکانی عوسمانیی تێبچن، هێزی مـیرانی کـورد کەوتنە گەمارۆدانی ئەو هێزانە کە لە بەغدا بوون. فەرماندەرەکەی ئێران بەبێ خوێنڕژان وڵاتەکەی تەسلیم کردو، بەوشێوەیە پاشای عوسمانی بەوپـەڕی بێدەنگییـەوە چـووە نێـو بـەغدا. بـەڵام سـەیر ئەوەیـە ئەگـەرچی پاشـا ئـەو ناوچەیـەی بـەبێ خوێنڕشـتن داگـیرکرد، شـەفەقەت بـەگی مـیری کـورد کـە خزمـەتێکی زۆری کردبـوو، لەگـەڵ داروەدەسـتەکەیدا ئیعدامـی کـردن، چونکـە پاشا -وەکوو (هاممەر)ی مێژوونووسی بەناوبانگ لەمێژووی عوسمانیدا بۆی

---

[٣] ئەم ساڵە ڕۆمییەو دەکاتە ١٦١٧ی ز.

باسکردووین– پێی وابوو هەر داگیرکردنێك خوێنی تێدا نەڕێژرێت خێری نابێ.

سوڵتان سلێمان لەو سەڵتەنەتە درێژخایانەیدا زۆر جاری دیکە شەڕی بە ئێرانیەکان فرۆشتووە. لەبەر ئەوەی گۆڕەپانی جەنگ لە هەموو جەنەگەکاندا ناوچەی شارەزوورو ڕەواندوز بووە، ئەو دەوروبەرە هەردەم تووشی تێکچوونو کاولکاری بووە.

ساڵی ١٥٨٤ لە سەردەمی حوکمداریی سوڵتان مورادی سێیەمدا، کاتێك سوپاکانی عوسمانی لە دەوروپشتی تەورێز بوون، کوشتارێکی سەیری کوردان کرا. پاشاکانی عوسمانی لەلای خۆیانەوەو شای ئێرانیش لەلای خۆیەوە لەم قەتڵوعامەدا سەرۆکەکانیان یەك یەك بەفێڵ گرتوونو لەگەڵ دەستو پێوەنیەکانیاندا کوشتوویانن.

ساڵی ١٦١١ نەسووح پاشای سەردارو سەروەزیر (صدر اعظم) کە پێش ئەم ساڵە والیی دیاربەکر بوو، ٤٠٠٠ چوار هەزار ئافرەتی کوردی بە منداڵەکانیانەوە لەنێو دووکەڵدا خنکاند، چونکە بەهۆی نادروستیی ئیدارەوە یاخی بووبوونو چووبوونە نێو (قەڵای ئاشتی)[٤]. بەڵام دادپەروەریی ئیزدان تۆڵەی ئەوانەی زۆر دوانەخست: ئەم خوێنڕێژە پیاوکوژە سێ ساڵ پاش بوونە سەروەزیر، بە فەرمانی سوڵتان ئەحمەد خنکێنرا.

ساڵی ١٦١٨ خێڵەکانی کورد بێزاربوون لەوەی کە تورکو ئێران دەستوەردەدەنە کاروبارەکانیانو، بەرانبەریان راوەستان. بەڵام پاشئەوەی شا عەباس لەگەڵ عوسمانیەکاندا پێکهات، ١٥٠٠٠ پازدە هەزار کوردی لە دەوروبەری دیاربەکرەوە گواستەوە بۆ ناوچەی خۆراسانو خێڵاتی تورکمانی لە جێی ئەوان نیشتەجێ کرد.

لەبەر ئەوەی شاعەباس لەمێژبوو سوودی لە کوردانی موکری وەرگرتبوو، حکوومەتی عوسمانی بە هاندانی خێڵە کوردەکانی دیکە چەندین هێرشی سازدابوو. (بەکر سۆباشی)ی بەناوبانگ کە یەکێك بوو لە سەرۆکانی (یەنیچەری)ی عوسمانی لە بەغدا، لە حکوومەتەکەی یاخی بوو. ئەو هێزەی کە دژی ئێرانیە یاریدەدەرەکانی بەکارهێنرابوو، هەر هەمووی لە کورد پێکهاتبوو.

---

[٤] ئەم زانیاریە لە مێژوەکەی ئەمین زەکی بەگ وەرگیراوەو، ڕاستیەکەی قەڵای خێڵی (ئالاشی)یە (هەمان سەرچاوە، ل١٩٥).

خوسرەوپاشای سەروەزیری عوسمانی سالّی ١٦٢٩ ڕوویکردە عێراقو گەیشتە مووسڵ، سەرخێلّی (باجەلاّن)ی کورد بە چل هەزار چەکداری کوردو سی هەزار سەر مەڕەوە پێشوازیی لێکرد. ئەوکاتانە توندڕەویی مەزهەبیی نەزانانە بە هاندانو فیتی تورکان بە شێوەیەکی زۆر توندوتیژ لەئارادا بووو بەکاردەهێنرا.

کوردان لە ئەنجامی ئەو بەیەکدادانانەی نێوان عوسمانیەکانو ئێرانیەکاندا تووشی زەرەرو زیانێکی قورس بوون. خوسرەو پاشای سەروەزیر بەو هێزە کوردە زەبەلاحەوە کە خستیە سەر هێزەکەی خۆی، ڕوویکردە شارەزوور. کاتێك دەستدرێژیی کردە سەر میرنشینی ئەردەلاّن؛ قەلاّی خورمالّ کە سولّتان سلێمان دروستی کردبوو و قەلاّی زەلّم کە شێخێکی (شێخۆ) ناوی تێدابوو، داگیری کردنو خستنیە ژێر دەسەلاّتی خۆی. هەرچەندە خوسرەو پاشا لە شەڕەکانیدا سەرکەوتو تا (هەمەدان) پێشڕەویی کرد، بەلاّم لە گەڕانەوەیدا هێزەکانی ئێران دوای کەوتنو دووبارە ئەو دەوروبەرەیان لێسەندەوە. بەوپێیە ئەو خێلە کوردانە کە بەنۆرە یاریدەی هەردوولایان دابوو، بە دەستی هەردوو هێزەکە تێداچوون.

کوردان وەك لەسەرەوە باسم کردووە، لەبەر ئەوەی هەمیشە لەنێو خۆیاندا ناکۆك بوونو لەبەر نەزانیو خۆبینییان وەکوو لەلایەن پیاوانی هەردوو حکوومەتەوە دووچاری فێلّو دەهۆو هەلّخەلّەتاندن بوون، بەهۆی توندڕەویی نەزانانەیشیانەوە لەنێو خۆیاندا بەیەکیاندا داوەو لەپێناوی ڕۆژێك سەرکەوتنو ناوبانگدا هەموو کاتێك خۆیان یەخەگیری مەینەتیو بێهێزی کردووە. مخابن دیتنی ئەم جۆرە گیانە لەلای کورد کە ئەمڕۆیش هەر بەردەوامە، تالّترین هەست لە مرۆڤدا دروست دەکات.

میرنیشنەکانی بدلیسو ئامێدیو هەکاری کە تا سالّی ١٦٦٠ سەربەخۆییی خۆیانیان پاراستبوو، ئەگەر بیری کۆمارێکی یەکگرتوویان لەنێواندا پەیدا ببوایەو سەرکەوتنیان بەدەست بهێنایە، هەلّبەت بارودۆخەکە بەشێوەیەکی دیکە دەبوو.

سالّیَ ١٦٣٩ ئەوکاتەی زنجیرە چیای زاگرۆس بە پەیماننامەیەکی نێوان عوسمانیو ئێران کرایە سنوورو جیابووەوە، لەبەرئەوەی ئێرانیەکان بێهێزییەکی تەواو سەری تێکردبوون، عوسمانیەکان بارودۆخەکەیان

قۆستەوەو هەوڵێکی زۆریان دا بۆ بێهێزکردنو سڕینەوەی میرنشینەکانی کورد.

هەر کە سوڵتان مورادی چوارەم بەغدای داگیرکرد، ئەم سیاسەتە تاویسەند. هەردوو میرنشینی ئامێدیو مزووریو ناوچەی شنگار کەوتنە بەر پەلامارو تالانییەکی گشتی. میری بدلیس، بەپێی ئەو وردە زانیاریانە کە بەڕێز ئەمین زەکی بەگ لەمێژووی (ئەولیا چەلەبی)یەوە وەریگرتوون، بۆ ڕزگاربوون لەو دەستدرێژیانە هەشتا کیسە پارەو ئێسترو ئەسپێکی زۆری لەگەڵ کوڕو کەنیزەكو گەلێك دیاریی دیکەی وەك بەرتیلیشدا پێشکەش کردووە. هەرچەندە موڵکەکەیی بەو شێوەیە بۆ ماوەیەك لەم سوپا تالانکەرانەی تورك قوتار کردووە، بەڵام بەهۆی چاوبڕینە خەزێنەی ئەم میرەوە، مەلیك ئەحمەد پاشا ساڵی ١٦٦٦ سوپاکانی کە زۆرینەیان کورد بوون، لەگەڵ هێزێکی گەورەی یاریدەدەری کورددا چواردەوری قەڵای بدلیسی پێگرتن تا داگیری کردو، هەموو خەزێنەکەی (میر عەبدال خان)یش تالان کرا.

لەبەرئەوەی ئەولیا چەلەبیی مێژوونووسی ناودار خۆی لەنێو ئەو دەستە دەستدرێژیکەرەدا بووە، لە وردەکاریی بەسەرهاتەکەدا گوتوویە: جگە لە باری حەوت حوشتر کتێبی کۆنی گرانبەها، چوار هەزار بەرگ دەستنووسی تایبەت بە زانستی ئاینیو مێژوو و زمانو زانستە سروشتیەکانو نەخشەو وێنەیەکی زۆرو ٧٦ نامیلکە لەدانانی خودی میر لە کتێبخانەی تایبەتی میر عەبدالدا بوونو زەوتکران. ویلایەتی گەورەی کوردستان لە ئیدارەی عوسمانیدا لە ئەنجامی ئەم سیاسەتو کردارەی مەلیك ئەحمەد پاشادا رووی لەوپەڕی بێهێزی کرد.

میرنشینی بابان سەرەتاکانی سەدەی حەڤدەهەم لە (قەڵاچوالان) (واتە چوالەی شاخ)ی ناوچەی شارباژێڕی سلێمانیی ئێستا دامەزرا. حسێن پاشای بڵباس کە والیی بەغدا بوو، ساڵی ١٧١٥ یاخیبوونەکەی (سۆران)ی سەرکوت کردو زیانێکی گشتیی پێگەیاند. دواجار ئەم خێڵە چونە ژێر رکێفی ئەحمەد پاشاو بەشداری ئەو شەڕانە بوون کە لەگەڵ ئێرانیەکاندا کردوونی. هەرچەندە بەرانبەر بە هێزەکانی ئێران دەستی یارمەتییان بۆ عوسمانیەکان درێژ کرد، بەڵام لەگەڵ عوسمانیەکاندا تووشی شکانێکی زۆر قورس بوون.

نادرشا کە کوڕی شوانێکی سەر بەخێڵی ئەفشاری کورد بوو، ساڵی ١٧٢٧ لە دەوروبەری خۆیدا دەرکەوتو پێنج هەزار ئەفشاریی کوردی لە خۆی

کۆکردەوەو تەختی ئێرانی خستە ژێر دەستی خۆی. کوردانی ئێران بەهۆی ئەم هەراو هۆریایەوە دیسان ناچاری بەشداریی شەڕ بوون، بەتایبەت پاش ئەوەی نادرشا تەختی ئێرانی داگیرکرد، مامەڵەی لەگەڵ کورددا گۆڕیو، کوردیش لەم ڕووەوە دووچاری زیانێکی زۆرتر بوون.

چەندین ڕاپەڕین لە دوادواییەکانی سەدەی هەژدەیەمدا لە جزیرەو شارەزوورو دەوروبەری دیاربەکر سەریانهەڵداو، بەشێکیان سەرکوت کران. کوردان هێندێك جاریش یاریدەی والیی بەغدایان داوە بۆ دامرکاندنەوەی هەستانی خێڵەکانی باشووری عێراقو، بەوە خوێنی خۆیان ڕشتووە.

عەبدولڕەحمان پاشای حاکمی بابان جارێك هێزەکانی والیی بەغدای لە (قەرەتەپە) لەنێو بردووەو، لە بارێکی وەهادا بووە بەغدایش داگیر بکات، بەڵام بەهۆی ناکۆکیی نێو هێزەکەیەوە ئەو هێرشەی دواخستووەو گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی.

بەرخۆدانەکەی (کوڕ محەمەد پاشا)ی میری ڕەواندزیش لەگەڵ عوسمانییەکاندا لاپەڕەیەکی پرشنگداری مێژووی نەتەوەییی کوردە. حوکمداریی ئەم زاتە لە دەوروبەری شارەزوورەوە تا دەوری مووسڵ بووە. عوسمانیەکان لە ئەستەموولەوە سوپایان بۆ ڕەوانە کردوە تا بیخەنە نێو چنگی خۆیان. پاش پێوەخەریکبوونێکی زۆر ئەمجا میر بە فێڵێك لەنێوبراوە. لە ئەنجامی لەنێوچوونی میرنشینی ڕەواندزدا، عوسمانییەکان لەبەر دووڕوویی‌و بەخیلیی نێوان میرانی بابان کەڵکیان لەو بارودۆخە بینی‌و بەڵگەنامەیەکی لەیەکگەیشتنیان لەگەڵ ئێراندا مۆرکردو ئەم میرنشینەیان لەنێو بردو موتەسەڕیفێکی عوسمانییان بۆ دانا. ئەو سەروبەندە هێندێك سەرۆکی وەك حسێن پاشای خەندان زادە لەگەڵ پاشاکانی باباندا بەڕێزەوە براونە ئەستەموولو لەوێ نیشتەجێ کراون.

ئەو حکوومەتە بەهێزەی بەدرخانیەکان کە لە (جزیرە) دایانمەزراندبوو، ساڵی ١٨٤٨ لەنێو برا. لەبەرئەوەی ئەم جموجووڵانە حکوومەتی عوسمانییان زۆر سەرقاڵ کردبوو، مەدالیایەکی بەناوی (مەدالیای جەنگی کوردستان)ەوە دابەش کردووە. تورکەکان سەدەیەك لەمەوبەر هەڵمەتێکی گەورەویان بۆ کۆچ پێکردنو سەخڵەتکردنی کوردان دەست پێکرد، بەڵام سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا. (هێلمۆت فۆن مۆلتکە)ی مارشاڵی ناوداری ئەڵمان لەو کتێبەیدا کە بەناوی(داس لاند ئوندوولك دەر کوردەن)ەوە بڵاوکراوەتەوە، بەکورتی لەبارەی

ئەم مەسەلەیەوە دوواوە. بەڵام لەبەرئەوەی ناوبراو ساڵانی ١٨٣٦-١٨٣٩ بە پلەی یۆزباشی لە خزمەتی سوپای تورکیادا بووەو ئەو ساڵانە بەشداریی جموجووڵەکانی چیاکانی (غەرزان)ی کردووە دژی کوردان، زانیاریەکانی زۆر گرنگن. (فۆن مۆلتکە) پاشئەوەی بەکورتی چۆنایەتیی بارودۆخی کوردستانمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، دەڵێت: ئەو نیشتمانەی کە میللەتی کورد بە هەموو گیانیەوە پێبەندیەتی، حافز (حافظ) پاشا ژێرپێی ناو کوردانی بە ئاگرو شمشێر بەرەو بەرزترینو دیارترین لوتکەی چیای (غەرزان) ڕاونا. بەوهۆیەوە پیاوانی پیری خێڵەکە هاتنە بەردەم خێوەتەکەی فەرماندەری سەرکەوتوو و داوای لێبوردنیان لە پاشا کرد. پاشا بۆ ئەوەی بتوانێ بەتەواوی مل بەو خەڵکە کەچ بکات، لەوەبەدەر کە ئەوانە لە چیاکە بێنێتە خوارێ بۆ دەشتاییەکان هیچ چارەسەرێکی دیکەی نەبوو. پاشا بەپێێ بارودۆخەکە زۆر لێبوردوانە دەجووڵایەوە. بۆیە پەیمانی زۆر گەورەو قورسی پێدان. پەیمانی دانێ ١٠ ئەوەندەی ئەو زەویە کە لە ناوچە شاخاویەکاندا هەیانە، زەویو زاریان بداتێ. پاشان گەلێك پەیمانی جۆراوجۆری پێدان. بەڵام ئەم پەیمانانە وەك ئەوە وابووە ماسییەك داوای هەڵوەشاندنەوەی تۆڕێك بكات.

پیاوە پیرەکان بە ڕوخسارێکی ڕەنگپەڕیوەوە ڕوانییانە ئاسمانو شوکرانەبژێری ئەم نیعمەتە بوونو گەڕانەوە ئەو شوێنانە کە بە دیاری وەریانگرتبوون. هەر کە مەسەلەکەیان بۆ خەڵکەکە باسکرد، ناحافڵ ژنانو منداڵان پەلاماری چەکیان داو سەرلەنوێ کوشتار بەشێوەیەکی توندتر دەستی پێکردەوەو بەردەوام بوو تا یەکێك لەو کوردە یاخیانە بە ساخی دەرنەچوو و هیچیان خۆیان بەدەستەوە نەدا. هەمان کات بێتواناییی پرۆژەی کۆڵۆنیزەکردنی کوردستان سەلما.

شایەتەکەی فۆن مۆڵتکە لێرەدا کۆتاییی هات. پاش ئەو مەسەلانەی سەرەوە یاخیبوون لە یۆنان دەستی پێکردو؛ لەونێوانەدا دوای جەنگی نێوان عوسمانیو ڕووسیا، ساڵی ١٨٨٠ یاخیبوونی شێخ عوبەیدوڵڵای شەمدینانیی بەناوبانگ ڕوویدا، ئەم شێخە پایەبەرزە کە لە کوردستان بە ڕێزێکی زۆرەوە ناسراوە، لەگەڵ موریدەکانیدا بەرگەی ناهەقیو خراپەکارییان نەگرتو دەستیان دایە چەك. هەرچەندە خوێنێکی زۆر لە هەموولایەکی ئەو دەوروبەرەدا ڕژاو تورکەکان ناکۆکیی نێوان سوننەو شیعەیان قوت کردەوەو

سوودیان لەم توندڕەویە وەرگرتو مەسەلەکەیان گۆڕی، ئەم یاخیبوونە لەنێوان تورکیاو ئێرانو ڕووسیادا مایەوە تا پاش ماوەیەك دامرکێندرایەوە.

میرنشینی (بوهتان- بۆتان) یەکێك بوو لەو میرنشینانەی کورد کە تا دوایی مایەوەو، پاش شەڕێکی گەورەی خوێناوی ساڵی ١٨٦٤ لەنێوبرا. یاخیبوونەکانی محەمەد پاشای ڕەواندزیو ئەحمەد پاشای بابانو بەدرخانیەکانو ڕەسووڵ پاشای ڕەواندز هیچ کاتێك بە فیتی دەرەوە نەبوونو، هەریەکەیان بە گیانی سەربەخۆییخوازییەوە بەرپابووە. بەڵام کاتو پێداویستەکانی یاخیبونەکە لە گشت یاخیبوونەکانی کورددا ئامادە نەکراونو، لەبریی ئەوەی ئاسایشو ئارامی لەگەڵ میرانی دەوروپشتیانو ئەندامانی بنەماڵەی خۆیاندا دابین بکەن، یەکسەر پەلاماری چەکیان داوەو دەستیان بە یاخیبوون کردووە، بۆیە سەرنەکەوتوون.

هەوڵدان بۆ دامەزراندنی ئیدارەیەکی سەربەخۆ بە بەرەوپێش چوونی ڕۆژگارو بەتایبەت لەم سەدەیەی ئێمەدا، بە مسۆگەرکردنی زانستو دارایىو یارمەتیی دەرەکیی بەهێز نەبێ، دەستەبەری بەدیهاتنی ناکرێت. هەموو جۆرە سەرپێکەوتنێك پشت بەم سێ شتە نەبەستێ، ئاشکرایە دۆڕاو دەبێو بە زیانێکی قورس کۆتاییی پێ دێت.

٩-دووەم دەورانی هاتنە سەرتەختی حەمید خانی دووەم تا مێژووی ڕاگەیاندنی مەشرووتییەتی عوسمانی (١٩٠٨)

سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لەم سەروبەندەدا هێزێکی عەسکەریی هاوشێوەی قازاقی ڕووسیای لە خێڵاتی کوردستان پێکهێناو خەڵاتی هەموو سەرخێڵەکانی کردو پلەوپایەی بەرزی پێ بەخشینو دووبەرەکیەکی بێئەندازەیشی خستە نێوان کوردو ئەرمەن. ئەم سیاسەتە داواکانی میللەتی کوردی بۆ ماوەیەك بەرێگایەکی سەربەرەوخواری پێچاوپێچدا برد. وێڕای ئەوە، دیسان ناوبەناو گەلێك قارەمانی سەربەخۆیی پێگەیشتن. حکوومەتی تورك بەهۆی دەسەڵاتی گەورەی خۆیەوەو بەو پڕۆپاگەندانە کە بڵاوی دەکردنەوە، ئەو ڕووداوانەی بە بەسەرهاتێکی ئاساییو چەتەگەری بە دەرەوە ناساند. ئەورووپا تا ئەم دواییەیش لە خەباتی گەلی کورد ئاگادار نەبوو و، حکوومەتیش بەئارەزووی خۆیو هەرچۆنێکی ویستبێ ئەم ڕاپەڕینانەی کوردی کوژاندووەتەوە.

تورکەکان بۆ ئەوەی ژمارەی ئەرمەن کەم بکەنەوە، شەڕیان لەدژیان هەڵایساندو، کوردیشیان بەناوی ئاینەوە بەگژداکردن. سەرەنجام ئۆباڵی ئەم کوشتارەیان خستە ئەستۆی کورد. ئەمە بووە هۆی ئەوە کە ئەورووپا بە چاوی نەفرەتەوە بڕوانێتە کورد.

هەرچەندە (ئیسحاق سکووتی)[٥] جێو ڕێیەکی گرنگی لەمێژووی سیاسیی کوردا پەیدا کردبوو، تاڕادەیەك سەرنجی دەرەوەی ڕاکێشابوو. لەبەرئەوەی ئەورووپا ئەو کاتە بە جووڵانەوەی لایەنە غەیرە موسڵمانەکانەوە خەریك بوو، نەیتوانی لە مەسەلەی ئەم (ئیسحاق سکووتی)یە بکۆڵێتەوە. کورد چونکە کۆمیتەیەکی پڕۆپاگەندەی بە زمانانی بیانی لە دەرەوە نەبوە، لەوە بێبەش بووە کە دەنگی خۆی بگەیەنێتە دەرەوە.

---

[٥] ئیسحاق سکووتی (١٨٦٨-١٩٠٢) سیاسەتمەدارو ڕۆشنبیرێکی کوردی خەڵکی دیاربەکرە. ساڵی ١٨٨٩ لەگەڵ عەبدوڵلا جەودەتی کوردو ئیبراهیم تەمۆی ئەلبانیو محەمەد ڕەشید چەرکەسدا "کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقیی عوسمانی"یان دامەزراند. ئەندامی دەستەی نووسینی ڕۆژنامەی (عوسمانلی)ی ئۆرگانی کۆمەڵەکە بووە (بڕوانە: د. فەرهاد پیربال، ڕۆژنامەگەریی کوردی بە زمانی فەرەنسی، هەولێر، ١٩٩٨، ل١٨-١٩).

١٠-سێیەم دەورانی عوسمانی
لە ئیدارەی مەشرووتییەتەوە تا یەکەمین جەنگی جیهانی

ئەم سەرووبەرندە ڕاپەڕینێکی سەربەخۆییخوازی لەو (بدلیس)و وردە شەڕە تفەنگ لە (وان)و ڕاپەڕینی پڕئێشو ئازاری بارزان لەدەوروبەری مووسڵو چەندین یاخیبوونو ڕووداوی گرنگی بەدەستی شێخانو هەمەوەندەکانی سلێمانیو لە دێرسیمو دیاربەکر تێدا قەوماون. هەر کە یەکێکیان کوژێنراوەتەوە، ئەوی دیکەیان بەخوێناویترین شێوە هاتووەتە گۆڕێو بەردەوام بووە.

حکوومەتی ئیتیحادوتەرەقی کە لەگەڵ ئیدارەی کودەتادا بە شێوەیەکی زۆر ئاسان کاروباری هەڵدەسووڕاند، دەیویست بەپێی پرنسیپە دانراوەکانی خۆی مەسەلەی کورد پیشەکێش بکات. بەڵام (کۆمەڵەی تەعالیو تەرەقیی کورد)[٦] لە ئەستەمووڵ دامەزراو بەگوڕو تینەوە بۆ سەربەخۆییی کورد هاتە مەیدانو بیرو بۆچوونەکانی خۆیی جۆشدا.

(کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان)[٧] سەرانی کوردی لەوە بەئاگا هێنایەوە کە ئەم کۆمەڵەیە هیچ مەرامێکی شەخسیی نییە، ئەوە نەبێ کە کورد ئاینو مێژوو و باری کۆمەڵایەتیی هەیەو دەبێ ئاواتە نەتەوەییەکانی بەدەست بهێنێ تا کوردستان نەبێتە ژێر دەستی دوا میللەت یا دوا دەوڵەتو کورد سەربەخۆ کاروبارەکانی خۆی بەڕێوەببات.

ئەم کۆمەڵەیە کاتێك دامەزرا، بروسکەیەکی بۆ سەرۆکی ئەودەمەی بەریتانیا ناردو مەرامو مەبەستی خۆیی تێدا روونکردەوە. حوکمداری

---

[٦] ناوی ڕاستی ئەم کۆمەڵەیە (کۆمەڵەی تەعاونو تەرەقیی کورد)ە، سەرانی کورد پایزی ١٩٠٨ دوابەدوای راگەیاندنی مەشرووتییەت لە ئەستەمووڵ دایانمەزراندو، ڕۆژنامەی (کورد)ی زمانی حاڵی کۆمەڵە کە (پیرەمێرد)ی شاعیر خاوەنی ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرسی بوو. ئەم کۆمەڵەیە چەندین لقی دیکەی لە شارانی وەك بدلیسو دیاربەکرو مووسڵو بەغداو مووشو ئەرزڕۆم هەبوەو، بەرادەیەك گەشەی کردووە کە (تورکانی لاو) ناچاربوون لە ترساندا هاوینی ١٩٠٩ دایبخەن (بڕوانە: جليلي جليل، نهضة الاكراد الثقافية والقومية، ترجمة باقي نازي وآخرون، ط١، بلا، ١٩٨٤، ص٢٨-٣٩).

[٧] مادامێکی سەرباسی ئەم بەشەی کتێبەکە بۆ ماوەی نێوان ئیدارەی مەشرووتییەت تا یەکەم جەنگی جیهانی تەرخان کراوە، دەبێ ناوی ئەم کۆمەڵەیەیش (تەعاونو تەرەقیی کورد) بێ نەك (تەعالیی کوردستان) کە دوابەدوای بڕانەوەی جەنگی جیهانی دامەزراوە.

بەریتانیایش بە سوپاسو پیرۆزبایییەوە وەڵامی برووسکەکەی دایەوە. لەبەرئەوەی ئیتیحادو تەرەقی ئەم مەسەلەیەی لەلا زۆر گرنگ بوو، بە شێوەیەکی توند کەوتە لێدانی کورد.

(کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان) بەهیوا بوو ئینگلیزەکان یارمەتیی بدەن. بەڵام بە تێپەڕینی ڕۆژگار بۆمان دەرکەوت کە ئینگلیز هیچ کاتێك بە هانای بێدەسەڵاتەوە نایێتو هەمیشە بێدەسەڵاتیی وەکو ئامرازێك بۆ هێز لەبەربڕینی بەدەسەڵات بەکارهێناوە تا خواستو ئامانجی خۆیی جێبەجێکردووەو پاش مەیسەرکردنی ئیشی خۆی پشتی تێکردووە.

هەرچەندە کۆمەڵەی تەعالی ماوەیەك بەرهەڵستیی پیلانی زۆڵانەی ئیتیحاد تەرەقیی کرد، بەڵام دوایی نەیتوانی شێوەی خۆی بپارێزێو بەرەو بێهێزیو نەمان چوو. ئەم ماوەیە (هێڤی- کۆمەڵەی خوێندکاران)[8] بە هیممەتی خوێندکاران لە شێوەی گرۆیەکی لاو و ئاگریندا پێکهاتو، بەمە خوێندکاران پێیان نایە نێو ژیانی سیاسیو، لاوانو ڕۆشنبیرانو ئەفسەرانیش بە نهێنی

---

[8] کۆمەڵەی هێڤیی خوێندکارانی کورد (کورد طلبە هیوی جمعیتی) قەدری جەمیل پاشاو عومەری برایو فوئاد تەمۆو جەڕاح زادە زەکیی خوێندکارانی ئامۆژگای کشتوکاڵی (حەلقەلی) ٢٧ی تەمووزی ١٩١٢ بە پاڵپشتی خەلیل خەیاڵیی ژمێریاری ئامۆژگاکە لە ئەستەمووڵ دایانمەزراند. سکرتێری کاتیی عومەر جەمیل پاشا بوو. خەلیل خەیاڵیو ئەکرەم جەمیل پاشاو مەمدووح سەلیمو کەمال فەوزیو زیا وەهبیو نەجمەدین حسێن کەرکووکیو عەبدولعەزیز بابانو شەفیق ئارواسیو حەمزە مکسیو مستەفا شەوقیی مەهابادیو محەمەد میهریو عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری لە ئەندامە دیارەکانی بوون. دکتۆر شوکری محەمەد سەگبانیش هاوکاریی کردوون. هێڤی یەکەم کۆنگرەی لە ١٩١٣دا سازکردو مەمدووح سەلیم بووە یەکەم سکرتێری. هەر ئەو ساڵەیش لقێکی لە (لۆزان) کردەوە. بە هەڵایسانی یەکەم جەنگی جیهانی چالاکیی نەما، چونکە ئەندامانی ڕاپێچی شەڕ کران. هێڤی ١٩١٩ لە خولێکی تازەدا لە سایەی (کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان)دا چالاکیی دەست پێکردەوەو سەبری ناوێك بووە سەرۆکی. ساڵی ١٩٢١یش دووەم کۆنگرەی خۆی بەستەوە. هێڤی سەرەتا گۆڤاری (ڕۆژی کورد)و دواتر (هەتاوی کورد)ی دەرکردووە (بڕوانە: زنار سلوپی، في سبيل كردستان "مذكرات"، ترجمة ر. علي، ط١، بيروت، ١٩٨٧، ص١٦،١٧،١٨،٤١و، جليلي جليل، المصدر نفسيه، ص٩٨، ٩٩-١٠٠و، مەمدووح سەلیم، مێژوویەكو بەختەوەرکردنێك، لە تورکیی عوسمانییەوە وەرگێڕانی شێرزاد کەریم، ڕۆژنامەی "ئاڵای ئازادی"، ژ ٢٥٣، ٢٧/١٠/١٩٩٧و، الدكتور احمد عثمان ابوبكر، كردستان في عهد السلام، القسم الثالث والعشرون، مجلة "الثقافة"، العدد ١، كانون الثاني ١٩٨٣).

چوونه نێو ئەم کۆمەڵەیە. هەوڵو تەقەلای کۆمەڵە بە ئاشکرا بۆ دیاریکردنی ڕێگای ڕاستی ڕزگاریی کوردستان بوو.

گوفتارو کردەوەو گشت مەبەستو داوایەکی کۆمەڵەی بەڕاشکاوی لە ڕۆژنامەکانی (ڕۆژی کوردو هەتاوی کوردو یەکبوون)[٩] دا کە خۆی دەریدەکردن، بڵاو دەکرانەوە.

حکوومەتی ئیتیحاد تەرەقی لەبەر ئەوە دەستی کرد بە ترساندنو سەخڵەتکردنو گرتنی لاوانو ڕۆشنبیرانو سەربەخۆییخوازانی کورد. وەك چۆن کاتێك خوالێخۆشبوو (مەلا سەلیم)ی سەرگەورەی بنەماڵەیەکی دەسەڵاتداری دەروپشتی (بدلیس) کەمێك پێش یەکەم جەنگی جیهانی بەبێ پەردەو بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد داوای سەربەخۆیی کورد دەکاتو شێلگیرانە بۆ بەدیهێنانی تێدەکۆشێ، حکوومەت هێزێکی گەورەی کردە سەرىو ماڵو منداڵیان لەنێو بردو خۆیشی دەستگیرکراو لەسێداردرا.

کاتێك ڕاپەڕینی ناوچەی (بارزان)ی مووسڵیش دەستی پێکرد، بە هێزێکی عەسکەری سەرکوت کراو، چ شێخو سەرۆکی ئەو ناوە هەبوون تیرباران کرانو، چ لایەنگرو پێوەندیدارێکیشیان لە ئەستەمووڵ هەبوون خزێنرانە نێو زیندانەکانو گەلێك فەرمانبەری کوردیش لە کارەکانیان دەرکران.

ئیتیحادو تەرەقی لەلایەکەوە ئەم کارانەی دەکردو، لەلایەکی دیکەوە بڕیاریدا: ناوی (کوردستان) لە کتێبی قوتابخانەو بەڵگەنامەکانی حکوومەتدا دەربهێنرێتو، ناوی ویلایەتە کوردنشینەکان بگۆڕدرێنو بە ویلایەتەکانی خۆرهەلات یا (شەش ویلایەتەکە) ناو ببرێنو، داوایشی لە فەرمانبەرە تایبەتەکانو گەورە پیاوانی ناوچەکە کرد بەناوی گەلاڵەنامەی ڕیفۆرمی کوردستانەوە ڕێکوپێك بکەونە بەجێهێنانی ئەو بڕیارانە.

---

[٩] ڕۆژی کورد"و "هەتاوی کورد" هەردوو ئۆرگانی کۆمەڵەی "هێڤی" بوون. بەلاّم ئێستا هیچ بەڵگەیەکی بێ ئەملاو ئەولا نەخراونەتە بەردەست تا بیسەلمێنێ "یەکبوون"یش ئۆرگانی کۆمەڵەکە بووبێ. بۆیە جێی گومانە ئەو گۆڤارە مافی "هێڤی"ی بەسەروە هەبووبێ. تەنانەت "مەمدووح سەلیم"ی یەکەم سکرتێری کۆمەڵەکەیش وەك ئاگادارێکی نێزیکی چالاکیەکانی هێڤی، لە گوتارێکیدا سەبارەت بە هێڤیو بلاّوکراوەکانی تەنیا ناوی "ڕۆژی کورد" و "هەتاوی کورد"ی هێناوە. هیچ ڕێی تێناچێ ئەگەر "یەکبوون" هیی هێڤی بووبێ، باسی نەکات (بڕوانە: کورد وانی :مەمدووح سەلیم"، ڕاستکردنەوەیەکی مێژووی ئێستا، لە تورکیی عوسمانییەوە وەرگێڕانی شێرزاد کەریم، گۆڤاری "هەزارمێرد"، ژ٧، ساڵی ٢، ئازاری ١٩٩٩).

١١-چوارەم دەوران
لە دەست پێکردنی جەنگی گشتییەوە تا ئاگربەست

کورد لە هەڵایسانی جەنگی گشتییەوە هەستێکی زۆری دوژمنانەی بەرانبەر بە تورك هەبوو. کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی بە پێڕەوکردنی سیاسەتی (تۆرانچێتی) ئاشکراو بێ پەردە تورکانی ئاگادارکردەوە کە دەبێ میللەتانی وەکوو کوردو عەرەبی نێو ئیمپڕاتۆریی عوسمانی هەموو ژێردەستەی ئەوان بن‌و؛ ئەوانەیش کە سەرکێشی دەکەن‌و نارەزایی دەردەبڕن‌و بە دەست ملهوڕی‌و خراپەکاریی تورکانەوە دادو بێدادیانە، دەبێ سەرشکێن بکرێن‌و لەنێو ببرێن. بە ئاشکرایش کردەوەی وەهای لێ وەشایەوە. بۆیە ڕۆشنبیرانی سەربەخۆییخوازی کورد کۆششە کۆمەڵایەتیەکانیان ڕێکخست‌و دەنگیان بۆ داواکردنی سەربەخۆیی بەرزکردەوەو، یاخیبوون لە هەموو لایەکی کوردستاندا دەستی پێکرد.

ئەوەندە نەبوو مەلا سەلیم بەهۆی بانگەوازی سەربەخۆییەوە لە (بدلیس) ئیعدام کرابوو. خەڵك بیریان لە تۆڵەسەندنەوە دەکردەوەو، ئەو کەسانەی کە دەستدرێژی کرابووە سەر ماڵ‌و حاڵیان‌و ڕەفتاری دزێویان دەرهەق کرابوو، هەموو بەجارێك ئامادەی تۆڵەسەندنەوە بوون. ئەو داخە کە تورکان بە خەفەکردنی کڵپەی ڕاپەڕینی بارزانیەکانی ناوچەی مووسڵ‌و سلێمانی بە دڵی کوردیانەوە نا، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پڕ لە قین دەبوو. کردەوە ناپەسەندەکانی دیوانی عورفی بەرانبەر بە کەس‌و کارو ماڵ‌و منداڵی کورد، پەڵەیەکی وەها ڕەشیان بەجی هێشتبوو کە هەر خێزانێك شەو تا بەیانی لە ناڵین‌و هاواردا بێ‌و بەهیچ چەشنێك لە بیری نەچێتەوەو ئارامی لەبەربڕێ. گیانی پڕخرۆشی ئەوکاتەی سلێمانی، وەکوو ئێستا لەخەودا نەبوو.

(دێرسیم) وەکوو گشت کاتێکی بە وێنەی ئاسنێکی ئاگرین دەدرەوشایەوە. (دیاربەکر) بەردەوام لە ڕق‌و کینەدا دەتلایەوە. ئەم گڕو کڵپەیە هەموولایەکی کوردستانی گرتبووەوەو سەرپاکی هێزەکانی لەدەوری خۆی کۆکردبوەوەو چاوەڕوانی دەستێکی ئاسنین بوو پێشی بکەوێ، بەڵام نەبوو.

تورکان لە ساڵی ١٩٠٧ی مێژووی ڕاگەیاندنی مەشرووتییەتی عوسمانی[١٠] بەدواوە، ئەگەر زۆر نەزانانەو سەرکوتکەرانە سیاسەتێکی تورکپەرستانەیان

---

[١٠] مێژووی دروستی ڕاگەیاندنی مەشرووتییەت ٢٤ی تەمووزی ١٩٠٨ە.

دژی میللەتانی دیکەی نێو ئیمپراتۆریەکە پێڕەو نەکردایەو عوسمانیچێتی‌یان وەلابنایەو کاروباری ئەو میللەتانەیان بەپێی ویستو خواستی خۆیان بەڕێوەببردایەو دانیان بە مافیاندا بنایەو (لامركزي)یەکیان جێبەجێ بکردایە، هەڵبەت ئەوسا کارێکی جیاوازی دەکردە سەر کوردستانو میللەتانی دیکە. بەلام ئەوان سەرباری پەی بردنیان بە پێویستیەکانی وڵات، بەوپەڕی سووکایەتییەوە پێشوازییان لەو بەرنامە داڕێژراوە کرد کە (پرنس سەباحەددین بەگ) بۆ حوکمێکی (لامرکزي) ڕایگەیاندبوو و دووریان خستەوە. ئەو پڕۆژەیەیش کە ئیتیحادو تەرەقی بە هاوکاریی جوولەکەی (سلانيك) دایناببوو، وەکوو دەستوور قبووڵیان کرد. بەم سیاسەتە چەوتو چەوێڵە بوونە مایەی ڕێگرتن لە ژیانو دەرکەوتنی نەتەوەیی ئەرناوودو عەرەبو ئەرمەنو کوردو، بەرەنگاریان بوونەوە.

ئەگەر نەژادی ئەو سەردەمەی تورك خاوەنی پیشەسازیەکی تەواو بوایەو شوێنێکی دیاری لە ئیمپراتۆریەکەدا هەبوایە، ئەوا جێوڕێیەکی پلەودووی لەنێو مەملەکەتدا دەبوو. بەلام ئەوسا تورکەکان لەو حاڵوبارەدا نەبوونو، بە کردەوەی نەفرەتییان هێزێکی زۆریان بەخەرجدا تا جڵەوی پێشەوایەتی بگرنە دەستو خەڵکی دیکەی پی تەفروتوونا بکەن. بۆ دڵنیاکردنەوەی چەند سەرکردەیەکی ئیتیحادچیش سڵیان لەهیچ جۆرە شەرمەزارییەك نەکردەوەو، بەم چەشنە ڕەفتارانە ڕووی سیاسیی میللەتانی غەیرە تورکیان گەشاندەوە.

ئەرناوودەکان کە خزمەتێکی زۆری ئیمپڕاتۆریی عوسمانییان کردبوو، ساڵانی ۱۹۰۸و ۱۹۱۲ بەهۆی سووکایەتی پێکردنەوە وازیان لە تورك هێنا. ئەرمەنەکانیش پێش ئەوان کوشتاریان لێکراو، لە یەکەم دەورانی جەنگدا دیسان تووشی کوشتار بوونەوەو بەشێکی زۆریان بە نیازی سڕینەوەی نەژادی ئەرمەنییان لە تورکیاو ئەنادۆڵەوە بەرەو بیابانی عێراق برسیو ڕووتو قووت کران. بەم حاڵەوە سیاسەتی بالادەست بوون بەسەر عەرەبدا بەتوندی دەستی پێکرا؛ لەکاتێکدا عەرەب کەمو زۆر خەریکی کشتوکاڵو ئابووری بوونو ئەوەیش بۆ سەرتاسەری ئیمپڕاتۆریی عەسمانی کانگایەکی گرانبەها بوو. عەرەب لەباتیی ئەوەی لەهەموولایەکەوە یارمەتی بدرێت، بە پێچەوانەوە بەتوندی بەرهەڵستی کرانو گوشارێکی زۆریان خرایە سەر. تورکیش لە ترسی ئەوەی نەبادا ئەم گوشارە بکێشێتەوە بۆ هەستانی عەرەب دژ بە حکوومەت، گەلێك کەسیان لێ دەستگیرو ئیعدام کردن. دوایی کە جەنگی گشتی بەرپابوو، یاریدەی عەرەبی داو ئەوە بارودۆخەکەی گۆڕی. عەرەب بەم

شێوە لە جەنگی جیهانیدا هاوکاریی هێزەکانی ئینگلیزی کردو ئەم هەلەی بۆ بەدەستهێنانو گەیشتن بە سەربەخۆیی قۆستەوە.

هەرچەندە کوردیش دەستی لەگەڵ سوپای ڕووسدا تێکەڵ کردو یاریدەیدا، بەڵام سیاسەتی ئەودەمەی ڕووس تەنیا بایەخی بە ئەرمەن دەداو پشتیوانیی دەکردن. بۆیە وەها دەستی کوردیان نەگرت کە بە ئاواتی خۆی بگات. تەنانەت رووس سوودی لە کوردستانی سەر سنوورەکانی خۆیشی وەرنەگرت. کەچی کە رووس هاتنە (ئەزرجان)و ناوچەی (دێرسیم)ی لانەی ڕەسەنو زیندووی کوردانیان بینی، ئەوسا کوردیان بەهەندگرتو بۆیان ڕوون بووەوە مافخوراون. بۆیە ڕووسەکان لەلایەکەوە لەگەڵ سەرانی کوردی ئەوێداو لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ سەرانی کوردی (سلێمانی)دا کەوتنە گفتوگۆو ڕەزامەندیی خۆیان پێشان داو بەڵێنی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆیان دانێ. بەڵام بەهۆی شۆڕشی کۆمەڵایەتیی گەورەی ڕووسیاوە لەو ناوچەیە نەمانەوەو نەیانتوانی گفتەکەیان بەجێبهێنن.

ئەگەر هێزەکانی ڕووسیا بە گەیشتنە کوردستان کە بە ویلایەتەکانی خۆرهەڵات ناودەبران، وەك چۆن ئینگلیز کاروباری بەڕێوەبردنی عەرەبیان گرتبووە ئەستۆ، ئاوا کاروباری کوردیان بەڕێوە ببردایەو خواستەکانیان جیا لە تورك چارەسەر بکردایە، ئەمڕۆ بارودۆخی خۆرهەڵات شێوەیەکی دیکەی دەبوو. چەتەکانی کورد بەدرێژاییی جەنگی جیهانی یاریدەی سوپای دەوڵەتانی هاوپەیمانانیان داوەو، هێزەکانی تورکو ماڵانی تورکیش بەزۆری نەیانتوانیوە خۆ لە هێرشی ئەوان ڕزگار بکەنو، ئەم گورزانەی کوردیان پاش جەنگ بەباشی پێوە دیاربووە.

چەند نیشتمانپەروەرێکی کورد کە بۆ بەری (دێرسیم) پەڕیبوونەوە، لەپاشەکشەیەکی سوپای تورکدا لە بەری قۆقاز، بەبێ تۆپو مەترالیۆز ڕاپەڕینێکیان سازکردو پەلاماری سوپای تورکیانداو ئازارێکی زۆریان پێگەیاندن. بەڵام وەستانی سوپای ڕووس لەو سەروبەندەدا تا دەهات کارەساتێکی گەورەی بۆ (دێرسیم) دەخوڵقاند، چونکە (وەهیب پاشا)ی فەرماندەری سوپای سێیەمی تورك کەڵکی لەم دەرفەتە وەرگرتو تێکڕای هێزەکەی بۆ دێرسیم بارکرد. ئەم کارە با کەمێك (دێرسیم)ی شێواندبێ، بەڵام نەیتوانیوە بە تەواوی داگیری بکات.

(سلێمان نەزیف)ی والیی ئەو سەردەمەی مووسڵ کە سەرگەرمی سوارە کۆکردنەوە بوو بۆ بەرەی شەڕی عێراق، دەیگوت: "ئێمە تەقە لە ئینگلیز ناکەین". ئەوە بوو نەیتوانی سوارەکانی کورد کۆبکاتەوەو بە تەماعو

بەرتیلدان بە بەگزادەکانی جاف هێندێك سوارەی پێکەوەنا کە لەبەردەم (شوعەیبە)دا بە داگیرکرانی پردەکان مەیدانی جموجووڵی عەسکەرییان بەجێهێشتو گەڕانەوە. دەیان هەزار سەربازی هەڵاتوو بەرەو چیاکان کشانەوەو دەیانگوت شەڕ لەگەڵ ئینگلیز ناکەین. ئەمڕۆ ئەمە بە بەڵگەنامەوە دەریدەخات کە هەستیان بەرانبەر بە جەنگی گشتی چۆن بووە.

هەرچەندە کاتی جەنگو لە بەرەی ڕووسەکاندا (سمکۆ)ی یەکێك لە سەرۆکەکانی شکاكو عەبولڕەزاق بەگی بەردخان یارمەتیەکی جێی بایەخی ڕووسیان دا، بەڵام ئەو یارمەتیە تەواو نەبوو و سوودی لێ وەرنەگیرا. حکوومەتی ئیتیحادو تەرەقی لە تۆڵەی ئەو زەبرانەدا کە بەدرێژاییی جەنگ بە دەستی کورد چێشتبووی، پێشتر چیی بە ئەرمەن کردبوو، هەمان کردەوەی پڕ سووکایەتیی بە شێوەیەکی جیاواز دژی کورد دووپات کردەوە.

سوپای تورك کاتی کشانەوە لە ناوچەی ئەرزڕۆم، هەر کوردێکی بەردەست کەوتبێ بۆ قووڵاییی ئەنادۆل کۆچی پێکردوون. ئەو ماوەیە دانیشتوانی بێچەکی ناوچەکە کە هیچ جۆرە کارێکیان دژی حکوومەت نەکردبوو، بە پەککەوتەو منداڵو ژنەوەو بەبێ جیاوازی بە قافڵە ڕەوانەیان کردوون. دەبوو کورد بەپێی ڕێنوێنیە کۆنەکان "لەو شوێنانەوە کە زۆربەی دانیشتوانیان تێدا پێکدەهێنا، بگوازرێنەوە بۆ ئەو ناوچانە کە زۆربەی دانیشتوانیان تورك بوونو، تەنیا ٥٪ی دانیشتوانی کورد لەسەر جێوڕێی خۆیان بهێڵرێنەوەو، سەرانو ئاغاو بەگو شێخان لە هۆزو دەستو پێوەندەکانیان دووربخرێنەوەو بنێردرێنە شوێنانی جیاجیاو، لاوو هەرزەکاری کورد بە ڕادەیەکی کەم لە جێگای خۆیان بهێڵرێنەوە. نەدەبوو کورد بە هیچ شێوەیەك بە نامەگۆڕکێ لەیەکدی ئاگاداربنو بە زمانی کوردی بدوێنو دابو نەریتی نەتەوەییان بەجێبهێنن، بەڵکە دەبوو بەتوندی بکەونە بە تورك کردنیان". ئا بەم جۆرەو لە ڕۆژانێکی زۆر ساردو سەختی زستاندا دەست بەکۆچ پێکردنیان کرا، بۆیە ٣\٤ی کەسانی قافڵەکە هێشتا ئەو شوێنانەیان بەجێ نەهێشتبوو کە مردن. (٧٠٠,٠٠٠) حەوتسەد هەزار کورد پێش بڕانەوەی جەنگی جیهانی وەکوو ئەرمەن لەنێوبران.

ئەم کۆچ پێکراوانەی کورد بەپێچەوانەی کۆچەرانی تورکەوە ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکرا. کۆچەرانی تورك لەڕووی خواردنەوە هەرچییەك هەبوایە دەیاندرایێو جێی حەوانەوەیان بۆ دابین دەکرا. بەڵام کۆچ پێکراوانی کورد بەتەواوی پشت گوێ خرابوونو، تەنانەت ئەگەر خواردنێکیشیان بەدەستەوە ببینرایە لێیان دەستاندنو نەیاندەهێشت بیخۆن تا لەبرساندا بمرن.

بێگومان ئەو ئەرمەنانە کە لە ئەنادۆڵ مابوونەوە، لـە شمشـێری تورکـان قوتار بووبوون. بەبێ خۆهەڵکێشانیش ٣\٤یان لەوانە بوون کە کورد ڕزگاری کردبوون یا شاردبوونیەوە. سەرەڕای ئەم کردەوە مرۆدۆستانەیە، ئیتیحاد و تەرەقی پیاوکوژو تاوانبارە بەرەڵاکراوەکانی سەر بە حیزبەکەی خۆیی کردە سەرۆکی ئەو چەتانەو جلو بەرگی کوردیـی لەبـەرکردنو ناردنیـە ئـەرزڕۆمو دەوروبـەری. ئەوانـە پـەلاماری کـاروانی کـۆچ پێکراوانـی ئەرمـەنیان داو بـە چەشنێکی زۆر دڕندانە قەتڵوعامیان کردنو، لە هەموولایەك بڵاویان کردەوە کە کورد پەلاماری ئەرمەنی داوەو کوشتاری لێکردوون. ڕاستیی ئەم پیلانگێڕانە لـە تۆمارەکـانی بەندیخانـەو بەڵگەنامـە دۆزراوەکـانی ئەرشـیڤەکانی دائـیرەی ئەرکانی گشتیی شازدەیەمی مێژووی جەنگدا دەرکەوتووە.

جگەلەوەی کە تورکەکان هەموو جۆرە ستەمو کوشتو بڕێکیان لە کوردانی چوارچێوەی تورکیا کردووە، ئەو هێزانـەی تورکیش کە سـەروەختی جـەنگی جیـهانی پەڕیبوونـەوە بـۆ بـەری ئـێران جۆرەهـا کـردەوەی خراپیـان لێ وەشاوەتەوە. بۆ نموونە (ئیبراهیم) ناوێکی یەکێك لە ئەندامە هەرە دڕندەکانی ئیتیحادو تەرەقی کە کاتی خۆی یۆزباشیی جەندرمە بوو و کرابوو بە نوێنـەر (مـەبعووس) لـە پەرلـەمان، پارەیـەکی زۆری لـە تـاڵانکردنی کوردسـتان دەسـت کەوتو، پاشان لە ئەستەمووڵ دەستی بە بازرگانی کرد. ئەم کابرایە ڕۆژانـی یەکەمین جەنگی جیهانی بەپێی ڕێنوێنیی ئیتیحادو تەرەقیو بەنیازی چوونە ئێران، هاتە سلێمانیو بانگەوازی کرد کە دەبێ هـەموو خێڵـەکان بـە هـێزی چەکداریانەوە پێوەندیی پێوە بکەن بۆ ئەوەی هێزەکانی ڕووس لـە ناوچـەی ئازربایجان تێك بشکێنێو دەسـەڵاتیان نـەهێڵێ یـا سەرتاسـەری شـوێنەکانی ئێران بخاتـە ژێـر دەسـتی خـۆی. گوتـی مـن بۆ ئەم مەبەستە نـێردراوم. کـابرا شێخانی نەقشبەندیی نێزیکی سنووری بانگ کردە سلێمانیو داوای لێکردن هاوکاریی بکەن. ئەوانیش لە وەڵامدا گوتیان چوونە نێـو ئـێرانو تاڵانکـاری ئەنجامیان باش نابێو، لەڕووەوە داوای لێبوردنیان کرد. بەڵام ئەم شێخانەو تـاقمێك لـە دانیشـتوانی ناوچەکە بە قسـەی زلو دزێـوو هەڕەشـەو گوڕەشـەی ئیبراهیمو بەشداریی حکوومـەتی ناوچـە ناچـار بـوون بچنـە پـاڵیو لەگـەڵیدا ڕۆیشتنە (بانـە). (محەمـەد خـان) کـە قایمقـامی بانـە بـوو و ئـەوەی لـە بـابو باپیرانیەوە بۆ مابووەوە، زۆر بەڕێزەوە پێشوازیی لێکردنو بردنیە ماڵی خۆیو میواندرییەکی باشی کردن. ئەم ڕێزگرتنو میوانداریـەی محەمـەد خـان، ئـەم کابرا ناڕەسەنو خوێنڕێژەی زیاتر خستە سەر کەڵکەڵە. لەوێ داوای لە شێخان کـرد زۆر بـە پەلـە ڕەشـبگیر (نـەفیری عـام) ڕابگەیـەنو هــەموو عەشـایەر

کۆبکەنەوەو دەست بەکاربن. محەمەد خان بە ئیبراهیمی گوت: لەبەر ئەوەی فەرمانبەری حکوومەتێکی بێلایەنم، ناتوانم بەشداریی ئەم کارە بکەم، چونکە عەشایەر کۆکردنەوەو ڕەشبگیرو پێشڕەویکردن ڕوو بە (سابلاخ) دەبێتە هۆی پێکدادانی نێوان عەشایەری هەردوولاو خوێنێکی زۆر دەڕژێتو لەلایەن حکوومەتەوە تاوانبار دەکرێم. بۆیە داوای لێبوردنی لێکرد. ئیبراهیم زۆر بەم وەڵامەی محەمەدخان تووڕە بوو و، دەستبەجێ گەڕایەوە بۆ سلێمانی.

ئەو سەردەمە (حیلمی قەستەموونی) سەرۆکی هێزی عەشایەرو فەرماندەری فەوجێکی نیزامی بوو لە سلێمانی. ئیبراهیم هاتە لای ئەم ستەمکارە خوێنڕێژەو، ئەو هێزەی لێ وەرگرتو لەگەڵیدا گەڕایەوە بۆ (بانە). ناخافڵ هەڵیکوتایە سەر ئەو (محەمەد خان)ە کە چەندین ڕۆژ بوو میوانداریی کردبوو و ڕێزی لێنابوو و، دەستگیرو ئیعدامی کردو خێزانەکەیشی لەنێوبردو ماڵەکەیشی تالان کرد. دوایی ڕوویانکردە دێهاتەکانی دەوروپشتو هەموویان بەتالان برد. ئەم جووتە تاوانبارە بەم شێوەیە کۆمەڵێك دەعباو خراپەکاریان کۆکردەوەو بەرەو (سەقز) چوون.

لەوێیش لەلایەن گشت فەرمانبەرانو کاربەدەستەکانی حکوومەتەوە زۆر بەباشی پێشوازییان لێکراو؛ دانیشتوانی شارەکە بەوپێیە کە ئەمانە حکوومەتی عوسمانی بەکاری تایبەت ناردوونی، مەڕیان لەبەرپێیاندا سەربڕی. ئەم ڕێزگرتنو پێشوازیە جوانەی کوردانی بێچارە هەوەسو خراپەکاریی ئەو جووتە پیاوکوژەی زۆر زیاتر کرد. سەیفەدین خانی مەجید خانی حاکمی سەقز پیاوێکی گەلێك دەوڵەمەندو ساماندار بوو. ئەمانە مرخیان لێ خۆش کردو، بڕیاریاندا بە شێوەیەکی دۆستانە بیگرنو لەنێوی ببەن تا سامانەکەی بکەوێتە دەستیان. بەڵام لە تۆڵەسەندنەوەی حەسەن خانی کوڕەزای خوالێخۆشبوو (عەزیز خان)ی سەرداری حاکمی سابلاخ کە سەرۆکی خێڵی (موکری)ی بەهێزترین خێڵ بوو، ترسانو ئەوەیان نەکرد. چەند ڕۆژێك لەلای سەیفەددین خان مانەوەو، بۆ کۆکردنەوەی هێندێك کەسی دیکەو بۆ گفتوگۆکردن ئەو سەردارە نەجیبەیان داوەتی سەقز کرد. ئەو دوو نەجیبزادەیە بە زمانی شیرینو قسەی ئەو جووتە جەنگیززادەیە لە خشتەبرانو، لە (بۆکان)ی نێوان سەقزو سابلاخ کۆبوونەوە. هەرچەندە ئەم دوو مرۆڤە بەویژدانە خزمەتێکی چاکیان کردن، بەڵام ئەو جووتە خوێنڕێژە بەبێ ڕەچاوکردنی مرۆڤایەتیو ڕێزگرتنو خزمەتکرنیان، لەناکاوداو وەختێك ئەم دوو زاتە لە ژوورەوە دانیشتبوون، هەڵیانکوتایە سەریانو دەستگیرو گوللەبارانیان کردن. ماڵوحاڵی سەدان ساڵەی ئەم خانەدانانەیان تالان کردو

هەموو جۆرە سووکایەتیەکیان بە خەڵکەکە کرد. ئەم کردەوەیە دڕندایەتی بەرانبەر بە میوانپەروەرانی کورد نەبێ، هیچ هۆیەکی دیکەی نەبوو.

پاش ئەم تالآنو تاوانە ئەم چەتە خوێنڕێژانە ڕوویانکردە (مەراغە)ی دەوڵەمەندترینو گەورەترین شاری کوردو، بەنیازی تالآنکردنی (تەورێز) بەسەر (میاندواو)دا بەرەو مەراغە ڕۆیشتن. تووشی هەرکەسێك بوون لەو ڕێگایە ڕووتیان کردەوەو خستیانە نێو ڕووباری (جەغەتوو). (میاندواو) یان بەتەواوی تالآن کرد. لەدەوری تەورێز مەفرەزەیەکی پچووکی ڕووسیان دیو، دزەیان کردە پشتی مەفرەزەکەو چوونە نێو شاری (تەورێز). وەکوو ئەفسەرێك پێی ڕاگەیاندم: تالآنیەکەی مەبعووس ئەفەندی بریتی بووە لە (٥٨) پەنجاو هەشت بار پارەو زێڕ. ئەم ئەفسەرە خۆی لەگەڵ ئەواندا بووە. ئەم چەتەیە لە تەورێز بەناوی باجی جەنگەوە پارەی لە خەڵکی شارەکە سەندووەو، پیاوەکانیشی لە دەوروپشتی شار خەریکی تالآنی بوون. کاتێك هێزێکی عەسکەریی ڕووس لێیان نێزیك بووەتەوە، بەپەلە ئەو وڵاتەیان بەجێهێشتووەو هەڵاتوون.

لەڕێگا تووشی پۆلێك چەکداری خەڵکی (میاندواو و مەراغە) بوون کە هاتبوونە سەر ڕێگایان، پاش ئەوەی پێوەندییان بە ڕووسەکانەوە کردبوو تا یاریدەیان بدات تۆڵەی کوشتارو تالآنکرانیان بکەنەوە. شەڕێك لە نێوانیاندا قەومابوو و، لە ئەنجامدا زیانێکی گیانیی قورسیان لێدابوونو تالآنیەکانیان لەدەستچوو بوو و هەرچۆنێك بێ بە پەلەپڕووزێ پەڕیبوونەوە سنووری عوسمانیو خۆیان بە مووسڵدا کردبوو.

پاش ئەم ڕووداوانە ئیتیحادییەکی (عومەر ناجی) ناو کە ئیتیحادیەکان ناوبانگی خوتبەخوێنییان دابوویو لە هەرزەکاریدا لای عێراقیەکان بە (جماذی الأولی) ناسرابوو، ئەم نەفسنزمە زنجیرەیەك کاری دزێوی دەست پێکرد. ئەم پیاوکوژە لاسایی پاشای کردبووەوەو خۆیی کردبوو بە ناپلیۆنێکی چکۆلەو فەرمانی غەزای دابوو. پاش داگیرکردنی ئازربایجان، ڕوویکردە دەوروبەری (سابلاخ). هەر کوردێك لەگەڵیدا ڕێکنەکەوتایەو یاریدەی نەدایە، بە سەربازە نیزامیەکانی دەستگیرو ئیعدام دەکرا. بەم شێوەیە دووسەد کەسی هەڵواسیو، سەربازەکانیی دەناردە سەر ماڵەکانیان بۆ دەستدرێژیکردنە سەر ناموسیان. لەکاتێکدا سەرگەرمی ئەم کردەوە ناشیرینە بوون، ڕووسەکان گەیشتنە سەریانو خەڵکەکەیان ڕزگار کردو، ئەوانیش بەرەو سلێمانی هەڵاتن.

پاش ئەم (عومەر ناجی)یە تۆرانچییە، قایمقامێکی عەسکەریی جێی متمانەی ئیتیحادیەکان کە ناوی (عەباس حیلمی) بوو، دەستی بە پیاوکوژیو ڕەفتاری دڕندانە کرد. ئەم کابرایە فەرماندەری سوپای ٣٧ ەیەم بوو و، خەلیل پاشای فەرماندەری سوپای بەغدا بە هێزێکی عەسکەرییەوە ناردبوویە سلێمانیو، سوارەکانی خێڵی جافیش تێکەڵی ئەم هێزە نیزامیە کرابوون. داوای چاککردنی بارودۆخەکەی لێکرابوو. پاش ئەوەی هێزەکە بەتەواوی ڕێکخرابوو، بەسەر (بانە)دا ڕۆیشتبوە سەقزو (بۆکان)ی سەندبووەوە. دوایی شازدە کەسی لە سەرانی جاف کە لە (بانە) بوون، دەستگیرکردو لە ماوەی شەوێکدا کتوپڕ ئیعدامی کردن. ئەو هێزە عەشایەرە کە لەگەڵیدا بوو، بەهۆی ئەمەوە هەڵات. ڕووسەکان بە هەڵاتنی ئەو عەشایەرانە هەڵیانکوتایە سەر هێزە عەسکەریەکەو زۆریان لێ کوشتنو پەڕاگەندەیان کردن. لەبەر ئەوە عەباس حیلمی ڕوو بە سنووری عوسمانی کشایەوەو هەڵاتو، لەڕێگا چ پیاوو ژنێکی کوردی تووش بووە کوشتوویە.

دوای ئەم حاڵوبارە، عەلی ئیحسان پاشای فەرماندەری سوپای سیازدەیەم تا (هەمەدان)ی داگیرکرد. کاتێك ئینگلیزەکان بەغدایان داگیرکرد، ئەم فەرماندەرەو هاوکارانی لە ئێران گەڕانەوەو، چ کوردوعەجەمێکیان لەڕێگا تووش هاتووە بەبێ هیچ هۆو لێکۆڵینەوەو پرسیارێك کوشتویانەو بێئابڕوییو تاوانێکی گەورەی دیکەیان دەست پێکردووە. کۆمەڵێکی زۆر لادێیی هەر لە کرماشانەوە تا خۆراوای خانەقین بە فەرمانی ئەم خوێنڕێژە کوژراونو لاشەکانیان لەسەر ڕێگاکان تووڕدراوە. من خۆم شایەتی ئەم ڕووداوە بووم.

دەبێ هار بوونی ئەم دوژمنی مرۆڤایەتیە بە هەوای (تۆران)و ڕقو کینەی (جەنگیز) زۆر بە وردی باس بکرێت. بۆیە داوایان لێدەکەم بیرەوەریەکانم لەم بارەیەوە بخوێننەوە کە بەم زووانە بڵاودەبێتەوە.

١٢- پێنجەم دەوران
سەروبەندی پاش ئاگربەست

ئەو گەورەپیاوانەی کورد کە پێش ئاگربەست لە ئەستەمووڵ بوون، بۆ سوود وەرگرتن لە بارودۆخی گشتی بە شێوەیەکی دیار کەوتنە تەگبیرکردن. ئەوانە هێڵی جووڵانەوەیان زۆر ئاشکرا بوو تا بۆ ئەوروپای بسەلمێنن کە کورد لەمێژە خۆی لە شەڕی تورکیا جیاکردووەتەوەو دەیەوێ خاوەنی بەشە مافی خۆی بێ کە بریتییە لە چۆنایەتیی دواڕۆژی کورد. بۆیە بەدەست پێکردنی ئاگربەست، سەرلەنوێ (کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان)[11] دامەزرا.

کۆمەڵە هەر لە یەکەم ڕۆژانی دامەزراندنیەوە کەوتە یاداشتننامەو بەیاننامە دەرکردنو بەڕاشکاوی داوای سەربەخۆییی کوردستانی کرد. دەستەیەکی ڕێ پێدراویش بۆ داکۆکیکردن لە مافی کوردو کوردستان بە سەرۆکایەتیی شەریف پاشا کە لە سێیەم باسدا بەدرێژی لێی دوواوم، پێکهێنرا بۆ گێڕانەوەی مافی زەوتکراوی کورد.

سەرجەم ڕۆشنبیرانو گەورەپیاوانی کوردو سەرخێڵانی کوردستان لەپێناوی ئەوەدا یەکیانگرتو دووی ئەم داوایە کەوتنو، چ ناکۆکیو ڕەخنەیەکی لەوەوبەر هەبوو گشتیان خستنە لاوە. لقەکانی کۆمەڵە لەشوێنە جیاجیاکان تا قووڵاییی نیشتمانی کورد لە ماوەیەکی زۆر کورتدا کرانەوەو، جموجووڵیان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە زیادبووندا بوو. دەستەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵە لەم بەڕێزانەی لای خوارەوە پێکهاتبوو:

سەرۆك: سەید عەبدولقادر ئەفەندیی کوڕی (شیخ المشایخ) حەزرەتی سەید عوبەیدوڵلای شەمدینانی لە ئەندامانی ئەعیان.

یەکەم جێگری سەرۆك: ئەمین عالی بەگی کوڕی بەدرخان پاشای پشکنیاری پێشووی دادی ئەدرنە لە میرانی بۆتان.

---

[11] کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان ١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩١٨ لە ئەستەمووڵ دامەزرا. یەکەم نیوەی ساڵی ١٩١٩ دەووکەرت بوو. ئەمین عالی بەدرخانی سەرکردەی باڵی سەربەخۆییخوازو تاقمێك لێی جیابوونەوەو، "کۆمەڵەی تەشکیلاتی ئیجتیماعییەی کورد"یان دامەزراند (بڕوانە: د. ولید حمدي، الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية، لندن، بلا، ص ٣٤٢،٣٤٣،٣٤٥).

دووەم جێگــری ســەرۆك: فــەریقی خانەنشـــین فوئــاد پاشـــای کــوڕی خوالێخۆشبوو سەعید پاشای وەزیری دەرەوەو برای شەریف پاشای نوێنەری کورد.

سکرتێری گشتی:فەریقی ڕوکنی خانەنشین حەمدی پاشا.

ژمێریار: سەید عەبدوڵڵا ئەفەندیی کوڕی سەید عەبدولقادر ئەفەندی.

ئەندام: میرالآی خەلیل بەگ بەڕێوەبەری پێشووی پۆلیسی ئەستەمووڵو لە ساداتی دێرسیم.

ئەندام: میرالآی جەندرمەی خانەنشین محەمەد عەلی بەگی کوڕی بەدرخان پاشا.

ئەندام: قایمقامی عەسکەریی خانەنشینی خەڵکی سلێمانی محەمەد ئەمین بەگ.

ئەندام: خواجە ئەفەندی لە پیاوانی ئاینی.

ئەندام: سەید شەفیق ئەفەندیی ئارواسی زادە لە مامۆستایان.

ئەندام:سەرۆکی نوسینی (ترجمان حقیقت)و کاتبی قۆمیسەری هەرەبالآی میسر شوکری بەگی بابان.

ئەندام:ئەکرەم بەگی جەمیل پاشا لە پیاوماقوولآنی دیاربەکر.

ئەندام:زەینەلعابدین بەگ لە مامۆستایانی قوتابخانەی حقووق.

ئەندام:فەتحوڵڵا ئەفەندی لە بازرگانە متمانەپێکراوەکان.

ئەندام:پرۆفیسۆر دکتۆر محەمەد شوکری سەگبان بەگ.

کۆمەڵە لەکاتێکدا بەوپەڕی بایەخەوە لە جموجووڵدا بوو، ناکۆکی کەوتە نێوان لاوە خوێنگەرمو توندڕەوەکانو هێندێك لە سەرانی کۆمەڵە. کەمالیەکان دەستیان لە دروستکردنی ئەم ناکۆکیەدا هەبوو، لەکاتێکدا جووڵانەوەکەیان ڕۆژ بە ڕۆژ زۆر گەورەتر دەبوو و هەمان کات دڵی کوردەکانیان ڕەش کردبوو.لاوە ڕادیکاڵەکانیش لەولاوە دوایان دەکرد زوو بەزوو هەوڵی بەدەستهێنانی هەموو خواستەکانی کورد بدرێت. ئەوانە داوایان دەکرد سوود لە بەرگریی دەوڵەتانی هاوپەیمانو پرنسیپەکان وەربگیرێتو پێوەندی لەگەڵ حکوومەتی تورکیادا بپچڕن. ئەم تاقمە ئاگرینە چەند کۆمەڵێکیان لەسەر

بنچینەیەکی دیموکراتی هێنایە مەیدان، (فیرقەی دیموکراتی کورد) [12] لەنێویاندا لە هەموویان بەهێزتر بوو.

ئەو سەردەمە دەستەیەکی لێکۆڵینەوەی ئەمریکا هاتە ئەستەموولو پاش گەڕانی بە ویلایەتەکانی خۆرهەڵاتدا سەری لەم فیرقە تازەیە دا. ئەمانیش سنووری کوردستانو مافو مەبەستو خواستەکانی کوردیان بە شێوەیەکی روونو ئاشکرا پێڕاگەیاندن. ئەم دەستەیە بە سەرۆکایەتیی جەنەڕال پاکرادۆ بوو. کاتێك لەلای کوردەکانەوە گەڕانەوە بۆ سەتەموول، بەندە لەگەڵیدا کۆبوومەوە. ناوبراو پێی گوتم: من ئاگادارتان دەکەمەوە ژمارەی کورد لەو شوێنانەدا کە پێیان دەڵێن ویلایەتەکانی خۆرهەڵات، واتە کوردستان، لە چوار یا پێنج ملیۆن کەس زیاترە.

ئەو دەستەو تاقمانەی کە تازە پێکهاتبوون ئەمانە بوون: (کۆمەڵەی تەعمیمی مەعاریفو نەشریاتی کورد) [13] و (کۆمەڵەی هێڤی خوێندکارانی کورد)و (کۆمەڵەی خۆیبوونی کورد) [14]. هەمان کات ئەو تاقمانە کە بۆ

---

[12] ئەم فیرقەیە لە "تەشکیلاتی ئیجتماعییەی کورد "جیابووەوەو ساڵی ١٩١٩ پێکهات. مەمدووح سەلیم سکرتێری گشتیی بوو. ئامانجی سەربەخۆییی کوردستان بوو و، جموجووڵی سیاسیی لە ئەستەموول هەبوو (بڕوانە: ئەڵقەکانی ٢١و ٢٣ی بابەتەکەی دکتۆر ئەحمەد عوسمان لە: "الثقافة"، العدد ٤-٥، نیسان- مایس ١٩٨٢ والعدد١، کانون الثاني ١٩٨٣).

[13] ئەم کۆمەڵەیە سەرەتای ١٩١٩ لە ئەستەموول دامەزراو باڵێکی "کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان" بوو. کۆمەڵەکە بەرنامەی خۆیی لە ژمارە (١٠)ی ڕۆژی ١٩١٩/٢/٢ی گۆڤاری "ژین"دا بڵاوکردووەتەوە، ئامانجی ئامادەکردنی فەرهەنگێکی کوردیو قوتابخانە کردنەوەو کتێب چاپکردنو چاپخانەدانانو یەکخستنی کرێکارانی کورد بووە. "مەمو زین"ی شاکاری "ئەحمەدی خانی"ی ساڵی ١٩١٩ لە ئەستەموول بەچاپ گەیاندو، هەمزەمکسی پێشەکیی بۆ نووسیوە (بڕوانە: م. ئەمین بۆز ئەرسلان، ژین کۆڤارا کوردی -ترکی ١٩١٨-١٩١٩، جلدا، ئۆپسالا، ١٩٨٤، ل ٦٨-٦٩/ بەپیتی لاتینی).

[14] کۆمەڵەی نیشتمانیی کوردیی "خۆیبوون" (جڤاتا وەلاتیی کوردا خوەیبوون) ساڵی ١٩٢٧ لە بەیرووت دامەزراوە. پێم وانییە عەبدولعەزیز یامولکی مەبەستی ئەم "خۆیبون"ە بێ، بەتایبەت کە خۆیشی سەرباسی ئەم بەشەی بۆ سەروبەندی پاش ئاگربەستی یەکەمین جەنگی جیهانی تەرخان کردووە. بۆیە پتر ڕێی تێدەچێ مەبەستی "جڤاتا خوەسەرییا کورد" بووبێ کە ساڵی ١٩٢١ خالید بەگی جبران دایمەزراندووەو بە "ئازادی" ناسراو بووەو

مەبەستی زانستیو ئەدەبی کۆبووبوونەوە، تێکڕا بوونە پاڵپشتی (فیرقەی دیموکراتی کورد).

فیرقەی دیموکرات لە ماوەیەکی زۆر کورتدا ڕێکخستنێکی یەکجار بەهێزی هێنایە گۆڕێو؛ کارنامەی خۆیی لەو یاداشتنامەیەدا کە دایە نوێنەرانی دەوڵەتانی هاوپەیمان پێی ڕاگەیاندنو، پێشبینیشی کرد کە چالاکیی دەست پێکردووی کەمالیەکان لە ئەنادۆڵ بەسەر خۆیاندا دەشکێتەوە. ئەم فیرقەیە دەیویست کوردستانێکی سەربەخۆ لەنێو سنووری نەتەوەیی خۆیداو بە چاودێریی دەوڵەتی بەریتانیا دابمەزرێنێو بزاوتێکی دیموکراتی لەنێو ڕێکخستنەکانی خۆیدا دروست بکات. گۆڤاری (ژین)ی بڵاوکەرەوەی بیروڕای ئەم فیرقەیە نووسیبووی: ئێمە نامانەوێ جێ‌پێی پۆستاڵێکی تورك لە کوردستان ببینین. ئەم قسەیە کاریگەریەکی گرنگی هەبوو.

جموجووڵی ئەو گرووپە هەمەجۆرانە کە ناوەکانیانم لەسەرەوە هێناوەتەوە، تۆرانیەکانی هارکردو داوایان کرد کۆمەڵەی تەعالی بۆ جارێکی دیکە بیرو مەبەستی خۆی ئاشکرا بکات. بەڵام ڕەحمەتی سەید عەبدولقادر ئەفەندیی سەرۆکی کۆمەڵە بە کاریگەریی هەم بارودۆخی سیاسیو هەم دەمارگیریی ئاینی لە وەڵامدا گوتی: ئایا ئەو کوردستانە کە دادەمەزرێنرێت، سەر بە حکوومەتی عوسمانی دەبێ یا ژێردەستەی ئینگلتەرە؟ بۆیە تاقمێك بەهۆی ئەم بەیاننامە داخراوەوە لە کۆمەڵەی تەعالی جیابوونەوەو، لەگەڵ کۆمەڵەی (خۆیبوون)دا یەکیانگرتو تیکەڵ بە تاقمی (تەشکیلاتی ئیجتیماعییەی کورد)[15] بوونو گرووپێکی بەهێزیان لێکەوتەوە. (فیرقەی

لقی لە گەلێك شاری کوردستانی باکوور هەبوە. "ئازادی" سەرەتای پایزی ١٩٢٤ یەکەمین کۆنگرەی خۆیی سازکردو بڕیاری هەڵایساندنی شۆڕشیدا دژی حکوومەتی تورك (بڕوانە: رابرت اولسن، قیام شیخ سعید پیران، ترجمه ابراهیم یونسی، تهران، ١٣٣٧، ص ٧٣-٧٥).

[15] پاش ئەوەی "کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان" لەسەر پاشەڕۆژی کوردستان دووبەرەکی کەوتە نێوان سەرکردەکانی، باڵی سەربەخۆییخواز کە بریتی بوو لە ئەمین عالی بەردخانو عەبدوڵڵا جەودەتو شوکری بەگی بابانو شوکری محەمەد سەگبانو جەلادەت بەردخانو ئەکرەم جەمیل پاشاو حسێن حامی بەگو مەمدووح سەلیمو نەجمەدین کەرکووکی، بە هەڵبژاردنەوەی شێخ عەبدولقادری شەمزینانی ڕازی نەبوو و، دەوروبەری ٢٠ی مایسی ١٩٢٠ "کۆمەڵەی تەشکیلاتی ئیجتیماعییەی کورد"ی دامەزراند (بڕوانە دوو ئەڵقەی ٢٦و

ديموكراتـی میللـەتی کورد) لەگـەڵ ئـەم گرووپانـەو دوو کۆمەڵـە زانسـتیەکەی دیکەدا بەناوی (خۆیبـوون)ەوە چووە نێو کۆڕی چالاکی نوانـدن. (خۆیبـوون) جێدەستی لە کوردستان زۆر بەرچاو بوو و، ڕاپەڕینی لە هەموو لایـەك هێنایـە مەیدان.

لـەکاتێکدا باسـی ئـەم ڕێکسـختنە جیاجیایانـەی کـوردو چالاکییـان لـە ئەستەموولْ دەکـەین، دەبـێ هـەمان کـات لـە چالاکیـە گرنگـەکانی (کۆمەڵـەی ئافرەتانی کورد لە ئەستەموولْ)[١٦] بدوێین. تەنانـەت ئـەم ئافرەتانـە خـەرجیی زۆری کۆمەڵـەی (خۆیبـوون)یـان لـە سـەرەتای دامـەزراندیدا دابـین کـردو، ئاشکرایان کرد پێوەندیی تەواویان بە داوای کوردەوە هەیە بۆ سەربەخۆییو، ئەمەیان بەچالاکیی خۆیان سەلماند. من ئەمڕۆ فاتیحە بۆ گیانی ئەو دامەزرێنە بەڕێزانەی کۆمەڵەکە دەنێرم کە کۆچی دواییان کردووەو، ڕێزو پێزانینیشم بۆ ئەوانەیان کـە لـە ژیـاندا مـاون. بـەو شـێوەیەی کـە لەسـەرەوە عـەرزم کـردن، دەورانێکـی دیکـە بـە بـەردەوامبوونی ئـەو داوا سیاسـیەی کـورد لـە ڕۆژی سەرهەڵدانی جووڵانەوەی کەمالیی تورکەوە دەستی پێکرد.

٣١ی بابەتەکەی دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبووبەکر لە: "الثقافة"، العدد ٥، مایس ١٩٨٣، و العدد ٢، تموز ١٩٨٧).

[١٦] کۆمەڵەی تەعالیی ژنانی کورد "کورد قادینلری تعالی جمعیتی" یـەکێك بـوو لـەو کۆمەڵـە کۆمەڵایەتیانە کە لەسایەی "تەعالیی کوردستان"دا چالاکیی هەبوو. کەمو زۆر گولانی ١٩١٩ لە ئەستەموولْ دامەزراوە. ٢٠ی حوزەیرانی ١٩١٩ کەوتووەتە چالاکی نوانـدن. ئـەنجوم خـانم مستەفا پاشا یامولکی یەکێك بووە لە سەرکردەکانی. ئامانجی کۆمەڵەکە ئیش پـەیداکردنو کردنـەوەی ئیدارەخانـەو قوتابخانـە بـووە بـۆ ژنـان (بڕوانـە: م. ئـەمین بـۆز ئەرسـلان، هـەمان سەرچاوە، ل٦٢،٦٣،٦٤).

١٣-شەشەم دەوران
لە جووڵانەوەی نەتەوەیی یا (کەمالی)ی تورکەوە
تا یاخیبوونی خوالێخۆشبوو شێخ سەعید بۆ سەربەخۆیی

١-بارودۆخ:

ئەو کوردانەی کە کاتی جەنگ کۆچیان پێکرابوو بۆ ئەنادۆڵ، بە ناخۆشیو پەرێشانی لەو شوێنانەدا دەژیان کە تێیاندا نیشتەجێ کرابوون. کە جموجووڵی جەنگ نەماو دەرەتان بۆ قسەکردنو داواکاری ڕەخسا، هەموو هەوڵو تەقەلایەك بۆ گەڕاندنەوەی ئەو مافزەوتکراوانەی کوردو ڕزگارکردنی ژیانی ئەو بێچارانەو گێڕانەوەیان بۆ شوێنەکانی خۆیان بەبێ هەزدە دەرچوون. حکوومەت گشت داواکاریەکانی کوردی پشت گوێ خست. لەکاتێکدا ئەرمەنە کۆچ پێکراوەکان لەبەر ئەوەی مەسیحی بوون، دەوڵەتانی هاوپەیمانی بۆیان تێکەوتنو گەڕێندرانەوە.

ئەگەر ئەم کوردە کۆچ پێکراوانە ژمارەیان لە دەوری پێنج هەزارو دە هەزار کەسدا بوایە، گرنگ نەدەبوو. کۆمەڵەی تەعالیی کورد خۆی دەیتوانی ئەم کارە ڕاپەڕێنێ. بەڵام مەسەلە وەها نەبوو، هەموو ئەو کوردانەی کە لەسەر خاکی کوردستان نیشتەجێ بووبوون کۆچیان پێکرابوو.

لەبەرئەوەی حکوومەت بەهیچ جۆرێك پێبەندی گەڕاندنەوەی ئەو کوردانە نەبوو بۆ شوێنی خۆیان، بەشێکی ئەو کوردانە هەلیان بۆ هەڵکەوتبوو و بە لەخۆبوردنەوە کەوتبوونە ڕێ بۆ وڵاتی خۆیان. بۆ نموونە باسی حسێن پاشای سەرۆکی خێڵی (حەیدەران) دەکەین کە چەند جارێك لە دەرگای حکوومەتی دابوو تا خێڵەکەی بگەڕێتەوە. بەڵام بێهوودە بوو. سەرەنجام ئەویش ناچار بووە خۆیو چەند کەسێکی خێڵەکەی لە (قوونیە)وە بکەونەڕێو، لەڕێگا هەر کەسێکی تووش هاتووە لەگەڵ خۆیدا بردوویەو گەیشتووەتەوە (وان). هەرچەندە کەسانێکی دیکەیش هەمان کاری ئەویان تاقیکردووەتەوە، بەڵام بە حاڵوبارێکی زۆر پەرێشانەوە لەنێو تورکدا ماونەوەو نەگەیشتوونەتەوە شوێنەکانی خۆیان.

کاتێك بێگانەکان هاتبوونە ناوچەکان بۆ بینینی کۆچ پێکراوانی کورد، لەبەر ئەوەی کوردەکان موسڵمان بوونو بە شێوە لە تورکەکان چووبوون بۆیان جیا نەکرابوونەوە. ئەوەتا بە دەستپێکردنی جموجووڵە نەتەوەیی یا

کەمالیەکانی تورك، کوردان لە کوردستاندا بێهێزو بەش بەش بوون، بۆیە نەیانتوانی هیچ جووڵانەوەیەك بەرپابکەن. وێڕای ئەوە ئامۆژگاریی ئاینی هێندێك کەس کاریان تێکردو لە جێی خۆیاندا بەبێ جووڵە وەستان. لەپاڵ ئەوەدا هێندێك لەوانەی کە بەو قسانە فریویان نەخواردبوو، خۆیان بەرانبەر بە حکوومەت کۆکردەوەو چەند یاخیبوونێك ڕوویان دا.

(عەلی باتی)ی سەرۆکێکی کوردی دەوروپشتی دیاربەکر بۆ دامەزراندنی حکوومەتێك بەرەیەکی شەڕی چوار کیلۆمەتریی کردەوەو چەند ڕۆژێك بەرانبەر سێ فیرقەی سەربازی تورك ڕاوەستاو خۆی‌و پیاوەکانی بەرەنگاریی هێزەکەی تورکیان کردو، ئازارێکی زۆریان پێگەیاندن. هێزەکانی تورك دانیە بەر تۆپ، بەڵام (عەلی باتی)ی قارەمانی مێژوویی خۆیی بەدەستەوە نەدا. لەئەنجامدا بە قورسی بریندار کراو گیرا. کاتی ئیعدامکردن هاواری کرد: "گیانم فیدای سەربەخۆیی کوردستان بێ"و، شەهید بوو.

لقێکی خۆیبوون لە دیاربەکر ئاڵای تورکی داگرت‌و حکوومەتی کوردیی ڕاگەیاند. بۆیە حکوومەتی تورك شارەکەی تۆپباران کردو، هەموو ئەندامانی لقەکەی لەگەڵ بیناشی سلێمان بەگدا گرت‌و بە دوو شەو ئیعدامی کردن.

بەڵێنێکی زۆر لە پەیمانی (سیڤر)دا بە کورد درابوو. ئەو بەشەیان کە پێوەندیی بە کوردستانەوە هەبوو بۆ دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ، سێ بەندی تێخرابوو. ئینگلیزەکان ئەرکی جێبەجێکردنی ئەو سێ بەندەیان خستبووە ئەستۆی خۆیان. بەڵام مەسەلەی مووسڵ هاتەکایەوە، سیاسەتیان دەرهەق بە کورد گۆڕی‌و پشتیان تێکردن. ئەوە بووە مایەی نەهامەتی‌و تێداچوونی خەڵکێکی زۆری کوردو ئەو لاوانە کە لە فێڵ‌و تەڵەکەی سیاسەتی ئینگلیز تێنەگەیشتبوون. ئەرمەن چ نەهامەتیەکیان بە سەردا هاتبوو، بەسەر کوردیشدا هێنرا. ئەمە چۆن سیاسەتێکە گەلان هەستێنی‌و بەڵێنی یارمەتییان بدەیتێ‌و پاشان ڕوویان لێ وەربگێڕی‌و بیانخەیتە بەر گورزی خوێنخوارو زۆردارو جەللادی حکوومەتێکی بەهێز؟ لە هەموو خاوەن ویژدان‌و مرۆدۆستێك دەپرسم: ئەم کارە تا چ ڕادەیەك مرۆڤانەیە؟ لە سێرو مسیتەرەکانی ئینگلیز دەپرسم، با وەڵامم بدەنەوە؟

ئەفسەرێکی خوێن گەرمی کورد لەدێرسیم بە ئاشکرا خێڵاتی ئەو ناوچەیەی بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ڕاپەڕاند. هەمان کات بەگزادە پایەبەرزەکانی قۆچگیری‌و زازایش ڕاپەڕین. ئەم ڕاپەڕینە پاش ئەوە ڕوویدا

که حەیدەر بەگ بە دەستپێکردنی ئاگربەست هاتە ئەستەموولو، بەرنامەی بۆ دانا. حکوومەتی تورك هێزێکی عەسکەریی گەورەی بە فەرماندەریی نوورەدین پاشای بکوژی بەناوبانگی کوردو عەرەب نارده سەریان. هەر کە دەست بەکار بووبوو گوتبووی: لەمەوپێش (زۆ)کانمان لەنێو برد، ئێستایش خەریکی (لۆ)کان دەبین. نوورەدین بەهۆی ئارەزووکاریو ستەمو خوێنخۆرییەوە لە دەوروبەری عێراق، بە نەفرەتەوە یادیان دەکردەوە. تەنیا ئاواتێکی ئەوە بوو ئەرمەن بە وشەی (زۆ)و کودیش بە (لۆ) ناوببات.

ئەو پێشهاتە کە ناوی ڕووداوی (عیمرانیە)ی لێ نراوە، سوپایەکی زۆر گەورە بەشداریی تێدا کرد. حکوومەت دوایی لە بڵاوکراوەیەکدا بەناوی جوولانەوەی قۆچگیریو زازاوە بە ڕەسمی ڕایگەیاند: "عەزەمەتو براکانی بەحریو سابت بەگانی قلیچەکلیو سەرۆکەکانو عەزیزو تەقیو حەیدەر بەگ لە خانەدانەکانی (حامو و چویرمە)و حسێنو عاشوور لەدەستو پێوەندەکانیان لەگەڵ ١٥٩ کەسدا، جگە لە ١١٣ کەسی دیکە، کوژراونو ١١٠ کەسیش بە بریندارى گیراون. هەمان کات ٢٠٠٠ تفەنگو ٢١٨ بارگیرو ٢٠٧ سەربازی هەڵاتوو گیراون". بەمەدا دەردەکەوێ ئەم پێکدادانە چەند گەورە بووە.

ناوبراو پاش تەواوکردنی هێرشەکە کرایە پشکنیاری سوپا لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا. هەر ئەفسەرێکی کورد هەبوو، لەسەر کار لایبردن. هێندێکیشیان کە ٤٦ ئەفسەر بوون، هەر بە گومانو بەبێ دادکاری (محاكمة) گوللەبارانی کردن.

کەمالیەکان سەرەتا سوارەیەکی زۆری عەشایەری کوردیان ڕەوانەی شەڕی دژی یۆنانیەکان کرد. پاش ئەوەی سەرکەوتنیان لەو شەڕەدا بەدەست هێنا، زۆر بە گەرمی کەوتنە جێبەجێکردنی ئەو نەخشەیە کە ئیتیحادیەکان بۆ سڕینەوەی ناوی کورد دایاننابوو.

شەهید فەیزی (فیضی) بەگی نوێنەر (مەبعووس)و نیشتمانپەروەری کورد ساڵی ١٩٢٢ لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نەتەوەییدا لە ئەنقەرە، لە وەڵامی نوێنەرێکی تورکدا کە بە توندیو بەزمانێکی پڕسووکایەتی هێرشی کردبووە سەر کورد، گوتی: "ئەم وڵاتە تەنیا هیی تورك نییە، هاوزەمان وڵاتی کوردیشە". دوابەدوای ئەوەو بۆ ئەوەی کورد نەبنە کۆسپی سەر ڕێگای تورکان بۆ بەجێهێنانی خواستی گڵاوی تۆرانچێتیی خۆیان، لە کۆبوونەوەکەدا

کەوتنە باس‌و لێکۆڵینەوە بۆ پاکتاوکردنی کورد. هەر ئەوکاتە ئینگلیزەکان، پاش پەیمانی (لۆزان) کە کێشەی مووسڵ چارەسەر کرا، سیاسەتیان بەرانبەر بە کورد گۆڕا. بەڕادەیەك نەیاندەهێشت لە عێراقیشەوە یارمەتییان پێ بگات. هەروەها ئەو پەیمانە کە لەنێوان فەڕەنسەو تورکاندا لە ئەنقەرە مۆرکرا، بووە هۆی داخستنی سنووری سووریا. بەوپێیە لە باشووریشەوە یارمەتییان بۆ نەدەهات. بەمە کوردان لەهەموولایەکەوە گەمارۆ دران، بەشێوەی بەلەمێك لە زەریایەکدا پەکی کەوتبێ.

دیسانەوە کوردان لەبەر بەدبەختی‌و چارەڕەشی کەوتنە نێو تاریکایی. تورکانی خوێنڕێژ لە هەموولایەکەوە دەوریان دان‌و بە تۆپ‌و سونگییەوە خۆیان بۆ لێدانیان ئامادە کرد. ئەوانە لەوەوبەر بە خولیای تورکچێتییەوە خوێنی سرب‌و بولگارو (ئۆلاح؟)و ڕۆم‌و ئەرمەنیان ڕشتبوو و ماڵیان تاڵان کردبوون، ئێستایش تاقمێك بە ناوی نەتەوەپەرست (میللیچی)یەوە هاتوونە مەیدان‌و خۆیان بۆ ڕشتنی خوێنی کورد ئامادە کردووە.

ئێستا لەم کاتەدا خوێندنی کەڵەشێرێك کە دەوروپشتی بە کۆمەڵێك ڕێوی‌و تانجی گیرابێ، چ ئاکامێکی دەبێ. بانگەوازو دەنگی کوردو کوردستان لە دەوروبەری دیاربەکر بەرزبووەوە. تورکانی ئەو ناوچەیە هەر بەگو سەرۆك‌و شێخ‌و ئاغایەکیان بەردەست کەوت، خۆیان‌و خێزان‌و پیاوانیان ناردنە ئەو شوێنانە کە زۆرینەی دانیشتوانیان تورك بوون. بەمە دەست کرا بە ڕاپەڕاندنی بەرنامەی سڕینەوەی ناوی کوردو کوردستان لە ناوچە کوردنشینەکان.

کاتی خۆی چ زۆرداری‌و خوێنڕێژییەك لە ئەرمەن کرابوو، بەسەر کوردیشدا هێنرا. هەر چیاو دۆڵ‌و دارستان‌و چاڵێك هەبوو، پڕ لە لاشەی کورد کران. (دێرسیم)یەکان ماوەی چوار چەرخ بوو بەهۆی ئەو قارەمانانەیانەوە کە ڕووبەڕووی هەموو گەمارۆو دەستدرێژییەکی دوژمن بووبوونەوە، نەیانهێشتبوو پۆستاڵی تورکان بچێتە نێو شارەکەیان؛ ئەمجارە لەبەر خۆبەدەستەوەدانی تاقمی سەید ئەحمەد زۆر مەینەتی‌و ناڕەحەتییان بەسەردا هات‌و، هەموو ژن‌و منداڵەکانیان لە مزگەوتێکدا کۆکرانەوەو سووتێندران.

دەوروبەری بوهتان (بۆتان) کە هێلانەیەکی پاکی کورد بوو؛ سەربازانی هێزی یەکەمی سەفەری بەو مەدالیایەی کوردستان کە بەسەریاندا دابەشکرابوو، هاندران‌و لە گشت لایەکەوە کوردیان تێدا سڕییەوە.

ئازادیخوازانی کوردیــش ڕۆژ بــە ڕۆژ چـالاکیی توندوتیـژو خۆبەختکەرانـەیان دەنواندو لە مەیدانی شەرەفدا شەهید دەبوون.

ئەو هاوارەی کوردان کە بۆ جیهانی شارستانەتییان بەرز دەکردەوە، چونکە هیــچ جــۆرە پێوەندییــەکیان لەگــەڵ جیــهانی دەرەوەدا نــەبوو، نەدەبیســترا. هۆیەکی دیکەی بە هانای کوردانەوە نەهاتن ئەوەبوو کە کورد سەر بە ئاینی ئیسـلام بــوون‌و بــە کوشــتاری ئەرمەنــەکان تاوانبــار کرابــوون، لەبەرئــەوەی حکوومــەتی عوسمــانی کــاتی خــۆی جـلو بــەرگی کوردیــی کردبــووە بــەر ســەربازان‌و بەریدابوونــە ســەر ئەرمــەن تــا جیــهانی دەرەوە وابزانــێ کــورد ئەرمەنەکان دەکوژن. بۆیــە ئــەوروپاو ئــەمریکا گوێیــان بــەو هاوارانــەی کـورد نەدەدا.

تەنانەت بەڵگەنامە کۆکراوەکانی دوای ئاگربەست لەلایەن دیوانی جەنگی کوشت‌وبڕو کۆچ‌پێکردنەوە کە دوو ئەندامی ئەرمــەن بــوون‌و لــە ئەســتەمووڵ پێکهێنرابوو، چۆنایەتیی کوشت‌و بڕو کۆچ پێکردنی ئەرمەن‌و کەس‌و لایەنە بەشدارەکان ڕوون دەکاتەوەو دەیسەلمێنێ هێندێکیان ڕەوانەی دادگا کراون‌و خراونەتە زیندان‌و هێندێکیشیان ئیعدام کراون. پاشان زیندانی کراوەکانیان بە گۆڕانی سیاسەتی ئینگلیز براونەتە دوورگە (ماڵتە)و، پاش ڕێککەوتنیان لەگەڵ میللیچییەکاندا ئازاد کراون.

ئەو حکوومەتەی تورک کە بە وەلانانی خەلافەتی ئیسلامی‌و ئاین بە ناوی کۆماری تورکیاوە پێکهات، بنچینەییترین سیاسەتی گۆشکردنی تورکە لە هەر یەکێکی پچووکیەوە تا دەگاتە پیرترین کەسی بەوەی کە کورد وەك نەتەوەیەك نەناسێ‌و بستێك خاکی لەژێر خۆردا بۆ نەهێڵێتەوە. ئەو کوردانەی کە دەورانی خەلافەتی عوسمانی شوێن‌و پایەیەکی لایەقیان هەبوو و خزمەتێکی گەورەی حکوومەتی عوسمانییان کردبوو و چەندین پیاوی گەورەیان پێگەیاندبوو، ئەمڕۆ لە دەورانی ئەم کۆمارە عەلمانیەدا بە گەورەترین‌و گرنگترین دوژمنی تورکایەتی دەژمێردرێن.

تەنانەت دادگای (ئیستیقلال)ی تورك کە مێشکی ئەندامانی بەو هەستە پڕکرابوو، ساڵی ١٩٢٥ لە یاخیبوونە گەورەکەی کورددا بەبێ بیرکردنەوە لە تەمێکردن‌و بە سوودوەرگرتن لە هەلومەرج بەتوندی پێڕەویی بنەڕەتەکانی لەنێوبردنی کردووە. (عەلی سائیب)ی سەرۆکی ئەم دادگایە دەرچووی ساڵی ١٩٠٨ی بەشی سوارەی قوتابخانەی جەنگیی ئەستەمووڵ‌و کوڕی ئەفسەرێکی

تـورك بـووەو ماوەيـەك لـە رەوانـدز ژيـاوەو يـەكێك بـووە لـە بـەدخووترين قوتابييەكانى قوتابخانە عەسكەريەكانى بەغداو ئەستەموولْ. ئەم كابرايە كە لە ژنێكى جانەوەرو بەدخوو كەوتووەتەوە، وەك ئێسـترێك بەدڕەوشـتيى خۆيـى بەتـەواوى ئاشـكرا كـردووەو بـە قەسـابى كـوردە باڵبەسـتراوەكان نـاوى دەركردووە. بۆيە جێى ڕەزامەندىو پێزانينى سەرانى كەمالى بووە.

توركان لە جەنگى جيهانيداو پاشتريش لە جووڵانەوەكانى كەماليدا دواى ئەوەى بۆيان دەركەوت سوود وەرگرتن لە تەشكيلاتى هێزەكانى سوارەى كورد كـە لـە ٤٠٠٠٠٠ كـەس زيـاتر بـوون، مسـۆگەرە، دەسـتيان دايـە خراپـەو سـووكايەتىپێكردنيان. لەپێشـەوە دەسـتدرێژييان كـردە سـەر ناسـنامەى مێژوويى تايبەتيانو، هەوڵيانىدا گەلێك شتى ديكەيش بكەن. بەڵام حكوومەت بايەخى بەو عەشايەرە زۆرەى ژێر دەسـتى خـۆى نـەداو نەيهێشـت كـەڵك لـە گەلێك شاكارى شارستانەتى وەربگرن كە يەكێك لەوانە هێڵى شەمەندەفەر بوو و، هـەر لـە شـێوەى كۆچـەردا مانـەوە. لەبەرئـەوەى كـورد خـاوەنى ژيـانێكى زيندوو و سەربەرزانەيە، هەموو ئەو خراپەكاريانە نەيانتوانى سەرى پێ نەوى بكەنو هەر بە سەربەرزى مايەوە.

ناوچەى كوردستان نيوەى ئەنادۆڵى دەگرتەوە. لەبەر ئەوەى دادگاكانى بە توركى بوون، زيندانى يا بەرەڵاكردنى گومانلێكراوێكى بێگوناح دەكەوتە سەر ويژدانو ئينسـافى ئـەو كەسـەى كـە كـاتى دادكـاريكردن قسـەكانيى دەكـردە توركـى. زۆر جـار قسـەكانى دژى گومانلێكراوەكـە دەگـۆڕدران. ئەگـەر ئـەو قوڕبەسەرە پارەى نەدايە، زيندانى دەكرا يا ماڵو منداڵى پەرێشان دەبوو.

جـەنابى (ئيحسـان نـوورى)ى قارەمـانێكى ڕاپـەڕينى كـورد سـاڵى ١٩٢٥ ناميلكەيـەكى بڵاوكردەوە، ڕووداوێكـى وەكـوو خـۆى لێ ڕادەگـوازم تـا تـەرزى عەدالەتى دادگاكانى ئەوكاتە بخاتەڕوو:

كابرايـەكى (بـووز ئۆغڵـوو تـەمۆ) نـاوى خـەڵكى مـەلازگرد، سـەروبەندى گەڕانەوەى لە ئەسـتەمووڵەوە بـۆ شـارەكەى خـۆى، كـاتێك دەچێتـە ناوچـەى (خنس) هاوڕێكانى ڕێگاى ڕووداوێكيان لەنێواندا دەقەومىو كابرا دەستگير دەكرێـتو بـەبێ هيـچ پـرسو وەڵامێـك دەخرێتـە نێـو بەنديخانـە. (٣٠) سـاڵ لەوەبەدواوا دادگا چاو بە نووسراوەكانيدا دەخشێنێتەوەو بۆى دەردەكەوێ: ئەم كابرايە بێگوناحەو هيچى لەسەر نييە. فەرمانى بەردانى بۆ دەردەكات. بەڵام كە (تەمۆ) ئاگادار دەكرێتەوەو بەردەبێ، دەست دەكات بە گريانو دەڵێت: من (٣٠) ساڵ لەمەوبەر بۆ دابينكردنى خۆراكو پێداويستەكانى خێزانەكەم لە

ئەستەموولەوە هاتمو خرامە ئێرەو تا ئێستا لێرە ڕاگیرکراوم. ئێستا منداڵەکانم نەماونو، خۆیشم پیر بووم، چیم پێ دەکرێ.

سوپای تورك بەلا بوو بۆ کوردان. ئەو گوندنشینەی بەردەوام کاری دەکرد، کاتێك بەرهەمەکەیی بە کۆمەڵ دەگواستەوە، لەڕێگا تەسلیمی ناوەندی فەوجی دەکردو پسووڵەیەکی بەپێی ئینسافی دەستەی فەوج پێدەدرا. پاشتر خۆی زستانێکی سەختو درێژی لەبریی نان بە خواردنی توێکڵە داربەڕوو بەسەر دەبرد.

ئیدارەی تورك لە دوا چارەکی چەرخدا کاری سەرەکیی ئەوە بوو نەفرەتو دوژمنایەتی بخاتە نێوان خەڵكو خێڵەکان، لەوانە خێڵەکانی شەرناخو باتوانو دێرشاو دەکرانە دوژمنی یەکدی. کاتێکیش بە ڕێنوێنیی کۆمیتەی نهێنیی (خۆیبوون)ی کوردستان ژێربەژێر ئاشت دەکرانەوە، فیرقەی دووەمو فەرماندەریی فەیلەقی حەوتەم کە لەو ناوچەیەدا بوو، دەکەوتنە پەلەقاژەو سەخڵەت دەبوون.

ئەو باسانە کە لەسەرەوە بەرچاومان خستوون دەریدەخەن میللەتی کورد دووچاری جۆرەها کوێرەوەرییو ناهەقی بووە. وێڕای ئەوە، بزووتنەوەی کورد بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بەرەو پێشەوە چووەو گەلێك قارەمانی کردووەتە قوربانیو گەشەی سەندووە.

٢-ڕاپەڕین:

حکوومەتی تورك دەیزانی بارودۆخەکە لە چ ئاستێکدایەو، هەمیشە خۆیی بۆ هەر ڕووداوێکی چاوەڕوانکراو ئامادە کردبوو تا ڕێ لەهەر جموجوولێك بگرێ. ئەوەبوو چەندین کەسی بە تۆمەتی جیاجیا دەستگیر کرد. ئەم گرتنو ڕاوەدوونانەی تورك ساڵی ١٩٢٥ گەیشتە رادەیەك کە ئیدی لە وزەدا نەما. بۆیە شێخ سەعید ئەفەندیی تێکۆشی مەزن ڕاپەڕینێکی گەورەی بەرپارکرد، بڕیاریدا دەنگی تۆپو تفەنگ لە هەموو لایەکی کوردستان نەوەستێ تا مافی خەڵکی بێتاوانی کورد بەدەست نەهێنرێت. ئەو ڕاپەڕیوانەی کە لەگەڵیدا بوون، بە یارمەتیی خواوەندانە لە یەکەم هەڵمەتیاندا سوپای نۆیەمیان لە ناوچەی ئەرزرۆمو سوپای هەشتەمیان لە ناوچەی ئەرزنجانو سوپای حەوتەمیان لە دەورووپشتی دیاربەکر شکاند، ئەگەرچی ئەم سوپایانە بە ڕقو کینەیەکی بێئەندازەوە بەرگرییان دەکرد. ڕاپەڕیوان چیاکانی (قوپو سپیکور)یان گرتو لە ئوورفەو سیوەرەك نێزیك بوونەوەو، هەمو ئەو ناوچانەیان خستە ژێر دەستی خۆیان.

١٤-حەوتەم دەوران
لە یاخیبوونی خوالیْخۆشبوو شیْخ سەعیدەوە تا دووەم جەنگی جیهانی

قەلاّی دیاربەکر لە ٣١ی مارتی ١٩٢٥دا لەلایەن پیاویٚکی زۆر بەڕیٚزەوە ناسراوی ناوچەکەدا کە شیٚخ سەعید ئەفەندی بوو، گیرا. جەنگاوەرانی کورد هەر بە گرتنی قەلاّکە ئالاّی کوردستانیان لەسەر هەلْکردو حکوومەتی کوردیی زازایان ڕاگەیاند. پاسەوانانی نیٚو قەلاّکە دیل کرانو؛ پاش ئەوەی چەکەکانیان لیٚ سەندرا ئازادکران.

وەك لەسەرەوە باسکرا، ئەم ڕاپەڕینەی کورد ڕیٚکخستنە نهیٚنییەکانی (خۆیبوون)و شەهیدی گەورە میرالاّی خالید بەگی سەرخیٚلّی (جبران)و هەولّو کۆششی هەڤالّەکانی ئامادەیان کردبوو. کە فەوجە عەسکەریەکانی تورك لەنیٚو بران، دوازدە ویلایەت یەك لەدوای یەك کۆنترۆلّ کران. ڕاپەڕین ڕۆژ بەڕۆژ پەلی دەهاویٚشت. بەلاّم لەبەرئەوەی ڕاپەڕین پیٚش ئەو وادەیە کە دەستەی گشتیی کۆمیتە بۆی دانابوو، دەستی پیٚکرد، چەند وەستانیٚك ڕوویان داو کارەکان بەتەواوی نەگەیاندرانە ئەنجام. ڕاپەڕین لەکاتیٚکدا بەرپابوو کە هیٚشتا پردی (جرابولس)ی سەر ڕووباری (فورات) تیٚك نەدرابوو، بۆیە لە ناوچەی (حەسنان)ەوە دەستی پیٚکرد.

هەرچەندە کوردان خاوەنی بیروباوەڕیٚکی یەکگرتووی شۆڕشگیٚڕانەو ڕیٚکخستنەکانی کۆمەلّەیەکی ناوخۆیی بوونو زۆر باش دەست بەکار بوون، بەلاّم وەکوو تورکەکان ستادیٚکی بەهیٚزی جەنگو فەرماندەرو هیٚلّی گەیاندنو تۆپو چەکی میکانیکییان نەبوو. هاوکات بیریان لەوە نەکردبووەوە بالّەکانی هیٚزەکانیان بەسەر سنوورە بیٚلایەنەکاندا بلاّوبکەنەوە، بۆیە نەیاندەتوانی خۆ لە بەردەم هیٚزی گەورەی تورکاندا ڕابگرنو بەرەنگاری هیٚرشەکان ببنەوە. ناوچەی ڕاپەڕین سەرەتا -وەك لەسەرەوە باسکرا- بە سیٚ فەیلەقی تورك گەمارۆ درابوو. ئەم سیٚ فەیلەقیش بریتی بوون لە ٩نۆ فیرقەی پیادەو ٣٦ سیو شەش فەوج کە ٢٧ بیستو حەوت فەوجیان پیادەو ٩نۆیشیان تۆپخانە بوون.

تورکەکان ئەو فیرقە سواریانە کە لە قارسو جزیرەو نوسەیبین بوون، ئەیلوولی ساڵی ١٩٢٤ بەناوی جموجوولّەکانی مووسلّەوە لە ناوچەکانی

خۆراواوە هێنایاننە دەوروبەری سعردو مێردینو میدیاتو، خرانە سەر ئەو هێزە پیادانە کە لە ناوچەکەدا بوون. بەم پێیە سوپای یۆنانی لەماوەی پازدە ڕۆژدا لە خۆراوای ئەنادۆڵ دەرپەڕاند، ئەگەرچی کەرەستەی جەنگیی لەڕادەبەدەرو هێندەی ئەو هێزە بوو کە فریێ دابووە نێو زەریا.

ساڵی ١٩٢٠یش بەهۆی ئەو فڕۆکەو زرێپۆشو ئۆتومبیل و ئامرازە هەمە جۆرانەی جەنگەوە کە حکوومەتە بەهێزەکان پێیان دابوون، توانییان لەماوەی پێکدادانی یەك ڕۆژدا هێزی نەتەوەیی ئەرمەن لە (ساری قامیش)و دوای مانگێکیش پشوو بە چوار ڕۆژ لە ناوچەیەکی گرنگو مەحکەمی وەك (قارس) بشکێننو، لە ئەنجامی پێکدادانیشدا لە ئەلکساندەر پوول (کومری) وەدەریان بنێنو ناچاریان بکەن چەکەکانیان تەسلیم بکەن.هێزەکەی تورك زۆر کەم بوو، لە چەند فیرقەیەکی پیادەو لیوایەکی سوارە زیاتر نەبوو.

ڕاپەڕیوانی کورد سێ‌چوار ئەوەندەی ئەو هێزە بوون کە پەلاماری ئەرمەنستانی دابوو و لەو هێزەیش تواناتر بوون کە سوپای یۆنانی تووڕدایە نێو زەریاو، بە سایەی گیانی ڕاپەڕیوانەو خەسڵەتی شەڕکەرانەو قبووڵ نەکردنی ستەمو زۆرو بەشخوراوییانەوە سوپای سێیەمی تورکیان تواندەوەو دوازدە ویلایەتیان لە پشکنیاریی سوپای سێیەم داگیرکردو خستیاننە ژێر دەستی خۆیان. بەم شێوەیە حکوومەتی تورکیا ناچار بوو سەر لەنوێ سوپایەکی سەد هەزار کەسی بنێرێتەوە.

ئەو کوردانەی کە بە عەشقو باوەڕێکی نەتەوەییەوە دەستیان دابووە چەك، حکوومەتی تورك بەبێ هەستکردن بە کەمێك ویژدانو مرۆدۆستی زۆر نامەردانە هێرشی دەکردە سەریانو، لە دەرەوەیش وای بڵاوکردووەوە گوایە ئەمانە کۆمەڵێك شێخو مەلانو دژی ئەم کۆمارە عەلمانییە هەستاونو، بەمە ڕای گشتیی ئەوروپای بە هەڵەدا بردبوو. پاشان هەموو هێزەکانی خۆی لە خۆراواو باکوورەوە (تەرابزوونو قارسو سیواس)و لە باشووریشەوە بەو هێڵە ئاسنەدا کە بە ناوچەی ژێردەستی فەرەنسەدا تێدەپەڕی، لە کاتێکی چاوەڕوان نەکراودا هێنایە سەر کوردستان.

وەرچەرخانی گەورەی جیهان بریتییە لە چەسپاندنی مافی مرۆڤو بیروباوەڕی ڕزگاریو ئازادیی هەموو مرۆڤایەتی، بەتایبەت لە سەدەی بیستەمدا کە هاواری زۆرلێکراویی گەلی کوردی خنکاند، لەکاتێکدا ناچار بووبوو بۆ بەدەستهێنانی مافی ڕەوای خۆی دەست بداتە چەك. یاریدەی

تورکەکانی‌دا بەوەی هێڵەکانی ئاسنی بۆ تەرخان کردن تا هێرش ببەنە سەر کوردو ئەو میللەتە بەشخوراوە لەنێو ببەن. بەلام لە ئەنجامدا خوا هەقی لێکردنەوەو لەسەر ئەو کردەوە نامرۆڤانەیە سزای دان بەوەی ئەڵمانیا هێڵی ماجینۆی وەرگێڕاو ئەو ولاتە جوانەی هەڵشێلا.

هەرچی ئەو هێزانەی کوردیشە کە هێزەکانی تورك لە باشوورەوە پەلاماری‌دان، بەشی زۆریان تێداچوونو بەشێکیان بەدیل گیرانو ئەوانەیش کە ڕزگاریان بوو بە خەنجەر هەڵیانکوتایە سەر تورکەکانو بە هاواری (بژی کوردوکوردستان) شەهید بوون. ئەگەر ئەوکاتە قونسڵی بیانی لە ناوچەی کوردستان هەبوایەو کوردان پێوەندییان بە جیهانی شارستانییەوە ببوایە، ئەوسا بارودۆخەکە بە جۆرێکی دیکە دەبوو.

هەر ئەو کاتەیش ئینگلیزەکان پاش کێشەی مووسڵ لەسەر ئەوە لەگەڵ تورکەکاندا پێکهاتن کە یارمەتیی کورد نەدرێتو خواستو مافەکانیان پێشێل بکرێن. ئەگەر ڕووسیای سۆڤێتیش سۆزو ئارەزووی دەربڕیبایە، نەخشێکی دیاری بۆ کوردان دەبوو. ئەم ڕاپەڕینانە بە هەر شێوەیەك بێ دامرکێنرانەوە، بەلام جوولانەوەی نەتەوەییی کورد بە هیچ ڕێگایەك ناکوژێتەوە.

(شێخ محەمەد ئەییووب)ی دانیشتووی (قەرە بەغچە)ی سەر بە (سیوەرەك) ڕاگیر کرا (توقیف)و، بۆ ئەوەی ئەم کارە نەبێتە هۆی مقۆمقۆ لەنێو عەشایەردا، هەر لەگەڵ ڕاگیرکرندا ٢٣ی نیسان لە مەیدانی دیاربەکر ئیعدام کرا. دکتۆر فوئاد بەگی کوڕی حاجی ئیبراهیم لە ڕۆشنبیرە گرانبەهاکانی کورد، کە لە دیاربەکر دەستگیرکرا، کاتی دادکاریکردن زۆر ورەبەرزو مەردانە داکۆکیی لە کوردستان کرد. شەهید دکتۆر فوئاد لەلایەن دادگاوە لێی پرسرا: "تۆ لە کاتێکدا لە تورکیا خوێندووتەو بە تورکی دەدوێی، بۆچی داوای سەربەخۆییی کوردستان دەکەی؟" ئەویش لە وەلامدا گوتی: "لەبەر ئەوەی کوردمو دەمەوێ نیشتمانی کورد ببینم. ئەفەندیەکان تا سونگیی تورك لەکوردستان بمێنێ، کێشەی کورد دواییی نایێت". (عەلی سائیب)ی سەرۆکی دادگا هیچ پرسیارێکی دیکەی لێ نەکرد. بەلام گوتی: "تۆ ژیانی خۆت بۆ بەدیهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ بەخت کرد، بۆیە ئیعدام دەکرێی. ڕۆژی ٧ی مایس ئیعدام کرا. بە ئیعدامکردنی هەر سەرۆکێك، (٥٠-٦٠) کەسیش لە عەشایەرە گیراوەکان ئیعدام دەکران.

(کەمال فەوزی بدلیسی)ی بنووسێکی خوێن گەرمی ڕۆژنامەی (ژین)و دەرچووی قوتابخانەی شاهانەی موڵکی، لە تەرابزوون‌و دیاربەکر بەدوویدا دەگەڕان بیگرن. دوایی لە دەوروبەری (مەلازگرد) دەستگیرکراو نێردرایە دادگای دیاربەکر. شەهید کەمال فەوزی کە هێنرایە بەردەم دادگا گوتی: ”من بە ئاغاکانم گوت خەلیفە دەوری گێراوەو تورکان دەیانەوێ کۆمارێکی عەلمانی دابمەزرێنن. کوردیش بۆی هەیە وەکوو گەلانی دیکەی جیهان داوای مافی خۆی بکات. ئەمە مافێکی خۆمانە".

سەید عەبدولقادر ئەفەندیی بەناوبانگی کوڕی سەید عوبەیدوڵڵا ئەفەندیی شەمدینانیی سەرۆکی پێشووی کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان لە دادگای "ئیستیقلال" تووشی گەلێك لێپێچانەوە بووەو داوای ناوی ئەندامانی ئەستەمووڵیان لێکردووە. ئەویش ناوەکانی داونەتێ‌و گوتوویە: بیرمان لە دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆو ئالآیەکی کوردیی پێکهاتوو لە ڕەنگەکانی (سوورو زەردو سپی)و خۆرێکی پرشنگدار لە ناوەڕاستدا دەکردەوە کە لەگەڵ مێژوو و گیانی نەتەوەییی کورددا بگونجێت. ئەمەیش مافێکی کوردەکانە.

ئەو ڕۆژە لە مێژووی کوردستاندا کە دەبێ هەموو کوردێك بە دڵێکی پڕ خەفەت‌و ئازارەوە یادی بکاتەوە، ۲۹ی مایسی ساڵی ۱۹۲۵ەو سەید عەبدولقادر ئەفەندی‌و سەید محەمەدی کوڕە گەورەی‌و کەمال فەوزیی قارەمان‌و محەمەد تۆفیقی پارێزەرو حاجی ئەختی‌و کور سەعدیی لەگەڵ خۆجە عەسکەری ئەفەندی‌و (۸۵) سەرخێڵدا لەبەردەم مزگەوتی گەورەی دیاربەکردا تێدا لەسێدارەدران.

(حەققی ناشد)ی هەواڵنێری ڕۆژنامەی تورکیی (وەقت)ی ئەوکاتە هەواڵی داوەتە ڕۆژنامەکەو گوتوویە: ئەو شەوەی کە ئەم زاتانە ئیعدام دەکران، تا بەیانییان بە قورئان خوێندن‌و گۆرانیی کوردی بردە سەر. کاتێك برانە سەر سێپای ئیعدام، حاجی ئەختی‌و کەمال فەوزی هاواریان کرد: ”بژی کوردستان، بژی بیروباوەڕی کوردایەتی". خۆجە عەسکەریش گۆرانیی کوردیی گوتووەو سەریی خستووەتە بەردەستی جەللادەکە. سەید عەبدولقادر ئەفەندی گوتوویە: "ئیعدامکردنی ئێمە، هیچ گومانی تێدا نییە دەبێتە هۆی ژیانەوەی کوردستان". ڕەحمەتی خوا لە هەموویان بێ.

لەکاتێکدا ئەم کێشمەکێشە بەردەوام بوو، بیناشی قاسم بەگی یەکێك لە سەرخێڵەکان ئەوەی بەهەلزانیو، بە خۆیو هێزەکەیەوە یاخی بوو. لە ئەنجامدا خۆیو ئەوانەی کە لەگەڵیدا بوون: مەبعووسی کورد یووسف زیا بەگی قارەمانو[17] ڕەشید بەگی کوڕی موفتیی (مووش)، دەستگیر کران. ئەمانە کاتی دادکاریکردن گوتوویانە: "لەبەر کوشتنو بڕینی دژ بە کورد، بەپێوستمان زانی شێخ سەعید ئەفەندی بکەینە سەرۆکمانو لەدەوری کۆببووینەوە. ئەمەمان بە ئەرکێکی نەتەوەییی خۆمان دانا"و ئیعدام کراون.

شێخ سەعید ئەفەندیی سەرۆکی ڕاپەڕین پیرێکی ئاینی بوو. کە لەگەڵ (٣٧) پیاوی ئاینیی خۆیدا ڕۆژی حەوتی حوزەیران بە پەلە دادکاری کران، زۆر سووکایەتیی پێکرا. سەری ئەم پیرە بەڕێزەیان تاشیو گەلێك قسەی ناشیرینیان پێگوتو ئەشکەنجەیان داو، وەکوو ئەوانی دیکە لە هەمان شوێن ئیعدام کرا.

دەبێ ئەم پیرە بەڕێزە بە دێڕی زێڕین ناوی لە مێژووی کورددا بنووسرێت. کاتی دادکاریکردن، سەرۆکی دادگا لێی پرسی: "چی پاڵی پێوەنای پۆستی خۆت بەجێ بهێڵیو شۆڕش بکەی؟". ئەم پیرە لە وەڵامدا وەك شێر نەڕاندیو گوتی: "کردەوەی ستەمکارانەو کوشتو بڕی دژ بە کورد پاڵیان پێوەنام تۆڵەیان بستێنمەوە. بە ناوی خوا شۆڕشەکەم هەڵایساندو بە بیروباوەڕی خۆم سەرقاڵی جێبەجێکردنی بووم. کوردە زۆرلێکراوەکانتان لە خانەوماڵیان وەدەرناو کاری خراپتان لەگەڵ ئافرەتانیاندا کرد. منیش بۆ تۆڵەی ئەو کردەوە دزێوو ناهەقیانە بڕیارمدا لەجیاتیی کوشتنی یەك کورد شەست تورك بکوژمو تا مردن هەوڵی دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردیی سەربەخۆ بدەم. ئەمە ئەرکی سەرشانی ئێمە بوو. من ئەم بیروباوەڕەم خستبووە مێشکی هەموو ئەو

[17] یوسف زیابەگ ڕۆشنبیرو تێکۆشێکی کوردی خەڵکی بدلیسە. ئەندامێکی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی ئازادیو سەرۆکی لقی بدلیس بوو. ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٤ لە ئەرزڕۆم دەستگیرکراو بۆ دادکاریی نیزامی برایە بدلیس. دوابەدوای هەڵایسانی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران دەوروبەری ١٩ یان ٢٠ی مارتی ١٩٢٥ لەگەڵ خالید بەگی جبرانی سەرۆکی "ئازادی"دا لە بدلیس بەداردا کران. ئیسماعیل حەقی شاوەیس گوتوویە: ئازاترین کەسە لە ژیانمدا دیبێتم (بڕوانە: رابرت لولسن، عین اثر، ص ٧٤-٧٥، ١٤٢، ١٧٣و، الاستاذ اسماعیل حقي شاویس یروي صفحات من نضال الشعب الکردي، جریدة "التآخي"، العدد ١٤٦٠، ١٥ تشرین الاول ١٩٧٣).

پیاوە ئاینیانەی کە لەگەڵمدا بوون". قسەکانی ئەم پیرە ئاینیە شوێنێکی زۆر بەرزو پایەداریان لە مێژووی نەتەوەییی کورددا هەیە. دەبێ هەموو کوردێکیش بەوپەڕی ڕێزەوە یادی ئەم پیرە ئاینیە بکاتەوە. چەندە لەبارەی ئەم مرۆڤە بەڕێزو پایەبەرزەوە بنووسین، ناتوانین پاداشتی بدەینەوە.

ڕۆژی ١٥ی حوزەیرانی ١٩٢٥ لەو دادگایەی دیاربەکردا کە کەوتبووە دادکاریی (مستەفا دخانی)ی نیشتمانپەروەرو کوڕە (عەزمی) ناوەکەی کە منداڵێکی یازدە ساڵان بوو، کوڕەکەی کاتی دادکاری گوتی: "من تەمەنم ١٠ ساڵە، تفەنگێکم دەست کەوت. بەو تفەنگەوە بۆ کوردستان هاتمە مەیدان. بەڵام تفەنگەکەم بەکار نەهێنا".

ڕۆژی ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٢٥ دادگا حوکمی ٩٣ کەسی دابوو بە ئیعدامو، بەم شێوەیە حوکمەکەی پێ ڕاگەیاندن: "ئێوەش کە وەکوو هاوڕێ ئیعدامکراوەکانتان نیشتمانی کوردستانیان خستووەتە مێشکتانەوە، ئیعدام دەکرێن. لەو دنیا نیشتمانی کوردستان دروست بکەن". هێندێک لە حوکمدراوەکان هاواریان کرد: "ئێمە دەمرین، کوردستان هەر دروست دەبێ. دنیا دەبڕێتەوەو نەفرەت لە ئێوە".

ئەوانەی سەرەوە چەند نموونەیەك بوون لە مامەڵەی نامرۆڤانەی تورك بەرانبەر بە کورد. جگە لەوە، بەردەوام لە ساردترین ڕۆژانی زستاندا خەڵکانی بێتاوانیان لە ماڵەکانیان دەهێنایە دەرێو لە سایەی ڕەحمەتی جەندرمەکانیاندا دەیانناردنە شوێنە دوورە دەستەکان. ئەم تورکانە بەم شێوەیە لە سەدەی بیستەمدا کاری وایان لێ دەوەشایەوە کە کاتی خۆی ئاتێلاو جەنگیزو هۆلاکۆ کردبوویانو ڕێگای ئەوانیان گرتبووە بەر. ئەم کردەوانە تەنیا بۆ ڕشتنی خوێنی خەڵکانی بێتاوان بوون.

ئەو کوردانە ٦٠٠٠ ساڵە لەو ناوچانەی خۆیاندا دەژین کە بە نیشتمانی خۆیانی دەزانن. تورکان چەند سەد ساڵێکە وڵاتیان داگیرکردوونو بە شێوەیەکی نەخشەبۆکێشراو زوڵمیان لێدەکەنو بەردەوام بە ڕێگای هەمەجۆر هەوڵی سڕینەوەیان دەدەن. بۆ نموونە ئەگەر سەرۆكو ئەندامانی هۆزێك لایەنگریی سەربەخۆییان بکردایە، دیوانی جەنگ بە کۆمەڵ ئیعدامی دەکردنو دەدرانە بەر تۆپو بۆمباو تفەنگی میکانیکیو دێهاتەکانیان بە فرۆکە بۆردومان دەکراو ماڵەکانیان بەتاڵان دەبراو خەڵکەکانیان دەکوژران. ئەوانەیش کە ڕزگاریان دەبوو، هێزەکانی عەسکەریی ناوچەکە دەیانکوشتن.

کۆچ پێکردنیش بە شێوەیەکی دیکە دەبوە هۆی سڕینەوەی کورد. ئەمەیش بەم جۆرەی لای خوارەوە جێبەجێ دەکرا: گەورەو پچووکو ژنو منداڵی دانیشتووی ناوچە شاخاویە کوێستانەکان ڕۆژانی ساردی مانگەکانی کانوونی یەکەمو کانوونی دووەمو شوبات بەبێ جیاوازیو بەزۆر لە ماڵەکانیان دەهێنرانە دەرێو بەپێو بە برسێتی بەسەر بەفردا دەبرانە ئەوپەڕی ئەنادۆڵ. بەمپێیە مەبەستی لەنێوبردنی کوردیان هێنایەدی. بۆ نموونە کاروانێك لە بایەزیدەوە بەڕێخراوە بۆ ئزمیر. ئەگەر ٥٪ی ئەم کاروانە گەیشتبێتە جێ، بە سەرکەوتنێکی باشیان زانیوە.

ئەو ژنو منداڵانەی کە لە بۆردومانداا پێوە نەدەبوونو ڕزگاریان دەبوو، لەملاو ئەولا دەخزانە نێو کەلاوەکانو خۆیانیان دەشاردەوە. دوایی سەربازەکان بۆیان دەگەڕانو دەستگیریان دەکردنو دەیاندانە ماڵە تورکەکانی ئەنادۆڵو، لەو ماڵانەدا وەکوو دیل بەبێ پارەو مانگانە کاریان دەکرد. ئەوانەیشیان کە ئیشیان لەدەست نەدەهات، بەرانبەر بە چەند پوولێك بەسەر شوێنە جیاجیاکاندا بڵاودەکرانەوە.

ئەو دوو هەزار ژنو منداڵو پیرو پەککەوتانەی کە لە بایەزید کۆکرابوونەوە، بە زیندوویی خرابوونە نێو چاڵێکی گەورەو خۆڵیان بەسەردا کرابوو و، بەوشێوەیە مردبوون. (٢٧) پیاوی بنەماڵەی گەورەیان لە باکووری گۆلی (وان) کۆکردووەتەوەو سەریان بڕیونو سەرەکانیان خراونەتە سەر ئەسپو لەنێو عەشایەرەکاندا شاردراونەوەو، لاشەکانیشیان سووتێنراونو ژنەکانیان دراونەتە سەربازەکان بۆ رابواردن.

ئەو خەڵکەی کە لە (عادلجواز) دەژیان، بە ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆرەوە بەرەو مردن دەبران. خەڵکی ئەوناوە چاوترسێن کرابوون. (٢٨) کچی جوانیان بە شێوەیەکی تایبەت لە (چەپاقچوور) کۆکردەوەو پێشکەشی ئەفسەرانی هێزە عەسکەریەکە کران. دوای ئەوانیش درانە سەربازەکان بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزووی دڕندانەیان. پاش ئەوە هێزە عەسکەریەکە لەوێ نەماو چووە بەرەکانی جەنگ، کچەکانیان کوشتو، ئەوانەیشیان کە نەکوژران خرانە نێو ئاوو مەشقی نیشانی تفەنگیان لەسەر کردن. (گوڵشەن) ناوێك یەکێك بووە لەو کچانەو ئەفسەرێك لە کوشتن پاراستوویەو لە هەموو کچەکانی دیکە جوانتر بووە، خۆیی گەویاندووەتە سووریاو باسی گەلێك خراپەکاریی دیکەی کردووە.

کۆچ پێکردنی خوێناویی ساڵی ١٩٢٥ هەر بەردەوام بوو. (٤٥٠) کەس لە ژنو منداڵو پیری کوردی (زازا) کە هاوینی ساڵی ١٩٢٨ لە کۆڵانەکانی دیاربەکر سواڵیان دەکرد، بە فەرمانی والی کۆکرانەوەو لە دەرەوەی شار بە کۆمەڵ گوللەباران کران. ئەو کوشتنو کۆچ پێکردنەی کە تورکەکان کاتی جەنگ بەرانبەر بە ئەرمەنەکان کردبوویان، لە شارەزاییەکی تەواوەوە دەرهەق بە کورد کردیانەوە.

ئەوروپاو ئەمریکا لەکاتێکدا بە ناوی مرۆڤایەتیو بەزەیی‌پێداهاتنەوە یاریدەی هەموو لایەك دەدەنو لە کرداری جانەوەرانەو دڕندانە دەپرسنەوە، بۆچی سەرۆکەکانی ئەو دەوڵەتانەی کە لە جەنگی جیهانیدا سەرکەوتن یا دەزگای (کۆمەڵەی نەتەوەکان) کە زیاتر ئینگلتەرە پێوەندیداریەتی لە کوشتو بڕی دژ بە ئەرمەنیان نەپێچایەوەو نەکۆڵیەوە؟ من بەناوی مرۆڤایەتیەوە لێیان دەپرسم.

ملیۆنەها کورد لانی‌کەم یەك ملیۆنو نیوی لەنێو بران، جیهان شارستانەتی لێی بێدەنگ بوو. سەدان هەزار کچو ژن کە تورکانی دڕەندە دەستدرێژییان کردە سەر ناموسیان، بە منداڵەکانیانەوە وەك دیل درانە ماڵان بۆ کارکردن. گەلێك ژنیش بەزۆر خرانە شوێنە خراپەکان. جیهانی شارستانەتی هەرکاتێك ویستبێتی داکۆکیی کردووە، بەڵام لەمەدا بێدەنگ بووە.

ئەفسەرانو مەبعووسانو فەرمانبەرانی تورك کاتێك لە کردەوە باسکراوەکانی سەرەوە تێربوون، ئەو بێچارانەیان کوشت. کەسێك نەبوو ئەو کردەوانە قەدەغە بکات. ئەمڕۆیش ئەفسەرێکی تورك یا فەرمانبەرانو خێزانیان لەو ناوچە جیاکراوانەدا کە ناوی ویلایەتەکانی خۆرهەڵاتیان لێ نراوە، بەشێوەیەك حوکم دەکەن کەس لێیان ناپرسێتەوەو ماوەی خزمەتیان لەوێ دەبڕێتەوە. بەڵام دەبێ تورکان بزانن ئەو گیانی کوردایەتیەی کە کۆمەڵەی (خۆیبوون) تۆوچێنی کردووەو تا ئەمڕۆیش هەر لەبرەودایە، ناتوانن بیکوژێن. ئەم ئاگرە هەموو ڕۆژێك دەسووتێو دەسووتێو، بەناوی (کۆمەڵە)وە بێ یا هەر ناوێکی دیکە بڵێسە دەداتو ئەو ناوە ڕووناك دەکاتەوە.

دەتوانن بچنە هەرلایەکی کوردستان، با بچن. ئاگری کوردستان لەسەر لوتکەی هەر چیایەکی بەرزی لە هەرە قووڵترین چاڵاییدا بە هەموو گەرمییەکەوە لە سووتاندایە. ئەم ئاگرە دەبێ ڕۆژێك گڕەکەی خۆی بەرز بکاتەوەو پێشانی جیهانی بدات. ئەم ئاگرە دەستێکی مرۆدۆستانەی بۆ تێکهەڵدان پێویستە کە بەزەییی بە بێهێزدا بێتەوەو، کوردانیش تێکڕا بە یەکدەنگو بە هەموو دڵیانەوە ئەم دەستە بگرنە خۆیان.

١٥-بۆ ئەو برایانەم کە خۆ بە کورد دەزانن

میللـەتانی خۆرهـەلأت بـە کردنـەوەی گرێکـانی ژێردەسـتەیی‌و دامـاوی‌و دیلایـەتی کـە لـەژێر بـاری گرانیـدا دەیاننـالاند، هـەنگاوی گـەورە بـەرەو سـەربەخۆیی‌و ئـازادی دەنێـن. ئـەمڕۆ جیـهان لـە وەرچـەرخانێکی سیاسـی‌و کۆمەلأیـەتیدا گـەلێك ڕووداوی نوێـی هێناوەتـە کایـەوە. وێـڕای هـەموو ئەمانـە، میللـەتی کوردی خاوەنی مێژوویـەکی هـەزاران سـالە تـا ئێسـتایش گـیرۆدەی دەستی دیلییـەو، بەشـێکی گرنگی بە شـێوەی دەسـت‌وپێوەند لـەژێر دەسـتی تۆرانیەکاندا دەژی. ئەو کوردانەی کە چەندین سەدەیە لە مەیدانێکی شەڕەوە چوونەتە مەیدانێکی دیکە یا نێردراون، ئەمڕۆ کراونەتە هۆیەکی قایمکردنی جێ‌پێی چەند کەسێك. ئەو کوردانـەی کـە تا سـەدە نێزیکـەکانیش شـەرەفی نەتـەوەیی خۆیانیـان پاراستبوو، ئـەمڕۆ بـۆ دابینکردنـی ئـارەزووی هێندێـك سەرۆك‌و فەرمانبەرە نەزانەکان وەك ئامێرێك بەکاردەهێنرێن.. بە ئاگابنەوە..

وڵاتانی عێراق‌و سووریاو لوبنان‌و خۆرهەلأتی ئەردەن کە لە چاو گەورەیی‌و فراوانیـی خـاکی کـورددا ناوچەیـەکی پچـووك بـوون، ئـەمڕۆ بـە ئـازادی و سـەربەخۆیی دەژین‌و لـە هـەوڵی بەرزکردنـەوەو تـەواوکردنی پێشـکەوتنیاندان. ئەو کوردستانە گەورەیەی کە لە ئەرزڕۆمەوە تا کەنارەکانی کەنداوی بەسرە بـوو و چـەندەها ملیـۆن مرۆڤـی لەسـەر خـۆی جـێ کردبـووەوەو لـە ئـامێزی گرتبوون، ئەم خەوتنەی ئەمڕۆی بەسەرهاتێکی جەرگبڕە.

هەموو میللەتێك لە خۆرهەلأت‌و ئەوپەڕی خۆرهەلأتدا مافی خۆی دەستەبەر دەکات‌و کۆتی دیلی دەشکێنێ. زۆر حەیفە بۆ کورد کە بە هیچ جۆرێك لەوانە کەمتر نییە، لە خەوێکی بێ‌ئاگاییدا داوای مافی ڕەوای خۆی دەکات.

ئـەی کوردی خـاوەن مێـژووی پرشـنگداری هـەزاران سـاڵ، ئـەو ئاسـەوارە بەرزانـەی خۆتت لـەبیرکردووە کـە مێـژوو بـەڕێزەوە بۆتـی پاراسـتبوون؟ کـەی دەتوانی خۆ لە زوڵم‌و ملهوڕی‌و ژێردەسـتەیی تۆرانیـەکان ڕزگـار بکـەی کـە سـڕینەوەو لـەنێوبردنی نـەژادی کـورد ئامـانجی سـەرەکییانەو لـەو ڕێگایـەدا هـەوڵێکی زۆریـان داوە؟ کـوان‌و لـەکوێن لاوانـی کـورد تـا دیسـان لاپـەڕە پرشـنگدارەکانی مێـژوو زینـدوو بکەنـەوە؟ سیاسـەتی نـەفرەتکراوی تـۆران سـڕینەوەو لـەنێوبردنی یەکەیەکـەی چەرکـەس‌و ڕۆم‌و ئەرمـەن‌و ئـەرناوودو عەرەبـەکان‌و دوورخسـتنەوەیان بـوو بـۆ شـوێنە بیانیـەکان. ئێوەیـش تـا نەژادەکـەتانی لـەنێو نـەبردووە، مەرجـە لـەپێناوی گەڕانـەوەتاندا بـۆ وڵاتـە دەوڵەمـەندو شـاخە شـینەکانتان‌و لـەوەڕگا سـەوزو بەپیتـەکانتان هاوکـاریی یەکدی بکەن تا لەو حاڵ‌وبارە ناهەموارە ڕزگاربن.

ئەی کوردان بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەوانە کە هەوڵی لەنێوبردنی زمان‌و نەتەوایەتیتان دەدەن، دەست بخەنە نێو دەستی ئەوانە کە مەبەستیان یاریدەدانتانە. هاوکاری هاونیشتمانانی ئەرمەن بن کە وەك ئێوە دووچاری کوشتارو کۆچ پێکردن بوون. جوولەکەکانتان بۆ ببێتە نموونەیەك کە شەڕێکیان لە ناوجەرگەی دەوڵەتە عەرەبییەکاندا بەرپاکردووەو لەهیچەوە وڵات‌و دەوڵەتێکیان دامەزراندووەو عەرەبەکانیان لە ماڵ‌و حاڵی خۆیان کردووەتە دەرێ. ئێوەیش بە بیرکردنەوە لەوە کە خاوەنی ڕابردوویەکی بەرزو قارەمانانەن، بکەونە هەوڵ‌و کۆشش بۆ بەدەستهێنانی مافەکانتان. باش بزانن ئەمڕۆ تەنیا کوردە لە جیهاندا بە دیلی دەژیو، هۆیەکەیشی کەمیی زانست‌و بەردەوامبوونی نەزانییە.

بەم بۆنەیەوە ئەم شیعرەی مستەفا پاشای باوکی خوا لێخۆشبووم لەخوارەوە بخوێننەوە. تکام وایە ئامۆژگاریەکانی لەگوێ بگرن:

شیعری نیشتمانیی خوالێخۆشبوو مستەفا پاشا یامولکی

بزانن ئەی مەلاو شێخ، ئەی ئاغاوو تاجرو ئەسناف
درێغا موڵکی ڕۆم وا چوو لە زوڵمی مولحیدو ئەجلاف
لەگەڵ یەك ئیتتیفاقێ کەن، خەریکی عیلم‌و عیرفان بن
دەترسم، سا خودا نەیکا ئەسیری قەومی دیگەر بن
هەموو قەومێ تەرەقیی کردو کوردان هەر لەگەڵ یەکتر
خەریکی شۆڕشەند یا ڕەب وەکوو گورگان لەگەڵ یەکتر
لەسربان عیبرەتێ بگرن کە چەند ساڵ ئەو فەقیرانە
لەبۆ قەڵەم‌و وەتەن جەنگین، چ جەنگێ؟ جەنگی مەردانە
زەمانی گورزو ڕم ڕۆیی‌و، ئێستا پاڵەوان عیلمە
برا کرمانج‌و کوردو لوڕ هەموو یەك بن لەگەڵ زازا
کە ئێوە پەهلەوی ئەسڵن بزانن ئەهلی ئەورووپا
بە قەولی شێخ‌و ئاغای وشك لەگەڵ یەك تێکمەچن ئیتر
ئەگەر غیرەت نەکەن ئەمجا بە تۆپین‌چن هەموو چاتر
ئەگەر کوردان لەگوێ بگرن بەدڵ ئەم پەندە، واوەیلا
نە ئاغایێ دەمێنێتن، نە پایەو بووك‌و یائەڵڵا
دەترسێ مستەفا پەندی بەگوێی کوردا نەچێ دیسان
بڵی چی‌و چی بکا یارەب لەتۆ ئیمداد ئەکا دیسان

٣ی تشرینی دووەمی ١٩١٨

١٦-مافی کوردستان لە پەیمانی سێڤردا

هەر بە لەنێوچوونی ئیمپراتۆریی عوسمانیو دوابەدوای ئاگربەستی (مۆدرۆس)و لە ڕۆژانی حوکمداریی سوڵتان محەمەدخانی شەشەمی دواهەمین خەلیفەی عوسمانیدا، پەیمانێك لە (سێڤر) مۆرکرا. بەڵام پاشتر کاتێك حکوومەتی کەمالی خەلافەتو پاشایەتیی نەهێشتو کۆماری عەلمانی دامەزرا، ئەم پەیمانە وەلانراو پەیمانێکی نوێ بەناوی (لۆزان)ەوە خرایە شوێنی. ئەگەرچی ئەو پەیمانە نێودەوڵەتیە بەناوی (سێڤر)ەوە چووە نێو مێژوو، بەڵام لەبەر ئەوەی دەوڵەتان دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆیان تێدا قبووڵ کردبوو، بەڵگەنامەیەکی سیاسیی گرنگە بۆ کوردو کوردستان.

زۆر پێویستە هەموو کوردێك بزانێ پەیمانی ناوبراو لە ١٠ی ئابی ١٩٢٠دا مۆرکراو، ئەو بەندانەی کە پێوەندییان بە کوردساتانەوە هەیە ئەمانەن:

سێیەم فەسڵ- کوردستان

بەندی (٦٢): ئەو کۆمسیۆنەی کە بریتی دەبێ لە سێ ئەندامو حکوومەتانی ئینگلتەرەو فەڕەنسەو ئیتاڵیا دەست نیشانیان دەکەن، لە ڕۆژی کارکردن بەم پەیمانەوەو لە ماوەی شەش مانگدا لە ئەستەموڵ کۆدەبنەوە. کۆمسیۆنی کوردانی حوکمدار لە خۆرهەڵاتی فوراتو پاشان سنوورەکانی.

باشووری ئەرمەنستان دیاری دەکات. پلانێکیش بۆ ناوچەکانی باکووری سنوورەکانی تورکیا -سووریا- میزۆپۆتامیا ئامادە دەکات بۆ دامەزراندنی موختاریەتێکی ناوچەییی کورد.

ئەگەر هاتوو هاودەنگیی گشتی لەسەر هێندێك خاڵی ئەم پلانە نەبوو، ئەو خاڵانە کە ئەندامانی کۆمسیۆن لەسەریان ڕێكناکەون، دەنێردرێن بۆ حکوومەتانی پێوەندیدار. پلانی ناوبراو سەبارەت بە ئاشووریو کلدانیو کەمایەتیە ئەتنیو ئاینیەکانی دیکەیش کە لەناوچانەدا نیشتەجێن، دابینکردنی مافیان لەئەستۆ دەگرێ.

بەم پێیە ئینگلتەرەو فەڕەنسەو ئیتاڵیا چوونە نێو ئەو کۆمسیۆنە کە لە نوێنەرانی کوردو عەجەم پێکهاتووەو، ڕایانگەیاند ئەگەر بەپێی حوکمەکانی ئەم پەیمانە پێویست بوو دەستکاریی ئەو شوێنانە بکرێت کە لەگەڵ سنووری ئێراندا یەکدەگرن، تورکیا دەتوانێ بڕیار بدات.

بەندی (٦٣): حکوومەتی عوسمانی لە ئێستاوە بەڵێن دەدات بڕیارەکانی کۆمسیۆنی ناوبراوی بەندی (٦٢) لە ڕۆژی ئاگادارکردنیەوەو لە ماوەی سێ مانگدا قبووڵو جێبەجێ بکات.

بەندی (٦٤): دەبێ دانیشتوانی ئەو ناوچانە کە لە بەندی (٦٢)دا دیاریکراون، پاش ساڵێك لە کەوتنەکاری ئەم پەیمانە سەر لە کۆمەڵەی نەتەوەکان بدەن. ئەگەر بە زۆرینەیەکی گەورە ئارەزووی جیابوونەوەیان لە تورکیا دەربڕیو کۆمەڵەی نەتەوەکانیش بڕیاریدا ئەو خەڵکە شایستەی سەربەخۆیین، دەبێ لەم ڕووەوە تورکیا ڕابسپێرێو، تورکیایش لەو ناوچانە بکشێتەوەو دەست لە هەموو مافێکی خۆی هەڵبگرێ. وردەکاریی ئەم دەستهەڵگرتنە لەنێوان تورکیاو دەوڵەتانی هاوپەیماندا بەجێدەهێنرێتو لە بەڵێننامەیەکدا جێگیر دەکرێت. ئەگەر ئەو کوردانە کە تائێستا لەنێو ویلایەتی مووسڵ دەژین، لە حاڵەتی ڕوودانو کاتی ئەم دەستهەڵگرتنەدا ئارەزووی پێکهێنانی حکوومەتێکی سەربەخۆیان هەبوو، دەوڵەتانی هاوپەیمان بەهیچ شێوەیەك نابنە بەرهەڵست.

ئەوەتا ئەو سێ بەندەی پەیمانەکە کە پێوەندییان بە کوردستانەوە هەیە بەو شێوەیەنو، ناوەڕۆکی مێژوویی ئەم سێ بەڵێنە گرانبەهایە لە مافەکانی نێومیللەتاندا بە پارێزراوی دەمێننەوە. پەیمانی لۆزان ئەرمەنستانی لەگەڵ بەڵێننامەکەیدا لابردو (ئەدرنە)ی گێڕایەوە بۆ تورکانو، بەهۆی زۆرزانیی نوێنەری تورکەوە هیچ جۆرە پێبەندبوونێکی دەرهەق بەمافی کەمایەتیەکان وەك ئەوەی پەیمانی سێڤر تێدا نییە.

جیاوازیی مەزهەبەکانی دانیشتوانی تورکیا لەبەندی (٣٩)ی پەیمانی لۆزاندا ڕاگەیاندراوە کە هەموو مەزهەبەکان بەپێی یاسا بە هاوسانی مامەڵەیان لەتەکدا بکرێت. بەمە تەنیا غەیرە موسڵمانەکان لە کەمایەتیەکانی دانیشتووی تورکیا توانیویانە ئاینەکەیان بپارێزنو، نەژادە کەم ژمارەکانیش لەنێوبراون.

دەبوو سنووری نێوان تورکیاو عێراق بەپێی سێیەم بەندی پەیمانی لۆزان بە ٩ نۆ مانگ لەنێوان ئینگلتەرەوەو تورکیادا یەکلایی بکرێتەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی هەردوولا لە کۆبوونەوەکەی ئەستەمووڵدا بە ئەنجام نەگەیشتنو، کاتێك مەسەلەکە لە ئەیلوولی ١٩٢٤دا درایە کۆمەڵەی نەتەوەکان، کۆمسیۆنێك پێکهات. ئەم کۆمسیۆنە لە کۆنت تێلکیو ڤێرسنو کۆڵۆنێل پۆڵس پێکهاتبوو

و لێکۆڵینــەوەکانی خۆیــی بــەجێهێناو، ١٦ی تــەمووزی ١٩٢٥ ڕاپۆرتێکــی گرنگی پێشکەش کردو بە کورتی ئەم خاڵانەی تێدا بوون:

ئەم خاکە کە جێی ناکۆکییە، جگە لە هێندێك شوێن، هیچ کاتێك سەر بە هێڵی عێراق نەبوە. کوردان زۆربەی دانیشتوانی پێکدەهێنن‌و ئەمانە نە تورك‌و نە عەرەبن‌و بەزەمانێکی ئاری دەدوێن. ئەو ڕۆشنبیرانەی عەرەب کە دیومانن زۆر بــەتوندی دوژمنــی بیــانین‌و خەســڵەتێکی عــەرەبییان هەیــە. هەســتی نەتەوەیی ڕۆژ بە ڕۆژ گەشەکردوو لەنێو کورداندا بەدی دەکرێت‌و، ئەم هەستە بە تـەواوی کوردایەتیەکی ئاگرینە. پێوەندیەکانی کـوردو عـەرەب هێشـتا لـە دۆخی گوماندان. دەبێ پارێزگاریی چارەنووسی کلدانیەکان بکرێت.

دوای ئەمە یاخیبوونەکەی تێکۆشی مەزن خوالێخۆشبوو شێخ سەعیدو قارەمانەتیەکانی (ئاگری داغ) لە تورکیا ڕوویان داو، هێڵی لەوەوپێش بە سنووری تورکیا –عێراق دەستنیشانکراوی برۆکسێل قبووڵ کراو، عێراقیش بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ خرایە بەر ئینتیدابی بەریتانیای گەورە. ئینگلتەرە بەوپێیە کە ئینتیدابکەر بوو، بەڵێنی دابوو چی پێویست بێ بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی ڕاپۆرتی کۆمسیۆنی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە کورد بیکات‌و هەموو جۆرە ڕێ‌و شوێنێکی ئیداریشی بۆ دابنێت.

٢١ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٥ کاتێك لەژوورێکی گشتیی سەر بە پاپۆڕێك گفتوگۆ لەسەر ئەم بڕیارانە کرا، (کێجەر گرین) زۆر ڕاست‌و ڕەوان ئاوای گوتبوو: "خاڵی زیندوو و شێلگیر لە هەموو ڕووداوەکاندا مەسەلەی گەورەی کوردە. تا مەسەلەی کورد چارەسەرو یەکلایی نەکرێتەوە، هەمیشە کێشەکان بەردەوام دەبن".

هەرچەندە کۆمەڵەی نەتەوەکان ١٣ی کانوونی دووەمی ١٩٢٦ بڕیاریدا عێراق بۆ ماوەی بیست‌و پێنج ساڵی دیکە لە سایەی ئینتیدابی ئینگلتەرەدا بهێڵێتەوە، بەڵام سیاسەتی جیهان وای پێویست دەکرد عێراق سەربەخۆ بێ. بۆیە حکوومەتی ئینگلتەرە نێزیکەی مانگێك پاش دەرچوونی بڕیارەکەی کۆمەڵەی نەتەوەکان، پەیمانێکی نوێی لەگەڵ عێراقدا لە بەغدا مۆرکرد. کاتێکیش حکوومەتی عێراق لە ٢ی مارتی ١٩٢٦دا سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی نەتەوەکانی لەم پەیمانە ئاگادار کردووەتەوە، دانی پێدانا کە لەبەردەم کۆمەڵەی نەتەوەکاندا پێبەندی بەڵێنەکەی ئەیلوولی ١٩٢٥ی خۆی دەبێ. (سێر ئۆستن چمبرلین)یش یاداشتنامەیەکی سەبارەت بە ئیدارەی ناوچە

کوردیـەکان بـە ڕاگەیاندنەکـەی پێوەسـت کـردووەو لـە (ل ٥٥)ی سـاڵی ١٩٢٦ی ڕۆژنامەی ڕەسمیی کۆمەڵەی نەتەوەکاندا بەو شێوەیەی کە بڵاو کراوەتـەوە، کـانوونی یەکـەمی ١٩٢٥ حکوومـەتی لـەو بڕیارانـە دڵنیـا کردووەتـەوە کـە دەریکردوون.

*　　*　　*

لێرەدا بەرگی یەکەم گەیشـتە کۆتـایی. خـوا یاربـێ ڕەخنـەکانو ئەنجامـە گشتیەکانو خاڵە گرنگەکانی دیکە دەکەونە نێو دووەم بەرگ.

ئەی کوردی زۆرلێکراو!

"اقبالنه ادبارینه بل باغلامه دهرك　بردائره ده دورایده مز چنبر دوران

ظالم ینة برظلمة کرفتار اولور آخر　البته اولور او ببقانك خانەسی ویران

(ضیا پاشا)[18]

---

[18] واتە: پشت بە خۆشیو ناخۆشیی ڕۆژگار مەبەستە، چەنبەری خولانەوە ناتوانێ هەر لە بازنەیەکدا بسووڕێتەوە. زۆردار دیسان گرفتاری ستەمو زۆرێك دەبێ، ئەوی ماڵ وێران بکات، دواجار خانەی دەڕمێت.

سەرچاوەکانم:

١-بیرەوەرییەکانی کوردستان — مستەفا پاشا

٢-مەموراندوم سور لەرەوەندیکاسیون
دوپوپل کورد — شەریف پاشا

٣-روضة الصفاء — محەمەد خوداوەند شاه

٤-تاریخی کوردستان — ئەمین زەکی بەگ

٥-تاریخ اسلام — سید علی امیری

٦-گۆڤارەکانی (ژین) — فیرقەی دیموکراتی کورد

٧-بیرەوەریەکانی خۆیبوون/ تورکی — جەلادەت بەدرخان

٨-ڕاپۆرتی باسیل نیکیتین/ تورکی — جەلادەت بەدرخان

٩-ڕاپۆرتی کورد/ تورکی — عەلی ئیحسان (قارەمانی ئاگری)

١٠-مەسەلەی کورد/ تورکی — حاجۆ ئاغا

١١-گەشت لە کوردستاندا — مێجەر سۆن

١٢-کوردستان/ فارسی — عەلی ئەسغەر هەمەدانی

١٣-کورد/ فارسی — ڕەشید یاسەمی

١٤-مێژووی عوسمانی/ تورکی — کۆنت فۆن هاممەر

١٥-کوهستان — دکتۆر ئیسماعیل ئەردەڵان

١٦-بیرەوەریەکانم — کۆمەڵە نووسینو دیتنە تایبەتەکانم

رونکردنەوەیەکی پێویست

شۆڕشی ساڵی ١٨٨٠ی کورد بە سەرکردایەتی شێخ عوبەیدوڵڵەی شەمزینی جێگەیەکی تایبەتی هەیە لە مێژوی نوێی کوردا. هەر بۆیە هەمو ئەوانەی لەسەر مێژوی نوێی کوردیان نوسیوە، چ کوردو چ بێگانە، لەسەر ئەم شۆڕشەیان نوسیوەو، زۆربەیان بەسەرەتای دەست پێ کردنی قۆناغی نوێیان داناوە لە بزوتنەوەی رزگاری گەلی کوردا.

شۆڕشەکە، ئەگەرچی لەچەند مانگێ زیاتری نەخایاندوە، بەلام لە سەردەمی خۆیدا گرنگییەکی ئەوەندە گەورەی هەبوە، تەنگوچەڵەمەیەکی قوڵی لەنێوان (دەربارەی قاجار)ی لەتارانو (بابی عالی)ی لە ئەستەموڵدا خوڵقاندوەو، حکومەتەکانی بریتانیاو روسیا بایەخێکی زۆریان پێ داوەو، هەواڵو زانیاری زۆریان لەسەر کۆکردۆتەوەو،تەقەللایەکی زۆریان داوە بۆ کوژاندنەوەی، جێگەی داخە ئێمەی کورد کاتێ ئەمانەوێ لەمێژوی رابوردوی خۆمان بکۆڵینەوە، ئەبێ لەناو ئارشیفی دەوڵەتانی داگیرکەرو ئیمپریالیدا بۆ بەڵگەو زانیاری بگەڕێین، چونکە لەناو کەرەستەی حۆماڵیدا بە دەگمەن هەواڵێکمان دەست ئەکەوێ.

ئەو کاتەی خەریکی ئامادەکردنی باسێ بوم لەسەر جولانەوەکەی شێخ عوبەیدوڵڵەی شەمزینیو، دواتر وەکو بەشێ لە کتێبی (کوردو عەجەم) بلاوم کردەوە، بەناو زۆر لەسەرچاوەکاندا گەڕام بۆ ئەوەی چەندی ئەکرێ هەواڵو گێڕانەوەکان لەسەرچاوەکانی دەستی یەکەمەوە هەڵ بهێنجم. هەندێ لەوانەی لەسەر ئەم شۆڕشەیان نوسی بو ئیشارەتیان دابو بە سەرچاوەیەکی ئینگیزی بەناوی (Parlamentary Papers) کە ساڵی ١٨٨١ واتە لەسەردەمی جولانەوەکەدا لەلایەن حکومەتی بریتانیەوە بلاوکرابوەوە.

ئەودەم چەند هەوڵمدا بە دەستی بهێنم دەستم نەکەوت.

هاوینی ١٩٩٨ لەگەڵ هەندێ لە دۆستەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتیمدا لە لەندەن، لەوانە برایان: رەعد فەیلیو سەعد فەیلی، دانیشت بوین سەرگەرمی باسی جۆراوجۆر بوین، ئەو کاتە من خەریکی لێکۆڵینەوەی هەندێ بەڵگەی ساڵانی بیستو سێی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیا بوم، باسەکەی (کوردو عەجەم)م لەبیر چوبوەوە. کاك سەعد فەیلی، کە خەریکی لێکۆڵینەوەی مێژوی کورد بو لەیەکێ لە زانکۆکانی لەندەن، لەمیانەی قسەدا ئاگاداری کردم کە ئەو بەڵگەیەی دۆزیوەتەوە. منیش هەواڵەکەم بە خۆشیەکی زۆرەوە وەرگرتو، پاش چەند رۆژێ وێنەیەکی بۆ ناردم. دوای خوێندنەوەو تاووتوێ کردنی بۆم دەرکەوت کە زۆر گرنگترو پڕ زانیاریترە لەوەی من چاوەڕێم ئەکردو، ئەگەر لەکاتی نوسینی باسەکەمدا ئەم

سەرچاوەیەم لە بەر دەستدا بوایە ئەمتوانی کەڵکی زۆری لێ وەربگرمو باسەکەمی پێ دەوڵەمەنتر بکەم.

بەلامەوە نارەوا بو ئەم بەڵگانە هەروا بە نەناسراوی‌و نەزانراوی بمێننەوە، بۆیە تکام لەکاك جەمال عەزیز کرد وەری بگێڕێ بۆ کوردی‌و، ئەویش بێ ئەوەی گوێ بداتە نالەباری هەلومەرجی تەندروستی خۆی، قۆڵی لێ هەڵماڵی‌و لە ماوەیەکی کورتدا کارەکەی ئەنجامدا. کاتێ هاوڕێیانی بەڕێزم: شێرکۆ بێکەس‌و رەئوف بێگەرد مژدەی دامەزراندنی (دەزگای چاپو پەخشی سەردەم)یان بۆ نوسیمو، داوای بەشداری‌و هاوکارییان لێ کردم، بە چاکم زانی ئەم بەرهەمەیان وەکو یەکەمین دیاری بۆ بنێرمو، بۆ ئەم مەبەستە رەزامەندی کاك جەمالیشم وەرگرت. ئەم بەڵگانە کەوا بۆ یەکەمین جارە بلاو ئەکرێنەوە کەلێنێکی گرنگ لە کتێبخانەی کوردی‌دا ئەگرنو چەند لایەنێکی شۆڕشەکە رون ئەکەنەوە.

بەڵگەکان زۆرنو هەمە جۆرن، رونو ئاشکران، لەبەر ئەوە بە پێویستی نازانم هیچیان لەسەر بنوسم، چونکە وەکو ئەڵێن: خۆیان قسە ئەکەن. بۆ خوێندەوارێکیش کە حەزبکا زیاتر لەسەر شۆڕشەکە بزانێ ئەتوانێ بگەڕێتەوە سەر بەشی (خەمڵینی هۆشی نەتەوەیی) لە کتێبی (کوردو عەجەم)دا کە ساڵی ١٩٩٢ لە ئەوروپا لە هەمان کاتدا لە کوردستان چاپو بلاوکراوەتەوە.

لە کۆتاییدا بە پێویستی ئەزانم سپاسی کاك سەعد بکەم کە ئەم بەڵگانەی لە گۆشەی فەرامۆشی دەرهێناو، سپاسی کاك جەمال بکەم کە وەری گێڕاو، سپاسی دەزگای سەردەم بکەم کە چاپو پەخشی کرد.

سلێمانی، سەرەتای ١٩٩٩

نەوشیروان مستەفا

نامەکاری سەبارەت بە هوروژمی کوردەکان بۆ ئێران

ژمارە ١:

لە مستەر تۆمسنەوە بۆ ئێرل گرانڤیل (لە ٢٢ی حوزەیراندا وەرگیراوە)

تاران، ١٤ مایس ١٨٨٠.

گەورەم ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە پێت رابگەیەنم کە چەندین گفتوگۆم لەگەڵ وەزیری کاروباری دەرەوەدا هەبوە دەربارەی ئەو تالانیەی خێڵە کوردەکانی دانیشتوی سنوری تورکیا– ئێران کردویانەو، هانی پایە بڵندیم داوە بۆ جێبەجێکردنی رێککەوتنێکی رەسمی لەگەڵ تورکیادا بۆ خستنە ژێر کۆنترۆڵی ئەم خێڵانەو رێگەگرتن لێیان لەپەنا بردنە بەر ئەو دیو سنور کاتێك کە کاربەدەستو هێزەکانی هەردولا راویان دەنێن.

پایە بڵندی دڵنیای کردم کە ئەو نەك هەر تەنها دەیەوێت، بەڵکو حەزیش دەکات کە رێککەوتنێکی ئاوها لەگەڵ بابی عالیدا بکات، وە هەر ئەوەندەی کە سەفیری تورکیا لێرە دەسەڵاتی پێویستی وەرگرت بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پەیماننامەکە، ئەوا بایەخی تەواو بە مەسەلەکە دەدات.

لە ئەستەمولەوە، بە بروسکە بە فەخری بەگ راگەیەندراوە کەوا بەم زوانە مسوەدەیەکی پەیماننامەکەی، دەربارەی ئەم مەسەلەیە پیدەگات وە دەسەڵاتی ئەداتێ تەسلیمی حکومەتی ئیرانی بکات، بەڵام بەریزی هیشتا ئەو نامەیەی پینەگەیشتووە کە لە نامەکاریەکەدا ئاماژەی پیکراوە.

(ئیمزا) رۆنالد ف. تۆمسن

ژمارە ٢:

لە ئیرل گرانڤیل وە بۆ مستەر گۆشن

بەریز وەزارەتی دەرەوە،١ تەمموز ١٨٨٠

لەنامەکەی مستەر تۆمسن وە لە ١٤ مایسدا کە کۆپیەکی لای خۆتانە، بەریزتان تیدەگەن کە وەزیری کاروباری دەرەوەی ئیران ئامادەیی خۆی دەردەبرێ بۆ گەیشتن بە ریکەوتننامەیەکی رەسمی لەگەڵ تورکیادا بۆ سەرکوتکردنی ئەو هوروژمانەی کوردەکانی دانیشتوی سنوری تورکیا– ئیران کردویانە. ئەگەر مسوەدەی

ڕێکەوتننامەکــە دەربــارەی مەســـەلەکە کــە دەڵێــن ســـەفیری تورکیـــا لـــە تـــاران چاوەڕوانێتیتا ئێستا لە بابی عالیەوە بۆ نەنێردراوە، ئەوا دەبێ بەڕێزتان سوربن لەسەر ئەوەی هیچ کاتێ بەفیڕۆ نەدرێت بۆ گەیاندنی بە بەڕێزی.

(ئیمزا) گرانڤیل

ژمارە:٣

لە ئێرل گرانڤیل وە بۆ مستەر تۆمسن

بەڕێز، وەزارەتی دەرەوە، ١تەموز ١٨٨٠.

حکومــەتی خــاوەن شــکۆ خۆشــحاڵە بـــەوەی کــە بـــەهۆی نامـــەی ١٤ مـــانگی ڕابوردوتانەوە ئەوە بزانێـت کـە حکومـەتی ئـێران ئامادەیـە بـۆ بـە ئاکـام گەیشـتنی ڕێککەوتننامەیەکی ڕەسمی لەگەڵ بابی عالیدا بۆ دامرکاندنی هوروژمی کوردەکانی دانیشتوی سنوری تورکیا– ئێران، وە ئەوەشیان پێ باشە کـە ئێـوە سـورن لەسـەر ئەوەی کە وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران ئەم مەسەلەیە لەبەرچاو بگرێت.

من داوام لەسەفیری حکومەتی خاوەن شکۆ لە ئەستەموڵ کردوە کە تەقەللا بکات هیچ ماوەیەك بە فیڕۆ نەدرێت بۆ ناردنی مسوەدەی پەیماننامەکە بۆ سەفیری تورکیا گەر تا ئێستا بۆی ڕەوانە نەکرابێت.

(ئیمزا) ئێرل گرانڤیل

ژمارە:٤

لە مستەر گۆشن وە بۆ ئێرل گرانڤیل– (لە ١٠ی ئابدا وەرگیراوە)

گەورەم ثیراپیا، ٣ ئاب ١٨٨٠.

نیشانە بەنامەکانی گەورەتان لە ٣٠ حوزەیرانو ١ تەممووزدا* دەربارەی مەسەلەی کوردەکان لە ولایەتی واندا، ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە کەبڵێم، زۆر کەم مەسەلەیەك هەبوە ئەوەندە زۆر قسەم لەسەر کردبێ لەگەڵ عابدین پاشادا ئەوەندەی پێویستیی مامەڵـەکردن بـە تونـدی لەگـەڵ ئـەم بـاندە ڕوتکەرەوانـەداو، کۆتـایی پێـهێنان بـەو خراپەکاریەی کە دیارە هەیە. پێش وەرگرتنی ئەو نامانەی سەرەوە کە ئامۆژگاریم دەداتێ بۆ پەلەکردنی مەسەلەکە لەسەر بەیاننامەکەی بابی عالی.

---

* "بڕوانە "تورکیا ژ: ٢٣ (١٨٨٠)" ژ: ١٣٧

لەو کاتەوە، من زۆر جارگەڕاوەمەتەوە بۆ ئەو راپۆرتە بەردەوامانەی کە پێم دەگات دەربارەی ئەو تالانیانەی دەکرێن. ئەو سیستەمەی کە بابی عالی پەیڕەوی کردوە لەوەلامدا ئەوە دەردەخات کە پێوەنانێکی زۆر هەیە بەو راپۆرتانەی کە بەمنو خەلکی تریش دەگات، بەلام ئەو سەرپێچیکردنانە کە رویداوە، پێویستە بخرێنە پال ئەو باندانەی کە سنوری ئێرانیان بەزاندوە.

من باسی پەیماننامە پێشنیارکراوەکەی نێوان ئێرانو بابی عالی سەبارەت بە دامرکاندنەوەی ئەو هوروژمانەی کوردە دانیشتوانەکانی سەر سنوری تورکیا– ئێران دەیکەن، کردوە، بەلام وا دەردەکەوێت کە گفتوگۆکان ئەنجامێکی دیاریکراویان نەبێت گەر ئەوانە نەگوێزینەوە بۆ ئەستەمول.

لە هەمان کاتدا، من سورم لەسەر ئەوەی کە چالاکترین پیاو کە حکومەت بتوانێ دایبنێ، دەبێت بە تایبەتی بۆ ئەوە دابنرێ کە مامەلە لەگەل گیروگرفتی کوردەکاندا بکاتو بە ژمارەی پێویستیش لەهێز پشتگیری بکرێت. هەفتەی رابوردو پێشنیازەکەم بۆ سولتان دوبارە کردەوە کاتێ شەرەفی دیدەنی خاوەن شکۆیم درایە.

خاوەن شکۆ پێی راگەیاندم کە پلانێك لەژێر باسدایەو لە چەند رۆژێکی کەمدا بە من دەگات. ئەو پلانە دەربارەی کارکردنی جەندرمەیە لەو ولایەتانەی لەبەر باسدان، بەلام تا ئێستا بریار نەدراوە کە ئایا ئەو جەندرمانە لەسەر شێوازی هولەندی رێکدەخرێن یان رۆمانی. پێکهاتەیەکی ئەرکەکانی سوپاو پۆلیس خرابوە ناو سیستەمی رۆمانیەوە کە وای بۆ دەرکەوتبو کاریگەر بێت.

بەلام پیویسترین شت لای من هەر وەك بەخاوەن شکۆشم راگەیاند، دانانی ئەفسەریکە کە پیی رابگەیەندریت کە باوەرو شەرەفی لەوەدا دەبیت کەسەرکەوتوبیت لە نەهیشتنی بێ نیزامیدا (ئاشوبە).

پیدەچو خاوەن شکۆ سور بێ لەسەر پەلەکردن لە مەسەلەکەو بەلینیشیدا کە بە خیرایی گرنگی پیبدا؛ بەلام لەوانەیشە پیی راگەیەندرابیت کە ولایەتی وان ئارامە.

وا دەردەکەوێ ئەو رۆحیەتەی کە کاربەدەستە تورکەکان خۆیان بۆ سازداوە کە بەرامبەر ئەم کارانە بوەستنەوە هەروەك من لەم بابەتەو، لە بابەتی شیوە ئاسایی تریشدا دەیکەم، لە کۆپی بروسکەیەك کە لەناو ئەم نامەیەدایەو دوینێ دراوە بە تەرجومانی یەکەم (First Dragoman) دەخەمە پیش چاو.

ماوەیەکی زۆر نابیت، رۆژنامەیەکی تورکی بەنفوز لەیەکێ لە وتارەکانیدا باسی ئەوەی کردوە کە کوردەکان شایستەی گوێ پیدانی زۆرترن وەك لە ئەرمەنیەکان.

(ئیمزا) جۆرج جەی گۆشن

هاوپێچی ١ی ژمارە: ٤

سەفیری حکومەتی خاوەن شکۆ شەرەفی ئەوەی هەیە کە گەیشتنی هەڵبژاردەی راپۆرتێکی حاکمی گشتی وان رابگەیەنێت دەربارەی کاروباری دەوڵەت لە باخ کاڵی کە بە بابی عالیش گەیشتوە.

بەڵام، سەفیری حکومەتی خاوەن شکۆ بەداخەوە ئەوە رادەگەیەنێ کە ئەو بیروبۆچونەی بەرێزی بۆی چوە سەبارەت بەبارودۆخی ئێستای ئەو ناوچەیە، لەراپۆرتەکانی جێگری کۆنسوڵی خاوەن شکۆ لە وان پشتگیری لێناکرێت.

ئەو ئەفسەرە رایدەگەیەنێت کە لەسەرەتای مانگی رابوردودا تێکرای دانیشتوانی سێ گوندی باخ کاڵی ئەو دەوروبەرە گەیشتونەتە وان، چونکە بەهۆی تالانی کوردەکانەوە نەیانتوانیوە لە ماڵەکانیاندا بمێننەوە، بە تایبەتی لەلایەن پیاوەکانی عەلی خان وە، وە هەروەها لە ١٨ مایسیشدا ژمارەیەکی زۆری ئاوارە لەهەمان ناوچەوە لە حاڵەتێکی زۆر نەداریدا هاتنو رایانگەیاند کە عەلی خان هێرشێکی تری کردوەو هەرچی گوند هەبو تالانی کردبو. هەروەها دەڵێت کە نێردراوێك لەئارگیشو ئەلجیفاسەوە هاتبونو ناڕەزاییان بەرامبەر رەفتاری کوردەکان لەو ناوچەیەدا دەربڕیبو. ئەوانە دەڵێن، هەرچەندە گوندنشینەکانی ئەو ناوچانە دانەوێڵەی زۆریان هەیە بەڵام تاڕادەیەك توشی برسێتی بون، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە ناوێرن دانەوێڵەکانیان ببەن بۆ ئاش نەوەك کوردەکان بیانبەن، هەروەها ئەو کوردانە خۆیان دەکەن بەناو ماڵەکاندا، راوو روت دەکەنو پەڵەو مەڕەکانیشیان لەسەر دانەوێڵە هەراشەکە دەلەوەڕێنن. دەڵێن، گەر رێگە لە لەناوبردنی دانەوێڵە هەراشەکە نەگیرێ، ئەوا ئیمساڵ هیچ بەرهەمێك نابێت، وە لەبەر ئەوەی ئەو ناوچانە شوێنی سەرەکی گەنمو جۆن ئەنجامێکی خەتەرناك دێتە کایەوە.

لە دواییشدا نێردراوێکی تر لە ئەلجیفاسەوە هاتو سکاڵانامەیەکی هێنابو کە تورکەکانو مەسیحیەکان ئیمزایان کردبو و قائمقامیش تەسدیقی کردبو، داوای یارمەتیان دەکرد، چونکە ئەو کوردانەی کە ناویان زازۆنلیەو لکێکی هۆزی هەیدەرانلین، هاتبونە خوارەوەو لەناو کێڵگەی دانەوێڵە هەراشەکاندا خێوەتیان هەڵدابو، مەڕەکانیان تیایاندا دەلەوەڕاندو لە هەمو لایەکیشەوە ماڵو گوندو ئاشەکانیان تالان دەکرد.

کاپتن کلایتن رایدەگەیەنێت کە رۆژانە لە هەمو لایەکەوە راپۆرتی راو و روتکردنو خراپەکاری تازەی پێدەگات لەسەر ئەو بەشەی کوردستانو، قەناعەتی خۆی دەردەبڕێ بەوەی کە مەترسیەکی زۆر هەیە کە ناوچەی زۆر لەلایەن ئەو کوردانەوە بەفیڕۆ بچێت.

وا پێدەچێ کە مەترسی زۆر، بە تایبەتی لە ئەختەماردا هەبێت، چونکە کوردەکانی ئەو نزیکانەی بەردانی سەرۆکەکانیان کە عابدین پاشا گرتبونی، زۆر

هانی دابون‌و له‌و باوه‌ڕه‌دا بون که له‌وانه‌یه له‌و کاته‌دا بتوانن به (حصانه‌وه) په‌لامار بده‌ن.

راپۆرتی داوه که گوشاری برسێتی له‌زیادبوندایه‌و نرخی دانه‌وێڵه‌ش له‌چه‌ند رۆژێکی که‌مدا نزیکه‌ی دو هێندی لێ ده‌رچوه‌، کومسیونه‌کانیش زانیاریان پێگه‌یشتبو که موته‌سه‌ریفی موش دانه‌وێڵه‌ی عه‌مباره‌کانی حکومه‌تی داوه به موفتی‌و قازی‌و ده‌وڵه‌مه‌ندو خه‌ڵکانی به‌نفوزی تر، که‌چی گه‌نمی به‌سه‌ر هه‌ژاراندا دابه‌ش نه‌کردوه‌، وه سه‌باره‌ت به‌ناردنی ئه‌وه‌ی که له‌وانیشه‌وه لێی داواکرابو، کۆسپی دروستکردووه‌.

به‌هۆی هه‌لومه‌رجی ئه‌م مه‌سه‌لانه‌وه‌، سه‌فیری حکومه‌تی خاوه‌ن شکۆ گومانی له‌وه‌دانیه که بابی عالی به پێویستی ده‌زانێ فرمانی توند بۆ فه‌رمانبه‌ره‌کانی له‌وان بنێرێت که هه‌نگاوی پێویست بنێن بۆ پاراستنی دانیشتوانه بێوه‌یه‌کانی دژی زوڵمی کورده‌کانی دراوسێیان‌و بۆ خۆشی خه‌ڵکه سته‌مدیده‌که‌.

ئه‌و کاته‌ی ئه‌وه‌ی سه‌ره‌وه ده‌نوسرا، بروسکه‌یه‌کی کۆنسوڵی حکومه‌تی خاوه‌ن شکۆ له ئه‌رزڕۆم که به‌م دواییانه سه‌ردانی وانی کردوه‌، گه‌یشت. له بروسکه‌که‌دا ده‌ڵێت کورده‌کان نزیکه‌ی بیست گوندی کوردو مه‌سیحیان له‌ناوچه‌ی هه‌کاری له‌و سێ مانگه‌ی رابوردودا تالاَنکردوه‌، سێهه‌م دوا هوروژمیان له ٢٠ حوزیرانی رابوردودا رویدا. ئه‌و به پێویستی ده‌زانێ که کاربه‌ده‌سته ئێرانیه‌کان هان بدات بۆ رێگه‌گرتن له کورده‌کان که له سنور نه‌په‌ڕنه‌وه‌، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی هێزه‌کانی تورك ئه‌وه‌نده‌نین که رێگه له په‌لاماره‌کان بگرن.

مه‌یجه‌ر ترۆته‌ر له‌سه‌ری ده‌رواتو ده‌لیت، کاتی دانان‌و پیکهینانی جه‌ندرمه له ولایه‌ته تازه‌که‌ی به‌تلیس‌دا گۆردراوه تا سالی داهاتو، ئه‌ویش به‌هۆی پیویستی پاره‌وه؛ شه‌ست دیل له زینداندان‌و به‌تاوانی گه‌وره تاوانبارکراون‌و هیچ دادگایه‌کیش نیه که دادگاییان بکات‌و، برسیتیش هیشتا خه‌لك زۆر له‌ناو ده‌بات له ناوچه‌کانی باش قه‌لا، بایه‌زیدو هه‌کاریدا.

حکومه‌تی خاوه‌ن شکۆ متمانه‌یه‌کی زۆری هه‌یه به‌وه‌ی که بابی عالی بتوانێ پیشانی بدات که ئه‌وه‌نده‌یان هیزو ده‌سه‌لاَت هه‌یه که بتوانن به خیرایی مامه‌له له‌گه‌ڵ ئه‌م حاله‌ته ناهه‌مواره‌دا بکات، ئه‌وه‌ی که تازه‌ترین له‌و زانیاریانه‌ی به بروسکه گه‌یشتون، پیشانی ئه‌ده‌ن که گۆرانکاری روئه‌دات.

(ئیمزا) جی. جه‌ی گۆشن　　　　　　ثیراپیا، ٢١ حزیران ١٨٨٠

هاوپێچی ٢ی ژمارە: ٤

لە حەسەن پاشاوە بۆ قەدری پاشا

(بە بروسکە) ٢٤\١٢ تەمموز ١٨٨٠

بروسکەی ٢ی تەمموز ( ) وەرگیرا. بەپێی فەرمانەکانی پایەبەرزتان، راسپاردەی پێویستم ئاراستەی موتەسەریفی هەکاریو قایمقامەکانو سەرۆك هۆزەکان کردوە. لەهەمان کاتداو بەشێوەیەکی تایبەتی داوام لە موتەسەریف کردوە کە بە شەخسی بڕوات بۆ ناوچەکان کە بونی تیایاندا پێویستەو گرنگی تایبەتیش بە راگرتنی نیزامو سەلامەتی خەڵکی بدات. سەرەڕای ئەوەش، من لەڕێگەی بەکرێگیراوی شوێن متمانەوە، بەزمانێکی پاراو ئاگاداری سەرۆك هۆزەکانو خەڵکی تریشم کردۆتەوە کە بە گوێرەی پێویستیەکانی بارودۆخەکە لەو ناوچانەدا خۆیان لەو کارانە بپارێزن کە دەبێتە هۆی ناڕازیبون.

سوپاس بۆ خوا کە لە ویلایەتەکەدا تا ئێستا هیچ شتێك روینەداوە شایانی باسکردن بێ. ئێستاش، زیاتر لەهەمو کاتێ، کەسانی نیەت خراپ هەوڵئەدەن ئاساییترین شت زل بکەن. ئێمە هەوڵئەدەین سروشتو گرنگی هەر حاڵەتێك بەبێ دواکەوتن بڵاوبکەینەوە.

بەو جۆرە، لەشەوی پێنج شەممەی رابوردودا دەنگە دەنگێکی گەورە پەیدا بو دەربارەی کارێك کە جەردە ٨٠٠ سەر مەڕی لە گێدی کڵێسە کە دو سەعات لەوان وە دورە، دزیبو. ئەم راپۆرتە، تەنانەت لە کۆنسوڵی روسیش بیستراوە. هەر بە خێرایی، دو تابور نێردرا بۆ شوێنەکە بۆ لێکۆڵینەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، بە پێی شایەتی قەشەکانی کڵێسە کە ئێستا ژمارەی مەڕە دزراوەکان کەمکراوەتەوە بۆ ٣٠ دانە. ئەم سیستمی پێوەنانە، بەگرنگی پێدان بە روداوێکی بچوکەوە، پشتگیری لەوە دەکات کە شەرەفی ئەوەم هەبێ ئەوەی سەرەوە بە پایەبڵندت رابگەیەنم.

ژمارە: ٥

لە ئێرل گرانڤیل وە بۆ مستەر گۆشن

بەڕێز وەزارەتی دەرەوە، ١٩ ئاب ١٨٨٠.

نامەکەی رۆژی ٣ی ئەم مانگەی بەڕێزتانم وەرگرت، کە ئەو رونکردنەوە دوپاتکراوانەم پێرادەگەیەنێت کە بۆ بابی عالیتان کردوە بەوەی کە کۆتایی بە تاڵانی کوردەکانی سەر سنوری تورکیا– ئێران بهێنرێتو، بە تەواویش ئەو تێبینیە دەسەلمێنێ کە بەڕێزتان ئاراستەی عابدین پاشاتان کردوە لەسەر مەسەلەکەی ٢١ی

حزیرانو، لەهجەی بەڕێزیشتان بۆ سوڵتان بەو بۆنەیەوە لەدوا چاوپێکەوتن لەگەڵ خاوەن شکۆیدا.

(ئیمزا) گرانڤیل

ژمارە: ٦

لە ئێرل گرانڤێل وە بۆ مستەر گۆشن– (لە ٢٤ی ئابدا وەرگیراوە)

(هەڵبژاردە) ثیراپیا، ١٧ی ئاب ١٨٨٠.

دەربارەی مەسەلەی پێکهێنانی کۆمەڵەیەکی کوردی، لە پەتریارکی ئەرمەنیەکانەوە بروسکەیەکم پێگەیشتوە، وا هاوپێچ بە ئەسڵی بۆ زانیاری بەڕێزتان دەینێرم.

هاوپێچی ژمارە: ٦

وان، ٢٠ جون ( ) ١٨٨٠.

ئیتر هیچ گومانێك نەماوە. خەریکە کۆمەڵەیەکی کوردی لەسەر تەفرەدانی حکومەتی مەرکەزی پێك دێت کە دەخوازێت مەسەلەی ئەرمەنیەکان دابمرکێنێتەوە بە ڕێگەی پێکهێنانی یەکێکی تازە کە هی کوردەکانە.

ڕۆحی ئەم کۆمەڵەیە، سیاسەتی عوسمانیە. شێخ عوبەیدوللە بەناو ناوەندەکەیەتیو؛ بەحری بەگیش پەیامبەرە لێوەشاوەکەی.

وروژاندنێك لە ئارادایە. بەحری بەگ دەچێت بۆ لای سەرەك خێڵە کوردەکانو هەندێ جار بەڵێنیان دەداتێ، هەندێ جار استعطاف، وەهەندێ جاریش هەڕەشە بەکار دێنێت بۆ یەکخستنی هەمویان لەدەوری یەك سەرۆك هەمان سەرۆك کە شێخ عوبەیدوللەیە.

بۆ ئەوەی کۆمەڵە کوردیەکە وڵاتێك لە تورکیادا دروستبکات، دڕندەترین چالاکی دەکات تاوا لە ئەرمەنیەکان بکاتە ناوچەی ئاغباغ (هەکاری) جێهێڵن. بەم دیدەوە، هەمو جۆرە خراپەکاریەك دەکات کە هێورکردنەوەی بێ سودە.

بڕوانە، چەند کەسانێکی شوێن متمانە چۆن لە ئاغباغەوە دەربارەی ئەم مەسەلەیە دەنوسن:

"کاتێ بەحری بەگ وەك هەڵگری میدالیای دەوڵەت کە حکومەتی عوسمانی پێی بەخشیبو هات بۆ ئاغباغ، ئەم وتەیەیدا: "من دەعوەتی شێخ دەکەم کە بچێت بۆ

ئەستەموڵ؛ گەر بەرهەڵستی بکات، ئەوا منیش لای خۆمەوە بە هێزەکانی ئیمپراتۆریەتەوە دەکشێمە سەری".

"لەگەڵ ئەم قسانەشدا، بەحری بەگ هەر ئەوەندەی گەیشتە لای شێخ، نەك هەر تەنها سەرۆك کوردەکانی ئەرمینیای بانگ کردە لای شێخ، بەڵکو ئەوانەی ئێرانیشی بانگ کرد.

"مەمێی کوڕی عەلی خان بەیاوەری پیاوەکانی، سوێندیان بۆ شێخ خواردوەو بەدیاریەوە گەڕاونەتەوە. سەرۆك هۆزی تریش، لە یەکەم یاخیبوندا، لەگەڵ شێخدا خۆیان دیەوە.

"وێڕای ئەمانەش، چەند سەرەك خێڵێك وەك عەبدولرەحمان جیهانگیرو، کیرۆت عەلی مەحمود تا ئەم کاتەش سەرباری هەمو تەقەللاکانی بەحری بەگ دانیان بە کۆمەڵەدا نەناوە، هەرچەندە هەمو گریمانێك هەیە کە دەچنە ناوی.

"بەحری بەگ هەروەها دەعوەتی خێڵەکانی میلان، ئەلکانو دو دەری ئێران کردوە کە بێنو بچنە ژێر رکێفی شێخەوە.

"ئەم کۆمەڵەیە، ئێستا ٤,٠٠٠ هەزار تفەنگی مارتینی هەیە، کە ٢٠٠ دانەیان ئێرانیەو ئەوەشی ماوە تورکیە.

"حکومەتی عوسمانی، لە بۆ بەرزکردنەوەی حورمەتی رەگەزی کورد لە ئەوروپادا، هەوڵی نائاسایی ئەدات بۆ تەفرەدانی بزوتنەوەی هاوزەمان لە تورکیاو ئێراندا، کە ئەندامەکانی کۆمەڵە دەخوازن ناوەندێکی تری ئۆپوراسیونو کۆنترۆڵکردن لەنێوان ئاسمەو سەڵماسدا پێکبهێنن.

"موتەسەریفی ئاغباغ (هەکاری) کە ئەم بزوتنەوەیە تۆقاندویەتیو لەوانەیە کاردانەوەکەشی هێشتا لای حکومەتەوە پێ نەگەیشتبێت، دەخوازێت دەست لەکار بکێشێتەوە.

"بەهۆی بەهانەی جیاوازەوە، بەحری بەگ دەخوازێ بچێت بۆ وان بۆ ئەوەی کوردەکانی ئەو ویلایەتە هان بدات بچنە ناو بزوتنەوە گشتیەکەوە. ئاگاداری ئەوەش ببە کە ئەم کۆمەڵەیە لە هەمو شوێنێك لکی هەیە.

لە راستیشدا، هەندێ لەسەرەك هۆزەکانی تورك لە وان لەبیری ئەوەدان کە واز لە شارەکە بهێنن شێخ کۆنترۆڵی بکات. بەهەرحاڵ ئێمە لەو باوەڕەدا نین کە کوردەکان بوێرن تا ئەو خاڵە بڕۆن.

گرنگی سیاسی ئەم کۆمەڵەیە هەرچەنێك کەم بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەوانەیە ئەنجامی خراپی هەبێ لە فریودانی دانیشتوانە ئەرمەنیەکاندا کە ئێستا ژیانو ماڵو موڵکیان لە مەترسیدایە.

فەرماندەی فەیلەقەکەی سوپا بەچاولێپۆشینی حاکمی وان ئەم لەشکرکێشیانە جێبەجێدەکات.

بەبۆچونی ئێمە، بەلانانی ئەم دو کارە گەورەیە، باشترین ئامرازە بۆ پەکخستنی ئەو نەخشانە کە مەخابن زۆر لە چونە پێشەوەدان.

سەرباری ئەمانەش، هەر ئەوەندەی بڕیارە بەرزەکەی پەیماننامەی بەرلین جێبەجێ دەکرێ، کوردەکان کە لە تورکەکان زیرەکترن، دەتوانن بەهۆی ئەو نەرمیەی کە تایبەتە بە خەسڵەتیان، چاکتر کاربکەن وەك لەوەی خۆیان وابەستە بکەن بە ئەرمەنیەکانیەوە.

ژمارە: ٧

لە مستەر گۆشن وە بۆ ئێرل گرانڤیل– (لە ٣١ی ئابدا وەرگیراوە)

گەورەم، ثیراپیا، ٢٣ی ئابی ١٨٨٠.

ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە کە هاوپێچ کۆپی نامەیەکی سەیرت بۆ بنێرم کە ئاراستەی جێگری کۆنسوڵی حکومەتی خاوەن شکۆ لە وان کراوە دەربارەی بیروبۆچونو سیاسەتو فێڵی شێخ عوبەیدوڵلەی کوردەوەو، وەزعی نەستۆریە مەسیحیەکانیش لە کوردستاندا.

هاوپێچی ژمارە: ٧

لە جێگری کۆنسوڵ، کلایتون وە بۆ مەیجەر ترۆتەر

بەڕێز باشقەڵا، ١١ تەمموز ١٨٨٠.

ئەو کاتەی گەیشتمە ئێرە، توسون پاشای موتەسەریف پێی ڕاگەیاندم کە ماوەیەك بەر لە ئێستا ئەفسەرێکی ناردوە بۆلای شێخ عوبەیدوڵلە لەگەڵ فرمانی وسامەکەیدا وە لەنێو گفتوگۆکردن لەگەڵئەفەسەرەکەدا شێخ گوتویەتی "ئەمە چیە من دەیبیستم، گوایە ئەرمەنیەکان دەیانەوێت وڵاتێکی سەربەخۆیان لە واندا هەبێ، وە نەستوریەکانیش بەنیازن بەیداخی بەریتانیا بەرزبکەنەوەو خۆیان بەرەعیەتی بەریتانی دابنێن. من هەرگیز ڕێگە نادەم تەنانەت گەر پێویست بکات ژنانیش چەکدار بکەم". لەهەمان کاتدا شێخ ناردویەتە لای مار شەمعونو داوای لێدەکات بداتە پاڵی دژی حکومەتی تورکو، هەمان داواشی لەسەرەك قەشە ئەرمەنیەکانی ئێرە کردوەو پێی گوتون کە ئەو مەسیحیەکان دەپارێزێ. هەروەها وای لە گوندنشینەکان کردوە، تەنانەت ئەوانەش کە ماوەی چوار سەعات لە باشقەڵاوە دورن، کە بەڵێن بدەن باجی بدەنێ.

هەروەها پاشا دەلیت شیخ ویستویەتی کورەکەی بنیریت بۆ ئەستەموڵ لەگەڵ ئەم پیشنیارانەی خوارەوەدا. شیخ بری گەورەی پارە دەستنیشان دەکات کە لە ریگەی بەدرخان بەگەوە دەدریت بە سولتان کاتێ نیمچە سەربەخۆ دەبێو، هیشتا بری گەورەتریش دەدات گەر دان بنریت بە دەسەلاتی بەسەر کوردستانداو دەستیش نەخریتە کاروباریەوە.

زۆر ئاشکرا دیارە کە شیخو رەنگە کوردی تریش زۆر بە توندی دوشمنکار بن بەرامبەر هەر مافیك کە بە ئەرمەنو نەستۆریەکان دەدریت. لەهەمان کاتدا، شیخ دەخوازیت کە خۆی بکاتە میری فعلی کوردستانو دەیەویت نەستۆریو ئەرمەنیەکان دژی حکومەتی تورك کۆمەکی بکەنو، هەروەها دەسەلاتی خۆشی بەسەر کوردەکاندا بسەپینیت کە بەهیچ شیوەیەك جیگیر نیە لەبەر ئەوەی دو خیلی بەهیز دژی وەستاونو، کورە گەورەکەی خۆیشی دوژمنایەتی لەگەلدا هەیەو ئیستا لە ئیرانە. سەرباری ئەوەش، هەرچەندە لەوانەیە کوردی تریش بۆ ماوەیەك لە گەلیدابن. بەلام ئەگەر توشی تیکشکانیك ببیت، وە یان ئەگەر سەربکەویتو هەولی سەپاندنی دەسەلاتی توند بدات بەسەریاندا، ئەوا لیی دەکشینەوە.

بەشیوەیەکی گشتی، شتیکی بەلگە نەویستە کە ئۆتۆنۆمی وە یان حکومەتی نیابی لەم کاتەدا تەواو لە شوینی خۆیدا نابێ لەم جیگایانەدا، وە ئەوەی پیویستە دەسەلاتیکی بەهیزە لەدەستی پیاویکی بە توانادا کە شوین متمانەی ئەوروپا بیت. بەلام من هەروەها زۆر دلنیام لەوەی کە پیویست دەکات تا رادەیەك حکومەتە ئەوروپاییە سانەویەکان کۆمەکی بکەن.

دەمەویت سەرنج بۆ راستیەکیش رابکیشم، کە ئەو پەیوەندیە توندو تۆلەی کە لەم ولاتانەدا هەیە لەنیوان بنەما ئایینیو سیاسیەکانداو، ئەو وتوویژانەی کە لەم دواییەدا بەردەوام بو لەنیوان نەستۆریەکانو کلیسە ئینگلیزیەکاندا، بونەتە هۆی باوەریکی بەربلاو لەنیوان نەستۆریەکان خۆیانو رەگەزەکانی تریشدا کە نەستۆریەکان لە هەندێ شیوازی تایبەتەوە شایستەی پاریزگاری لیکردنن لەلایەن ئینگلستانەوە؛ لە راستیدا، ئەوەی کە ئەمانە بە فعل رەعیەتی بەریتانیان، باوەریکە لەلایەکەوە رو لە ئیدیعای نەستۆریەکان دەکاو دەبیتە هۆی وروژاندنی غیرەت لەنیوان ئایینو رەگەزە جیاوازەکانداو، هەروەها ئەو بێ متمانەییەی کە تورکەکان بە ئینگلستانیان هەیە.

(ئیمزا) ئیمیلیەس کلایتن

ژماره: ٨

له کۆنسوڵی گشتی، ئابۆت وه بۆ ئیرل گرانڤیل (له ٧ی ئەیلولدا وەرگیراوە)

هەلبژاردە. تەوریز، ٣١ی تەمووز ١٨٨٠.

ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە کە لەگەڵ ئەم نامەیەدا، کۆپی سێ نامەو یەك هاوپیچتان بۆ رەوانە بکەم کە ئاراستەی وەزیری مفوض خاوەن شکۆ لە تارانم کردوە، دەربارەی ئاشوبەکانی سەر سنوری تورکیا– ئیرانو کردەوەکانی شیخ عوبەیدوللەی سەرۆکی کوردەکان. مەسەلەی کورد، ئەوەی کە خیرو خۆشی هەزاران ئەرمەنیو مەسیحیشی پیوە پەیوەستە، زو یا درەنگ سەرنجی ئەوروپا رادەکیشیت. ئەمەش مەسەلەیەکە چەند رویەکی هەیە. من لەم تەرەفەی سنورەوە بە بایەخەوە چاوەدیری کاریگەریەکانی دەکەم؛ بەڵام لەناو خودی تورکیادایە کە پیویستە ئیمە بەدوای ئەو هۆیانەدا بگەریین کە ئیستا لەژیر دەسەڵاتی شادا لەکاردان.

هاوپیچی (١)ی ژماره: ٨

له کۆنسوڵی گشتی، ئابۆت وه بۆ مستەر تۆمسن

بەریز، تەوریز، ١٤ تەمموز ١٨٨٠.

ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە ئەوە رابگەیەنم کە لە ١١ی ئەم مانگەدا هاوکارە تورکەکەم چاوپیکەوتنیکی لەگەڵ والیدا هەبو بۆ ئەوەی بارودۆخی کاروبارە ناتەواوەکانی سەر سنوری تورکیا– ئیران، نزیك بە باشقەلا رون بکاتەوەو، بەدوای ئەوەشدا بروسکەی بۆ نوینەری بابی عالی لە تارانو پاشای وان کردوە.

وا دەردەکەوێ کە کوردەکانی شکاكو هەیدرانلو هوروژمیکی درندانەیان بۆ ناو تورکیا کردبێ؛ بەڵام لەلایەکی تریشەوە کاربەدەستە ئیرانیەکان نارەزایی ئەوە دەردەبرن کە چەند خیلیك لە تەرەفی تورکیادا ئەم کیشانەیان دروست کردبێ. بەواتایەکی تر کۆچرەوەکان کە دلسۆزن بۆ شاو تارادەیەکی زۆریش سونین هاو مەزهەبەکانیان لە وڵاتی عوسمانیدا تەئسیریان هەیە لەسەریان، بە هەیبەتو ترسەوە دەروانن شیخ عوبەیدوللەی سەرۆکە روحیەکەیان لە هەردو دیوی سنورەکەدا.

من لەو باوەرەدام، کە نیاز وایە جەنەراڵ کوبی خان لە تەوریزەوە بنیردریتەوە سنور، کە رەنگە نیردراویکی بابی عالیش چاوی پێ بکەویت بۆ دانانی چارەسەریك بۆ ئەم کیشەیەی ئیستا، بەڵام خان خۆی پیی راگەیاندم کە ئەوەندە سور نیە لەسەر هەلسان بەو کارە، چونکە ئەنجامیکی باشی نابیت ئەگەر حکومەتی ئیران بەشیوەیەکی ریکوپیك کۆمەکی نەکەن.

بیگومان دوژمنایەتی سنوری ئیستا لەنیوان تورکیاو ئیراندا چارەسەرناکریت- وەك ئەوەی کە من لەم سێ سالەی دواییدا دیومە کراوە- کە چەند مانگیکی کەم لە ئیستا بەدواوە جاریکی تریش هەلدەگیریتەوە؛ شتیکی ئاشکراشە کە ئەنجامیکی هەمیشەیی نایەتە دەست بۆ هیورکردنەوەی سنور تاکو ئەو دو زلهیزە بەشیوەیەکی رەسمی پەیماننامەیەکی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە نەبەستن. بە هەر حاڵ، من مەترسی ئەوەم هەیە کە لەم کاتەدا جیاوازییە تائفیەکان وایان لیبکات نەتوانن بە روحیەتیکی پاکەوە مەسەلەیەکی ئاوها لیکبدەنەوە.

(ئیمزا) ولیام جی. ئابۆت

هاوپیچی (٢)ی ژمارە: ٨

لە کۆنسۆلی گشتی، ئابوت وە بۆ مستەر تۆمسن

بەریز، تەوریز، ١٥ تەمموز ١٨٨٠.

ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە پیتان رابگەیەنم کە وا پیدەچێ ئەو هەلویستەی کە بابی عالی سالی پار هەیبو بەرامبەر سەرۆکی کوردی یاخیبو شیخ عوبەیدوالله، کاری ئالۆزی ترسناکی لی بتەنیتەوە.

لەبری ئەوەی حکومەتی تورکیا سزای توند بەشیخ بگەیەنێ بۆ شۆرشەکەی، دیاریو خەلاتی پیداوەو، ئیستاش پرۆژە لەبەرچاوەکەی دور لە سزادان، بە ئاشکرا جیبەجی دەکات.

من دەزانم کە شیخ لە هەردو دیوی تورکیاو ئیراندا گوند دەکرێ کە نفوزی زۆری پێ پەیدا دەکاتو، هەروەها توانیویشیتی خیلی شکاك کە وەلایان بۆ شا هەیە، بەشیوەیەکی لەبەرچاو بخاتە ژیر رکیفیەوەو خۆشیان بە تفەنگی مارتینی چەکدار کردوە.

لەم دواییانەدا، کورەکەی شیخ لەگەڵ هیزیکی سەربازی تورکدا سەردانی بازارگاریان کردوە. ئەم شوینە بریتیە لە دۆلیك لەنیوان گەوەرو برادۆستدا، لەکۆندا خیزانی جولەکەی لی نیشتەجێ بون، بەلام ئیستا کەلاوەنو نزیك خالێ سنورن. مەبەست لەم جموجولەش یان بۆ خۆپیشاندانیکی چەکدارانە دژی عەلی خانی سەرۆك شکاکەکان بوە، وە یان بۆ دروستکردنەوەی دیوارە روخاوەکانی بازارگار بوە.

بەهۆی بەرهەلستکارکردنی شیخەوە، حکومەتی ئیران ناتوانێ نوینەریك لەمەرگەوەر دابنیت. سەرۆك خیلەکانی شنۆو لاهیجان مسکینو پیاوەکانی شا- لە

گفتوگۆدان بۆحالەتیکی سەربەخۆ کە وایان لیبکات بەکردار ببنە هاوپەیمان لەگەڵ شیخدا.

ئەم کارانە وا دانراون کە دەسەڵاتی شا لەنیو رەعیەتە خیلەکیەکانیدا هەلتەکینن.

بۆچونی من ئەوەیە کە شیخ خواستەکانی پارتە مورتەجەعەکەی تورکیا جیبەجێ دەکاتو، دەبیت جوڵانەوەکەی لە نزیکەوە چاوەدیری بکریت، چونکە لەوانەیە ببیتە کۆسپ لەریگەی هەردو حکومەتی ئیرانو تورکیادا.

من لەو باوەرەدام کە شیخ بلیسەی تەعەسوب بە زیندویی لەنیو موسولمانەکاندا دەهیلیتەوەو، گەر کردەوەکانی رانەگیریت ئەوا جاریکی تریش دەبیتە کارەساتیك بۆ دانیشتوانە مەسیحیەکانی نزیکی، هەروەك ئەوەی لەو جەنگەی دواییدا کردی.

ئەوەی زۆر نەویستە ئەوەیە کە ریگەی بدرێ نفوزی لە ئیراندا بڵاوببیتەوەو، منیش ئەو بۆچونەم بۆ کاربەدەستە ناوجییەکان دەربریوە.

بیگومان، لەئاکامی ئەو ریگەیەی ئەو پەیرەوی دەکات، حکومەتی ئیران- هەروەك لەنامەی ژ: ٣٨ی دوینیمدا باسکراوە ئەسلی پیشیویەکانی ئیستا ناو سنور بۆ خاکی تورکیا دەگیریتەوە.

هاوپیچی (٣)ی ژ: ٨

بۆ کۆنسۆلی گشتی، ئابۆت

هەلبژاردە ورمێ، ٨ی تەمموز ١٨٨٠.

شیخ عوبەیدوالله لە ریزی ئەکلیرکی ئیسلامدا، خۆی بە سیهەم کەس دادەنێ. هەروەها بیجگە لە چەند خیلیکی کەم کە بەناو رەعیەتی ئیرانن، شیخ مەلیکی سیڤیلی مەقبولو دانپینراوی هەمو کوردانە. بەشیوازیکی شایانە دەژی، رۆژانە ٥٠٠ بۆ ١٠٠٠ میوانی هەمو جۆرە چینەکان لە مالیدا میوانداری دەکرین. شۆرەتو شەخسەیتی بە ئاشکرا جیاوازە لەوەی کە لە کاربەدەستە ئیرانیو تورکەکاندا دەبینرێ. خۆی وەیان کورەکەی، بەشەخسی هەمو ئەو کەسانە دەبینن کە بۆ کار دین، وە گرنگیش نیە ئەو کارە هەرچۆنیك کەمو بێ بایەخیش بێ. ژیانی مالەوەی زۆر ساکارترە. ئەلکهول هەرگیز ناچیت بەشارەکەیدا.

لە بەیانیەکی زوەوە تا درەنگانیکی شەو خۆیو میراتگرەکەی بە بەرژەوەندی حکومەتو میللەتەکەیەوە خەریکن.

میللەتەکەی شیخ ریزو خۆشەویستی زۆریان بۆی هەیە، بەلام لەهەمان کاتیشدا ناویرن گویرایەلی نەبن. ئەوان دەلین حاکمو قازیەکی عادلە. هەرگیز بەرتیل

وەرناگریٚو ریگەش نادات بە فەرمانبەرەکانی وەریبگرن. هەر کەسیك لە یاسا لابدات، حوکمی مردنی دەدریت.

شیخ زیرەکەو بە پەرۆشیشە کە بتوانیٚ دەربارەی ئایدیاو ژیانی شارستانی بزانیٚ.

شیخ هەولئەدات میللەتەکەی بکاتە هاولاتیو دزو جەردەو تالانی نەهیلیت. بۆ ئەمەش زەوی کشتوکالی لە گەوەر، باشقەلا، مەرگەوەر، وە تەرگەوەر دەکریٚ.

کورەکەی شیخ کە ناوی عەبدوالقادرەو میراتگریتی، ئیستا لیرەیە. رەنگە مەبەستی هاتنەکەی کە پیشنیارەکە لەجیاتی باوکی، بخریتە بەردەم حکومەتەوە. شیخ دەلیت کوردەکانی شکاکی ژیر نفوزی عەلی خان، هەرکیەکانی ژیر نفوزی حەسەن بەگ، پیکەوە لەگەلٚ ژمارەیەك بەگی تردا کە هەمو بەناو رەعیەتی ئیرانن، بە بەردەوامی کاروانە ئیرانیەکانو ئەوانەی کە سەر بەویشن، روت دەکەنەوە. ئەوانە هەروەها رەعیەتەکانی شیخو ئەوانەی ئیرانیەکانیش بەبیٚ جیاوازی دەکوژن. ئەو زۆر جار داوای لە حکومەتی ئیران کردوە کە سزایان بدات وەیان ریگەی ئەو بدات سزایان بدات، بەلام هەرگیز گویٚی لی رانەگیراوەو داواکەشی سەیر نەکراوە. شیخ دەخوازیٚ ئیستا هەر سیٚ دەشتەکەی مەرگەوەر، تەرگەوەر وە برادۆست کە کەوتونەتە نیوان ورمیٚو سنوری تورکیاوە، سالانە بە بریك پارە پیی بدریت بە کریٚو، بەلینیش ئەدات کە لەهەر تالانیەك کە لەناوچەکەدا دەکریت، بیانپاریزیت. شیخ گوتویەتی، گەر ئەمە رەفز بکریتو رەعیەکانی بە بەردەوامی تالان بکرین، ئەوا یاسا دەخاتە دەست خۆیەوەو ئەم خیلانە بە تەواوی لەناو دەبات. چەند حەفتەیەکی کەم لەمەوبەر، کورەکەی بە تۆپو سوپایەکەوە هات بۆ برادۆست بۆ ئەوەی شەری شکاکەکان بکات، بەلام عەلی خان بەلینی دلسۆزی (ولاء) بۆ شیخ داو بەو پییەش وەك رەمزیك کورەکەی خۆیو ١٠٠ پیاویکی دەرەجەداری نارد بۆ ریزلینان لە شیخ. شیخیش گوندیکی کریو لە برادۆست قەلایەکی لەنیوان زەویەکانی شکاکو هەرکیەکاندا دروستکرد.

ژمارە: ٩

لە مستەر تۆمسن وە بۆ ئیرل گرانڤیل– (لە ٥ی تشرینی یەکەمدا وەرگیراوە)

گەورەم، تاران، ٢٤ی ئاب ١٨٨٠.

ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە رایبگەیەنم کە بەردەوام بومە لەسەر هاندانی حکومەتی ئیران بۆ هاوکاریکردن لەگەلٚ کاربەدەستە تورکەکاندا بۆ پاراستنی نیزام لەنیوان خیلە کوردەکانی دانیشتوی نزیك سنوری ئیران.

وەزیری کاروباری دەرەوە دلنیای کردوم کە ئەو زۆر بە دلسۆزیەوە دەخوازیت ئەوەندەی لە تواناداییت یارمەتی حکومەتی تورکیا بدات بۆ جیبەجیکردنی هەر ئیجرائاتیك کە حەزبکەن بیکەن بۆ کۆتایی پیهینانی جموجۆلی بێ یاسایی ئەم خیلانە. بەلام ئەو تیبینی داوە بەوەی کە کاتێ هەر ئاژاوەیەك لەناو تورکیادا نزیك بە سنور روئەدات، ئەوا کاربەدەستە تورکەکان بەشیوەیەکی نەگۆر تەقەللا ئەکەن وای پیشان بدەن کە ئیران لەرودانی بەرپرسیارەو، بۆ نۆ لەدەی ئەو حالەتانەشدا، زۆر بە ئاسانی لە ئەنجامی نەرمی خۆیانەوە بوە. وا خۆی پیشان نەئەدا کە خیلە ئیرانیەکان ئەوەندە زۆر گوناهبارن وەك ئەوانەی تورکیا سەبارەت بەو ململانێ ئاساییەی سەر سنور کە بە بەردەوامی روئەدا، وە کە دەبوە مشتومرو داوا بۆ چاککردن لە هەردولادا. بەلام سور بو لەسەر ئەوەی کە هەمیشە ئیران لەم جۆرە روداوانەدا ئامادەتر بوە لە تورکیا بۆ لیکۆلینەوەو بژاردن. بۆ ئەمەش چەندین نمونەی هینایەوە، کاتێ لەو سالانەی دواییدا ئیران بەو شیوەیە کاری کردبو، بەلام تورکیا کەللەرەقانە هەمو چاککردنیکی بارودۆخەکەی رەفز کردبو.

لە پشتگیریکردنیدا بۆ ئەم بۆچونە، نیشانەی بەو لیژنەیەدا کە ئیستا لە سنوری ئازەربایجانە بۆ لیکۆلینەوە لەو گازندانەی کە خیلە ئیرانیو تورکەکان دژ لەیەك کردویانەو؛ گوتی، هەر ئەوەندەی کە نیردراوە ئیرانیەکە، قولی خان، کە ئیستا لەسەر سنور چاوەروانی فەرمانبەرە تورکەکەیە بۆ بەشداری کردن لە لیکۆلینەوەکەدا، راپۆرتەکەی دەنیریو ئەو زەرەرانە پیشان ئەدات کە ئەم خیلانە گەیاندویانە، حکومەتی ئیران ئەو زەرەرانە دەبژیرێ کە بەدەستی رەعیەتەکانی کراوە.

سەبارەت بە مسوەدەی پەیماننامەکە کە جەنابتان لەنامەی ١ی تەمموزدا نیشانتان پیدابوو، لە ریگەیەوە پیشنیارتان کردبو کە حکومەتەکانی تورکو ئیران ریککەوتننامەیەکی رەسمی بکەنو پەنا نەدەن بەهیچ خیلیکی کورد کە لەو بەر سنورەوە داوای پەناهەندەیی دەکات کاتێ بەهۆی خراپە کاریو تاوانەوە لەلایەن کاربەدەستەکانی خۆیانەوە راودەنرین، پایە بلندی پیی راگەیاندم کە حکومەتی ئیران هیشتا ئامادەیە بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ریککەوتنیکی ئاوها لەگەڵ بابی عالیدا، بەلام لەو باوەرەدایە کە هەندێ کیشە لەروی ئەو پەیماننامەیەدا بەرز بۆتەوە، بەوەی کە سەفیری تورکیا لیرە بۆ ماوەیەك نەدەچو بەلای ئەوەدا کە وتوویژ بکاتو، هیچ شتیکی بەپەلەش نەبو کە بگەیەنریتە دەرئەنجامیك.

(ئیمزا) رۆنالد ف. تۆمسن.

ژ:١٠

له مستەر تۆمسن وە بۆ ئیرل گرانڤیل

له (٨ تشرینی یەکەمدا بە بروسکە وەرگیراوە)

گەورەم، تاران، ٨ ت١ ١٨٨٠.

ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە کە بۆ زانیاری جەنابتان رایبگەیەنم، ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان وەك راگەیەندراوە ١٥,٠٠٠ کەس بەهیزی سەر بە خیلی هەمە جۆرو دانیشتوی هەردولای سنوری تورکیا– ئیران، بەسەرۆکایەتی شیخ عەبدوالقادری کوری شیخ عوبەیدواللەی سەرۆکە ناودارەکەی تورکیاو سەرۆك خیلیکی ئیران بەناوی حەمزاغا، دەوری شارو ناوچەی سابلاخ یان گرتوە.

بە نزیك بونەوەی کوردەکان کاربەدەستە ناوجییە ئیرانیەکان هەلاتنو، وا باس دەکریت کە کوردەکان ئیستا ماوەیەکی کەم چوبیتنە پیشەوە بۆ شارۆچکەی مەرەگە کە کەوتۆتە نیوان نزیکەی نیوە ریگای سابلاخو تەوریزەوەو، چەندین لە گوندی ئەو نزیکانەیان تالان کردوە.

حکومەتی ئیران فەرمانی بۆ هیزەکانی لەپادگانی تەوریز دەرکردوەو هەروەها بۆ ناوچەکانی ئەو دەوروبەرە کە لەشوینی ئاژاوەکاندا کۆببنەوەو، فەرماندەیی ئەم هیزانەش سپیردراوە بە حیشمەت الدولە، میر حەمزە میرزا کە ئیمرۆ پایتەخت جیدەهیلیێو کاری فەرماندەیی وەردەگری واباس دەکریێ، ئەو هیزەی لەژیر فرمانیایەتی ١٢,٠٠٠ پیاو بن، کە بریتین لە هیزی نیزامیو نانیزامی لەگەڵ دو بەتارییەی تۆپخانەدا.

فەخری بەگی سەفیری تورك لیرە، لەگەڵ کاربەدەستە تورکەکانی واندا پەیوەندی کردوەو داوای کردوە کە هیزەکانیان لەگەڵ هیزەکانی خاندا هاوکاری بکەن، بۆ ئەوەی کاتێ کوردەکان لە خاکی ئیرانەوە دەرپەرینران، ریگەیان لی بگیریت تا لەناو سنوری تورکیادا پەنایان پی نەدرێ.

(ئیمزا) رۆنالد ف. تۆمسن

ژ:١١
لە مستەر تۆمسن وە بۆ ئیرل گرانڤیل
(بە بروسکە لە ١١ تشرینی یەکەمدا وەرگیراوە)

گەورەم، تاران، ١١ ت١، ١٨٨٠.

ئەم بەیانیە شا پەیامیکی بۆ ناردم، دەلیت حەزدەکات بمبینیت. بەو پییە رۆیشتم بۆ کۆشك‌و خاوەن شکۆ دەستی کرد بە قسەکردن دەربارەی سەرهەلدانی کوردەکان لە ئازربایجان. خاوەن شکۆ گوتی ئەوە تەواو شتیکی سەرسورمینەر بوە بۆی؛ چونکە ئەو لەو باوەرەدا بوە کە لە رۆژئاوای سنوری مەملەکەتەکەیەوە دراوسییەکی شارستانی هەیە کە هەمیشە توانیویتی نیزام لە مالەکەی خۆیدا بپاریزێ‌و، هەردو هیزو ویستیشی هەبوە کە ریگە لە کۆمەلی (تاقمێ) چەکداری درندە بگریت سنور نەبەزینن بۆ سوتاندن، روتکردنەوەو کوشتن، ئەو چاوەروانی نەکردوە کە رەعیەتەکانی سولتان لە رۆژئاوادا رەفتاریان وەك تورکومانەکان بیت لە رۆژهەلاتدا.

لەم کاتەدا، ئامادە نەبو بۆ جولانەوەیەکی ئاوها گەورەو چاوەروانکراو و، بەو پییەش داوای لیکردم کە تازووە داوایەکی جدیی ئاراستەی حکومەتی خاوەن شکۆ بکەم کات بە فیرۆ نەدەن سەبارەت بەو راستیەی کە وەك یەکیك لەهیزە ناوبژیکەرەکان ئامۆژگاری سەفیری حکومەتی خاوەن شکۆ لە ئەستەمولّ بکات بۆ ئەوەی بە توندی تەئسیر لە حکومەتی تورکیا بکات کە بەشیوەیەکی پیویست‌و پەلە، هاوکاری لەگەلّ ئیراندا بکەن بۆ راگرتنی ئەم بزوتنەوەیەی کوردستان.

خاوەن شکۆ پیشنیاری کرد کە دەبێ بابی عالی هەرەشە لە شیخ عوبەیدوللە بکات کە رەعیەتیکی تورکیایە، یان بە بلاوکردنەوەی هیزیکی سەربازی وەیان هەر شیوەیەکی تر، بەو پییەش ناچار بکریت عەبدوالقادری کوری کە یەکیکە لە سەرکردەکانی بزوتنەوەکە لەناو ئیراندا، بانگ بکات‌و خۆشی واز لەو نیازە دوژمنکاریە بهینیت کە ئیستا لەبیریدایە بەرامبەر ئیران.

خاوەن شکۆ هەروەها لەو باوەرەدا بو کە دەبێ بابی عالی هەندێ ئیجرائاتی عەسکەری لەسەر سنور بکات بۆ ئەوەی ریگە لە کوردەکان بگرن کە لە سنورەوە دەکشینەوە کاتێ هیزەکانی ئیران پەلاماریان ئەدەن. گەر هەمو شتیك جیبەجێ بکریت بە خیراییکردن لە قایمکردنی هیزەکان لە ئازربایجاندا، ئەوا رەنگە نەتوانن بۆ مانگیکی ترلە هەمان شویندا بمیننەوەو خاوەن شکۆش زۆر مەترسی ئەوەی هەبو کە لەوانەیە روسیا سود لەو دواکەوتنە وەرگرێ بۆ ئەوەی بەشیوەیەکی کاریگەر دەست

تیوەردان بکاتو بەهانەی سەلامەتیو بەرژەوەندی رەعیەتە زۆرەکانی لە ئازەربایجان بهینیتەوە کە حکومەتی ئیران نەیتوانیوە بیانپاریزیت.

دەستیوەردانیکی ئاوها لەلایەن روسەکانەوە، خاوەن شکۆ، روسیاشی بیتە سەر؛ وەك یەك کوشندە دەبێ بۆ ئیرانو تورکیاش.

من وەڵامم دایەوە کە بەخیرایی بروسکە بۆ جەنابتان دەکەم، بەو رادەیەی خاوەن شکۆ دەیخوازێ، بەڵام گوتیشم، لەبەر رۆشنایی ئەو راستیەی کە شیخ عوبەیدواللە پیشتر بەسەرکەوتویی بەرامبەر دەسەڵاتی بابی عالی وەستاوە، من بەهەرحالێ بو بێ دلنیابوم لەوەی کە ئەو گوشارەی دەیخەنە سەری، کاریگەریەکی زۆری دەبێ.

خاوەن شکۆ پیی راگەیاندم کە کوردەکان لەراستیدا نەچوبونە ناو مەرەغاوە وەك راپۆرت درابو، بەڵام گوندەکانی ئەو دەوروبەرەیان بەتاڵان بردبو و بەرەو لای باشور کشابونەوە.

سەبارەت بەو هیزانەی کە لەبەردەست دەسەڵاتدارەکانی ئازاربایجاندان، خاوەن شکۆ پیی راگەیاندم کە سێ فەوج لەناوچەکەدانو، پینجی تریش داواکراون. هەموی تیکرا ۱۰,۰۰۰ کەس لە تارانو شوینەکانی ترەوە دەنیردرین بۆ بەهیزکردنی ئەو هیزانەی ئیستا لە ئازەربایجانن، ئەم بەهیزکردنانە یەکیك لە فەوجە تازەکانو بە تارییەیەکی تۆپخانەیان بە تفەنگەوە تیادایە، ئەوانەی کە لەم دواییانەدا لەلایەن ئەفسەری نەمساویەوە راهینراونو، چواریشیان لەگەڵ هیزەکەدایە. هەروەها دو بەتارییەی تۆپخانەی کۆنی ئیرانیشی لییە.

بەپیی ئەم یەکەم راپۆرتانەی گەیشتونە ئیرە، شۆرشگیرە کوردەکان ۱٥,۰۰۰ کەس دەبن، بەڵام حکومەتی ئیران مەزەننەیان بە ۷.۰۰۰ کەس دەکات.

حاجی میرزا حوسەینی کۆنە وەزیری کاروباری دەرەوە، بۆ تەوریز دانراوەو، بەرپرسیاریەتی ناوچەکە لەژیر ناوی میراتگری شەرعیدا وەردەگرێ. بیگومان، ئەم دانانە بۆتە هۆی نارەزایی دوژمنە زۆرەکانی وەزیری پیشو، لەبەر ئەوەی باش دەزانن کە لەم بەریوەبەرایەتیەیدا سەرکەوتو بێ، ئەوا گریمانی گەرانەوەی بۆ دەسەڵات لە ماوەیەکی کەمدا دور نابیت.

(ئیمزا) رۆناڵد ف. تۆمسن

ژماره: ١٢

له عاسم پاشاوه بۆ موسو روس بەگ– (له ١٥ تشرینی یەکەمدا له موسوروس بەگەوه بۆ ئیرل گرانڤیل نیردراوه)

به بروسکه ئەستەموڵ، ١٤ی ت١، ١٨٨٠.

به بابی عالی راگەیەندراوه، کورەکەی شیخ عوبەیدوالله که چەند ساليك لەمەوبەر پەنای بۆ ئیران بردوه، خۆی ئاماده دەکات پیشەوایی باندیك بکاتو بۆ مەبەستی تالانی بچیته ناو خاکی عوسمانیەوه. حکومەتی ئیمپراتۆریەت که ناتوانێ چاوەدیری راگرتنی نیزامو سەلامەتی خەلکەکه نەکات، ئیجرائاتی بەپەلەو کاریگەری کردوه بۆ پاراستنی ئەو خەلکەی که هوروژمەکانی ئەم تاقمه هەرەشەیان لیدەکاتو، بۆ پاراستنیان له هەر تالانیەك، به پەلەو به ژمارەی پیویست هیز بۆ سنور نیردراوه.

من بەباشم زانیوه که ئەوەی رویداوه بۆت بنیرم، بۆ ئەوەی له حالەتی پیویستدا بتوانیت راستیەکەی بۆ ئەوانەی دەورت باس بکەیت.

ژماره:١٣

له ئیرل گرانڤیل وه بۆ مستەر تۆمسن

بەریز، وەزارەتی دەرەوه، ١٦ی ت ١، ١٨٨٠.

لەریگەی قائم بالاعمال ی بالیۆزخانەوه لیره، حکومەتی بابی عالی رونی کردەوه که کورەکەی شیخ عوبەیدوالله خۆی ئاماده دەکات بۆ پەلاماردانی ناوچه تورکیەکان لەخاکی ئیرانەوه که بۆ چەند ساليك دەچێ پەناهەندەیه لێی، وه ئیجرائاتی کاریگەریش بۆ راگرتنی نیزام جیبەجی کراوه.

(ئیمزا) گرانڤیل

ژماره: ١٤

له مستەر گۆشن وه بۆ ئیرل گرانڤیل– (له ١٩ تشرینی یەکەمدا وەرگیراوه)

گەورەم، ثیراپیا، ١٢ی ت ١، ١٨٨٠.

هاوپێچی ١ی ژمارە: ١٤

له کاپتن کلایتن وه بۆ مستەر گۆشن

بەریز، وان، ٥ی ت١، ١٨٨٠.

وا راگەیەندراوە کە شیخ عوبەیدوالله لەگەڵ ٥٠٠ کەسدا دژی حکومەت کشاوەو زابتیەکانی ئیرەش مانیان گرتوە لەبەر ئەوەی موچەیان نەدراوەتێ. حکومەت شەلەلی توش بوە. کوردەکان لەهەمو شوینیکدا هەن.

هاوپیچی ٢ی ژمارە: ١٤

بەریز، بەغداد، ٨ی ت١، ١٨٨٠.

راگەیەندراوە کە شیخ عوبەیدوالله لەگەڵ هەزاران کوردا لە سنور پەریوەتەوەو گەیشتۆتە ورمێ. وا باسدەکریت کە چەند هەزار نەستۆریەك کوژرابن.

ژمارە: ١٥

له ئیرل گرانڤیل وه بۆ مستەر گۆشن

بەریز، وەزارەتی دەرەوە، ١٩ی ت ١، ١٨٨٠

نیشانە بە نامەکەم لەیەکی تەمموزدا، نامەیەکی وەزیری مفوضی حکومەتی خاوەن شکۆ لە تاران بۆ بەریزت رەوانە دەکەم، کە ئەو وتو ویژەی تیادایە کە لەگەڵ وەزیری کاروباری دەرەوەی ئیراندا کردویەتی بۆ راگرتنی نیزام لەنیو ئەو خیلە کوردانەی لەسەر سنوری تورکیا– ئیران نیشتەجین.

بەریزتان لەنامەکەی مستەر تۆمسن وە تیدەگەن کە وەزیری مفوض تورك لە تاران هیچ پیشکەوتنیکی لەگەڵ ئەو پەیماننامەیەدا بەدەست نەهیناوە کە پیشنیار کرابو بۆ دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی ئیراندا بۆ چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە؛ وە منیش داوا لەتۆ دەکەم کە هەلیکی باش برەخسینی بۆ هاندانی بابی عالی بۆ پیویستی پەلەکردن لە بەئاکام گەیاندنی ئەم ریککەوتنە.

(ئیمزا) گرانڤیل

ژمارە: ١٦

له مستەر گۆشن وه بۆ ئیرل گرانڤیل- (له ٢٦ی تشرینی یەکەمدا وەرگیراوە)

گەورەم، ثیراپیا، ١٩ی ت ١، ١٨٨٠.

نیشانه به نامەکەی رۆژی ١٢ی ئەم مانگەم، ئەز شەرەفی ئەوەم هەیه که هاوپیچ کۆپی بروسکەیەکت بۆ رەوانه بکەم که سەفیری ئیران لیره بەمنی داوه، سەبارەت به هورۆژمی کوردەکان بۆ ناو ئیران.

(ئیمزا) جۆرج. جەی گوشن

هاوپیچی ژمارە: ١٦

له وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئیرانەوه بۆ سەفیری ئیران له ئەستەموڵ

به بروسکه

دو کوری شیخ عوبەیدوالله که دانیشتوی هەکارینو حەمزاغای مەنگور که به کەسایەتی خراپ ناسراون، لەگەڵ چەند سەرۆکیکی تاقمی تالانکەری گەرۆك وەك خۆیان، هەلساون به چەندین کاری تالانیو ویرانکردنی هەمەجۆر له لاڤۆنچو مەرەگەدا. بۆ ریگەگرتن له راپەرین، هیز نیردراوه بۆ سزادانی سەرپیچی کەران. رەوشتو سروشتی درندانەی کوردەکان لەم ناوچەیەدا، لەلایەن دەرەوه نەزانراوه. ئەم راپەرینه هیچ گرنگ نیه. شتیکی ئاساییه که دەبینین ئەم کوردانه هیچ ئامانجیکیان نیه تەنیا تالانی نەبیت. هەر ئەوەندەی هەوالی نزیکبونەوەی هیزەکان هات، ئەم تالانچیانه روەو مەرەگەی ئەو نزیکانه هەڵاتن.

ژمارە: ١٧

له مستەر تۆمسن وه بۆ ئیرل گرانڤیل

(له ١٧ی تشرینی یەکەمدا به بروسکه وەرگیراوە)

گەورەم، تاران ٢٧ی ت ١، ١٨٨٠.

ئەز شەرەفی ئەوەم هەیه به جەنابتان رابگەیەنم، که هەفتەی رابوردو مستەر ئابۆت ورمیّی جیهیشتوه بەنیازی گەرانەوه بۆ تەوریزو، ریگەی لەو چونەی لیگیراوه لەبەر ئەوەی ریگاکان لەدەستی کوردە یاخیبوەکاندایه.

نامەیەکی مستەر ئابۆتم لایه به بەرواری ٧ی ئەم مانگه، تیایدا رونی دەکاتەوه که ئەو کاته شارەکه لەلایەن کوردەکانەوه بەهۆی دو هیزەوه لەژیر مەترسیدا بوه، هەریەك لەو هیزانه کوریکی شیخ عوبەیدولله فەرماندەی بوەو، بەشیکی ١٠٠٠

کەسی بەهیز بە فەرماندەیی شیخ سادق سەنونی داگیرکردوە لە ٢٤ میل لە ورمیٚوە دورە لەسەر ریگە سەرەکیەکەی سنورو، ئەویتریشیان کە بە فەرماندەیی شیخ عەبدوالقادر بوە دەستیکی بالاٌی هەبو لەناوچەکانی مەرەگەو سابلاٌخدا.

بەپیی زانیاری‌یەکانی ئەو دواییەی لە تەوریزەوە هاتوە، ئیستا وا دەردەکەویت کە شیخ عەبدوالقادر دوای ئەوەی شارۆچکەی میاندواوی تالاٌن کردوەو دانیشتوانەکەشی بەشمشیر کوشتون، ریٚی کردوە بۆ تالاٌنکردنی دیهاتەکانی دەوری مەرەگەو، ژمارەیەکی زۆر لە گوندی ئەو نزیکانەی ویرانکردوە، بەلاٌم بە نزیکبونەوەی هیزە تازەکانی کە حکومەتی ئیران ناردبونی، لەو بەشەی ناوچەکە پاشەکشەی کردبو و کشابو بۆ ورمیٚو، بە گەیشتنیشی بۆ ئەویٚ خەلکەکەی بانگ کردبو تەسلیم ببن.

ژمارە: ١٨

لە مستەر تۆمسن وە بۆ ئیرل گرانڤیل

(لە ٢٨ی تشرینی یەکەمدا بە بروسکە وەرگیراوە)

گەورەم، تاران، ٢٨ی ت ١، ١٨٨٠.

نیشانە بەنامەکەم بە بەرواری ئیمرۆ ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە بە جەنابتان رابگەیەنم، کە ئیستا هەواڵ گەیەندراوە کە کورەکانی شیخ عوبەیدواللەو برایەکی هەمزاغای سەرەك خیلی کوردی ئیران بە گوللە لەو پیکادانەدا کوژراون کە چەند رۆژیٚ لەوەبەر لە نزیك مەرەگە رویداو، ئیعتماد السلطنەش توانیویتی وا لە کوردەکان بکات روەو سابلاخ بکشینەوە.

پاشا خانی حاکمی خۆی، بەهیزە تازەکانەوەو بە یارمەتی هیزەکانی ورمیٚ، رۆژی یەك شەممە گەیشتنە سەلماس وە بەپیی دوایەمین هەواڵ

ژمارە: ١٩

لە مستەر گۆشن وە بۆ ئیرل گرانڤیل- (لە کاتژمیری ١٠,١٥ی پاش نیوەرۆی ٢٩ی ت ١، وەرگیراوە)

گەورەم، ڤیراپیا، کاتژمیر ١٢,١٠ ی پاش نیوەرۆ، ٢٩ ت ١ ١٨٨٠.

لەوان وە راگەیەندراوە کە حاکمی سورەیا رایکردوەو، شیخ عوبەیدواللەش سنوری بەزاندوە بۆ ناو ئیران.

ژماره: ٢٠

له مستەر تۆمسن وه بۆ ئیرل گرانڤیل

(له ٣٠ی تشرین یەکەمدا بە بروسکە گەیشتوه)

گەورەم، **تاران، ٣٠ی ت ١، ١٨٨٠.**

نیشانه به بروسکەی جەنابتان له ١٦ی ئەم مانگەدا، ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە پیتان رابگەیەنم کە ئەو وتارەی لیرەدایەو قائم بالاعمالی (چارج دو ئەفیر) بالیۆزخانەی تورك له لەندەن داویتی، لەگەڵ دیدو قسەکانی شیخ عوبەیدوالڵەدا ریك ناکەویت، هەروەك لەو نامانەیدا کۆکراونەتەوه کە بەم دواییانە ئاراستەی ئیقبال الدولەی حاکمی ورمیٚو میسیونەرە ئەمریکیەکانی ئەو شوینەی کردون، بۆ ئەوەی لەریگەی مستەر ئابۆت وه بۆ حکومەتی خاوەن شکۆ رەوانه بکرین.

لەم نامانەدا، شیخ عوبەیدوالڵە بە راشکاوی دەلیت کە مەبەست لە ناردنی کورەکەی بۆ ئیران، وەدەستهینانی ریگەچارەیەکە بۆ گازندەی کوردەکان؛ شیخ دەلیت کوردەکان لەلایەن تورکیاو ئیرانەوه بەشیوەیەکی زۆر خراپ بەکارهینراون؛ ئیستا خۆیو سەرەك خیلەکانی کوردستان دەخوازن کوردستان لەسەر بنچینەیەکی یەکگرتو و سەربەخۆ دابمەزرینن.

(ئیمزا) رۆنالد ف. تۆمسن

ژماره: ٢١

له مستەر تۆمسن وه بۆ ئیرل گرانڤیل

(به بروسکه له ١ تشرینی دوەمدا گەیشتوه)

گەورەم، **تاران، ١ی ت٢، ١٨٨٠.**

نیشانه بە نامەکانی پیشوتان سەبارەت بە چونە پیشەوەی یاخیبونی کوردەکانەوه، ئیستا ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە بە جەنابتان رابگەیەنم کە حکومەتی ئیران لە تەوریزەوە بروسکەی پیگەیشتوەو تیایدا هاتوه کە کوردەکان لە ورمیٚ کشاونەتەوە. هەروەها باسیشکراوه کە ململانیٚو دوبەرەکی لەنیوان سەرۆك کوردەکاندا کە ئیستا خەریکی جۆره ریکەوتنیکن لەگەڵ کاربەدەستە ئیرانیەکاندا، رویداوه

(ئیمزا) رۆنالد. ف تۆمسن

ژمارە: ٢٢

لە مستەر گۆشن وە بۆ ئیرل گرانڤیل- (لە ٢ی تشرینی دوەمدا وەرگیراوە)

گەورەم، ثیراپیا، ٢٤ی تشرینی یەکەم، ١٨٨٠.

ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە کە هاوپیچ کۆپی نامەیەکی مەیجەر ترۆ تەرت بۆ رەوانە بکەم کە تیبینـی تیادایـە سـەبارەت بـەو هەولـەی واتـەواتی لەسـە ربلاوبۆتـەوە بـۆ پیکهینانی کۆمەلەیەکی کوردی.

(ئیمزا) جۆرج جەی. گۆشن

هاوپیچی ژمارە: ٢٢

لە مەیجەر ترۆتەرەوە بۆ مستەر گۆشن

بەریز، ثیراپیا، ٢٠ی ت ١ی، ١٨٨٠.

داوام لـە کاپتن کلاینتن کردوە کە هـەر زانیاریـەکی سـەبارەت بـەوەی کـە نـاوی دەبرێ بە کۆمەلەی کوردی چنگ کەوت، بە رەسمی بۆم رەوانە بکات.

نیشانە بەواتەواتی بونی کۆمەلەیەکی کوردی، کە تا رادەیەك حکومەتی تورکی ریکی خستوە، بۆچونی من ئەوەیە کە تەنها لە خەیالی چەند ئۆرگانیکی رۆژنامەوانی ئەستەمولدا هەیە.

تا ئیستا، سیاسەتی تورکیا، هەمیشە بەگژاکردنی خیلیك دژی یەکیکی تر بوەو، ئەو شۆرشانەی کوردستانیش کە لە دو سالی دواییدا رویانداوە، لە هەمو حالەتیکدا بەیارمەتی سەرەك هۆزی تری کورد دامرکینراونەتەوە.

من بە شەخسـی بە ئاگام لـەوەی کـە هـەلچونیکی زۆر لـەنیو کوردەکـاندا هەیـە، بەهۆی نیشانە دان بە مەسـەلەی ئۆتۆنۆمـی ئەرمەنیـەکان کە زۆر باسـکراوە. هـاوینی پار لە وان، چەندین کاربەدەستی بەرز دەربارەی مەسەلەکە قسەیان بـۆ مـن کـردو، سەرەك کوردەکانیش بۆ خۆیان لـە گفتوگۆکانیاندا دەربارەی مەسـەلەکە لەگـەڵ منـدا نیشـانەیان بـۆ کـردوە. گریمـانیکی زۆر هەیـە کـە ئەگـەر ئیمتیـازیکی نائاسـایی بـە ئەرمەنیەکان بدریتو کوردەکانی لیدەرکریت، لەوانەیە کوردەکان دژی مەسیحیەکانو حکومەتیش یەکبگرن کە کاریکی ئاوها ئەنجام ئەدات.

لەوانەیە ئەو یەکبونە بە قەتلوعامی مەسیحیەکان لـە شـوینە دورەکـاندا تـەواو ببیـت کە مەسیحیەکان ناتوانن هیچ بەرهەلستیەك بکەنو حکومەتیش هیزی نـابیت ئەگەرچی ویستیشی هەبێ کە ریگەی لیبگریت.

شتیکی بەلگەنەویستە کە بە نفوزترین کەس لە رۆژهەلاتی کوردستاندا شیخ عوبەیدواللەیەو، شەخسی خۆیو دەسەلاتی لەناو کوردەکانی سنوردا زۆر لەوەکانی سولتان پیرۆزترە. گومان لەوەدا نیە کە ئامانجی ئەم پیاوە رزگارکردنی ولاتەکەیە لە کاربەدەستەکانی سولتانو، دانانی خۆی بە حوکمداری کوردستان کە پیکهاتوە لە بەشیکی باشوری وانو بەشیکی باکوری ولایەتی موسلو زیاتریش بە هەمو لایەکدا ئەوەندەی کە بتوانیت نفوزی فراوان بکات. بۆ جیبەجیکردنی ئەم کارەی، سیاسەتی ئیستای راکیشانی مەسیحیەکانە بەلای خۆیدا نەك لە خۆشەویستی یان لە ریزەوە بۆیان، بەلکو وەك ئامرازیك بۆ جیبەجیکردنی خواستەکانی.

شیخ، تەنها سەرۆکی موحتەمەلە بۆ کۆمەلەیەکی کوردی، لەگەل ئەوەشدا، من دەزانم کە هەندێ سەرەك هۆزی کوردی بە نفوز تا مردن دژی دەوەستن؛ وە هەرچەندە دەسەلاتی تا ئەو بەر سنوری ئیران فراوان بوە، بەلام لەبەشی رۆژئاوای کوردستاندا نفوزی لەدەست داوە.

رەنگە چونە ناوەوەی ئەم دواییانەی شیخ بۆ ناو ئیران بەهۆی ئەو بۆچونەوە بوبیت کە حکومەتی ئیرانی زۆر بۆگەن تر بو لەوەی تورکیاو، وەدەستهینانی دەسەلاتیکی سەربەخۆ، لەوێ ئاسانتر دەبێ وەك لە تورکیادا. هەر ئەوەندەی ئەوە وەدەستهینرا، هیزە زۆر زیادبوەکەی دژی فەرمانبەرە عوسمانیەکان بەکاردینیت.

من بەمەبەست زاراوەی "فەرمانبەرە عوسمانیەکان" بەکاردینم، نەك دەسەلاتی سولتان، چونکە لەو باوەرەدام کە شیخ، زۆر یا کەم بە شەخسی بەوەفایە بۆ سولتانو؛ ئامادەیی مل کەچیە بۆ دەسەلاتیو ریزی لیدەگریت، مادام ئەو فەرمانبەرە عوسمانیەکانی لە کۆل دەبیتەوەو، وەك ئەمریکی واقعو یاسایی بە سەرۆکی فەرمانرەوایی کوردستان سەیر دەکریت.

من لەو باوەرەدام، شیخ کوری شیخ زەهارە، کە شیخیکی زۆر بەناوبانگی تر بوەو لە سالی ١٨٤٣دا هاندەری سەرەکی بە کۆمەل کوشتنی نەستۆریەکان بوە لە لایەن بەدرخان بەگەوە لە بۆکتان. هەروەها، لە سالی ١٨٦٩دا، شیخ عوبەیدواللە لەلایەن کونسۆل تایلەرەوە راپۆرتی لەسەر درابو بەوەی یەکیك بوە لە هاندەرە سەرەکیەکانی پەلامارە توندەکاندا بۆ سەر مەسیحیەکان لەو بەشەی ناوچەکانی نزیکیەوە. لەلایەکی تریشەوە، من گەیشتومەتە ئەو قەناعەتەی کە لەماوەی دوا جەنگدا، شیخ کە چەند هەزار موتەطوعیکی هینابوە ناو سوپای تورکەوە، لەکاتی کۆمەلکوژیەکەی بایەزیددا نفوزی خۆی بەکار هینا بۆ مەسیحیەکانو ژمارەیەکی زۆریان لە تیاچون رزگار کرد.

گەر حکومەتی بابی عالی دانا بن بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان، ئەوا ئەم هەلەی ئیستا دەقۆزیتەوە بۆ لەناوبردنی شیخ، چونکە تا لە وڵاتەکەی خۆیدا بمینیتەوە، دەبیتە درك لە کەلەکەیاندا.

(ئیمزا) هینری ترۆتەر

ژمارە: ٢٣

لە مستەر تۆمسن وە بۆ ئیرل گرانڤیل

(لە ٢ی تشرینی دوەمدا بە بروسکە گەیشتوە)

گەورەم، تاران، ٢ی ت ٢، ١٨٨٠.

ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە بە جەنابتان رابگەیەنم کە خاوەن شکۆ شا، زۆر بە پەرۆشە بۆ ئەوەی رونکردنەوەی زیاتر لەلایەن حکومەتی خاوەن شکۆوە بۆ بابی عالی بکریتو، هانی حکومەتی عوسمانی بدریّ لە نزیکترەوە چاوەدیری سنوری تورکیا–ئیران بکات بۆ ئەوەی ریگە لە کوردەکان بگیریّ ئەم دیوو ئەو دیوی سنور بکەن. هەروەها خاوەن شکۆ داوای پیویستی دەرکردنی ئەمریکی بانگهیشان (استدعاء) ئەکات لای بابی عالیەوە کە ئاراستەی شیخ عوبەیدوالله بکریتو داوای لیبکات بگەریتەوە بۆ ناو خاکی تورکیاو وەلای خۆی بۆ سولتان تازە بکاتەوەو، بلاّوی بکەنەوە کە ئەگەر مل دانەنەوینیّ، وا توندترین ئیجرائاتی بەرامبەر دەکریت بۆ ئەوەی گویّ رایەڵ بیت.

تا ئیستاش لەلایەن شیخەوە، بەیانی وروژینەر لەناو کوردەکاندا بلاّو دەکریتەوەو، بەم دواییانەش نوینەریکی نهینی ناردوە بۆ تاران، بەنامەیەکەوە بۆ عەباس میرزای برای شا، داوای لیدەکات کە بەشداری لە بزوتنەوەکەی ئیستای کوردستاندا بکات.

(ئیمزا) رۆنالد ف. تۆمسن

ژمارە: ٢٤

لە ئیرل گرانڤیل وە بۆ مستەر گۆشن

بەریز، وەزارەت، ٢ی ت ٢، ١٨٨٠.

نامەکەی ١٢ی ئەم مانگەتم پیگەیشت، زانیاری باشو بەسودی دەربارەی مەسەلەی یاخیبونی کوردەکان مەرکەزی شیخ عوبەیدوالله‌ی تیادابو.

له حالەتی دانانی کۆمیسیۆنیك لەلایەن تورکیاو ئیرانەوه بۆ سەردانی سنوری کوردستان وەك هەنگاویکی سەرەتایی بۆ ئەو پەیماننامەیەی کە بۆ ماوەیەك لەنیوان دو زلهیزەکەدا راگیراوه، من پیشنیاری بەریزتان دەسەلمینم کە بە یاوەری یەکیك لە کۆنسۆلەکانی حکومەتی خاوەن شکۆ بیت کە خۆی بە مەسەلەکە ناساندوه.

(ئیمزا) گرانڤیل

ژمارە:٢٥

له مستەر پلەنکیت وه بۆ ئیرل گرانڤیل– (لە ٤ی تشرینی دودا وەرگیراوه)

(بە بروسکە)   سانت پیتەر سبورك، ٤ی ت ٢، ١٨٨٠.

پیم گەیشتوه کە حکومەتی روسیا داینـاوه هیزی روسی بنـیریت بـۆ کۆمـەکی ئیرانیەکان لە بۆ ملدانەواندنی کوردە تالانکەرەکان لەسەر سنوری روسیا– تورکیاو، شای ئیرانیش ئەم عەرضەی قبوڵ کردوه. واباس دەکریّ، ئەو هیزانەی روسیا کە لەم کارەدا بەکار دەهینرین بە ژمارە کەم بن، لەوانەیە هەندیّ لە پاسەوانانی سنور بن.

ژمارە: ٢٦

لە ئیرل گرانڤیل وه بۆ مستەر پلەنکیت

بەریز،   وەزارەتی دەرەوە، کاتژمیر ٤ی پاش نیوەرۆ ٦ی ت ٢، ١٨٨٠.

نیشانە بە بروسکەتان لە ٤ی ئەم مانگەدا، پیویستە ئامۆژگاری ئەوەت بکەم کە پرسیار لە حکومەتی روسیا بکەیت گەر تۆ بەشیوەیەکی دروست ئەو عرضەت پیّ راگەیەندرابیت کە کراوە بۆ یارمەتیدانی ئیران لە داپلۆسینی کوردە راپەریوەکاندا.

(ئیمزا) گرانڤیل

ژمارە: ٢٧

لە مستەر گۆشن وه بۆ ئیرل گرانڤیل   (لە کاتژمیری ٧,١١ پاش نیوەرۆی ٧ تشرینی دوەمدا وەرگیراوه)

(بە بروسکە)   ئەستەموڵ، ٥,٤٥ پاش نیوەرۆ، ٧ ت ٢، ١٨٨٠.

پیم راگەیەندراوه کە حکومەتی تورك کەوتۆتە کارکردن بۆ ریگەگرتن لە تاقمە کوردە کۆچەرەکان کە نەچنە ناو خاکی تورکیاوه. نۆ بەتالیون نیردرابو بۆ دروستکردنی پشتینەیەك.

ژماره: ٢٨

له مستەر پلەنکیت وە بۆ ئیرل گرانڤیل

(بە بروسکە لە ٧ تشرینی دووەمدا گەیشتوە)

گەورەم،   سانت پیتەرسبوگ، ٨ ت٢، ١٨٨٠.

ئەم بەیانیە، ئەز شەرەفی ئەوەم هەبو بروسکەی ٦ی ئەم مانگەی جەنابتان وەربگرم کە لیم دەخوازن لە حکومەتی ئیمپراتۆریەت بپرسم گەر من بەشیوەیەکی راست پیم راگەیەندرابیت کە ئیمپراتۆری روسیا یارمەتی ئیران بدات بۆ دامرکاندنی راپەرینی کوردەکان.

لەبەر ئەوەی ئیمرۆ یەك شەممەیە، ناتوانم تا سبەینێ بارون جۆمین ببینم. رۆژنامەی "Bereg" وتاریکی بلاوکردۆتەوە، تەرجەمەکەی هاوپیچ لەگەڵ ئەم نامەیەدایە، دەلیت شای ئیران بوە کە داوای یارمەتی لە روسیا کردوە بۆ کۆتایی هینان بە یاخیبونی کوردەکان.

Berey لەسەری دەرواتو دەلیت، روسیا یارمەتی ماددی (material) دەدات تەنها لە حالەتیکدا ئەگەر ئیران نەتوانیت بۆخۆی ئاژاوەکان دابمرکینیتەوە.

(ئیمزا) پلەنکیت

هاوپیچی ژ: ٢٨

هەلبژاردە لە رۆژنامەی "Bereg" وە

(تەرجەمە)   سانت پیتەر سبورگ، ٧ی ت ٢، ١٨٨٠.

ئاژاوە لە ناو ئیراندا- . رۆژنامەی "Bereg" هەندێ هەوالی ورياكردنەوەی لەم ولاتەوە بلاوکردۆتەوە، کە سنوری بە روسیاو، ئەفغانستانو تورکیاوەیە، ئەو ولاتانەی کە بایەخیکی زۆر ئەدەن بە مەسەلەی رۆژهەلات. هاوسێی ئەم ولاتانە، ئەو بەشەی ئیرانە کە کوردەکان ئیستا هەولئەدەن جێ پییەکیان تیایدا هەبێ، بە تایبەتی لەو ناوچانەی ئەرمەنیەکاندا کە بەم دواییە بە دەستمانهینایەوەو، هەروەها لەلاکەی تریشەوە روەو ئەرمینیای تورکی کە عنصری ئەرمەنی هەمیشە لە ململانییەکی زۆردا بوە لەگەڵ کوردا.

لەسەر وەختی دواجەنگەوە لە رۆژهەلاتدا، کەلینیکی فراوان لە نیشانەکانی سنوری ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بەدی دەکریت کە لەنیو مەسەلەی تردا، تەعبیرەکە لەسەرهەلدانی خیلە عەرەبەکاندا هەیە.

کوردەکان دژی ئیران راپەریون. تۆ بلێی تورکیا دیسان دەستی لەم گەمەیەدا نەبێ؟ ئایا لەوانە نیە بابی عالی بەهیوا بیت بارودۆخیکی خراپی تازە بینیتە کایەوە

کە وەك بەهانەیەك بەکاری بهێنێت بۆ ئەوەی مل نەدا بۆ بریارەکەی کۆنفرانسی بەرلین، ئەوەندەی کە پەیوەندی بە ئەرمینیاوە هەیە؟ رەنگە دیپلۆماتەکان لە ئەستەموڵ نیازیان وابێت کە بە هەمان شێوە سود لە کوردەکان وەربگرن، هەر وەك لە ئەلبانیەکانیان وەرگرت لە مەسەلەی مۆنتنگرایندا. لەوانەیە ئەم پرسیارانە هەموی بەم زوانە وەڵام بدرێنەوە.

لە ئێراندا، چەندین مەسەلەی سیاسی گران بەیەکەوە گرێدراون، بەهەمان شێوە مەسەلەی ئابوری کەلای روسیاو ئینگلستان بە بایەخن.

لە سالی ١٨٤٤وە تا ١٨٥٣، لەنیوان کابینەکانی لەندەنو پیتەرسبورگدا، تێگەیشتنیکی تەواو هەبو سەبارەت بە وەزعی ئیران. ئەم تێگەیشتنە کە باشترین ئەنجامی هەبو، بە جەنگی قەرم تیکدرا. ئینجا، خستنەروی ئەم مەسەلەیە دەبیّ زۆر خوازراو بێ، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی مەسەلەکە بە بەردەوامی زۆر شوین سەرنجی روسیایەو لە راستیشدا هیچ هۆیەك نیە کە پیویست بە دوژمنایەتی بکات لە نیوان روسیاو ئینگلستاندا لە ئاسیای ناوەراستدا.

ئەو لەیەك گەیشتنە چاکەی کە لەنیوان روسیاو ئیراندا هەیە، بەم دواییانە هەروەك لەلایەن هەندێ ناوەندی ئاگادارەوە باسکراوە، پشتگیری لەو راستیە دەکات کە ئیران داوای کۆمەکی سەربازی روسیای کردوە دژی کوردەکان، بەو باوەرەی کە سەرهەلدانە ناوچەیەکی زۆر گەورەتر دەگریتەوەو بۆ سنوری روسیاش بڵاودەبیتەوە. ریگە بەهیزەکانی روسیا دەدریت کە لە خاکی ئیراندا مانۆر بکات بۆ ئەوەی شۆرشەکەی ئەم تالانکەرانە دامرکینیّو، هەروەها بۆ گریمانی ئەوەی کە کوردەکان هەولئەدەن پەنا بەرنە سنوری تورکیا، لەوەختیکدا هیزەکانی روسیا فرمانیان دراوەتێ کە بەهیچ جۆریك بۆی نەچن.

رەنگە یارمەتی روسیا پیویست نەبیت، چونکە دوا راپۆرتەکانی روسیا لەسەرخۆ ترن.

ژمارە: ٢٩

لە مستەر پلەنکیت وە بۆ ئیرل گرانڤیل- (لە ٨ی تشرینی دوەمدا وەرگیراوە)

گەورەم، سانت پیتەر سبورگ، ٣ی ت٢، ١٨٨٠.

بەم دواییانە، بارون جۆمین دەربارەی ئەو ئالۆزیە مەترسیدارانە قسەی بۆکردم کە بەهۆی ئەو ئاژاوەیەی کوردەکانەوە سەرهەلئەدا کە ئیستا دەیخولقینن لەسەر سنوری تورکیا- ئیرانو، مەترسی ئەوەش هەبو کە ئەو شتەی دوای ئەوە ببینین کۆمەلەیەکی کوردی بیت، کە سولتان لەوانەیە بەباشی بۆ مەبەستیك بەکاری بهینیت، وەك کۆمەلەی ئەلبانیەکانی بەکارهینا.

بەریزی لەسەری رۆیشتو گوتی، لەوانەیە ئەم ئاژاوانە بلاوببنەوە بۆ ناوچەکانی نزیکتر بە سنوری روسیاو، لەو حالەتەشدا حکومەتی ئیمپراتۆریەت راستەوخۆ زۆرتر بایەخ بە مەسەلەکە ئەدا وەك لەوەی ئیستا بە خۆشیەوە داویتی.

(ئیمزا) ف. ر. پلەنکیت

ژمارە:٣٠

لە مستەر تۆمسن وە بۆ ئیرل گرانڤیل (لە کاتژمیری ٨,٣ پاش نیوەرۆی ٨ تشرینی دوەمدا گەیشتوە)

به (بروسکه) تاران، ٨ی ت٢، ١٨٨٠.

ئیرانیەکان هیشتا ورمیٚیان بەدەستەوەیەو لە نزیکیشەوە شەر بەردەوامە، بەلاٚم وەك بەرەسمی بلاٚوکراوەتەوە، کوردەکان نەکشاونەتەوە. ئیرانیەکان لە بینەب سەرکەوتنیکیان بەدەست هیناوە، کوردەکان نزیکەی ٣٠٠ کەسیان لە دەستداوە.

ژمارە: ٣١

لە مستەر تۆمسن وە بۆ ئیرل گرانڤیل

(بە بروسکە لە ٨ی تشرینی دوەمدا گەیشتوە)

گەورەم، تاران، ٨ ت٢، ١٨٨٠.

نیشانە بە بروسکەی پیشوم بە بەرواری ئیمرۆ دەربارەی یاخیبونی کوردەکان لە ئازەربایجان، ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە بە جەنابتان رابگەیەنم کە ئیستا هیوای حکومەتی ئیران بوژاوەتەوە بەوەی کە بتوانیت لەریگەی گفتوگۆوە یەکبونی کوردەکان بترازینیتو لەت لەت بکات. ئەم هیوایەش لە نیشانەی ئەو ناریکیانەوە دیت کە ئیستا لەناو کوردەکاندا بەدەرکەوتوە. وا باسدەکریت کە هەندیٚ لەو کوردانە شیخیان جیهیشتبیتو حەز بکەن بگەرینەوە بۆ وەلاکەی خۆیان بۆ شا.

(ئیمزا) رۆنالد ف. تۆمسن

ژمارە: ٣٢

لە مستەر پلانکیت وە بۆ ئیرل گرانڤیل

(بە بروسکە لە ٨ تشرینی دوەمدا وەرگیراوە)

گەورەم، سانت پیتەر سبورگ، ٨ ت ٢، ١٨٨٠.

بەدوی بروسکەی ٦ی ئەم مانگەی جەنابتاندا، ئیمرۆ سەردانی وەزارەتی دەرەوەم کرد بۆ ئەوەی لەریگەی بارۆن جۆمین وە بزانم ئاخۆ راستە کە ئیمپراتۆری خاوەن شکۆ بەلینی داوە هیزەکانی روس بنیریت بۆ یارمەتیدانی شای ئیران بۆ مل پیدەواندنی کوردە تالانچیەکان.

لەو کاتەدا، بارۆن جۆمین بە ئەنجومەنیکی وەزارەتی کاروباری دەرەوە خەریك بو، بەلام زۆرباش بو و هاتو قسەی بۆ کردم.

پیی راگەیاندم، کە ئەوە شا بوە خواستی خۆی بۆ وەزیری مفوض لەتاران دەربریوە کە یارمەتی خاوەن شکۆ بدات بۆ گیرانەوەی نیزام لەناو خیلە کوردەکاندا.

بە بیستنی ئەم داوایە، ئیمپراتۆر دەستبەجێ رازی بو، بەلام بە پونگانەوەیەکی ئاشکراوە کە هیزەکانی روس بەهیچ جۆریك ریگە نادرین دوای کوردەکان بکەون بۆ ناو خاکی تورکیا.

بارون جۆمین گوتی، ئەو دوا هەوالانەی لە کوردستانەوە گەیشتون، زۆر باشتر بونو، لەوانەیە ئیتر یارمەتی روسیا پیویست نەبیت. لەگەل ئەوەشدا، هەندێ ئیجرائات کرابو بۆ هینانی هیزی پیویست بۆ سنور، نەبادا لەوەدوا پیویست بن.

بەریزی نەیتوانی ژمارەی ئەم هیزانەم پیرابگەیەنیت کە پییان وترابو بچن بۆ ئەو کارە.

(ئیمزا) ف. ر. پلەنکیت

ژمارە: ٣٣

لە مستەر گۆشن وە بۆ ئیرل گرانڤیل– (لە ٩ی تشرینی دوەم وەرگیراوە)

گەورەم، ثیراپیا، ١ی ت٢، ١٨٨٠.

ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە کە گەیشتنی نامەی مانگی رابوردوی جەنابتان پێ رابگەیەنم، ئەوەی کە جەنابتان بۆ جاریکی تریش نیشانە ئەدەن بەسودی پەیماننامە پیشنیارکراوەکەی نیوان تورکیاو ئیران، سەبارەت بە پەلاماردانی کوردەکان لەناو سنورەکانیاندا، بۆ ئەوەی ئەوەندەی دەتوانرێ وتوویژکردن لەسەری دوانەکەویت. من هەل نیە نەمقۆستبیتەوە بۆ قسەکردن لەگەل وەزیرەکاندا لەسەر مەسەلەی ئاشوبەی ناو کوردەکان. جار لەدوای جار دلنیام کردونەتەوە کە قەناعەتم هەبوە بەوەی کە کوردەکان ئەوانیان بەهیچ نەزانیوە. هەولم داوە، ئەوە بۆ قەدری پاشاو عابدین پاشا بسەلمینم کە تازوە وتوویژەکانی نیوان تورکیاو ئیران تەواو بکریتو، هەروەها پیم داگرت لەسەر باسکردنی مەسەلەی کورد لەگەل عاسم پاشادا، ئەگەرچی ئەو بایەخیکی کەمی پێئەدا. ئیستاش، نامەیەکی رەسمی ئاراستەی بابی عالی

دەكەم كە پێویستە وەڵامێكی نوسراوی بۆ بدرێتەوە. من هیچ هۆیەك شك نابەم كە لەو باوەڕەدابم بابی عالی نارەزایی لەسەر ئەو ڕێكەوتنە پێشنیازكراوە هەبێت، بەڵام وەزیرەكان بایەخێكی جددیان پێنەداوە. من هەمیشە بەگازندە وەڵامم دراوەتەوە، بەوەی گوایە خێڵە كوردەكانی دانیشتوی ئێران سەرپێچیكەری سەرەكی بونە، بەڵام ئەمە هیچ بەڵگەیەك نیە دژ بە پەیماننامەكە، كە زۆر پێویستە.

(ئیمزا) جۆرج جەی. گۆشن

ژمارە: ٣٤

لە مستەر تۆمسن وە بۆ ئیرل گرانڤیل

(لە ٩ی تشرینی دوەمدا بە بروسكە گەیشوە)

گەورەم، تاران، ٩ی ت٢، ١٨٨٠.

نیشانە بەنامەی پێشوتر سەبارەت بەیاخیبونی كوردەكان، ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە بە جەنابتان ڕابگەیەنم كە ئیقبال الدولەی حاكمی ورمێ ڕاپۆرتی بە حكومەتی ئێران لیرە داوە، كە توانیویتی كوردەكانی ژێر فەرماندەیی شێخ عوبەیدوالله لە سەنگەرەكانیان لە سیر وەدەربنێ‌و، ئیستاش كشاونەتەوە بۆ گوندی اسماعیل كەلاسی، كە نزیكەی ١٠ میل لە ورمێوە دورە، ڕوەو مەرگەوەر بەلای سنوری توركیادا.

(ئیمزا) ڕۆنالد ف. تۆمسن

ژمارە: ٣٥

لە ئیرل گرانڤیل وە بۆ مستەر پلەنكیت

بەڕێز، وەزارەتی دەرەوە، ٩ی ت٢، ١٨٨٠.

ئیمرۆ سەفیری ڕوسیا سەردانی كردم‌و، نیشانەی‌دا بە چونی باندە كوردەكانەوە بۆ ناو خاكی ئێران.

شازادە لۆبا نوف گوتی، شا داوای یارمەتی لە ئیمپراتۆر كردوە دژی ئەم خێڵانەو، هانی خاوەن شكۆی داوە هێز بنێرێت‌و بیخاتە ژێر تصرفی حكومەتی ئێرانەوە. بەڵام ئیمپراتۆر ئەوەی ڕەفز كردوە، ئەگەرچی ڕازی بوە بەوەی ڕێگە بدات هەندێ لەهێزەكان لەسەر سنور كۆببنەوە. ئەم بابەتەی سەرەوە، بە بروسكە بۆتان ڕەوانەكراوە.

(ئیمزا) گرانڤیل

ژ:٣٦

لە مستەر تۆمسن وە بۆ ئیرل گرانڤیل

(لە ١٢ی تشرینی دوەمدا بە بروسکە گەیشتوە)

گەورەم، تاران، ١٢ی ت٢، ١٨٨٠.

ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە بە جەنابتان رابگەیەنم کە دوینێ لەریگەی میرزا سەعید خان وە پەیامیکم لە شاوە پیگەیشت، داوام لیدەکات پیزانینی تەواوی خاوەن شکۆت پیبگەیەنم سەبارەت بەو رۆلە چاکەی جەنابتان دیوتانە لەهاندانی سولتاندا بۆ هاوکاریکردن لەگەلیدا بۆ دامرکاندنی یاخیبونی کوردەکان. خاوەن شکۆ گوتی، ئیران هەمو هەولیکی داوە بۆ نەهیشتنی ئاژاوە، بەلام هیشتا مەترسی ئەوەی هەبو کە سەرکردەکانی شۆرشەکە، بۆ ناو خاکی روسیا هەلاتبیتن.

خاوەن شکۆ بەجدیەوە داوای ئەوەی دەکرد کە جەنابتان چالاکانە هانی حکومەتی عوسمانی بدەن بۆ پیویستی جیبەجیکردنی ئەو بەلینی هاوکاریکردنەی کە پیشتر داویانەو، بۆ دەستگیرکردنی شەخسی شیخ عوبەیدوالله، کورەکانی، یان هەر دنەدەریکی سەرهەلدانەکە، کە لەسنوری تورکیا دەپەرنەوە، وە لە حالەتی گرتنیشیاندا، دەبیت سزایەکی وابدرین کە ببنە عیبرەت، بەشیوەیەك کە لە ئیستا بەدواوە بە تەواوی ریگەگر بیت لە کوردەکان کەئاژاوەی لەو جۆرە لە سنوری ئیرانی ئارامدا بنینەوە.

(ئیمزا) رۆنالد ف. تۆمسن

ژمارە: ٣٧

لە مستەر تۆمسن وە بۆ ئیرل گرانڤیل- (لە ٦ی کانونی دوەمدا بە بروسکە گەیشتوە)

گەورەم، تاران، ١٢ ت٢، ١٨٨٠.

ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە بە جەنابتان رابگەیەنم کە هەوالی مردنی حشمەت الدولە، حەمزە میرزا کە بەو دواییانە بۆ فەرماندەیی هیزەکان لیرەوە نیردرابوە سنور بۆ دامرکاندنی سەرهەلدانی کوردەکان، گەیشتە تاران.

دوینێ بروسکەیەکی حکومەتی ئیران لە سوپا سالار، حسین خان وە گەیشت، بەهاناچونی سابلاخ بە خاوەن شکۆ رادەیەگەنیت، کە هیزەکانی ژیر فەرماندەی ئیعتماد الدولە بە ئەنجامیان گەیاندوە. هەروەها پایەبلندی راپۆرتی ئەوەی داوە کە کورەکەی شیخ عوبەیدوالله، پیکەوە لەگەڵ هەمزاغای سەرەك هۆزی کوردی ئیرانی، لەو ناوچەیە هەلاتونو هیزیکیش نیردراوە بۆ راونانیان.

هەروەها، یەکێك لەخێلە یاخیبوەکان هەولی داوە بەرەو سنور بکشێت بۆ ناو خاکی تورکیا، بەڵام هێزەکانی ئیرانی گرتیانن‌و گیرایاننەوە، زیانی کوردەکانیش ۲۰۰ کەس کوژراوە.

(ئیمزا) رۆنالد ف. تۆمسن

ژمارە: ۳۸

له مستەر گۆشن وە بۆ ئیرل گرانڤیل (لە ۱۳ تشرینی دوەمدا وەرگیراوە)

(بە بروسکە) ثیراپیا، ۱۳ی ت۲، ۱۸۸۰.

ئایا بۆم هەیە داوا لە بابی عالی بکەم کە شیخ عوبەیدوڵلەو کورەکانی بگریت‌و سزاشیان بدات بەشیوەیەك کە ببنە عیبرەت؟

من دلنیام لەوەی کە کاریکی واناکەن بە توندی مامەلە لەگەڵ شیخ عوبەیدوڵلەدا بکەن، چونکە لەوانەیە هەنگاوی لەوجۆرە ببیتە هۆی راپەرینی کوردەکانی تورکیا.

ژمارە: ۳۹

لە ئیرل گرانڤیل وە بۆ مستەر گۆشن

بەریز، وەزارەتی دەرەوە، ۱۳ی ت۲، ۱۸۸۰.

نیشانە بە بروسکەی ئیمرۆتان، ئەو گازندانەی کە پیویستە سەبارەت بە شیخ عوبەیدوڵلە بۆبابی عالی بکەن، بۆخۆتان جێ دەهیلم.

راپۆرتی کۆنسوڵەکان ئەوە دەردەخەن کە لە راستیدا شیخ نابیتە مەترسی بۆ تورکەکان گەر هیزی نیزامی دژی بنیردریت.

پیویستە ئاگاداری بابی عالی بکەیت کە پەنا یان پشتگیری شیخ نەکات، کە لەوانەیە ببیتە هۆی دوژمنایەتی لەنیوان ئیران‌و تورکیادا.

(ئیمزا) گرانڤیل

ژمارە: ٤٠

لە مستەر گۆشن وە بۆ ئیرل گرانڤیل (لە ١٦ی تشرینی دووەمدا وەرگیراوە)

گەورەم، ئەستەموڵ، ۹ی ت ۲، ۱۸۸۰.

ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە کە هاوپیچ دو نامە لە جیگری کۆنسوڵ،کلایتون وە بۆ مەیجەر ترۆتەر– تان بۆ بنیرم کە دەربارەی مەسەلەی کوردە.

من به بایەخیکی زۆرەوە موتابەعەی بزوتنەوەی کورد دەکەم، بەڵام لە تواناادا نیە زانیاری زۆری شوین باوەرم چنگ بکەویٚ.

بەهەر حاڵ، باوەرم وایە کە لەوانەیە لە چەند رۆژیکی کەمدا هەندیٚ مەسەلەی گرنگ کە پەیوەندی بەمەوە هەیە، بۆ جەنابتان بنیرم.

(ئیمزا) جۆرج جەی. گۆشن

هاوپیچی ۱ی ژمارە: ٤٠

لە کاپتن کلایتن وە بۆ مەیجەر ترۆتەر

بەریز، وان، ٥ی تشرینی یەکەم، ۱۸۸۰.

سامیح پاشا پیی راگەیاندوم کە کیشەو گیرو گرفتیکی زۆر پەیدا بوە لەنیوان میللەتی شیخ عوبەیدوللەو کاربەدەستانی ئیراندا. بەپیی قسەی سامیح پاشا، پانزە یان شانزە سالیك لەمەوبەر، هەمزاغا ناویکی خەلکی کەرکوکی ئەو نزیکانە گیرابو و نیردرابو بۆ ئەستەموڵ. پاش ئەوەی بۆ نزیکەی ۱٥ ساڵ لە زیندان دەمینیتەوە، بە بەلینی ئەوەی رەفتاری باش بیت، بەر دەدریٚ، بەڵام لەبری ئەوەی بەبیٚ دەنگ لەنزیك کەرکوك بمینیتەوە، دەپەریتەوە ئەو دیو سنور بۆ ئیرانو دەکریٚ بەسەرەك خیلی مەنتوری کوردان. نزیکەی دو مانگ لەمەوبەر، کاربەدەستە ئیرانیەکانی سابلاخ بە بیانوی قەرز نەدانەوە، وەیان لەبەر هەندیٚ هۆی تر خزمیکی دەگرن. هەمزاغا دەچیت بۆ سابلاخو داوا دەکات گەر کەمیك لەسەری بوەستن، پارەکە بداتەوە. بەڵام حاکمە ئیرانیەکە فەرمانی گرتنی هەمزاغا ئەداتو ئەویش خەنجەرەکەی هەلدەکیشیتو دەست دەکاتە پەلاماردانی ئەو کەسانەی لەویٚ ئامادەبون. چەند کەسیکیان لیدەکوژیتو بریندار دەکات، ئینجا خۆی هەلئەداتە سەر ئەسپەکەیو دەرباز دەبیت. راپۆرتیك لەسەر روداوەکە بۆ تەوریز نیردرابو و بەخیراییش فەرمان بە هیزەکان درابو کەبچن سزای مەنتوریەکان بدەنو هەمزاغاش بگرن. پاشان هەمزاغا پەنا بۆ شیخ عوبەیدوللە دەباتو سەمیح پاشاش ئیمرۆ پیی راگەیاندم کە زانیاری تازەی پیگەیشتوە بەوەی کە عەبدوالقادری کوری شیخ عوبەیدوللە لەگەڵ ٥۰۰۰ بۆ ٦۰۰۰ کەسدا داویەتیە پاڵ مەنتوریەکانو ئیستا بەرەو سالاخ دەکشیٚ؛ بەڵام هیزەکانی ئیران نزیکنو پیکادانیش چاوەروان دەکریٚ.

سامیح پاشا، هەروەها پیی راگەیاندم کە شیخ عوبەیدوللە سویندی بە قورئان خواردوە کە دلسۆز بیت بۆ سولتان. بەهەرحاڵ، واتە واتی تریش هەنە کە شیخ دەستی کردوە بە جوڵانەوە دژی دەسەلاتی تورك.

بۆچونی من ئەوەیە، کە گرنگی جوڵانەوەکەی ئیستا دژی کاربەدەستە ئیرانیەکان هەرچیەك بیت، شیخ لەو نیوانەدا هەندیٚ بەرنامەی هەیە. سەرەرای ئەوانەش کە من تیی گەیشتوم لەماوەی سەردانەکەمدا بۆ هەکاری، هەروەك لە نامەی ۱۱ی تەمموزی

١٨٨٠شدا باسم کردبو، بیستومە کە شێخ کۆنفرانسی تازەی لەگەڵ سەرەك کوردەکاندا کردوە، بەڵام سەبارەت بە ئامانجەکەیان، من ناتوانم بلێم ئەگەر دژی دەسەڵاتی تورك بێت، وە یان بەهۆی ئەو واتەواتانەی دامەزراندنی دەولەتێکی ئەرمەنیە کە ئەوەندە زۆر دانیشتوانە موسولمانەکانی ئەم ناوچانەی هەژاندوە.

(ئیمزا) ئیمیلیەس کلایتن

لە کاپتن کلایتن وە بۆ مەیجەر تورتەر

بەرێز، وان، ٥ی تشرینی یەکەم، ١٨٨٠.

کاتێك کە پایز دەچێتە پێشەوە، ڕاو و ڕوتو تاڵانی کوردەکان زیاد دەکات. بەدەگمەن ڕۆژێك تێدەپەرێ بەبێ ئەوەی هەندێ ڕوداوی تازە باس نەکرێت. لە ٢٩ی ئەیلولدا، قەشەی گوندی ئەرمەنی، لە نوردوز لەگەڵ پیاوێکی تردا هاتن بۆ لامو وتیان ڕۆژێك یا دو ڕۆژ لەوەبەر، ١٢٠ لە کوردەکانی مامخۆران پەلاماری گوندەکەیان داونو، هەولیان داوە ڕانە مەرەکانیان ببەن. بەڵام گوندنشینەکان بەرگریان کردوە؛ پێنج کەس کوژراونو چەند کەسێکیش لە هەردولا بریندار بونو، کوردەکانیش ناچار بون پاشەکشێ بکەن. بەهەرحاڵ، گوندنشینەکان مەترسی ئەوەیان هەبوە کە کوردەکان بە ژمارەی زۆرتر بگەرێنەوەو تۆلە بستێننو، داوایان لە من کرد هەولبدەم کاربەدەستەکان هەندێ هێز بنێرن بۆ پارێزگاریکردنیان.

بەم پێیە، ڕۆژی دوایی کاربەدەستەکانم بینیو، سەمیح پاشاش بەلێنیدا کە هەندێ سوارە بنێرێ. بەهەرحاڵ، تا ئەم ساتەش هیچ کەسێك نەڕۆیشتوە، بەڵام ئەم ئێوارەیە لە مواڤینەوە پەیامێکم پێگەیشتوە دەلێت ئێمشەو کۆمەلێك دەکەونە ڕێ. بەهەر حاڵ، تورکەکان ئەم ئازایەتیە نائاساییەی ئەرمەنیەکان کە لەشەردا پێشانی ئەدەن، بەهیچ جۆرێك پەسەند ناکەن.

پێرێ، بۆ جارێکی تریش، لەسەر ڕێگەی خوتود کە پێنج سەعات لەوان وە دورە، کاروانێك پەلامار دراوە. سێ بارێك بردراوەو چەند کەسێکیش بریندار بونە. هەروەها ڕاپۆرتی ڕوتکردنەوەشم پێگەیشتوە کە لە ئارجەشو ئەلجیفاس ڕویداوەو ئێستا والی لێیە. وا باس دەکرێ کە گوێ لە هیچ گازندەیەك ناگرێو دەلێت ئەو نەهاتوە بۆ سزادانی کوردەکان بەلکو بۆ ڕێکخستنی ئیدارەکان هاتوە. هەروەها وا باسدەکرێت کە چەکی بەسەر کوردەکانی نزیك ئارجەشدا دابەشکردوە تا بتوانن بەرەنگاری پەلاماری خێلەکانی سنوری ئێران ببنەوەو، کاتێکیش کە ئاگادار کراوە کە ڕەنگە کوردەکان ئەم چەکانە دژی مەسیحیەکان بەکاربهێنن بۆ تاڵانکردنیان، وتویەتی هیچ

مەترسیەك نیە. چاوەدیری بەویژدان (نزیە) دەزانیت کە مەترسی هەیە، کاتێ دەبینی لەهەمو لایەك چی روئەدات.

راپۆرتەکانی هەکاری ئەوە نیشان ئەدەن کە لەوێ پشێویەکی تەواو هەیە. کوردەکان، بەتایبەتی شیخەکان هەمو ولاتەکە بەریوە دەبەنو، پیدەچێ حکومەت بێ دەسەلات بێ. یەکێ لەبەرپرسە تورکەکان، سەرۆکی دادگای مەدەنی، پیرێ پیی گوتم "من نازانم گەر تۆ نیازت هەبێ لەم کاتەدا گەشتێ بۆ هیچ لایەك بکەیت، بەلام ئامۆژگاریت دەکەم کە نەچیت بۆ هەکاری؛ بارودۆخەکەی ئەوێ تەواو نیە. پیشتر، زۆر سەرگورشتەی ناراست دەربارەی روتکردنەوە دەگیردرایەوە، بەلام ئیستا راستە." هۆی چالاکی کوردەکان لەم کاتەدا ئەوەیە کە ئەوەندە نیە کاتی دروینە تەواو بوەو زەخیرە بۆ زستان کۆدەکەنەوە.

ئەوەی نائارامیەکەی ئیرەی زیاد کردوە، دوینێ زەپتیەکانی ئیرە (Zaptieh) مانیان گرتبو. فرمانیان پیدرابو کە بچن بۆ چەند شوینیك بۆ گرتنی خەلكو راگرتنی نیزام، ئەوانیش رەفزیان کردبو برۆنو گوتوبویان وا بۆ چل یان پەنجا مانگ دەچیت نە موچە نە ئازوقەیان وەرنەگرتوە. لە راستیدا هەموو حکومەتەکە پەکی کەوتوە بەهۆی نەبونی پارەوە. ئیمرۆ سامیح پاشام بینیو هانمدا کە هەندێ ئیجرائات بکات بۆ راگرتنی راووروتی کوردەکان. وەلامی دامەوە: " ئەوەی بتوانم دەیکەم، بەلام دەتوانم چیبکەم؟ هیچ پارەمان نیە، خۆت دەزانیت زەبیتەکان رەفزیان کردوە کاربکەنو، منیش پارەم لانیە کە هیزە نیزامیەکان بەریوە ببەم". لە ئەنجامی برسیتیەکەدا، داهات کەم بۆتەوەو ئەوەیش کە دیت لەلایەن فەرمانبەرە برسیو بەرتیل خۆرەکانو داوا پر لە فەرمانەکانی ئەستەمولەوە بۆ پارە قوت دەدرێ، بەجۆریك هیچ نامینیتەوە بۆ موچەی فەرمانبەرە سانەویەکان، هیزەکان وەیان زەبیتەکانو، تیگرای حکومەتو بەریوەبەرایەتیەکەش بۆ خۆی چەقیوە. هەمو بارودۆخەکە پرە لەنیگەرانی.

(ئیمزا) ئیمیلیەس کلایتن

ژمارە:٤١

لە ئیرل گرانڤیل بۆ مستەر پلەنکیت

بەڕێز،   وەزارەتی دەرەوە، ١٦ ت ٢، ١٨٨٠.

لەنامەیەکی M.de Giers **وە بۆ سەفیری ڕوسیا، نیشانە دراوە بە داواکەی شا بۆ یارمەتی ڕوسیا بۆ دامرکاندنی ڕاپەڕینی کوردەکان، ئەویش وەك یەکە لەگەڵ ئەو زانیاریەی پیشتر دەربارەی ئەم مەسەلەیە بۆت ناردبوم.**

میر لۆبانۆڤ ئامۆژگاریکراوە کە من دلنیا بکات لەوەی کە ئیمپراتۆر سورە لەسەر ئەوەی کە کاتێ فەرمانی بەهیزەکانی داوە، لە سنور نزیك نەبنەوەو ئەوەندەی ئەتوانن نەپەڕنەوە، چونکە خاوەن شکۆ بەشیوەیەکی ڕاستەوخۆ لەجیاتی ئیرانیەکان دەست تیوەردان ناکات بۆ ئەوەی حەساسیەتی نیو دەولەتی نەوروژینیت.

میر لۆبانۆڤ گوتی؛ وەك ئەو تیگەیشتوە، خواستی ڕوسیا خۆی بوە کە لەنیو سنوری خۆیدا بمینیتەوەو نەچیتە پیشەوە، نەبۆ ناو خاکی تورکیاو نەبۆ ئیرانیش.

من وەڵامم داوەتەوە کە بیگومان ئەوە گرنگترین کۆتاییە کە تیبینی بکریت.

(ئیمزا) گرانڤیل

ژمارە: ٤٢

لە مستەر تۆمسن وە بۆ ئیرل گرانڤیل

(بە بروسکە لە ١٩ تشرینی دوەمدا وەرگیراوە)

گەورەم،   تاران، ١٩ی ت ٢، ١٨٨٠.

ئیمرۆ بروسکەیەکم هەر بە بەرواری ئیمرۆ لە کۆنسۆلی گشتی حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا لە تەوریزەوە وەرگرت، تیایدا ڕایدەگەیەنیت کە تیگرای هیزەکانی شیخ عوبەیدوالله هەڵاتونو لەورمی کشاونەتەوە بۆلای مەرگەوەرەوەو، تەیمور پاشا خانیش لەگەڵ ئیقبال الدولەی حاکمی ورمێو هیزەکانی ئیران کە لەژیر فەرماندەیان، ڕاویان دەنین.

(ئیمزا) ڕۆنالد ف. تۆمسن

ژمارە: ٤٣

لە مستەر تۆمسن وە بۆ ئیرل گرانڤیل

(بە بروسکە لە ٢٠ تشرینی دوەمدا وەرگیراوە)

گەورەم، تاران، ٢٠ ت ٢، ١٨٨٠.

ئەوەندە نابیت زانیاریم لە کۆنسوڵی گشتی حکومەتی خاوەن شکۆ لە تەوریز کە بەرواری دوینێی لەسەرە، وەرگرتوەو گەیشتنی ژمارەیەکی زۆر لە کۆزاکەکان کە چەند فەوجیك دەبن، بۆ نەخچەوانی سەرسنوری روسیا، دەگەیەنیت.

ئەمانە دەبو بەخیرایی لە جەلفا، کە خالیکی سنوریە لەسەر ریگا سەرەکیەکەی تەوریز، دەست بەکاربن‌و، هەروەها جموجولی لەبەرچاوی هیزەکانی روسیاش لەنیوان ئەم شوینەو نەخچەواندا هەبو.

مستەر ئابۆتیش هەروەها پیی‌ی راگەیاندم کە بیستویەتی هیزیکی گەورەی روس چاوەروان دەکریت بگاتە جەلفا.

(ئیمزا) رۆنالد ف. تۆمسن

ژمارە: ٤٤

لە مستەر پلەنکیت وە بۆ ئیرل گرانڤیل- (لە ٢٢ی تشرینی دوەمدا وەرگیراوە)

گەورەم، سانت پیتەرسبورگ، ١٧ی ت٢، ١٨٨٠.

ئەم دوای نیوەرۆیە پرسم لەبارۆن جۆمین کرد دەربارەی ئەوەی گەر هیچ هەوالیکی تازەی کوردستانی لاهەبیت.

وەڵامی دایەوە کە پیدەچێ تازەترین هەوالەکان زۆرتر شوین رەزامەندی بن. لە قۆناغی یەکەمدا حکومەتی ئیران لەوە ترسابون کە لەوانەیە کوردەکان یارمەتی زۆریان لە تورکیا وەرگرتبیت.

بەڵام ئیستا ئیرانیەکان لەم بەشەدا هەستیان بە دلنیایی زیاتر کردوەو وردە وردە یاساو نیزامیان گیراوەتەوە.

هەولمدا شتیکی زیاتر دەربارەی جۆری یارمەتیە سەربازییەکەی روسیا بخەمە پیش چاو کە بەلینی بە ئیران دابو، بەڵام هیچ شتیکی زیاترم چنگ نەکەوت لەو بۆچونە زیاتر کە یارمەتیەکانی روسیا چیتر پیویست نەبو.

(ئیمزا) ف. ر. پلەنکیت

ژماره: ٤٥

لە مستەر گۆشن وە بۆ ئیرل گرانڤیل- (لە ٢٣ی تشرینی دوەمدا وەرگیراوە)
(هەلبژاردە) ئەستەمول، ١٦ی ت ٢، ١٨٨٠.

لەو کاتەوەی لەنامەکەی ٢٩ی تشرینی یەکەمدا، دەربارەی مەسەلەی کورد بۆ جەنابتانم نوسیبو، بواری قسەکردنم لەگەڵ سەرەك وەزیران‌و وەزیری دەرەوەدا لەسەر مەسەلەکە هەبوە، بەڵام من هیشتا ناتوانم باسیکی ئاشکراو گریدراوی تەواو دەربارەی هۆکانی بزوتنەوەی ئیلە کوردەکان‌و پەلاماردانی خاکی ئیران وە دەست بهینم.

راپۆرتەکەی وەزارەتی دەرەوە، بەزۆری ئاماژە بۆ ئەو پیشوازیلیکردنەی سەرۆکیکی کوردی گومانلیکراو لەخاکی ئیراندا دەکات، کە لە ئەستەمول زیندان کرابو و، دوای ئەوەی ماوەی سزادانەکەی تەواو ببو، گەرابۆوە بۆ ولاتەکەی خۆی؛ بەڵام پاشان رۆیشتبو بۆ ئیران‌و "بەدەست لەسەر سنگەوە پیشوازی لیکرابو".

خالی سەرەکی گرنگ ئەوەیە کە لی بپیچریتەوە ئایا کاربەدەستە تورکەکان بە چ چاویك دەروانن بزوتنەوەکە. خەلکی نایانەویت بزانن کی ئەوە بلاودەکاتەوە، کە روداوەکە رەزامەندیەکی زۆر نهینی لای تورکەکان پەیدا دەکات‌و، بیگومان واتەواتیش بلاوە کە تورکەکان چەکیان بە کوردەکان داوە. من دەلیم "بیگومان بلاوە" چونکە باوەر لە نیو تەلەکە نهینیەکانی تاقمەکەی کۆشکدا ئەوەندە باو قول چەسپیوە، کە هیچ روداویکی لەو چەشنە بەبی ئەوەی هۆکانی لیك نەدرابیتنەوە رو نادات، جا راست بی یان هەلە، ئەمەش لە چالاکی ئەو کۆمەلە پیاوانەدایە کە سیاسەتەکەیان وەك دەلین، فراوانکردنی نفوزی تورکیایە بە هەمو لایەکی تازەدا، بەوەی کە بەشداری دەکەن لە بژاردنی ئەو خاکانەدا کە لە جەنگەکەی دواییدا لەدەستیان دابو.

زمانی تورکەکان سەبارەت بەم هوروژمە بۆ ناو خاکی ئیران، بەشیوەیەکی گشتی نامۆیە. ئەوان لەو باوەرەدا نەبون کە هیزەکانی ئیران بتوانن بەرامبەر کوردەکان بوەستن. گەر هیزەکانی تورك دەستیان تیوەرنەدایە، ئیرانیەکان زۆر خراپ دەگوشران. ویرای ئەوەش، وەزیری کاروباری دەرەوە خۆی دوینی شەو بە تەئکیدەوە بەمنی راگەیاند کە هیزەکانی تورك نەیانتوانیوە دوای کوردەکان بکەون بۆ ناو خاکی ئیران.

جەختم لیکرد کە ئایا تورکیا چی دەکرد. دلنیای کردم کە ئەوان ئەو کاتە ١٠,٠٠٠ هیزیان لەسەر سنور هەبو و، دەچون زۆنیکیان (نطاق) پیك دەهینا. بەدوای بروسکەی جەنابتان لە ١٣ی ئەم مانگەدا، ئەم پرسیارەم ئاراستەکرد، کە ئایا ئیمە

پشت ئەستور بێن بەوەی کە شیخ عوبەیدوالله سزا ئەدەن گەر توانیان دەستگیری بکەن، بەلاّم بەریزی وەلاّمیکی ئاشکرای ئەوتۆی نەدایەوە. ناچار بوم بۆی رون بکەمەوە کە تاوانیکی گەورە بوە کە رەعیەتەکانی زلهیزیك پەلاماری خاکی یەکیکی تر بدەن، بەلاّم انطباعیکی ئەوتۆم نەکەوتەوە دەست کە کرداری ئەو کوردانە بە تایبەتی بەتاوان دانرابیت.

من هەولم داوە کە بۆچونی خەلکی تریش لیکبدەمەوە بۆ گریمانی ئەوەی کە عوبەیدوالله سزا بدریتو، گەیشتومەتە ئەوەی کە باوەر ناکریت هیچ گریمانیك هەبیت. پیاویکی پایەبەرزی ئیرە، لیهاتوو بە توانا بە قەدەر قازیەك، بۆی رونکردمەوە کە هیچ گومانیك نیە لەوەی کە زۆرترین نەرمی پیشان ئەدریت. لەوە نەدەچو سزای عوبەیدوالله بدەن؛ کاتیك کە کاربەدەستە تورکەکان دەترسان تەنانەت سەرەك کوردیکی بچوکیش بگرنەوە کە ٣٠ کەسی کوشتبو و، لە بەندیخانەی سیڤاس رایکردبو و، ئینجا گەرابۆوە بۆ ناو خەلکەکەیو بەخۆشیەوە پیشوازیان لیکردبو و پاشانیش حصانەی درابویە ئەگەرچی بونیشی لە گوندەکەی خۆیدا بەتەواوی زانرابو. من هەر بەردەوام دەبم لەسەر ئاگاداریەکەم کە چ ریگەیەك ببیت بۆ پیکدادانی تورکیاو ئیران بەیەکتردا.

هەروەها، هاوپیچ لەگەلّ ئەمەدا، وتاریکی رۆژنامەیەکی خۆجیییت بۆ دەنیرم، داوای رونکردنەوەیەك دەکات بۆ ئەسلی (سەرچاوەکەی) هوروژمی کوردەکان بۆ ناو ئیران

هاوپیچی ژمارە: ٤٥

هەلبژاردە لە پەیامنیری ئەستەمولەوە

راپەرینی کوردستان: سەرچاوەکەی رۆژنامەی "Djeridei Havadis" ئەو باسەی خوارەوەی دەربارەی ئەو هۆیانەی ریگەیان خۆشکردوە یاخیبونی کوردەکان لە ئیراندا، بلاّوکردۆتەوەو، تیکراش خالی نیە لەشتی پر بایەخ. پەیامنیرەکەمان لە ئەستەمولّ دەلیت:

"لەمانگی رەمەزانی رابوردودا، حاکمی سابلاّخ، ئاغا شازادە ناردی بەدوی هەمزاغای سەرخیلی کوردی ناسراو بە مونکیور. هەمزاغا داواکەی بەجیهیناو، وەك پیشەی هەمو سالیکی، چەند ئەسپو ئیستریکی بەدیاری بۆ برد. بەلاّم بەریزی بەرامبەر کەمی دیاریەکە نارەزایی دەربریو، ئەوەندەش زۆر نەنگی پیشاندا کە هەمزاغا وای بەچاك زانی شارەکە جیهیلیت بەبێ ئەوەی مۆلەت لە حاکم وەرگریت. کاتێ ئاغا شازادە بە رۆشتنی هەمزاغا دەزانێ، زۆر تورە دەبێو هەر دەستبەجێ

کۆلۆنیل (سەرتیپ) موحەمەد سادق خانو کابتن موحەمەد حسین خان بەختیاری، بەهێزیکی ٥٠٠ سوارەوە دەنێریت بۆ گرتنو هێنانەوەی راکردوەکە. لەبەر ئەوەی هەمزە بەو کارانەی زانیبو بەرامبەری دەکرێ، ژمارەیەك لە ئەسپ سواری ئیلەکەی بانگ دەکاو پیکەوە هێزەکەی حاکم دەشکێنن. کاتێ ئەم هەواڵە دەگاتە سابڵاغ، شازادە دەستبەجێ دەکەویتە کۆکردنەوەی هێزیکی گەورەتر بۆ ئەوەی یاخیبونەکەی پێ دابمرکێنێ. لەهەمان کاتدا، هەمزاغا زانیاری باشی دەبێ بەوەی کەچی بەرامبەری ئامادە دەکراو، بۆ ئەوەی خۆئامادەکردنی پیویستو بەپەلە جیبەجێ بکات بۆ بەرەنگاربونەوەی مەترسیەکەو، لە مەترسی ئەوەش کە ئەو ئەوەندە بەهێز نەبو کە بتوانیت بەتەنیا بەرامبەر هێزەکانی شا بوەستیت، دەنێریتو داوا لە شیخ عوبەیدوالله دەکات بۆ یارمەتیدانی. شیخ، عەبدوالقادری کوری بەهێزیکی ٢٠٠ سوارەوە دەنێریت بە هەنایەوە. سەرۆك کوردیکی تریش بەناوی کریم خان وە ئەداتە پاڵ هەمزاغا؛ هەرسیکیان بەهێزیکی ٨٠٠٠ سوارەوە بەرەو پیشەوە دەرۆن بۆ بەرەنگاربونەوەی حاکمی سابڵاخ. حاکم، بەم هێزە زۆر گەورەیەی کە هەمزاغا هێنابوی بۆ بەرەنگاربونەوەی، دەتۆقێو بەیاوەری چەند سوارەیەکی کەمەوە هەلدێ بۆ تەوریز. کاتێ هەمزاغاو هاوپەیمانەکانی دەبینن ریگاکە کراوەیە، بەرەو پیش دەرۆن بۆ سابڵاخ، بەبێ ئەوەی هیچ بەرگریەك بەرامبەریان هەبیتو، لە کۆتایی ئەیلولدا دەیگەنێ. سەیری کرد (هەمزاغا) دانیشتوانەکان، کە هەمو کوردن، ئامادەن بۆ پیشوازیلیکردنی وەك رزگارکەریك لە ستەمی ئیرانیەکان، کە بە تایبەتی لەسەر مەسەلەی باج سەندن زۆر زۆرداربون. بۆنمونە "ماهیانە" هەبو کە باجیکی مانگانە بو؛ "سالیانە"، "عیدیانە" باجیك بو بۆ جەژن دەسیندرا؛ "نەڤرۆزە" باجیك بو بۆ جەژنی ٢١ ئازار؛ "موحەرەمیە" باجیك بو بۆ یەکەم رۆژی سەری ساڵ؛ "مولودیە" بۆ یادی لەدایکبونی پیغەمبەر، هتد.. لەبەر ئەوە کە دەیان بینی بەچ شیوەیەك لەلایەن کاربەدەستە ئیرانیەکانەوە دەچەوسینرینەوە، خەلکەکەی سابڵاخ بەهەمو گۆرانکاریەك دلخۆش دەبون. سێ رۆژ پاش ئەوە، هەمزە گەمارۆی میاندواو دەداتو پاش تیکشکاندنی هێزیکی ٢٠٠٠ سوارە لەژێر فەرماندەی عەلی خان ی حاکمی مەراغەدا، لە ١ی تشرینی یەکەمدا دەکەویتە ژێر دەست. لەم شەرەدا، مەلا موحەمەد جاف دەکوژرێو مەرکەمەت عەبادیش لەلایەن کوردەکانەوە بەدیل دەگیریت. لەو ساتەوە، هەمزەو هاوپەیمانەکانی دەکەونە کار بۆ پەلاماردانی شاری بۆ ناب. حاجی عەلی حاکم، بەهێزیکی ٣٠٠٠ کەسیەوە، بەرگریەکی خۆراگرانە دەکات، بەلام کوردەکان دەیشکێننو شارەکەش دەکەویتە ژێر دەستیانەوە. ئاغا خان، بە فەرماندەیی حەوت یان هەشت بەتالیۆنی نیزامیەوە، لەگەڵ هەشت تۆپدا دیت

بەنیازی پەلاماردانی کوردەکان. شەر دەست پیدەکاتو ٢٤ سەعات دەخایەنێ، لە کۆتاییشدا ئیرانیەکان تیکدەشکینو دەکەونە هەلاتن. هەوالی ئەم تیکشکاندنە دەبیتە هۆی وروژاندنیکی زۆر لەناو تەوریزدا. موسی ئەفرەندین میرزای وەلیعە هدی شای ئیرانو حاکمی تەوریز کە لەو کاتەدا لەتاران دەبێ، فەرمان ئەدات بە ئیعتماد السلطنە تا بەهیزیکی گەورەوە بکشیتە سەر شۆرشگیرەکان. هەروەها کیچمە لوت دەولەی کرماشانیش فەرمانی پێ ئەدرێ کە دژ بە یاخیبوەکان بکشێ. ئەو شارانەی کە بەبێ بەرگریکردن تەسلیمی کوردەکان دەبن سابلاخ، ساقی، بانە، لاهیجان، سەرجان، چینو و بۆکان دەبن. هەمو ئەم شارو گوندانە، دانیشتوانەکانیان کوردن. ئەو شارانەش کە بە بەرگریەکی زۆرتر یان کەمتر لەلایەن شۆرشگیرەکانەوە دەگیرین ئەمانەن: میاندواو، مەرحەمەت ئاباد، مەراغە، ورمێ، ڤیناو سیراجە، هیچترود، ساتلمیچ، بوزلیك، بنەجەو، گیول ئودلو دانیشتوانەکانیشیان فارس دەبن. برازاکەی کورد عەزیز، کە کۆنە وەزیری جەنگی ئیران بو، داویەتیە پاڵ شۆرشگیرەکانو زۆر سەرەك ئیلو ئەفسەری تریش بەهەموو تفاقیکەوە خۆیان داوەتە پالیان.

ژمارە: ٤٦

لە مستەر تۆمسن وە بۆ ئیرل گانڤیل

(بەبروسکە لە ٢٤ی تشرینی دوەمدا گەیشتوە)

گەورەم، تاران، ٢٣ی ت٢، ١٨٨٠.

ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە بە جەنابتان رابگەیەنم کە ئەم بەیانیە شا بۆ دیمانەیەکی رەسمی ناردی بەشوینمداو، جاریکی تریش دەربارەی سەرهەلدانی کوردەکان قسەی بۆ کردمەوە. شا دەیگوت حکومەتی ئیران زانیاری پیگەیشتوە کە کوردەکان لە کۆتاییدا لە سابلاخو ناوچەکانی ئەو نزیکانە دەرپەریندراونو ئیستا ئەو هیزانە داگیری کردون کە لەم دواییانەدا لە تارانەوە نیردرابونو، شیخ عوبەیدوالللەش کە هیزەکانی ئیران بە فەرماندەیی تەیمور پاشاخان لەدەشتی ورمێ دوجار شکاندویانە، رایکردوە بۆ ناوچەیەکی نزیك مەرگەوەر لەسەر سنور، کە خۆیو عەبدوالقادری کوری لەگەڵ لقەکەی ئیلی شکاکی کورد لە ئیران پەنایان بۆ بردوە. ئیقبال الدولەو تەیمور پاشاخان، لەم کاتەدا بۆ دۆلی مەرگەوەرو برادۆست کشاون بەدوای شیخ داو، سوپاسالاریش کە بەیانی دەگاتە سابلاخ، لەچەند رۆژیکی کەمدا دەروات بۆ ورمێو لەویشەوە گەر پیویست بیت بۆ ناوچەکانی شکاك. هەولئەدەن لەناو خاکی ئیراندا شیخ بگرن، بەلام بە بۆچونی خاوەن شکۆ، زۆر لەوە دەچێ، شیخ کاتێ بینیویتی هیزەکانی ئیران گوشاری زۆریان خستۆتەسەر، جاریکی تریش سنوری بەزاندۆتەوە

بۆ ناو تورکیا. شا وای هەستدەکرد کە بابی عالی بەرپرسیاربێ بۆ هەمو ئەوەی کە رویداوە. یاخیبونەکە، شیخ لە تورکیا نەخشەی بۆ کیشابو و ریکی خستبو؛ ئەمیش وەك رەعیەتیکی تورك، کاربەدەستەکانی تورکیا هیچ شتیکیان لینەکردبو بۆ ریگەگرتن لە هینانەدی ئامانجەکانیدا. بە پیچەوانەوە، ریگەی پیدرابو کە بانگەوازەکەی دەربکاتو لەخاکی تورکیاوە وتاری ئاگرین بنیریت بۆهەمو ئیلە کوردەکانی ئەم لایەی سنور، سەرباری ئەو نیگەرانیەش کە ئیران لەسەر مەسەلەکە دەریئەبری، لە کۆتاییدا ریگەی پیدرا لە سنور بپەریتەوەو خۆشی بەسەرکردەی یاخیبوەکان دابنیت. خاوەن شکۆ وایدەزانی کە بابی عالی لەم کاتەدا هەمو هەولیك ئەدا بۆ ساریژکردنی ئەو برینەی رەعیەتەکانی بۆ ولاتەکەیان دروستکردوە. بەهەر حاڵ، ئەو لەوە دەترسا کە ئەگەر لەژیر فشاری ناوبژیکەرە زلهیزەکاندا نەبیت، ئەم کارە ناکریتو، بەو هیوایەش بو کە حکومەتی خاوەن شکۆ بە توندی دنەی بابی عالی بدات بۆ گرتنی شیخ عوبەیدوالله، یان ئیعدام بکریت، وە یان دوربخریتەوە بۆ شوینیکی دوری ناو ئیمپراتۆریەتەکە، کە نەتوانێ هیچ زەرەریك بگەیەنێ، وە یانیش ریگە بە ئیران بدریت هیزەکانی لەو دیو سنورەوە بنیریت بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ هیزەکانی تورکیادا بۆ گرتنی سەرکردە گەورەکانی سەرهەلدانەکە.

شا دەیگوت گەر بابی عالی نەخوازیت وە یان نەتوانیت ئەم پیشنیارانە جیبەجێ بکات، ئەوا ئالۆزی زۆر پەیدا دەبی کە زەرەربەخش دەبن بۆ بەرژەوەندی گشتی. تەنانەت ئامارەی بۆ ئەوە دەکرد کە ناچار دەبیت داوا لەهیزەکانی ئیران بکات سنور ببەزینن بۆ گرتنی شیخ عوبەیدوالله لەناو خاکی تورکیادا. لەکاتیکدا کە مەحکوم کردنەکەی دوپات دەکردەوە، گوایا روسیا بەکردار دەست وەردەدا لەم مەسەلەیە، شیوەی تیبینیەکانی هەندێ گریمانی لەیەك گەیشتن بۆ کاری هاوبەش لەخاکی هەردو زلهیزەکەدا پیشان ئەدات.

وا پیدەچێ، داوای حکومەتی ئیران سەبارەت بەگرتنو دورخستنەوەی شیخ عوبەیدوالله نەرمو (معتدل) مەعقول بیت، خۆ ئەگەر ئەم داوایە قوبوڵ نەکرا، لەوانەیە یاخیبونەکە بەهاری داهاتو دەست پیبکاتەوە. بەرگریکردنی بەردەوامی شیخ لەنزیك سنورەکە، پیویست بەهیشتنەوەی هیزیکی گەورەی ئیران دەکات لە ناوچە سنوریەکانی ئازەربایجانداو، لەم کاتەشدا، بونی هیزیکی ئاوها لەم بەشەی ولاتەکەدا نەك تەنها مەسرەفیکی قەبە دەخاتە سەر حکومەتی ئیران، بەلکو بەتەواوی ئەو زەخیرەو خواردەمەنیە زۆر کەمەی ناوچەکەش وشك دەکات کە قاتوقریەکەی سالی پارو تالانیو ویرانکاری کوردەکانیش لەو دو مانگەی دواییدا وای کردبو، کە بەشی پیداویستی دانیشتوانەکان نەکات.

هەردو زلهیزی محمدیان وەك یەك پییان باشە کە نیزام لەناو خیلە کوردەکانی سەر سنوردا راگرن‌و، هەردوکییان دان بەوەدا دەنین کە حەزدەکەن بگەنە هەندێ لە یەککگەیشتن سەبارەت بەمەسەلەکە.

حکومەتی ئیران، ئیستا راستگۆیی بابی عالی لەم بارەیەوە هەلدەسەنگینێ‌و ئەوەیش بەو پیوانەیەی کە کاربەدەستە تورکەکان سەبارەت بەشیخ عوبەیدوالللەو سەرکردە گەورەکانی سەرهەلدانەکەی ئیستا دایاننناوە. بیگومان، ملدان بەداواکانی شا، کارەکانی داهاتو ئاسان دەکات سەبارەت بە سەقامگیرکردنی ئاشتی لەنیو دانیشتوانی کوردستاندا لە هەردو لای سنوردا؛ بەلام گەر رەت کرانەوە، ئەوا بەهۆی ئەو هەستو ریزە زۆرەی لەم ولاتەدا هەیە بۆ شیخ‌و ئەو تەشجیعەش کە بابی عالی دەیکات، ئەوە من زۆر بەدوری دەزانم، لە حالەتی سەرهەلدانی دوژمنایەتی لەنیوان تورکیاو روسیادا، ئیران جاریکی تر بە بێلایەنی بمینیتەوە وەك لەماوەی ئەم دو سالەی جەنگەکەیاندا پیرەوی کردبو.

(ئیمزا) رۆنالد ف. تۆمسن

ژمارە: ٤٧

لە مستەر تۆمسن وە بۆ ئیرل گرانڤیل

(لە ٢٤ی تشرینی دوەمدا بە بروسکە وەرگیراوە)

گەورەم، تاران، ٢٤ی ت٢، ١٨٨٠.

نیشانە بەنامەکەم لە ٢٠ی ئەم مانگەدا ئەو زانیاریەم تیا دوپاتکردبۆوە کە لە کۆنسۆلی گشتی حکومەتی خاوەن شکۆ لەتەوریز پیم گەیشتبو سەبارەت بە جموجولی هیزەکانی روسیا لەسەر سنوری ئیران، شەرەفی ئەوەم هەیە بە جەنابتان رابگەیەنم کە لە چاوپیکەوتنیکدا کە دوینێ لەگەڵ هاوکاری روسیدا کردم، پیی راگەیاندم کە فەوجیکی قوزاکەمان، نزیکەی ٥٠٠ کەسی بەهیز، گەیشتونەتە جەلفا.

مستەر زینوڤییڤ دەیگوت، لەوانەیە فەوجیکی تریش بۆ ئەوێ بنیردریت، هەرچەندە لەوەش دەچێ کە بەهۆی نەبونی هیچ پیداویستیەك لێی، ئەو کارە برەخسێ.

هەروەها لەسەری رۆیشتو وتی، کە هیچ هیزیکی روسی نەچوە بۆ سنوری ئیران.

(ئیمزا) رۆنالد ف. تۆمسن

ژمارە: ٤٨

لە ئیرل گرانڤیل وە بۆ مستەر گۆشن

بەریز،   وەزارەتی دەرەوە، ٢٤ت٢، ١٨٨٠.

بروسکەیەکم لە مستەر تۆمسن وە کە بۆ جەنابیشتان دوبارەکراوەتەوە، پیگەیشتوە، باس لە گفتوگۆیەك دەکات کە لەگەڵ شادا سەبارەت بە یاخیبونی کوردەکان، کراوە.

خاوەن شکۆ دەلیت، شیخ عوبەیدوالله ئیستاکە شکیندراوەو، سورە لەسەر ئەوەی (شاە) کە دەبێ بابی عالی یان شیخ بگریتو سزای بدات، وەیان تەسلیمی بەکاربەدەستە ئیرانیەکان بکاتەوە، وەیانیش ریگە بەهیزەکانی بدات لەسنور بپەرنەوەو لەگەڵ هیزی عوسمانیەکاندا هاوکاری بکەن بۆ دەستگیرکردنی سەرکردە بالآکانی سەرهەلدانەکە.

لەوانەیە بەریزتان لەم بارەیەوە ئامۆژگاری بدەن بەبابی عالی، بەو شیوەیەی دەزانیت بارودۆخەکە پیویست دەکاو، ئەو رونکردنەوانەش کە بۆ حکومەتی تورکیای دەکەیت، بە حکومەتی خاوەن شکۆی رابگەیەنە.

(ئیمزا) گرانڤیل

ژمارە: ٤٩

لە مستەر پلەنکیتوە بۆ ئیرل گرانڤیل

(لە ٢٤ی تشرینی دوەمدا بە بروسکە گەیشتوە)

گەورەم،   سانت پیتەرسبورگ، ٢٤ی ت٢، ١٨٨٠.

لەمیانەی گفتوگۆکەی ئیمرۆدا، بارۆن جۆمین پیی راگەیاندم کە ئەو دو راپۆرتەی لە کوردستانەوە پیی گەیشتون، زۆر شوینی رەزامەندی نەبون.

پرسم کرد گەر ئەمە هیچ جیاوازیەك بکات لەو خۆ ئامادەکردنە سەربازیەی کە روسیا لەسەر سنوری ئیران دەیکرد.

بارۆن جۆمین گوتی، لە حالی حازردا لەو باوەرەدا نیم. ئیرانیەکان، ئەوەندەی بتوانن بەرەنگاری کوردەکان ببنەوە، ئەوا پیویست ناکات هیزەکانی روسیا لەسنور بپەرنەوە. بەلآم ئەگەر ئیرانیەکان تیکبشکین، ئەوا بارودۆخەکە مەترسیدار دەبیت.

بروانە ژمارە: ٤٦

ژمارە:٥٠

لە مستەر تۆمسن وە بۆ ئیرل گرانڤیل

(بە بروسکە لە ٢٥ی تشرینی دووەمدا گەیشتوە)

گەورەم، **تاران، ٢٥ی ت٢، ١٨٨٠.**

ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە پییان رابگەیەنم کە ساتیکی کەم لەمەوبەر بروسکەیەکم لە کۆنسۆلی گشتی حکومەتی خاوەن شکۆ لە تەوریز پیگەیشت، دەلیت

(ئیمزا) رۆنالد ف. تۆمسن

ژمارە: ٥١

لە مستەر گۆشن وە بۆ ئیرل گرانڤیل (لەکاتژمیری ٨ سەرلەبەیانی ٢٦ی تشرینی دووەمدا وەرگیراوە)

(بە بروسکە) **ئەستەموڵ، کاتژمیری ١١,٤٠، ٢٥ ت٢، ١٨٨٠.**

سەبارەت بە شیخ عوبەیدوالله، رونکردنەوەی زیاترم بۆ بابی عالی کردوەو، وەزارەتی دەرەوەش پیی راگەیاندم کە کومیسیونیك پیکدەهینریت بۆ دادگاییکردنی شیخ، کورەکەی‌و هەروەها شۆرشگیری ترو باسکردنی کاروبارەکان. من بەردەوام دەبم لەسەر جەخت کردن بۆ سزادانی ئەو شۆرشگیرانەی کە جەنگیان لەسەر زلهیزیکی دۆست بەرپا کردوە.

سولتان بەسەفیری ئیرانی راگەیاند کەنوینەریکی ناردوە بۆقەناعەت پیکردنی شیخ‌و گەرانەوەی بۆ ناو خاکی تورکیا، ئەمەش وەك سەفیرەکە بۆی دەچو، زۆر شوینی رەزامەندی نەبو.

ژمارە: ٥٢

لە مستەر تۆمسن وە بۆ ئیرل گرانڤیل

(بە بروسکە لە ٢٨ی تشرینی دووەمدا گەیشتوە)

(هەلبژاردە) **تاران، ٢٨ی ت٢، ١٨٨٠.**

هەر ئیستا، بروسکەیەکم لە کۆنسۆلی گشتی حکومەتی خاوەن شکۆ لە تەوریز، بە بەرواری دوینێ، پیگەیشت، باسی گەیشتنی نیردراویکی ئیرانی لە سابلاخ وە دەکات کە هەوالی لە کامپەکەی ئیرانەوە هینابو، دەلیت سوپاسالار ئیجرائاتی کاریگەری کردوە بۆ ریگەگرتن لە تجاوز لەلایەن هیزەکانی ئیرانەوە.

هــەروەها رادەگەیــەنیت کــە، ئیلــی موکــریو ژمارەیــەکی زۆر لەســەرەك خیلــە کوردەکانی تـر، پەنایان بردۆتـە بەر تەویلەکـەی سوپاسـالارو خۆیـان بـە حکومـەتی ئیران تەسلیم کردوە.

ژمارە: ٥٣

لە مستەر پلەنکیت وە بۆ ئیرل گرانڤیل

(لە ٢٩ی تشرینی دوەمدا، بە بروسکە وەرگیراوە)

(هەلبژاردە) سانت پیتەرسبورگ، ٢٩ی ت٢، ١٨٨٠.

ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە کە هاوپیچ، هەلبژاردەی یاداشتیکی تایبەتیت بۆ بنیرم کە لەبارۆن جۆمینوە پیم گەیشتوە.

بارون جۆمین پیم رادەگەیەنێ کە بروسکەیەك لەتارانەوە ئەوە باسدەکات کە شیخ عوبەیدوالله دوای ئەوەی لەلایەن ئیرانیەکانەوە تیکشکیندراوە، بلاویکردۆتـەوە کـە واز لە نەخشەکانی دەهینیت.

بروسکەکە زیاتر دریژەی پیدەدات، گوایە شیخ داوا لە حکومەتەکانی بەریتانیاو روسیا دەکات هانی بابی عالی بدەن بۆ پیویستی ئیجرائات وەرگرتنی توند بۆ گرتن، چەککردن، وە سزادانی ئەو کوردانەی گوناحباربون. تەنها دوای ئەمەیە کە بتوانرێ کاریك بکرێ بۆ پیاچونەوەی گازەندە رەواکانی کوردەکاندا.

هاو پیچی ژمارە: ٥٣

لەبارۆن جۆمینوە بۆ مستەر پلەنکیت

(هەلبژاردە) سانت پیتەر سبورگ ٢٩\٧ ت٢، ١٨٨٠.

بە بروسکەیەك لە تارانەوە پیمان راگەیەندراوە کە شیخ عوبەیدوالله دوای ئەوەی لەلایەن هیزەکانی شاوە تیکشکیندرا، بلاوی کردۆتەوە وازی لە ئامانجەکانی هیناوە. شا داوا دەکات کە ئینگلستانو روسیا هانی بابی عالی بدەن بۆ ئـەوەی ئیجرائـاتی تونـد بکـات بـۆ گرتـن، چـەککردن وە سـزادانی گوناحبارەکـان. تەنـها دوای ئەمـە دەتوانریت کاریك بکریت بۆ پیاچونەوەی گازەندە رەواکانی کوردەکاندا.

ژمارە: ٥٤

لە مستەر گۆشن وە بۆ ئیرل گرانڤیل– (لە یەکی کانونی یەکەمدا وەرگیراوە)

(هەلبژاردە) ئەستەمولْ، ٢٦ ت٢، ١٨٨٠.

ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە کە هاوپێچ سێ نامەت بۆ بنێرم لە جێگری کۆنسۆڵ، کلایتن وە، سەبارەت بە هوروژمی کوردەکان بۆ ئێرانو ئەو جموجولە سەربازیانەی کە کراون. ئێستا، هۆ روکەشیەکانی هوروژمەکە تەواو ئاشکرایە، بەڵام وا دەردەکەوێ هێشتا غموضی زۆر دەوری دو پرسیاریان دابێت، ئایا شێخ عوبەیدوالله بە راستی نەخشەیەکی بەربڵاوو طموح جێبەجێ دەکات؟ دەبێ هەستی حکومەتی عوسمانی سەبارەت بە بزوتنەوەکە، ئەوەندەی کە ئەوان بەئاگان لێی، چیە؟ من ئەو هەنگاوانەم بە سەفیر راگەیاندوە، کە لەگەڵ وەزیرەکاندا ناومە بۆ پشتگیریکردنی داوای ئێرانیەکان کە تورکەکان لای خۆیانەوە کاریگەر بکەنو، نیازی خۆشم کە جەختم کردوە، بۆ کردنی ئیجرائاتی توند بۆ سزادانی شێخو کورەکانی.

لەو کاتەوە، من دوبارە دەربارەی مەسەلەکە پەیوەندیم بە عاسم پاشاوە کردۆتەوە. پیی راگەیاندم کە بابی عالی پێشنیار دەکات بۆ ناردنی کۆمیسونێك بۆ لیکۆلینەوە لە رەفتاری شێخو سەردارەکانی تریش:

بەوەی کە ئەوانە شۆرشگیر بون نەك دزو جەردەو دەبێ دادگایی بکرین. بەڵام لە راستیدا ئەنجومەنی وەزیران هێشتا لەسەر نامەکەو کۆمیسۆنەکە بریاری نەداوە. من سبەینێ بەریزی دەبینمو جەخت دەکەم لەسەر رونکردنەوەی زیاتر بەوەی کە ئایا بابی عالی چی دەکاتو باسەکانم لەسەر ئەو بەرپرسیاریتی‌یە دەبیت کە روبەرویان دەبیتەوە، گەر نەیانتوانی سزایەکی ئەوتۆی ئەو رەعیەتانەی خۆیان بدەن بە جۆریك ببنە پەند، لەبەر ئەوەی جەنگیان دژ بە وڵاتیکی دۆست بەرپا کردوە.

هاوپیچی ١ی ژمارە: ٥٤

لە کاپتن کلایتن وە بۆ مەیجەر ترۆتەر

بەریز، وان، ١٩ی تشرینی یەکەم، ١٨٨٠.

بەهەمو حسابێك، وا پیدەچێ کە ئیلە کوردەکان بە فەرماندەیی شێخ عوبەیدوالله بەردەوام بن لە چونە پیشەوەیاندا بۆ ناو خاکی ئێران. دوینێ، والی بروسکەیەکی پیشان دام کە لە تارانەوە پیی گەیشتبوو، دەلیت خیلە ئیرانیەکان دەچونو دەیاندایە پاڵ هیزەکانی شێخو، حکومەتی ئیرانیش لەشکری دەنارد، بەڵام ئەوەندە بەهیز نەبون کە بتوانن بەرامبەر کوردەکان بوەستن. کاربەدەستە تورکەکان نیردراوەکانی خۆیان دەنیرن بۆلای شێخ بۆ ئەوەی هەولبدەن شێخ تەفرە بدەن واز لەو ریگەیە بهینیت، بەڵام والی دەیگوت من لەم باوەرەدا نیم شێخ گوییان لێ بگریت.

هەروەها نامە نیردراوە بۆ موتەسەریفو قایمقامەکانی هەکاری کە ریگە نەدەن سەرەك هۆزەکانی ئەو سنجقە پاڵ بدەنە شێخ، بەڵام من باوەرم وایە کە ئەوە شتیکی

پڕ گومانه كه ئەوەندەیان دەسەڵات هەبێت بتوانن ئەو كارە بوەستێنن. لەهەمان كاتدا، لە پێنج بەتالیۆنەوە بۆ هەشت بەتالیۆن ئاراستە دەكرێت بۆ ئیرە، چونكە لەحالی حازردا سێ بەتالیۆن لە واندا هەیە. نیاز وایە لەم كاتەدا ئەم لەشكرانە لیرە بمیننەوەو چاوەروان بن بزانن مەسەلەكان بەكویدا دەكەون، بەڵام چەند بەتالیۆنیكیش دەنیردریت بۆ باشقەڵاو گەوەر بۆ پیكهینانی ئەمباری زەخیرە، نەبادا پیویست بكات لەویوە هیز بنیرن.

فەریق، موسا پاشای فەرماندە لەموش، گەیشتۆتە ئیرەو بریار وایە بچیت بۆ هەكاری.

گومان لەوەدا نیە كە بزوتنەوەی كوردەكان شتیكی جدیەو مەترسی گەورەش هەیە كە ئەگەر خیلە درندەكان لەگەڵ پاشكەوتوەكانی ئیراندا بەیەك بگەن، وا هەلدینو لە سنورەوە دەپەرنەوە بۆ هەكاری. من هەروەها بیستومە كە گومان دەربراوە سەبارەت بەوەی ئایا لەشكر داوا دەكریت كە ئەو كارە دژی كەسایەتیەك بەو ریزە بەرزەوە وەك شیخ، بكات.

ئەمانە، هەمو سەرنجی دەسەڵاتدارەكانی داگیركردوەو، لەبەر ئاسایشی وڵاتەكە ریگەیان گرتوە كە كاریكیان بۆ بكریت. بە بەردەوامی راپۆرتی تازە دیت لەبارەی تاڵانی كوردەكانەوە، بەڵام هیچ هەنگاویك نانریت بەرامبەریان. هەمیشە پیویستی پارەو پیاو بەهۆیەك دانەنریت كە بۆچی ئەوەندە كەم كار دەكریت. زەبیتەكان هاواری موچەیانەو رەفزی ئەوە دەكەن فرمانەكان جیبەجێ بكەن تا موچەیان نەدریتێو، ئیستاش هەرچی شتیكیان لە ئەستەمولەوە لێ داوا دەكرێ، بێ هودەیە. بۆ ئەوەی خەرجیەكان مسۆگەر بكریت، دەبیت بەرهەمی دەیەك بفرۆشریت، لەبەر ئەوە، ئیمساڵ هیچ یارمەتیەك لە حكومەتەوە بۆ ئەو ناوچانەی توشی قاتو قری بوە، نابیت.

بەشیوەیەكی گشتی، وڵاتەكە لەبارودۆخیكی ناجیگیردایە، بەڵام لەوانەیە كەمتر لەمانگیك بەفر بباریت، ئەوسا وەك پیویستە لەشكر كیشی كوردەكان كەم دەكات.

(ئیمزا) ئیمیلیەس كلایتن

هاوپیچی ۲ی ژمارە: ٥٤

لە كاپتن كلایتنەوە بۆ مەیجەر ترۆتەر

بەریز،   وان، تشرینی یەكەم، ۱۸۸۰.

هەندێ دریژەی ترم (تفاصیل) سەبارەت بەراپەرینی كوردەكان دژ بە دەسەڵاتدارەكانی ئیران، پیگەیشتوە. یەكەم شت، پیویستە ئەوە بزانریت كە لە

دەوری ســابڵاخدا ئــەم خێڵانــەی لای خــوارەوە هــەن: لای بــاکوری رۆژهــەڵات و رۆژهەڵاتـەوە، میکـری (Mikry) کە پێکهاتوە لـە ٢,٠٠٠ مـاڵ؛ لـە باشـورەوە میوکـری (Meukury)، ٥,٠٠٠ ماڵ؛ لای باشوری رۆژئاواوە، مامش ٣,٠٠٠ ماڵ؛ لای بـاکوری رۆژئاواوە نزیک شنۆ، زازا ١,٠٠٠ ماڵ؛ وە لای باکورەوە نیوان سابڵاخو دەریاچـەی ورمێ کارەپاپاڤ ٣,٠٠٠ ماڵ. لەمانە، چوارەمی یەکەمیان کوردنو سونین، بەڵام قەرە پاپاڤەکان شیعەی ئیرانین.

کاتێک سەرۆک هۆزی کورد، هەمزە لە سابڵاخ هەڵات، پاش دەربازبونەکەی یەکەم جار رۆیشت بۆلای موکریـەکان (Meukry)، ئەوانـەی کـە بـو بـە سـەرۆکیانو پاشـان هەندێ پیاوی ئەساسی لەگەڵ خۆی بردو رۆیشت بۆ لای ئیلی مامشو، راویـژی بـە سەردارەکەیان کرد. شتێکی ئاشکرایە کە نارەزاییەکی زۆر بـەربڵاو هەیـە بەرامبـەر فەرمانرەوایی ئیرانیو، سەرداری مامش یش رازی بو کە بۆ شۆرش بداتە پاڵ هەمزە. پاشان رۆیشتن بۆ شنۆ، کە عەبدوالله خانی سەرداری زازا حاکم وەیان پاریزگاریتی، واتیدەگـەن، خوشـکەکەی عەبدواللـە خـان، ژنـی شـێخ عوبەیدوااللەیـە؛ لەهــەمو حالـەتێکدا، تێکەلیـەک (پەیوەندیـەک) لـەنیوانیاندا هەیـە. ئـەم عەبدواللـە خانـە، بەشێوەیەکی زۆر خراپ رەفتاری لەگەلدا کرابو لەلایـەن حاکمە ئیرانیەکەی ورمـێوە، کە بەهۆی هەندێ بیانوەوە ناردبوی بەدوایدا، ئینجا گرتبوی، ١٠٠٠ جەلدەی لیدابو، وە تەنها دوای ئەوەی غەرامەیەکی زۆریشیان لیسەندبو، ئینجا رییان پیدابو بروات. لەبەر ئەوە، بەخۆشیەوە رازی بو بەوەی بداتـە پـاڵ دو سەدارەکەی تـرو، بریاریـاندا هانا بەرن بۆ عەبدوالقادری کورەکەی شیخ عوبەیدوالله، کە لـە مەرگـەوەر دادەنیشـێو لەلایەن ئیرانەوە کراوە بە فەرمانرەوای سـەرەکی ناوچـەکانو خیلـەکانی نزیک سـنور. عەبدوالقادر پشتگیری لـە مەسـەلەکەیان کـردو، دوای ئـەوەی پیاوەکانیـان کۆکـردەوە، کەوتنـە کشـان بۆ سـەر سـابڵاخ. کـاتێک بەسـەر رێگاکـەیاندا بـە قەرەپـەپاغدا تێپـەرین، خەلکەکەی لەترسی ئـەوەی لـەناو نـەبرین، بەناچاری دایانـە پالیـان. ئیلـی میکریـش (Mikry) هەروەها دایانە پالیان، بەڵام ئاشکرا بو بە نابەدلیـەوە بـو. ئینجا سابڵاخ بە تــەواوی گــەمارۆ درا، حاکمەکــەی کــە بــەخوین مــیربو، لەگــەڵ دەســتوپیوەندەکەیدا لەناوەوە قەتیس مان. بە هـەرحاڵ، سـەرداری میکـری، وەک ناوبژێکـەرێک کـاری کـردو ریگە بە میرو دەستوپیوەندەکەی درا کـە برۆنو چەکو تفاقـەکانیان جێ بهیلن. پـاش ئەمـە، بـەبێ ئـەوەی یـەک فیشـەک بتـەقینریت، سابڵاخ تەسـلیم بـو. ئینجـا عـەبدوالقادر ناردی بەدوی ئیلـەکانی باشـورو باشـوری رۆژهـەڵاتدا، تـا دەگاتـە بانـەو سـەقز، داوای لیکـردن تەسـلیمی بـبن. ئـەوانیش گـوێ رایـەلی داواکـەی بـونو، پاشـان حکومـەتێکی هـەریمی ریکخسـت، بەدانانی حـاکم بـۆ ئـەو ناوچانـەی تەسـلیم ببـون. دوای ئـەوە، لـە

سابلاخ وه پیشرەوی کرد بۆ روباری تاتاو، کە ولاتەکە دابەش دەکات بەسەر ئەو شوینانەی کە کوردەکانی بە شیوەیەکی سەرەکی لێ نیشتەجێیە، لەگەڵ ئەوانەی کە تایبەتە بە دانیشتوانە ئیرانیەکانی. واباس دەکرا، کە لیرە ۲۰,۰۰۰ کەسی لەگەلدا بوە، بەلام ئەم ژمارانە متمانەیان ناخریتە سەر. دوای ئەوە ناردی بۆ مەرحەمەترادو داوای کرد تەسلیم بیت. بەهۆی ئەوەی رەفزیان کرد تەسلیم بن، گەمارۆ، پەلاماردراو لەو ۱۰۰۰ مالەی هەیبو، ۳۰۰ مالی تالانکرا. دوا زانیاری وا دەگەیەنیت کە عەبدوقادر بە چەند تۆپیك لەنیوان مەرحەمەتەرادو مەرەگەدایە، لەگەڵ تەقەمەنی تری جەنگدا کە کەوتونەتە دەستی. واباسدەکریت کە ئیرانیەکان تەقەلایەکی زۆر دەکەن بۆ ئەوەی بەرامبەر بەم شۆرشە بوەستن. سێ تابور پیکهینراوە، دوانیان لەتارانو تەوریزەوە بۆ سەر هیزەکانی عەبدوالقادر کۆ دەبنەوەو، ئەوی تریشیان بەلای رۆژئاوای دەریاچەی ورمێدا ڕێ دەکات (دەروات) بۆ هەرەشەکردن لە پاشەکشییان. رۆژانە هەوالی شەریکی قورس چاوەروان دەکرێ.

وا باسدەکریت دو فەیلەقی کوردی تریش لە شەرگەکەدا هەبن، یەکیکیان بە فەرماندەیی کورە گەورەکەی شیخ دایە لەنزیك مەرگەوەر، ئاشکرایە بۆ پاراستنی کشانەوەی عەبدوالقادرەو، ئەوی تریشیان بە فەرماندەیی خەلیفە سەعیدەو لە شوینیکدایە لەنیوان گەوەرو ورمێدا. سەعید لەگەڵ نیردراوی تردا هاتبو بۆ لای کوردەکانو، پیی راگەیاندبون کە تورکەکانیان لەگەلدایەو چەکو تفاقیان دەدەنێو، ئیستاش کاتی ئەوە هاتوە کە هەمو ئەو شتانەی عەلی خان لێی زەوت کردبوین (بەتالان لێی بردبون) لێی بسەندینەوە.

ژمارەیەکی لەبەرچاو دایانە پاڵ هیزەکەی سەعید، بەلام کاربەدەستە تورکەکان هەرەشەیان لیکردون کە نەچنە پاڵ ئەم بزوتنەوەیەو، زۆریشیان گەراونەتەوە بۆ مالەکانیان.

بەهۆی ئەوەی ئەو حاکمە ئیرانیەی ورمێ لەلایەن حکومەتەکەیەوە لۆمە کراوە بۆ ئەو روداوانە، بەوەی کە بەرپرسیار بوە لەدانانی عەبدوالقادردا، دەستی لەکار کیشاوەتەوەو هانای بۆ عەبدوقادر بردوەو خەلکەکەی ورمێش ملیان بۆ شیخ دانەواندوەو، باوەریش وایە کە یان هیزەکەی ژیر فەرماندەیی سەعید وە یان ئەوەکەی کورە گەورەکەی شیخ دەروات بۆ ورمێو دەیخاتە ژیر دەستی.

ئیمرۆ لەکاربەدەستە تورکەکانم بیستوە کە شیخ عوبەیدوالله خۆی لە سنور پەریوەتەوە بۆ ناو ئیران، بەلام ئەمانە دەلین شیخ بلاوی کردۆتەوە، ئەو هیچ کاریکی نیە بەم راپەرینەوە، بەلام کورەکانی بە پیچەوانەی خواستی ئەوەوە کار دەکەن. بیگومان، پیویستە ئەم بانگەوازە لەبەرچاو بگیردریت.

هـیزی قـایمکردنی تـازەی زۆر بـەرەو ئـیرە ئاراسـتە دەکریـت. دابەشـکردنی لەشکرەکان لەولایەتی واندا وەك لای خوارەوەیە:

گـەوەر، ٢ بـەتالیۆن، ٤ تۆپـی شـاخ؛ باشـقەلا، ١ بـەتالیۆن، ٢ تۆپـی شـاخ؛ جولەمیرگ، ١ بەتالیۆن، ٢ تۆپی شاخ؛ وان، ٤ بەتالیۆن، ٤ تۆپی شاخ.

هەروەها ژمارەیەکی بچوکی سوارەش لە خالی هەمە جۆردا هەن.

ویرای ئەم هیزانەش پیم راگەیەندراوە کە دو بەتالیۆن لەدیار بەکرەوە بەرەو ئیرە بەریوەیەو دوانیش لە ئەرزبخانەوە، لەکاتیکدا کە ٤ی تریش هەر لە ئەرزبخانەوە فەرمانییان پیدراوە ئامادەبن بۆ کەوتنەرێ.

پیدەچیت مەسەلەکان لە کیشەو گرفت نزیك ببنەوەو، بەشیکی زۆریش بەندەبیت لەسـەر ئاکـامی پیکـادانیك لـەنیوان ئیرانیـەکانو هیزەکـەی عـەبدوالقادردا. ئەگـەر ئەوەکەی دواوە (عـەبدوالقادر) سەرکەوتو بو، وا ئەنجامـەکان زۆر مەترسـیدار دەبـن، بەلام ئەگەر تیکشکیندرا، ئەوا لەوانەیە جولانەوەکە بەخیرایی هەرەس بینیت، چونکە بیگومان ئیلەکانی میکریو قەرپەپاغو، لەوانەیە، ئیلی تریش، هەر دەستبەجێ لێ بکشینەوەو مەترسی تالانکردنی بێ یاساییو کاولکردن لەلایەن ئیلە لەیەك ترازاو و پەرەوازەکانەوە بیتە کایەوە.

ئەو زانیاریانەی لەسەرچاوەی ترەوە بە من دەگەن، جەخت لەسەر ئەو هەوالانـەی سەرەوە دەکەن، بەلام واتەواتی زۆر دژ بەیەکیش هەنە، کە لەوانەیە پیوەنانی زۆری پیوەبێ، لەهەردو ژمارەی هیزی کوردەکانو چەندایەتی ئەو سەرکەوتنانەی پەیوەست بوە پیوەیان؛ بەلام، من لەو باوەرەدام ئاشکرایە، کە مەسەلەکە زۆر بەجدی دادەنریت.

(ئیمزا) ئیمیلیەس کلایتن

هاوپیچی ٣ی ژمارە: ٥٤

لە کاپتن کلایتن وە بۆ مەیجەر ترۆتەر

بەریز، وان، ٢٧ی تشرینی یەکەم، ١٨٨٠.

دوینـێ مالی پیی راگـەیاندم کـە بروسـکەیەکی لـە ئیرانـەوە پیگەیشـتوە دەلیـت پیکـادان لـەنیوان ئیرانیەکانو کوردەکـاندا رویـداوەو، کوردەکـان شـکیندراونو زیـانی ٣٠ کەسیان بوە. بەلام زۆر لەوە دەچێ کە پیکادانەکە شەریکی گشتی بوبێ.

هـەروەها زانیـاریم پیگەیشـتوە کـە، کـاتیك هـیزی کوردەکـان بەرپـەرچ ئەدرانـەوە، شیخ موستەفا، کە یەکیکە لە خەلیفەکانی عوبەیدوالله، لەگـەل ٣٠٠ کەسـدا لەبـەردەم

گوندی جیهانگیر ئاغادا وه دەرکەوتن‌و گوتی گوندەکە دەسوتینی گەر خەلکەکەی نەدەنە پالیان‌و، ناچاریش بو ئەو کارە بکات.

هەروەها بیستومە کە زۆر لە نەستۆریەکانی شەمدینان کە بدەنە پاڵ هیزەکانی شیخ.

ئەو کوردانەی هاتونەتە وان دەلین، شیخ عوبەیدوڵڵە ناردویەتی بەدوی خەلکیداو داوایان لیدەکات دژی ئیرانیەکان راپەرن‌و، واتەواتیش هەیە کە شیخ دوای ئەوەی لە ئیرانیەکان دەبیتەوە، لا ئەدات بۆ سەر تورکەکان. من لەو باوەڕەدام کە ئەو (شیخ) پلانیکی بەربلاوی هەیە بۆ یەکخستنی هەمو کورد لە ولاتیکی سەربەخۆدا بە سەرۆکایەتی خۆی. یەکەم شت، هەلومەرجەکان سەرنجیان بۆ لای کوردستانی ئیران راکیشاوەو، هەولئەدات حکومەتی ئیران ناچار بکات وەك فەرمانرەوای کوردەکانی ئیران دانی پیادابنیت و، پاشان لائەداتەوە بۆ ئەم تەرەفەو هەولئەدات مافەکانی لە تورکەکان وەدەست بهینیّ.

دو بەتالیۆنی زیاتریش بەخیرایی دەکەونە ریّ بۆ هەکاری.

واتەواتی ئەوە هەیە کە روسەکان لەشکر دەنیرن بۆ کۆمەکی ئیرانیەکان. من نازانم گەر هیچ بنچینەیەك (اساس) هەبیّ بۆ ئەمانە، بەلام قەشەیەکی نەستۆری کە لە روسیا گەراوەتەوە، رایگەیاندوە کە لەشکریکی گەورە لە یەریڤان کۆبۆتەوە.

(ئیمزا) ئیمیلیەس کلایتن

ژمارە: ٥٥

لە کۆنسوّلی گشتی، ئابۆت وە بۆ ئیرل گرانڤیل (لە ٤ی کانونی یەکەمدا گەیشتوە)

گەورەم، تەوریز، ١١ ت٢، ١٨٨٠.

ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە کەهاوپیچ راپۆرتیك لەسەر وەزعی مەسیحیە نەستۆریەکانی ورمیّ بۆ جەنابتان بنیرم کە لەئاکامی ئەو لیکۆلینانەوە هاتوە کە لەماوەی دوا سەردانم بۆ ئەو ناوچەیە، کردومەو، لەو باوەرەشدام کە شوینی رەزامەندی جەنابت بیت.

(ئیمزا) ولیام جی. ئابۆت

هاوپێچی ژمارە: ٥٥

راپۆرتی کۆنسوڵی گشتی، ئابۆت لەسەر وەزعی مەسیحیە نەستۆریەکانی ورمێ

بۆ ئەوەی بۆچونێکی راستو بێگەرد دەربارەی ئەو شوێنەی نەستۆریەکانی تیا دانراوە پێکبهێنن، پێدەچو ناچاربین بەوردی لە پەیوەندیەکانی نێوان کرێچیە مەسیحیەکانو خاوەن مولکە موسلمانەکانیان بکۆڵینەوە، هەروەها ئەو شێوازەی بەکار دەهێنرا بۆ کۆکردنەوەی باجو خەراجو، بەراورد کردنێکیش لەنێوان حالەتی ئەو شتانەی کە هەردو رەگەزەکە بەدوای یەکدا تیایدا ئەژین.

دەشتی ورمێ، کە شارەکەی تیادایە بەو ناوەوە، نزیکەی ٥٠ میل بۆ باکورو باشور درێژ دەبێتەوە. لەلای رۆژهەلاتیەوە، دەریاچەیەکی خوێیاوی هەیە، بەپانتایی ٣٠٠ کیلۆمەترو، نزیکەی ٥٠٠ گوند بەچڕی لەو ناوەدا بڵاوبونەتەوەو، سەرو ١٠٠ گوند لەمانەش خەلکانی مەسیحی نەستۆرینو ئەوەش دەمێنێ (باقیەکەی) موسولمانن. زۆرایەتی موسولمانەکان شیعەن، بەڵام هەروەها ژمارەیەکی زۆری گوندی پرشو بڵاو لەدەشتەکەدا هەن، کە کوردە سوننی مەزەبەکانیان تیادا نیشتەجێیە.

ئەوسێ روبارە سەرەکیەی کە لە چیاکانەوە هەلدەقولێن، ئاوی دەشتەکە دەدەنو خۆیان لەناو دەریاچەکەدا بەتاڵ دەکەنەوە ئەمانەن– چەهر چای، براندوز چایو، نەزلو چای. دەشتی ورمێ، ئەوەندە بە پیتو پڕ دارو درەختە، شایستەی ئەو ناوەیە "بەهەشتی ئێران" کە لە بەهاراندا پێی دەلێن.

خاوەن مولکەکان، وەیان گەورەی گوندەکان، بەشێوەیەکی سەرەکی ئێلی ئەفشارنو شیعە مەزەبن.

سیستمی باجو خەراج لەهەندێ گوندا بە "گورال" ناودەبرێ، کە واتا حەرفیەکەی "ببینەو وەربگرە"یە.

ئەو باجانەش کە بەپێی ئەمە دەسەندرێ بریتین لە: باجی خانوی موسولمانان، ٥ قران =؛

هەمان شت بۆ مەسیحیەکان، ٨ قرانە= ؛ باج لەسەر ئاژەڵ، موسولمانو مەسیحیش وەکو یەك ئەیدەن، وەك لە خوارەوە هاتوە: گامیش، ٣ قران= ؛ مانگا، ١,١٠ قران؛ ماین، ٣ قران= ، مەر، ١٠ شاهی= ؛ گوێ درێژ، ١,١٠قران لەسەرو ئەمانەشەوە، هەمو ئەو مەسیحیانەی تەمەنیان لەسەرو ١٥ سالیەوەیە، باجێکی سەرانە (رای) لە بری خزمەتی سەربازی ئەدەن، کە ساڵانە ٥ قرانە=

نیشانە بەوەی سەرەوە، من تێناگەم لەسەر چ مەبدەئێکی یەکسانی دەبێ مەسیحیەکان ٣ قران لە موسولمانەکان زیاتر بدەن بۆ باجی خانو.

سەبارەت بەو پەیوەندیانەی کە لەنیوان کریچیو خاوەن مولکەکان، یەك بەدوای ئەویتردا هەیە، وا دیارە ئەوەی یەکەمیان، جا موسولمان یان مەسیحیەکان بن، هەمان سیستەم دەیانگریتەوە. خاوەن مولك بەرپرسیارە بەرامبەر حکومەت بۆ کۆکردنەوەی باجو خەراج، بەپارە بیت یان هەر جۆریك، کە بۆ هەر گوندیك دەقەبلیندریت؛ ئەو برە پارە دەستنیشانکراوەی کە سالآنە داوا دەکریت بچیتە سجلاتی حکومەتەوە. لەلایەکی تریشەوە، کریچیش بەرپرسیارە بەرامبەر خاوەن مولکەکە بۆ دانەوەی قەرزی ئەو باجەی لەسەریتی، ئەوەی کە کەسایەتی شەخسی خۆی بە تەواوی لەسەری بەندە، جا ئەگەر سیستمیك لە بنچینەدا عادل بیت، وە یان بگۆریت بۆ ئامرازیکی چەوساندنەوە.

ریك لەنزیك کۆلیجی ئەمریکاییەوە کەمن تیایدا دەژیام دو گوند هەبو- یەکیکی موسولمان، ئەویتریان هی مەسیحی- هەریەکەیان ١٥ مالی تیادا بو و، هەردوکیشیان هەمان خاوەن مولکیان هەبو. من وای بۆ دەچوم کە ئەو سیستەمەی لەم نمونەیەدا بەکار دەهینرا، پیوانیکی باش بوبیت لەوەی کە لە هەمو دەشتی ورمیدا پیرەو دەکرا. لە هەردو ئەم گوندانەدا، خاوەن مولکەکە تۆوی ئەدا بۆ چاندنی غەلەکە، کە (؟) بەشی لی وەردەگرتو کریچیەکەش یەك بەش. بەرهەمی سالآنە نزیکەی ٥٠ خەروار گەنم بو. حکومەت باجی تارادەی ٥ قران لە هەر خەرواریك وەردەگرت. بەو پییە، سەرجەمی باجەکان دەبوە ٢٥ تومان لە سالیکدا. گەر ژمارەی دانیشتوانەکە بە ٧٥ کەس دابنیین. هەر مالەو پینج کەس، ئەوا باجی سالآنە دەگاتە ٣ تومان بۆ هەر یەکیك، کە بەرامبەر دەوەستیت، کاتی دەمبینی موسولمانەکانو مەسیحیەکان سیستمیکی هاوشیوە دەیگرتنەوە، زۆر ئازارم دەچیشت بۆ لیکدانەوەی ئەوەی گەر موسولمانەکان بەشیوەیەکی تایبەتیو لەهەرچی رویەکەوە بی، لەسەر ئازارو زەرەری ئەوەکانی دواوە (مەسیحیەکان) (امتیازیان پی درابیت). ئاکامی لیکۆلینەوەکانم ئەوەبو کە چەندین نمونە دەرکەوتنەوە، کەخاوەن مولکە موسولمانەکە بەم ریگەیە ئەیدا بەلای هاو ئاینەکەیدا. لەبری ئەوەی بەشیوەیەکی بابەتی لەسەر بەندی ریکەوتنەکە بروات، سەبارەت بەدابەشکردنی تۆو، وەك لەسەرەوە باسکرا، هەندی جار ریگەی ئەدا بە کریچیە موسولمانەکان کە چەند دۆنمیکی کەم لە ئەرز بە تۆوی خۆیان بچینن و دو بەشیش لە غەلەکە تەرخان بکات، کەچی نەرمیی لەم شیوەیە هەرگیز پیشانی نەستۆریەکان کە یاسایان بەوپەری توندیەوە بەکار دەهینرا، نەئەدرا.

لەدەشتی ورمیدا، سەردانی چەند گوندیکم کرد، کە دانیشتوانی هەندیکیان تەنیا مەسیحی بون، ئەوانی تریش موسولمان. بەلای منەوە جوتیارە مەسیحیەکان

بەشیوەیەکی گشتی بوەو پۆشتەتر بون، بەڵام لەبەر ئەوەی بەزۆری کەمایەتی بون، کەمتر دەیانتوانی سەرکەوتوانە بەرامبەر خاوەن مولکە چەوسینەرەکەیان بوەستنەوە وەك هاوسێ موسولمانەکانیان.

کاتێ بیستم کە لە گوندی ئەردەشای کە مولکی دەولەتەو لەژێر سیستمی "گورال"دایە، باج و خەراج بە گۆترەترین (کیفی- اعتباطی-) شیواز دەسەپینرا، نارەزاییەکی دۆستانەم لای حاکمی ورمێ دەربری، کە دەستبەجێ گەورەی گوندەکەی بانگ کرد بۆ حساب کردن و، فەرمانی توندی دەرکرد بۆ ریگەگرتن لە دوبارەبونەوەی خراپەکاری لەو بابەتە.

لە گۆك تەپە، کە یەکیکە لە هەرە گوندە گەشەکردوەکانی ناو دەشتەکە، مامەوەو سەر لەبەیانی رۆژی یەك شەمە لە کلیسە نەستۆریەکەدا نویژم کرد. کۆمەلیکی گەورەی خەلکی نەستۆری، پیاوان، ژنان و، منالان لەهەمان نویژدا بەشدار بون. لەدوای نیوەرۆدا، لە کلیسەیەکی بچوکدا لە میسینورە ئەمریکیەکانی تایەفەی (مەزەبی) پریسبینزیان دروستیان کردوە، ئامادەی نویژیکی گشتی بوم. دوای هەردو نویژەکە، بەزمانی تورکی وتاریکم بۆ خەلکەکە خویندەوە، دلنیام کردن لەو بابەخە زۆرەی کە خاوەن شکۆ شاژن (ملکە) بە شەخسی داویەتی بەخیرو خۆشییان، وەك کەسانیکی مەسیحیو، لەکاتیکدا کە هانم ئەدان بۆ بەجێ هینانی ئەرکەکانیان وەك رەعیەتی شا، ئەوەشم بۆ رون کردنەوە کە بەهۆی ئەو دۆستایەتیەی کە لەنیوان ئیران و ئینگلستاندا هەیە، شای ئەو ولاتەی دواینە (ئینگلستان) بەم دواییانە بەشداری لە تەبەروعیکی سەخیدا کردوە بۆ بەهەناچونی ئەو نارەحەتیەی قاتوقریەکە هینابوی.

بەداخەوە دەلیم کە لە هەندێ گوندەکانی سەر روباری نازلو چایدا، خاوەن مولکەکان بەشیوەیەکی فراوان پەنایان دەبردە بەر کاری سوخرە بۆ کیلانی کیلگەی برنج و باخی رەزەکانیاندا. وەك من دەیزانم، ئەو کریکارانەی کە لەهەردو موسولمان و مەسیحیەکانەوە بە سوخرە دەبران هیچ موکافەئەیەکی مادیان نادریتێ بۆ کارەکەیان و بەدەگمەنیش گەر پاروە نانیکیان بدریتێ، ویرای ئەمانەش چەندین گازندەم پێ گەیشتوە کە زۆر جار لەلایەن سەرکارەکانیانەوە بەدلرەقیەوە لییان دراوە. پیدەچێ، مەسیحیەکان زۆرتر لە موسولمانەکان راپیچی ئیش بکرین و، چاکیش وایە کە سیستمەکە بە تەواوی نەهیلریت. سەربارى ئەو قاتوقریە دردۆنگەش کە ولاتەکەی لەناو بردوە، لەوە ناچیت حکومەت هیچ کام لە باجەکانی واز لیهینابیت. لەم روەوە، موسولمان و مەسیحیەکان، وەك یەك هەمان کارەساتیان توش بوە؛ بەلام بیگومان ئەوانەی یەکەم (موسولمانەکان) زۆرتر توشی قاتوقریەکە هاتون، چونکە هیچ ریکخراویکی خۆجییی لەناو کۆمەلگاکەیاندا نەبوە بۆ

بەهــەناچونی نارەحەتیەکەیانــەوە، کــەچی نەســتۆریەکانی کــە لەســـەر پیشـــنیاری میســـیونێرە ئەمریکاییـــەکان کاریـــان کـــردوە، کۆمیتـــەی فریاگوزەریـــان پیکـــهیناوە، تەنانەت پیش ئەوەیش کە سەرمایەیان لە ئینگلستان و ولایەتە یەکگرتوەکانەوە بۆ بنیردریت. بەم ریگەیە، ژمارەی گەورە لە مەسیحیەکان، لە برسیتی رزگاریان بو. یەك یارمەتی ئەویتری ئەدا تاوەکو سەرچاوەکانیان بە تەواوی نەئەما،؛ بەلام لە هەندێ حالەتدا، دانیشتوانی ژمارەیەکی زۆر لە گوندە ئیرانیو کوردەکان، بە تەواوی لەناو چون و، لەهی تریشدا سەرجەمی دانیشتوانە نیرینەکان مردن و ژمارەیەك لە بیوەژن و منالیان بە تەواوی بێ دەرەتان بەجێ هیشت.

هەندێ جار، ئەو سیستمی چەوساندنەوەیەی کە پەنای بۆ دەبرا بۆ کۆکردنەوەی باجو خەراج، لەکاتیکدا کـە رو ئـەدات گـەورەی گوندەکـە کابرایـەکی بـێویژدان و، بۆگەنیی سـەرچاوەکانی عەدالـەت، خـەلکانی فاسـدو زەرەر بەخشـن، کـە شـیوەیەکی گشـتی لـە محمدیـانو موسـولمان وەك یـەك پیکدینـن؛ لـە ئـەنجامی گرتـن لایـەنی نویژیکـدا، مەسـیحیەکان نـاتوانن بەرهەمـەکانیان بـۆ فرۆشـتن بـهینن بـۆ بـازارو، موسولمانەکانیش رەفزی ئەوە دەکەن بیکرن؛ بەهۆی ئەوەی دانیشتوی شوینە پـر پشیویەکانی سەر سنورن، کە دەسەلاتیان لی زۆر لاوازەو، ئەو ناوچانەن کـە خـراپ بەریوە دەبرین، هاوولاتیانی ورمێو گشت دانیشتوانی دەشتەکەی دەوری، دەکەونە بەر (عرضه) پەلاماردانی بەردەوامی کوردەکانەوە، کەوا لە ژیان وموڵك و ماڵ دەکەن لە هەمو بەشیکی تری ئیمپراتۆریەکەدا نائەمین تر بیت. کاریکی ئەستەم بتوانـرێ چارەسـەریکی هەمیشـەیی بـۆ ئـەم بـارو دۆخـە ناهـەموارە دابنریت. بەتەنـها کـات، یاساکانی تارادەیەك گۆرانکاریە سیاسیەکان دەتوانن کار بۆ چارەسەریکی رادیکالانـە بکەن.

بەلام جۆریکی تریش لەگازندە هەیە کە پیدەچێ دان بە ریگە چارەیەکدا بنیتو، لەناو ئەمانەدا یاسای "جدید الاسلام" دینمـەوە. لەروانگـەی ئـەم یاسـایەوە، گـەر ئەندامیکی خیزانیکی مەسیحی ببیتە موسولمان، ئەوا لە مولك و مالی ئەو خیزانـەی بەردەکـەویت و، وشـەی خـیزانیش تەنـها بـاوك و دایـك ناگریتـەوە، بـەلکو خزمـە دورەکانیش. زۆر دەگمەنە مەسیحیەك بەم اغرایە لە دیـن وەرگـەرێ، بـەلام شـتیکی نائاسایی نیە کە گەنجیکی موسولمانی سەرکیش کچە مەسیحیەکی خیزانیکی بوەو دەولەمـەند تـەفرە بـدات، یـان بـەزۆر بیفرینـێ، بـۆ ئـەوەی بـلاوی بکاتـەوە کـە بۆتـە موسولمان و، داوای مولك و مالی خیزانەکەی بکات.

ئەگـەر کچەکە دەسـتبەرداری ئاینەکـەی نـەبێ، ئـەوا تـەواو شـتیکی ئاسـانە کـە کچیکی تر بهینیت بۆ ئەوەی دەوری ئەوی (مەسیحیەکە) بۆ ببینیت؛ دەتوانرێ تەنها

له دادگادا بەپەچەوە پیشان بدریت. چەندین حالەت رویداوە، کە بەم ریگەیە مولك و مالی چەندین خیزان زەوت کراوە.

لابردنی ئەم یاسا ناقۆلایە، کە ئیهانەیەکە بۆ ئیمانە گشتیەکەمان، هاندەریکە یارمەتی تاوان ئەدات، پیشیلی هەمو مەبدەئیکی عەدالەت (دادوەری)، ئاین و مرۆڤ دەکات، هاندەرو ئاگادارکەرەوە دەبیت بۆ حکومەتی ئیران لە سۆنگەی ئەوەوە کە بەردەوامبونی زیاتری، سەلبی ترین انطباع لەئەوروپادا دروست دەکات و، چاکتر بۆ ئیران لەوەدایە ئەو یاسا خراپە پر شەرمەزاریە لەرەگەوە دەربهینیٚ، پیش ئەوەی فشاری دەرەوەی بخریتە سەر بۆ لابردنیو گەر بە انصافەوە بروانینە حکومەتی ئیرانی، لەو باوەرەدام کە شتیکی راستە ئەوەش بلیم کە کاتیك حالەتی فراندنی بەزۆر دەهینریتە بەردەمیان، ئامادەن بۆ ریگە چارەیەك بۆی. ئەو لایەنانەی کە ریگە لەرەوتی عەدالەت دەگرن فەرمانبەری ئیرانی نین، بەلکو قەشە ئیرانیەکانن. من لەم جۆرە، دو حالەتم هەبوە کە لە دو سالی رابوردودا مامەلەم لەگەڵ کردون. لە هەردو حالەتەکەدا، کچەکە گیردراوەتەوە بۆلای دایك و باوکیو تاوانکارەکەش سزا دراوە. دوا حالەت چەند مانگیکی کەم لەوەبەر رویداو، هیشتا هەروا مابۆوە کاتیٚ تەوریزم جیٚهیشت و رۆیشتم بۆ ورمیٚ. بە گەیشتنم بۆ ئەویٚ، زانیم کە تاوانکارەکە، لە ئەنجامی گازندەکانی وەزیری مفوض حکومەتی خاوەن شکۆو خۆمدا بە زیندانکردنی ۳ حەفتەو غەرامەیەکی قورس لە تاوانەکانی پەشیمان بۆتەوە. بۆ ئەوەی سزاکە تەواوتر بیت، لەسەر داوای من، حاکمی ورمیٚ گەرەنتیەکی نوسراوی لەتاوانکارەکە سەندو، لەژیر سزای توندا بەستیەوە تا لەداهاتودا بە رەوشتی جوانەوە رەفتار بکات.

لەم ولاتەدا، شایەتی مەسیحیەك دژی موسولمانیك لەدادگایەکی دادوەریدا وەرناگیریت وەك لە تورکیادا هەیە؛ بەلام هەرچۆنیك بیت، تورکیا لەبنەرەتدا لەریگەی بانگهیشتنی ئیمپراتۆری هەمە جۆرەوە دانی بەوەدا ناوە کە لەم روەوە هیچ جیاوازیەك نیە لەنیوان دو رەگەزەکەداو؛ بەوپییەش، هیزە ئەوروپاییەکان بناغەی قایمیان هەیە کە کاری لەسەر بکەنو بەوهۆیەوە بۆیان هەیە وەك مافیك داوای رزگارکردنی تەواوی ئاینییو سیڤیلی هەمو دانیشتوانە مەسیحیەکانی ژیر دەسەلاتی سولتان بکەن. لەم روەوە، لەوانەیە چاکتر وابیٚ کە بیر لەوە بکریتەوە هیچ دەستپیشخەریەك (مبادرە) لە ئیراندا نەکریت، بە پیشاندانی خواستیان بۆ حکومەتی شا، بۆ دەرکردنی فرمان بۆ مەسیحیو جولەکەکان کە لە ریگەیەوە هەمان ئەو وەزعو ئیمتیازەیان پیٚ بدریت کە رەگەزی دەسەلاتدار هەیەتی. من باوەر ناکەم کە ئەو فەرمانانە لەهەمو کاتیکدا بەوردی جیبەجی بکریت، بەلام دەنگی ئینگلستان کیشیکی قورستری دەبیت کاتیك بەراشکاوی وەك مافیك داوای وەستاندنی ئەو

خراپەکاریانە دەکەین کە لەم کاتەدا دەتوانین تەنها ئاگاداری دۆستانە وەیان نارەزایی معتدل بە نەبرەیەکی لاواز دەرببرین.

هەروەك ئیستا باسم کرد، نەستۆریەکان باجیکی تایبەتی دەدەن، کە لەخزمەتی سەربازی دەیان بویری (اعفاء)؛ بەلام لەم دواییانەدا، دەسەلاتدارەکان دەستیان کردوە بەوەی کە زۆریان لیبکەن وەك مۆسیقاژەن لە تیمە سەربازیەکاندا خزمەت بکەن. ئەمان بەرقەوە (کراهیە) لەم سیستمە دەروانن، چونکە لە سەربازیدا لەنزیك موسولمانەکانەوە دایاندەنێو، دەبیتە هۆی ئەوەی ئەوانیش بەدلرەقیو کەم ریزەوە رەفتاریان لەگەڵ بکەنو، خوازیار دەبن کە لەم روەوە تەواو ببوردرین.

نەریتیکی نەستۆریەکان ئەوەیە کە هەمو سالیك بەژمارەی زۆر سەردانی روسیا دەکەن. هەندیکیان لە تفلیس یان لە شوینەکانی تری قەفقاس وەك کریکاری رۆژانەو ئیشی دەست کاریان چنگ دەکەویت؛ هی تر، خۆیان لە سوالکردندا دەبیننەوەو بۆ ئەو مەبەستەش دەچنە مۆسکۆو پیتەرسبورگ. لەوانەیە، لەدنیادا هیچ رەگەزیك نەبیت وەك ئەمان ئەوەندە وابەستە بن بە سوالکردنەوەو، واش دەردەکەویت کە لەم روەوە کاریکی گەشە کردویان هەبێ. حساب کراوە، سالانە ٥,٠٠٠ نەستۆری سەردانیروسیا دەکەن، لەوانە ٣٠٠ بۆ ٥٠٠ کەسیان بۆ مەبەستی سوالکردنو ئەویشی ماوە، بۆ گەران بەدوای کاردا دەچن؛ داهاتی سالانە لەو سەرچاوەیەی پیشوەوە ریژەی ٤,٠٠٠ لیرەو، ئەوەی دوایشەوە ١٠٠,٠٠٠ لیرە پیشان ئەدات.

بەهەرحاڵ، نەستۆریەکان، لەگەرانەوەیاندا لە سەفەرەکەیان، بەشیکی زۆر لە دەستکەوتەکانیان لە خاکی ئیراندا لی دەسەندن. کاربەدەستەکانی سەر سنوری ئیران، کوردەکان، پاسەوانەکانی حکومەت ئەوانەی بەروالەت بۆ گرتنی دزو جەردە دانراون، بەلام پەنا دەبەنە بەر کاری نایاسایی بۆ پەیداکردنی نان– لەم دواییانەدا ئەم خەلکە بەدبەختانەیان بەبێ بەزەییترین شیواز روت کردۆتەوە بەلام لەروی دادوەریەوە سەبارەت بەکاربەدەستە ئازەربایجانیەکان، پیویستە ئەوە بلیم کە بەشیوەیەکی نەگۆر ئامادەن ئەم زولمو زەرەرانە ببژیرن کە رەعیەتەکانیان داویانە، لەهەر شوینیك گازندە لەسەر مەسەلەکە دەکریو، وەلیعە هەدی پایە پلندیش توندترین ئیجرائاتی کردوە بۆ ریگەگرتن لە رودانەوەی ئەو جۆرە کارانە. بەتەنها سالی پار، لەسەر پیشاندانی حالەتیکی در دونگی لەم جۆرە، ئەو فەرمانبەرەی لە کارخستبو کە بەشیوەیەکی سەرەکی بەرپرسیاربو، وە هەموو کەلوپەلی نەستۆریەکانی بۆ گیرابونەوە کە لەدەستیان دابو.

هەرچەندە لەوەی سەرەوەدا دەبینریت کە دۆخی مەسیحیەکان خواستی زۆر جێ دیلیت بۆ جیبەجێکردنیان، بەلام گومان لەوەدانیە کە لەو سالانەی دواییدا

بەجۆریکی لەبەرچاو چاك بوە. لەم بۆچونەمدا، هەردو میسیونیرە ئەمریکیەکانو نەستوریەکان خۆشیان پشتیوانیم لی دەکەن. فەرمانبەرە ئیرانیەکان وەك دەسەلات، زۆر لیبوردون (متسامح)و، هەرگیز تەنگ بە مەسیحیەکان هەلناچنن لەپەیرەو کردنی ئەرکە ئاینیەکانیاندا. ئەو نفوزەی کە میسیونیرە ئەمریکاییەکان بەراستی (بحق) لەناو ولاتەکەدا بەدەستیان هیناوەو، ئیستا بۆ چل سالٚ دەچیت لە ناو نەستۆریەکاندا کار دەکەن، پاراستنی کافییان بۆ مسۆگەر دەکات لەحالەتی زولمی ئاساییدا (عادی- بسیط). کاتیکیش حالەتی جدی روئەدات، میسیونیرەکان راپۆرت ئەدەن بە منو، منیش هەمیشە کاربەدەستە ئیرانیەکانم بینیوە ئامادەن بۆ بژاردن. لەمەسەلەی گیروگرفتی تایبەتیدا، هانا دەبەم بۆ یارمەتی وەزیری مفوض حکومەتی خاوەن شکۆ لەتارانو، بەهۆی ئەم ریگایانەوە هەمیشە سەرکەوتو بوم لە وەدەستهینانی ئامانجی خوازراودا.

هەمو سالیك، ئەو ورەو چاکبونە ماددیەی زیاتر لەنیو نەستۆریەکانی ورمیدا لەبەر چاوە، بەزۆری بەهۆی هەولو تەقەللای میسیونیرە ئەمریکاییەکانەوەیە. لەناو هەمو گوندیکی نەستوریدا، مسیونیرەکان شوینیکیان بۆ عبادەتو قوتابخانەیەك بە قەشەو مامۆستاکەیەوە هەیە. خانوەکانی مسیونەکە لەدەرەوەی شارن، کۆلیجیك، خەستەخانەیەكو، مالی جیٚنشینیان تیدایەو، لە ١٥ دۆنم زەویدان؛ ئەمانە هەموی بینای زۆری جوانو، شایەتی راوەستاوی لیبوردویی حکومەتی ئیرانن. نەستۆریەکان ئەم نەوە پیاکەوتوە خویندنیکی چاكو راستیان هەیە، هەم ئایینیو هەم دنیایی (علمانی)و، فیری خویندنەوەو قسەپیکردنی زمانی ئەنگلوساکونیش دەبن. مەسیحیەت، بەبلاوکردنەوەی عبادەی خۆی لەهەمو شوینیکی ئەم ناوچانەدا، باشترین ضمانەت وەدەست دینیت بۆ پیشەوەچون لەداهاتوداو، هیدی هیدیش بانگەوازی نزیکبونەوەی (یبشر- یعلن) سەردەمیکی روناکیو ئاشتی دەکات.

(ئیمزا) ولیام جی ئابۆت تەوریز، ١١ ت٢، ١٨٨٠

ژمارە: ٥٦

لە کۆنسوٚلی گشتی، ئابۆت وە بۆ ئیرل گرانڤیل- (لە ٤کانونی یەکەمدا گەیشتوە)

گەورەم، تەوریز، ١٥ی ت٢، ١٨٨٠.

ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە کە هاوپیچ هەلبژاردەی یادەوەری رۆژانەکانم کە لەورمیٚ دامنابو لەکاتی هوروژمی کوردەکاندا، لەگەلٚ کۆپی ئەو نامەیەم کە بۆ وەزیری مفوض حکومەتی خاوەن شکۆ لەتاران دەربارەی هەمان مەسەلە ناردبوم، بۆ جەنابتان بنیرم،

هەروەها باسیکی ئەو گەشتەم بکەم کە بۆ ناو مەرگەوەر، شنۆ، سولدوزو، سابلاخدا کردوومە بۆ بارگەی ئیرانیەکان لە بناب.

بە بیستنی هەوالەکانی پر لەترسی هاتنە پیشەوەی لەشکری کوردەکان بەرەو تەورێز، بەئەرکی خۆمم زانی ورمێ جیهیلمو، ئەوەندەی بتوانرێ بێ دواکەوتن بگەریمەوە بۆ شوینەکەی (پۆستەکەی) خۆم. خەتەریکی زۆرم دەهاتە رێ گەر هەولمبدایە بەریگائاساییەکەی سەلماس‌دا وەرگەرامایە، چونکە شیخ سادق لەوەدا بو پەلاماری هیزەکەی ئیران بە فەرماندەی تەیمور خان لەو نزیکانەوە بدات. تەنها ریگەی کراوە بۆ من ئەوەبو کە پشت ببەستم بە یاوەریکی کوردەوە کە شیخ دابومیو ریگەی خۆم بگرم بەناو ئەو ریزە ئاواییانەی تەسلیم بە سوپاکەی ببون. تەنانەت ئەو ریگەیەش کە من هەلمبژاردبو، مەترسی زۆری تیدابو و، ئەو کاتە ئاهیکم پیداهاتەوە کە لەکۆتاییدا چومە ناو بارگەی ئیرانیەکانەوە.

لەبەر ئەوەی شیخ پیی راگەیاندبوم، کە یاوەرەکە لەبارەگای کوردەکان (حرس-مرافق) چاوەروانم دەکات، ناچار بوم بچم بۆ ئەوێو، بینیم ئامادەیە بۆ ئەوەی لەگەلمدا بروات.

لەماوەی مانەوەمدا لەورمێ، وام پێ راست بو کە هەمو قورسایی نفوزم بخەمە سەر شیخ، هەم بۆ ئەوەی خوینی ناپیویست نەرژینریو، هەم بۆ مسۆگەرکردنی سەلامەتی شەرنەکەرەکان.

بیگومان تالانکردنی گوندەکانی مەسیحیو موسولمانەکان لە دەشتی ورمێ لەلایەن سەربازە کوردەکانەوە شتیکی لەدەست بەدەرنیەو؛ ترسی ئەوەشم هەیە کە بونی سوپایەکی گەورەی زیادەی ئیرانیەکان لە ناوچەکەدا، بارودۆخەکە لەم روەوە زیاتر ئالۆز بکات.

کاتێ لە ورمێ بومو لە گەرانەوەشمدا لە گەشتەکەم، زۆر کەوتومەتە شوینی خەتەرەوە، بەلام باوەرم وایە کە ئەو هەولانەی من داومە بۆ رزگارکردنی ژیانو مالی بەدبەخترین خەلکانی مەسیحیو موسولمانان دەبیتە شوینی رەزامەندی حکومەتی خاوەن شکۆ.

(ئیمزا) ولیام، جی ئابۆت

هاوپیچی ١ی ژمارە:٥٦

هەلبژاردە لەیادوەری رۆژانەی کۆنسۆلی گشتی ئابۆت کە لەورمێ نوسیویتی لەماوەی هوروژمی کوردەکاندا.

له گەڕانەوەمدا وەك جیگری حاکم لەدوای نیوەڕۆی ٢٠ی تشرینی یەکەمدا، دکتۆر کۆچران م بینی نامەیەکی لەشیخ عوبەیدوالله‌وه پیگەیشتبو، دەلیت ئەو شەوە لەچیای سیر دەبیت، میسیونیرەکانیش دلنیا دەکات کە ئەو ریز لە کۆمەلە ئەوروپیو مەسیحیەکان دەگریتو، ئامۆژگاریان دەکات کە چەندیك دەتوانن هەمو خەلکو کەسەکانیان پیکەوە لەشوینیکی ئەمیندا کۆبکەنەوە. هەرزوو بیناکانی کۆلیجەکە، پر بو لە ژمارەیەکی زۆر لە نەستۆری؛ پیاوان، ژنان لەگەل منالاندا کە پەنایان بۆ ئەویَ بردبو.

٢١ی تشرینی یەك- شیخ دو نیردراوی لە ورمیَوە نارد، داوا لە خەلکەکە دەکات تەسلیم بنو، تانیوەرۆ مۆلەتی داونەتیَ کە بیری لیبکەنەوە. دکتۆر کۆچرانو مستەر لابارین رۆیشتن بۆ مار سورعینس بۆ دیداری شیخ.

٢٢ی تشرینی یەك- ئەم بەیانیە، بەسواری لەگەل دکتۆر کۆچراندا چوینە ناو شارەوەو، دیداریکمان لەگەل ئیقبال الدولەدا کرد. حاکم گوتی، ئەو لەگەل ستافەکەیدا بریاریان داوە بەرەنگاری بکەن، بەلام هاولاتیان چیان پیَ خۆشە با وا بکەن. ئامۆژگاری ئیقبال الدولەم کرد کە لە دەرەوەی دیوارەکانی ورمیَ شەر بکات، بۆ ئەوەی شارەکە لە تالانیو کوشتنو برین دور بیت، مەلا گەورەکان (سەرەکیەکان) ناردیانە لای شیخو بەناوی خۆیانو شارەکەیانەوە مل دانەواندنیان پیشاندا. ئیقبال الدولە وەك خزمەتیك داوای لیکردم هەولی دیداریك لەگەل شیخدا بدەم بۆ ئەوەی وای لیبکەم جەنگەکەی راگریتو، لەهەمان کاتیشدا پەیوەندی بە پایتەختو تەوریزەوە دەکات. ئەگەر شیخ واز لەنیازی پەلاماردانی ورمیَ بهینیت، وا ئیقبال الدولە رازی دەبیت شەر راگریت، بەلام گەر شیخ سوربیت لەسەر شەر، ئیقبال الدولە پیشنیار دەکات کە بۆ ئەو مەبەستە بچنە دەرەوەی شار.

لەگەرانەوەمدا بۆ کۆلیجەکە، بیستم شیخ لەگەل سوپاکەیدا بەریوەیە بۆ شارەکە. لەبەر ئەوە تیبینیەکم بۆ ئیقبال الدولە نوسی بۆ ئەوەی لەمە ئاگادار بیت. پاشان لەگەل دکتۆر کۆچرانو مستەر شیردا روەو بارەگاکەی شیخ رۆیشتین. دەستبەجیَ بە شیخو سوپاکەی گەیشتین، رووەو ورمیَ دەکشان. شیخ زۆر خۆش مەعشەر بو. داوای بە تەنگەوەهاتنی دانیشتوانە مەسیحیو هەموو خەلکە شەر نەکەرەکانم لای شیخ کرد، ئەویش بەلینیدا کە هەرچی لە توانایدا بیَ بیکا بۆ پاراستنی ژیان و مالیان. ئینجا پەیامەکەی ئیقبال الدولەم دایە. شیخ گوتی، ئیستا کاتی ئەوە بەسەر چوە کە بکەوینە وتو ویژ کردنەوەو، زۆریش گازندەی لە حکومەتی ئیرانی کرد. پیم راگەیاند کە من پیویستە بچمە هەر باسیکەوە سەبارەت بەو شەرەی لەنیوان ئەو و ئیراندا سەری هەلداوە؛ وە ئەوەی کە حکومەتی خاوەن شکۆ ئاشتیو ئارامی

دەخوازیت لەنیو سنورەکانی تورکیا– ئیراندا؛ وە لە دلەوە خیرو خۆشی دانیشتوانی ئەو ناوچانەم دەویٚ بەبیٚ گویدانە رەگەز یان باوەر. دوای ئەوە مۆلەتم وەرگرتو رۆیشتم.

لە ٢٣ی تشرینی یەکەمدا شیخ پەیامیکی تایبەتی لەکاتژمیری ٨ سەر لەبەیانیدا بۆ ناردم، نیازی خۆی دەردەخست بۆ پەلاماردانی شارەکە لەدوای نیوەرۆدا. شیخ گوتی، حەز دەکەم هەمو خەلکانی شەر نەکەر، جا هاوولاٚتی بن یا بیگانە، فرسەتیکیان هەبیٚو پیشەکی شارەکە جیهیلن، مەبەستیشی ریگەگرتن بو لە رشتنی ناپیویستی خوین. بۆ ئەوە، داوای لی کردم کە لەگەڵ سیمون ئاغا کە لای خۆی کاری دەکرد بچمە ناو شارەکەو کاری جیهیشتنی خەلکە شەرنەکەرەکە لەشارەکە لەگەڵ ئیقبال الدولەدا ریك بخەم. ئەم پیشنیارەم قوبوڵ کردو، کاتژمیری ٩ی سەر لەبەیانیدا، لەگەڵ دکتۆر کۆچران، سیمون ئاغاو دو پاسەوانە ئیرانیەکاندا کەوتینەریٚ بۆ ئەوەی کەئیمە بیرمان لیدەکردەوە، کاریکی بەزەییانە بیت، روەو دەروازەی سەرەکی شارەکە. بە گەیشتنمان بۆ ماوەی ٢٠٠ یاردەیەك بۆ دەروازەکە، پاسەوانیکم نارد بۆ گەیاندنی مەبەستی میسیونەکەمان، بەلاٚم هەر ئەو ساتە، ئیرانیەکانمان بینی کەوتنە تەقەکردن لی. لە راستیدا، لەچەند چرکەیەکی کەمدا، هەمومان کەوتینە بەرگوللەو لەنیو دەستریژی فیشەکی تفەنگدا بوین، کە بە خەستی لەهەمو لایەکمانەوە بەر دەبۆوە. ئینجا، خۆمۆمو هاوەلەکانم پاشەکشییەکی خیرامان کرد بۆ کۆلیجەکەو، بەزیندو مانەوەی منیش دەگەریتەوە بۆ خیرا دەرچونی ئەسپەکەم.

پاش نیوەرۆی هەمان رۆژ، سیمون ئاغا نامەیەکی لە شیخ وە بۆ هینام، تیایدا پاش بەکورتی باسکردنی ئەو روداوانەی سەرەوە، داوام لیدەکات نامەیەکی ئاراستە بکەم، تا بتوانیٚ لە داهاتودا بیخاتە بەردەست بۆ سەلماندنی پەرۆشی خۆی بۆ ئەوەی رەوشی ئەو شالاٚوەی ئیستا بگەیەنیتە بیرو بۆچونی مرۆڤایەتیەوە.

من رەفزم کرد کە دۆکیومینتیکی لەو جۆرە بدەم بە شیخ، بەلاٚم نامەیەکی کورتو بەوریاییەوەم ئاراستە کردو، دوای ئەوەی گەیشتنی ئەو نامەیەم پیٚ راگەیاند کەبۆی نوسیبوم، خۆم لەوەدا هیشتەوە کە بلیم، دەبیت لەوە دلنیا بیت کە بە دلسۆزیەوە راپۆرتی تەواوی وردەکاریەکانی ئەم جەنگەی ئیستا بۆ حکومەتی خاوەن شکۆ دەنیرم.

٢٧ی تشرینی یەك– نامەیەکم لە شیخەوە پیگەیشت، پیم رادەگەیەنیت کە وەفدیکی هاوولاٚتیانو مەلاکانی ورمیٚ دین بۆ باخچەکەی سیاوش، نزیك بارەگاکەی ئەو، پیکەوە لەگەڵ ئەندامانی کۆمەلە بیگانەکاندا بۆ بەستنی کۆبونەوەیەك سەبارەت

به تەسلیم بونی شارەکە. شیخ داوای لە منو میسیونیرە ئەمریکاییەکان کردوە کە ئامادەی ئەم کۆبونەوەیە ببین.

لە چەند دەقیقەیەکی کەمدا، خەلیفە سەعید موحەمد (زاواکەی شیخ)، چەند ئەفسەریکی کورد، لەگەڵ مەترانی نۆچیە هاتن بۆ کۆلیجەکەو وتیان هاووڵاتیانو مەلاکان پیشنیاری ئەو ریکخستنەی سەرەوەیان کردوە، کە ئیقبال الدولە سوپاکەی خۆی دەکیشیتە دەرەوەی دیوارەکانو، کۆبونەوەکەش دانراوە بۆ کاتژمیری ٢ی پاش نیوەرۆ. ئیمە تا ٣ی پاش نیوەرۆ چاوەروانمان کرد، بەلام لەبەر ئەوەی وەفدەکە لەشار نەهاتبوە دەر، پەیامنیرەکەی شیخ رۆیشتەوە بۆ بارەگای کوردەکان.

لەم دیدارەدا، خەلیفە سەعید محمد بۆی رونکردمەوە کە شیخ چیتر ئیبتزازی حکومەتی ئیرانی لە تەحەمولدا نەماوە، بەوەی کە هیچ شتیکی نەکردوە بۆ راگرتنی تالانی بەردەوامی خیلەکانی هەرکیو شکاکو بەشیوەیەکی خراپو توندوتیژ مامەلەی لەگەڵ کوردەکاندا کردوەو، لەریگەی رەوشی دامرکەرینەرانەی کۆنە شازادە حاکمی ورمیٚوە، گورزیکی توندی وەشاندوە لەسەربەخۆیی کوردستانو، ولایەتیکی جیای لی پیکهیناوە. شیخ ئەوە دەگریتە ئەستۆی خۆی کە دزو جەردەی خیلە هەمە جۆرەکان کە ببونە درکیکی هەمیشەیی لە کەلەکەی (جنب) تورکیاو ئیراندا سەرکوت بکات، چونکە ئەو دو زلهیزە نەیانئەتوانی بیانگرن، نیزام لە هەردو بەشی سنورەکەدا بگیریتەوە، مەسیحیو موسولمانەکان لەسەر ئەساسیکی یەکسانی دابنیٚ، پشتگیری لە خویندن بکاتو، ریگەی دروستکردنی کلیسەو قوتابخانە بدات. هەمو ئەوەی کەشیخ دەیویست، پشتیوانی مەعنەوی زلهیزە ئەوروپاییەکان بو، بە تایبەتی ئینگلستان، کە ریزو سۆزیکی (مودە) زۆری بۆ هەبو. شیخ داوای دەکرد دادگایی بکریت. ئەگەر نەتوانیٚ کوردستان ریك بخاتو، حکومەتیکی سەقامگیر پیکبهینیت، ئەو کاتە ئامادەیە لەلایەن مەحکەمەیەکی ئەوروپاییەوە دادگایی بکریت، وە ئاکامەکانیشی بگریتە ئەستۆ.

وەڵامی خەلیفەم دایەوە، بەوەی کە من لە مەرکەزیکی وادا نیم کە بلیم ئینگلستان یان زلهیزەکانی تر لە چ رۆشناییەکەوە دەروانن پرۆژەکەی شیخ. بەلام، توانیم دلنیای بکەم کە، حکومەتی خاوەن شکۆ بەهیچ جۆریك پەیوەندی نیە بەو تەنگوچەلەمەیەی لەنیوان شیخو ئیراندا سەری هەلداوە، کە مەسەلەیەك بو پیویست بو مشتو مری لەسەر نەکەم، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، ئینگلستان زۆر پەرۆش بو بۆ ئەوەی ئاسایشو ئارامی لەهەردو سنورەکەدا بپاریزریت، بەشیوەیەك مەسیحیو موسولمانەکان سەربەستی تەواوی ئاینیو سیڤیل یان هەبیتو، لەم ململانییەی ئیستاشدا ژیانو مالی هەمو شەرنەکەران بپاریزن. بەلام لەلایەکی ترەوە، بۆ من وا

دەرنەئەکەوت کە ئەو روداوە پڕ پەژارانەی کە لە میاندواو سەری هەلدابو سەرەتایەکی گونجاو بیت بۆ چەسپاندنی ئەو نیزامە کە شیخ پەرۆشی بۆ دەربریبو دایمەزرینێ. هەوالی کۆمەڵ کوژیەکەی میاندواو لەرزیتیکی پڕ ئەندیشە بۆهەمو ئەوروپا دەنیریتو، بەپەژارەو نارەزاییەکی زۆرەوە لەلایەن حکومەتی خاوەن شکۆوە وەردەگیریت. بەهەرحاڵ، من لەو باوەرەدا بوم کە لەوانەیە ریگەیەك بۆ گفتوگۆ لەنیوان حکومەتی ئیرانو شیخدا لەسەر بنچینەی دادوەری (عدالەت) بۆ هەردولا، بکریتەوە.

خەلیفە، پیش ئەوەی بروات، گوتی شیخ عوبەیدوالله ئامادە بوە کە یاوەریك بۆ من تەرخان بکات، بۆ ئەوەی لە گەلما بیت لە مەرگەوەر، شنۆو، سولدوزەوە بۆ سابلاخ، کە ئیستا بارەگای عەبدوالقادری کوریتیو، ئەمیش (عەبدوالقادر) بە سەلامەتی دەمگەیەنیتە مەسافەیەکی نزیکی بارەگەکانی ئیرانی.

لە ٢٨ی تشرینی یەکدا، بەرەو بارەگای کوردەکان کەوتمە ڕێ، لەوێ دیداریکم لەگەڵ شیخدا کردو، نامەیەکی بۆ عەبدوالقادری کوری دامێ. پاشان گەشتەکەم لەگەڵ یاوەرە کوردەکەمدا دەست پیکرد.

هاوپیچی ٢ی ژمارە: ٥٦

لە ئابۆت ی کۆنسۆلی گشتیەوە بۆ مستەر تۆمسن

بەریز،   تەوریز، ٧ی تشرینی دوەم، ١٨٨٠.

نیشانە بەو نامەیەم کە لە ٧ی مانگدا لە ورمێوە ئاراستەی بەریزتانم کرد، ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە کە راپۆرتی زیاتر بگەیەنم بەوەی کە، لە ١٦ی ت١دا ئیقبال الدولە کامپەکەی گواستۆتەوە بۆ بادیلبو، بۆ ئەوەی چاودیری جموجولەکانی هیزیکی گەورەی کوردەکان کە لە سۆمای برادۆست دامەزراون، بکات. پاش ئەوە، کوردەکان قەلای سمایل ئاغا کە کەوتۆتە نیوان برادۆستو دەشتی ورمێوە، داگیر کرد. ئیرانیەکان، لەهەولیکی ناسەرکەوتویاندا بۆ دەرپەراندنیان لەو شوینە، دو تۆپیان لەدەستدا.

لە ٢٠ی تشرینی یەکدا، شیخ کە لە نۆچیەو مەرگەوەرەوە دەهاتەوە، بارەگایەکی بەسوپایەکی گەورەوە لەسەر چیای سیر لیدا. هیزەکەیو ئەوەکەی سادقی کوری کە شوینی خۆی لە حەیدەرلو گرتبو، وەك باسدەکرا ٨٠٠٠ کەس بون.

رۆژی دواتر، شیخ دو نیردراوی بۆ ورمێ ناردو داوای تەسلیم بونی شارەکەی کرد. ئیقبال الدولە، کە لە بادیلبو گەرابۆوە، بریاری بەرگریکردنی داو، خۆی بەسێ فەوجەوە لەنیو دیوارەکاندا قایم کرد.

هێرشەکە لە ٢٢ی تشرینی یەکدا دەستی پێکرد، دوژمن لەهەمو لایەکەوە گەمارۆی شارەکەی دابو، بەڵام تا ٢٨ی مانگیش هیچ شتێکی ئەوتۆیان نەکرد بۆ سەر دیوارەکان، کوردەکان تەنها یەك جار تا ناو دەروازەکەی چەرباش هاتن، بەڵام بەزیانەوە پاشەکشێیان پێکرا.

لەهەمان کاتدا، دانیشتوانەکە ویستیان تەسلیم بن، بەڵام ئیقبال الدولە بڕیاریدا کە بەرگری لەشارەکە بکات.

هەلیکم بە دەست هێنا بۆ بەهاناچونی دانیشتوانە مەسیحیو خەڵکە شەرنەکەرەکانەوە لای شیخ کە بەڵێنیدا ڕێز لەژیانو مالیان بگرێت، بەڵام چەندین گوندی دەشتی ورمێ تاڵانکرا، کە لەوە دەچو شیخ دەسەڵاتی نەبێ سەرکوتیان کات.

لە ٢٨ی ت١دا وە بەپاسەوانی کوردەکان کە شیخ بۆی دانابوم، ورمێم جێهێشتو، بەمەرگەوەر، شنۆ، سولدوزو سابلاخدا ڕۆیشتم بۆ تەوریز. شیخ دڵنیای کردم کە نائەمین دەبێ گەر بەرێگای سەلماسدا برۆم، چونکە سادقی کوری خەریك بو لەو قۆڵەوە هێرش بکاتە سەر لەشکرەکەی تەیمور پاشا خان.

کاتێ ورمێم جێهێشت، شیخ بە ٦,٠٠٠ کەسەوە بارگەی لەخوار چیای سێر لێدابو. نامەیەکی دامێ بۆ کورەکەی، کە زۆر بەرێزو لوتفەوە پێشوازی لێکردم.

لەشکری کوردەکان لە سابلاخ لە ١,٥٠٠ کەس زیاتر نەبون، چونکە زۆرایەتی خێلەکان ڕۆیشتبونەوە بۆ مالەکانیان بەو تاڵانیەی لەدەشتی میاندواو دەستیان کەوتبو.

ناوچەکەی نێوان روبارو تاتاو و یاغیتو کە من پێیدا تێپەربوم، بە تەواوی لەلایەن کوردەکانەوە کاولکراوە سەرو ٢,٠٠٠ گوند سوتێنراوەو، ١٠,٠٠٠ کەسیش بێ لانەن.

لێکمداوەتەوە، ئەوەندەی ٢,٠٠٠ ئێرانیەك لە میاندواو کۆمەڵ کوژ کرابونو، لەنێو قوربانیەکاندا ژنو منالیان تێدابو. هەروەها لاشەی ٣٠ ئەرمەنیو ٥٠ جولەکە لە وێ بینرابو. لەلایەکی تریشەوە، ٩٠ ئەرمەنی کە توانیبویان دەربازبن لە گوندی تاجرباشیەکانی روس، نزیك سابلاخ سەرپەرشتی دەکران. لە ٣٣٠ لە دانیشتوانی جولەکە، تا ئێستا تەنها ١٣ کەسیان بەزیندوویی بینراونو، ژمارەیەکی زۆری ژنو منالی جولەکە لای کوردەکان بەدیل گیراون.

لەبەر ئەوەی بە تەواوی لەژێر رەحمەتی شیخ عەبدوالقادر بوم، ناچار بوم رازی بم بە هەر ڕێکخستنێك کە دەیکرد بۆ گەیاندنەوەم بۆ ناو خەتی ئێرانیەکان. پێی ڕاگەیاندم کە ٣٠٠ سوارەی کورد بەپاسەوانی دێن لەگەلم بۆ مەسافەیەکی نزیك بە کامپی ئێرانیەکانو، بەو جۆرە منیش لەگەڵ ئەو هێزە گەورەیەدا سابلاخم جێهێشت.

هەمزاغای سەرخیلی مەنگور، عەبدوالله خان زەرزی، ئیبراهیم خانی برایو، زۆر سەرخیلی ناوداری تر لەگەڵ هیزەکەدا بون. بە گەیشتنمان بۆ چلیك، سەرخیلەکان لەپر شیوە مولەتیکیان لەمن وەرگرتو، سوارە کوردەکانم لەبەر چاو ونبو؛ بەڵام بەهۆی ئەو دوکەلە چرەی کە دوای ئەوە لە هەموو لایەکی دەشتەکەوە بە دەرکەوت، ئاشکرا بو کە خەریکی ئاگربەردانی گوندەکانی ئەو نزیکانە بون.

بەسواری وڵاخەوە بەناو زۆر لەو گوندانەدا تیپەریم کە بە جزئی ویرانکرابونو، هەمو ئەو دانیشتوانەی مابون، کۆکردەوە، ئاگاداری (حذر) ئەو مەترسیەم کردن کە لییان نزیك دەبۆوە. بەم ریگەیە، توانیم ژیانی نزیکەی ٣٠ ئیرانی بیدەسەڵات (بائس- عاجز) رزگار بکەمو، لەگەڵ خۆمدا بیانهینم بۆ بناب.

لە ٣ی ئەم مانگەدا گەیشتمە کامپی ئیرانیەکان لە بناب.

لە ٤ی ئەم مانگەدا لەشسکرەکەی تاران بەفەرماندەیی حشمە الدولە گەیشتە سەینکەلەچ. ژمارەی هیزە بەیەك گەیشتوەکانی ئیران ٢٠,٠٠٠ سەربازو ٢٠ پارچە تۆپخانەو ١٢یان تۆپی کرۆپ ن.

لەکامپی ئیرانیەکاندا، زانیم کە تەیمور پاشا خان لە پیکدادانیکدا لەنیوان سەلماس و ورمیدا، شیخ سادقی تیکشکاندبو. سوپاسالاریش هەروەها، هەمان هەوالی دامی.

مار یوسفی مەترانی نەستۆری، لە نۆچیوە لەگەڵ شیخدا رۆیشتبو بۆ جەنگو، لە کامپی کوردەکان بو لە ورمی. شیخ هەروەها ٣٠٠ کەس لە نەستۆریەکانی ناو چیای خستبوە ناو هیزەکەیەوە. تەواوی تیمی موسیقاژەنەکانی لەم خەلکانە پیکهاتبون.

پیشنیار دەکەم کە لە پۆستی داهاتودا هەلبژاردەی یادوەری رۆژانەکەم کە لە ورمی دامناون. بۆ بەریزتان بنیرم، چونکە لەم فرسەتەی ئیستادا ئەوەندە کاتم نیە بۆت بنیرم.

ئیمرۆ سوپاسالارم بینیو، وەکو دەیگوت، ئەو لەو باوەرەدا بوە کە تەیمور پاشا خان توانیویتی گەمارۆکەی سەر ورمی هەلگری (لابەری). پایەبلندی پیی راگەیاندم کە نیازی وایە، چەندیك زو بتوانی بۆ خۆی بچیت بۆ سابلاخ.

(ئیمزا) ولیام جی. ئابۆت

ژماره: ٥٧

لە مستەر تۆمسن وە بۆ ئیرل گرانڤیل

(بە بروسکە لە ٧ی کانونی دووەمدا وەرگیروە)

گەورەم،   تاران، ٧ ك ١، ١٨٨٠.

ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە بە جەنابتان رابگەیەنم کە زانیاری بە حکومەتی ئیرانی گەیشتوە کە شیخ عوبەیدوالله، لەگەڵ کورەکانیو هەمزاغای سەرەك خیلی ئیرانی، ئیستا بۆ ئەو دیو سنوری ئیران کشاونەتەوەو پەنایان بردوە بۆ خاکی تورکیا.

(ئیمزا) رۆنالد ف. تۆمسن

ژماره: ٥٨

لە مستەر تۆمسن وە بۆ ئیرل گرانڤیل

(بە بروسکە لە ٩ی کانونی یەکەمدا گەیشتوە)

گەورەم،   تاران، ٩ ك ١، ١٨٨٠.

هەر ئیستا بروسکەیەکم لە کۆنسۆلی گشتی حکومەتی خاوەن شکۆوە لە تەوریز بە بەرواری ئیمرۆ پیگەیشت، تیایدا دەلیت کە میرزا حسین خانی سوپاسالار مل دانەواندنی تەواوی مەرگەوەری بە پایەبلند وەلیعەهد راگەیاندوەو، دەشلیت ئیستا نیزام زۆر ریكو پیکەو سەقامگیریش بە تەواوی گیردراوەتەوە بەبێ لە دەست دانی کات لە سنوری کوردستاندا.

(ئیمزا) رۆنالد ف. تۆمسن

ژماره: ٥٩

لە مستەر تۆمسن وە بۆ ئیرل گرانڤیل– (لە ٩ کانونی یەکەمدا گەیشتوە)

گەورەم،   تاران، ١٧ی ت١، ١٨٨٠.

نیشانە بەنامەکەم لە ١١ی ئەم مانگەدا،* ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە رایبگەیەنم کە لە سەفیری تورکم بیستوە، بروسکەیەکی لە سامت پاشاوە کە فەرماندەی هیزەکانە لە وان، پیگەیشتوە، دەلیت ئەو هەمو ئەو ریگایانەی گرتوە کە کوردەکان لیوەی دەپەرنەوە بۆ ناو خاکی تورکیاو، هەروەها دەلیت، لەوانەیە کەسانی کورد هەبن

---

* بروانە ژمارە:١١

چوبیتنە ناو خاکی ئیرانەوە بۆ دانە پالی بزوتنەوەکە، بەڵام هیچ سەرخیلیك یان تەواوی خیلەکە بەشداری نەکردوە تیایدا. فەخری بەگ ئەم زانیاریەی داوە بەشا، کە پیی راگەیاندوە، ئامۆژگاری ئیعتماد الدولەو پاشا خانی کردوە، کە بەدوای یەکتریدا لە پیشەوە چوندان، یەکەم لە رۆژهەڵاتو ئەوەی دواوە بەدریژایی کەنارەکانی دەریاچەی ورمێ، لە پەیوەندیکردندا بن لەگەڵ سامت پاشادا بۆ پشتیوانی چاکتری هیزەکان کە لەبەر چاویاندایە.

سەفیری تورکیا لۆمەی هەمو ئەم پشیویانەی سنور دەخاتە ئەستۆی حکومەتی ئیرانەوەو، دەلیت ئەو بە بەردەوامی، بەڵام بێ هودە جەختی کردوە لەسەر دورخستنەوەی سەردارە کوردەکان کە، بەهۆی ئەوەی لەناو تورکیادا تاوانیان کردوە، خۆیان دەکەن بەناو ئیرانداو، ئەمانەن سەرکردەو هاندەری بزوتنەوەکانی وەك ئەمەی ئیستا. لەلایەکی تریشەوە، حکومەتی ئیرانی بەتوندی هەمو بەرپرسیاریەکی ناوەتە لاوەو، تورکیا تاوانبار دەکات بە "پاککردنەوەی ناوچەکانی" لەسەر سنوری ئیران.

بیگومان، شتیکی باش لە ئەنجامی ئەم تاوانبارکردنی بەرامبەرەو، تەنها نەخشەش بۆ ریگەگرتن لە رودانەوەی پشیوی سنورەکان، ئەوەیە هەردو حکومەتەکە ریککەوتنیك ئەنجام بدەن، کە لەریگەیەوە هەردولایان خواستیان دەربڕن، کاتیك لەبارەی مەسەلەکەوە بۆ لایەنیکی سیهەم قسە دەکەن، بەڵام لەوە دەچێ سەبارەت بەجیبەجیکردنی نەتوانن بریار بدەن.

(ئیمزا) رۆنالد. ف تۆمسن

ژمارە: ٦٠

له مستەر تۆمسن وە بۆ ئیرل گرانڤیل– (لە ٩ی کانونی یەکەمدا گەیشتوە)

گەورەم،   تاران، ٢٩ی ت١، ١٨٨٠.

ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە کە هاوپیچ تەرجەمەی بڵاوکراوەیەك (اعلان دوری) بۆ رەوانە بکەم، کە لە وەزیری کاروباری دەرەوە ئاراستەی نیردراوە بیگانەکان کراوە، سەبارەت بەسەرهەلدانی کوردەکان لە ئازەربایجانو، هەروەها کورتەیەکی خالە بنچینەییەکانیو یاداشتیکو، بروسکەیەك کە میرزا سەعید خان بۆ منی ناردوە، سەبارەت بەو ریوشوینانەی کە بکریت بۆ دامرکاندنەوەی بزوتنەوەکە. سەرەرای ئەوەش، شەرەفی ئەوەم هەیە کە هاوپیچ تەرجەمەی دو نامەی مونشیی (Moonshee) کۆنسۆلی گشتی بەریتانیا لە تەوریز بۆ بنیرم، باسی ئەو جەردەییو تاڵانیە دەکات

کە کوردەکان پاش جیهیشتنی سابلاخ کردویانەو، دەشلیت هیزیکی گەورەی کوردەکان لە نزیك ورمێ وەدەرکەوتون.

(ئیمزا) ڕۆنالد ف. تۆمسن

هاوپیچی ۱ی ژمارە: ٦٠

نامەیەك لە میرزا سەعید خان وە

تەرجەمە، ١١ی ت١، ١٨٨٠.

هەروەك بەریزان نوینەرانی زلهیزە بیگانەکان لە کۆشکی (بلاط- قصر) ئیراندا ئاگادارن، (هەندێ) کوردی درندەو شارستانی، وەکو عەبدوالقادرو سادقەی کورانی شیخ عوبەیدواللەو، هەمزاغای مەنگور کە ناوی بە کردەوە خراپەکانی پیشوی دەرکردوە، لەگەڵ کەسایەتی خراپدا کە ئەوەندەی خۆیان شەرانیو خراپن، تاوانکاریان لیدەرچوە بەهۆی کرداری تەعەدا کردنەوە کە شتیکی سروشتیە بۆیان، لەسەر سنوری تورکی- ئیرانیو لە سابلاخو مەراغەشدا.

حکومەتی ئیرانی، لە سۆنگەی ئەرکەکانیەوە بۆ پاراستنی ناوچەکانی ناوەوە، وە هەروەها سنورەکانی، وە بۆ مسۆگەرکردنی سەلامەتی مرۆڤ بەگشتی، پەیمانی ئەوەی داوە کە کۆتایی بهینیت بەم کردەوە زەرەربەخشانە بەریگەی سەربازیو خۆپاراستنی ترەوە (بۆ ئەو کۆتاییە). سەرەرای ناردنی هیزی پیادە، سوارەو، تۆپخانەش کە دەبو لە تەوریزو دەوروبەرەکەی بن، بۆ لەناوبردنی هەر نیازیکی تالانی لەلایەن ئەم خەلکانەوە، کەمەبەستیان تەنها تالانیو جەردەییە؛ وە گریمانەکانیش ئەوەیە کە ئەم هیزە بەش دەکات (کافیە)، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا خوا نەکردە- گەر ئەم کارە بەو شیوەیە بە ئەنجام نەگەیەندرا وەك حکومەت دلسۆزانە دەیخوازێ، وا کامپیکی تەواوی پیادە، سوارە، لەگەڵ تۆپخانەدا بە فەرمانو فەرماندەیی پایە بلندی شاهی حشمەت الدولەدا ریکخراوەو فەرمانو ئامۆژگاری تەواویشی (پێ دراوە). دەبێ بەبێ دو دلیو دواکەوتن، بەهەمو خیراییەکەوە بۆ ناوچە پر (پشیویەکان) بروات، (لەویش) وەك لەسەر هەمو حاکمیك پیویستە، هەنگاوی پیویست بنیت بۆ ئارامیی سنورەکەو، هەروەها ئاسایشی دانیشتوانی ناوچە (پەلاماردراوەکان)؛ وە لەجیبەجیکردنی فەرمانە بەجیکانی گەورەی خاوەن شکۆدا، دەبێ هیچ ئاساریکی ئەم کوردانە نەهیلیت.

بەپیی شیوازو مامەلەکردن (عرف- معاملە) لەنیوان کارمەندەکانی دەولەتە زلهیزە دۆستەکاندا کە هەمیشە بابەتی هەواڵو روداوی (گرنگ) بۆ یەکتری دەنیرن،

وەزیــری كاروبــاری دەرەوە، وەك نوینــەری هــیزیكی گــەورەی دۆســت بــە بــەریزت دەگەیـەنیتو بە پیویستیشـی دەزانیـت پیـت رابگەیـەنیت كـە، بـەپیی ئـەو زانیاریـە نهینی‌یانـەی بـەوەزیرە ئیرانیـەكان گەیشـتوە هـەندێ خـەلك كـە هیـچ زانیاریـەكیان دەربارەی رەفتاری باندو خیلە درندەكان نیەو، بێ ئاگاشن لـەو شیوازە سروشتیەیان بـۆ تـالأنیو جـەردەیی– وایــان بــاوەر كــردوە كــە ئــەم لەشكركیشــیەی كوردەكــان سەرچاوەیەكی زیانە بۆ دەولەتەكەو ئەم میللەتە– وا دەردەكەویت كە هیچ گومانیك نەبیت لەوانەی ئەو خەلكانە بیری لیدەكەنەوە كە لەسـەرەوە– ئاماژەیـان بـۆ كـراوە–، چونكـە (هـۆی) جولأنەوەكـە سـنوردارە بـە خۆشەویسـتی نـەریتی ئـەم كوردانـە بــۆ راووروتو جەردەیی، هەروەك زۆر جار كردویانەو، بەهۆشیەوە سەرجەم سزا دراون.

بـەلأم ئیسـتا، بـەدانانی ریوشـوینی خـیرا، بـەناردنی لەشـكر، وە بـە هــەنگاوی كاریگەرانــە بــۆ نەهیشــتنی شــوینەواریان زۆر بــەزویی ئــەم خەلكانــە بــە تــەواوی لەناودەبرینو رەگی ئەم زیانو خراپەكاریەشیان لە ریشە دەردەهینرێ.

بیگومان ئەو حكومەتەی كە بەریزتان نوینەرین، لە سۆنگی دۆستایەتیەوەی (بۆ ئیران) بەهیچ جۆریك بەرهەلستی ناكات بۆ دانانی ریو شوینی پیویست (بۆ كۆمەكی) و پشتیوانی لیكردنی مەعنـەویمان بـۆ جیبـەجیكردنی گیرانـەوەی ئاشـتیو ئـارامی لەسەر سنور.

هاوپیچی ٢ی ژمارە:٦٠

كورتەی خالەكانی بیرخەرەوە (مذكرە) لە وەزارەتی كاروباری دەرەوەی ئیرانەوە بۆ نوینەری (موفد)

بەریتانیا، لە ٦ی زو القعدە، ١٢٩٧ (١٢ی ت١، ١٨٨٠.

لە حكومەتی ئازەربایجانەوە، بە بروسكە زانیاری گەیشتوە، كە هەمو ئەو كەلو پەلو تفاقانەی پیویست بون بۆ لەشكرەكان بۆ دامركاندنـەوەی یـاخیبونی كوردەكـان لەسەر سنورو، رۆژانە لەلایەن وەلیعەهدی پایە بلنـدەوە دەنیردریت بـۆ ئاسـانكردنی جموجولی ئەو لەشكرانەی كـە ناسـراون بـە "فەوجـەكانی جەنـەرالْ"، لـە مەراغـەوە بـە نامەیەكـەوە گەرابونـەوە دەیگـوت، هــەر ئـەوەندەی دو فەوجەكـە گەیشـتبون ئـارامی گیردرابۆوە نیو دانیشتوانەكانی ئەو ناوچەیە.

نامەیەكی تریش لە بناب وە گەیشتبو، هـەوالی ئـەوەی هینـابو كـە هـەمزاغاو ئـەو یاخیبوانەی لە میاندواو لەگەلیدا بون، ناوچەكەیان چۆلكردوەو كشاونەتەوە.

بەجۆریك حكومەتی ئیرانی هەولی بەردەوامی داوەو ئیجرائاتی كاریگەریشی كردوە بۆ دامركاندنەوەی یاخیبونەكە، كە پیشبینی دەكریت كە زۆر بەو زوانە هەمو زەمینەو هۆی نارازیبون لابریتو ناوچەكەش بگیردریتەوە بۆ دۆخی ئارامی.

ئەو تەفاسیلەی خوارەوە لە تەوریزەوە گەیشتوە، بیگومان سەرنجی نیردراوەكە رادەكیشیّ:

بەگویّ رایەلی بۆ فەرمانەكانی شا، ئامۆژگاری تایبەتی بۆ ئیعتماد السلطنە نیردرابو كە چەندیك خیرا بتوانریّ تەقەمەنی بۆ فەوجەكەی گیرۆس بنیردریتو، تەنانەت كەتیبەیەكی سوارەش بنیرن بۆ پاسەوانیكردنیان بۆ كامپەكە.

٣٠٠ باری تەقەمەنی كە لە تەوریزەوە رەوانەكرابو، گەیشتبونە كامپەكەو، ١٥٠ی تریش لەگەڵ خیوەت، ئەسپ، تۆپخانەو، شتی پیویستی تردا، هەشت یا نۆ رۆژ لەوەپیش لەخۆیەوە نیردرابون.

بەو حۆرە، هەر ئەوەندەی تەقەمەنی لە كامپەكەوە گەیشت، زو دەدریتە فەوجەكانی ئەو نزیكانە.

ئەو خیوەتانەی پیویست بو لە ئامادەكردندان؛ ئیستا بەشی چوار یان پینج فەوج نیردراوەو، ئەوەشی ماوە بەدوایدا دیت.

لەدو قۆلی جیاوازەوە تۆپ بۆ ئیقبال الدولە نیردراوەو، بروسكەیەكی دواتر پیمان رادەگەیەنیّ كە ئەو هیزە زیادو تەقەمەنیانەی بۆ بەریزی نیردراوە، گەیشتویتیّ.

ئەوەندە نابیت كە ئیعتماد السلطنە، كامپەكەی خۆی لەگەڵ ئەوەكەی سەرتیپ ئاغا خاندا یەكخستوەو، هەردوكیان بەهیوان كە لەرۆژیك یا دو رۆژدا لە بناب وە روەو سابلاخ بكەونە ریّ.

بەدریژایی ریگاكە لە تەوریزەوە بۆ كامپەكە، بازگەی پۆست دانراوەو، هەمو ریكخستنیكمان كردوە بۆ ئەوەی بە بەردەوامی زانیاریمان دەربارەی هەمو ئەوەی تیدەپەریّ بدەنیّ.

هاوپیچی ٣ی ژمارە: ٦٠

نامەیەك لە مونشی (Moonshee) كۆنسوڵی گشتی بەریتانیاوە لە تەوریز.

(تەرجەمە) ٨ی ت١، ١٨٨٠.

شیخ عەبدوالقادری كوری عوبەیدواللەو، هەمزاغای سەرخیلی مەنگور، لەگەڵ ژمارەیەكی زۆر هاتن بۆ ئودولتو و لەویشەوە رۆیشتن بۆ سولدوزو، بەبیّ هیچ بەرەنگاری بونەوەیەك چونە ناوچەی سابلاخەوە.

حاکمەکە سابڵاخی جیهیشتوەو ڕۆیشتوە بۆ موشمیت ئابود، کە دو فرسخیك لە مەراغەوە دورەو، بەدواب ناسراوە.

عەلی خانی حاکمی مەراغە، دەسوپیوەندەکەی خۆی لەگەڵ تۆپیکدا بردوە بۆ پاراستنی دواب. حاجی میرزا عەبدوالقاسمی حاکمی دواب، کە لەویوە هەڵاتبو دەلیت، بە گەیشتنی عەلی خان بۆ دواب، پاش نیوەرۆی ٢ی تشرینی یەکەم لەلایەن شیخ عەبدوالقادرو هەمزاغا لەگەڵ ١٠,٠٠٠ کەسدا پەلاماریان درابو. هیرشەکە سێ سەعات پیش ڕۆژ ئاوابون کرابو و تا چوار سەعات دوای ئەوەی خایاندبو. سەلیم خان، چهار دەولەت، عەلی خان، حاکمی مەراغە لەگەڵ موحەمەد حسین خانی بەختیاری، تا تەقەمەنیان تەواو بوبو لەناو قەڵاکەی دوابدا خۆیان گرتبو، دوای ئەوە ناچار بون هەلبین.

هەمان ئەو شەوە، کوردەکان دەستیان کرد بە کۆمەڵ کوشتنی دانیشتوانەکەی دواب، لاوو پیر، نیرو مێ. هەندیکیان هەلدانە ناو ئاگرەکەوە، ورگی هەندێ لەژنەکانیان هەلدریو، مەمکی ژنی تریشیان لیکردەوە. سەری شیخ الاسلام، مەلا جەعفەریان بریو کردیان بەسەر نیزەیەکەوە. باقی ژنو منالەکانیان بەدیلی برد. خوا دەزانێ لەوێ چ کاریکی تریان ئەنجامداوە.

پاش بردنو، تاڵانو بەکۆمەل کوشتنی دواب، سوارەی کوردەکان پیشرەویان کرد بۆ مەراغەو، گەمارۆی بورجەکەی مەراغەو گوندی دواب یاندا. حاجی ئاغا عەلی نازی بوابی خستبوە حالەتیکی بەرگریەوەو، سەرهەنگ قاسم خانی کوری حسین پاشا خان تا ئیستا شاری مەراغەی پاراستوە.

لە راپۆرتیکدا کە دوینێ گەیشتوە، سەرهەنگ ئاغا خانی ئەفشار، کە چەند ڕۆژیك لەوەبەر لەگەڵ دو فەوجی پیادەو چوار تۆپدا تەوریزی جیهیشتوە، ریك لەکاتی خۆیدا گەیشتوە بۆ رزگارکردنی بواب، چونکە گەر دو یا سێ سەعات درەنگتر بگەیشتایە، کوردەکان شوینەکەیان دەگرت. ئاغا خان خۆی نوسیویتی دەلیت، بە گەیشتنی بۆ بواب، کەوتۆتە شەر لەگەڵ کوردەکانو شکاندونیو، ناچاری کردون نیو فرسەخیك پاشاکشێ بکەن.

دوینێ، ئیعتماد السلطنەش هەروەها لەگەڵ فەوجیکی تری پیادەو ١٠٠ بار تەقەمەنی، تەوریزی جیهیشتوەو چوە بۆ لای ئاغا خان.

کوردەکان، دوای ئەوەی دواب یان گرت، گوندەکانی دەوروبەری مەراغەیان کاولکردوەو هەمو بەرو بومەکانیان بەتاڵان بردوە. دانیشتوانەکان هەمو پەرشو بڵاو بونو هەڵاتون.

گوندەکەی م. مەنوهجی، حاجی بەهزاد، لەگەڵ ئەوەکەی قەرەچاپوك کە هی م. قەسە بۆیزەو، هەروەها خانوبەرەکەی خوالیخۆشبو، خیزانی دکتۆر کۆچران، تالآن‌و کاولکراوە.

هاوپیچی ٤ی ژمارە: ٦٠

نامەیەك لە مونشی کۆنسوڵی گشتی بەریتانیاوە لە تەوریز

(تەرجەمە) ١٢ی تشرینی یەکەمی، ١٨٨٠.

لە هەوالیکەوە کە ئەوەندە نابیت گەیشتوە، شیخ عوبەیدوالله لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە اتباعەکانی لەبەردەم شاری ورمیٚدایەو، بۆ مەسافەی سیٚ فرسەخیك لەشارەکەوە بارگەی خستوە.

ئیعتماد السلطنه، هیشتا لە بواب‌و مەراغەیە لەگەڵ سەرهەنگ ئاغا خان جەنەراڵ حەسەن عەلی خاندا. هیچ پیکادانیکی تر لەویٚ روینەداوە. کوردەکان، کە لە دەوروبەری بواب‌و مەراغەبون، کشاونەتە دواوە بۆ دواب کە ٦ فرسەخ دورە، بەڵام هیشتا هەر خەریکی تالآنین‌و کاولکردنی ئاواییەکانی دەوروبەرن.

ژمارە: ٦١

لە مستەر تۆمسن وە بۆ ئیرل گرانڤیل (لە ٩ی کانونی یەکەمدا وەرگیراوە)

گەورەم، تاران، ٣١ی ت١، ١٨٨٠.

چنگ کەوتنی زانیاری تەواو لیرە زۆر گرانە، سەبارەت بەوەی کە لە ورمیٚوولایەتی ئازەربایجاندا چی رو ئەدات، بەشیوەیەکی گشتی لەبارەی یاخیبونی کوردەکانەوە. لە تەوریزیش هەمان گرفت مان بەرەنگار دەبیتەوە، م. زینوڤیڤ پیی راگەیاندوم کە، لەبەر ئەوەی نەیتوانیوە لەویٚ هەوالیکی باوەرپیکراوی دەست بکەویت، ناچار بوە یەکیٚ لە کارمەندە هاوولآتیەکانی کۆنسوڵگاکەی بنیریت بۆ مەراغە، بۆ ئەوەی دەستبەجیٚ هەواڵ بزانیت.

مستەر ئابۆت، لە ٢ی تشرینی یەکەمدا گەیشتە ورمیٚو، لەو بەروارەشەوە دو جار (نامەی بۆ ناردوم). لە نامەیەکدا بە بەرواری ٧ی ئەم مانگە باسی دۆخی ئەو رۆژە دەکات لە ورمیٚو ئەو زانیاریە دەگەیەنیت کە پیی گەیشتبو، سەبارەت بە پیشرەوی کردنی کوردەکان لە سابلاخ‌وەو ئەو راوو روتیەی لەناوچەی مەراغە کردویانە. لەنامەیەکی ١٤ی ئەم مانگەدا باس دەکات کە هەمو ئەو زانیاریانەی کۆکردۆتەوە کە پیویست بوە بۆ ئەوەی بتوانیت لەسەر دوخیٚ نەستۆریەکان راپۆرت

بداتو، پیشنیاری کردوه که له ١٨ی مانگدا تەوریز جیهیلیت، بەلام میسیونیرە ئەمریکاییەکان بەپەرۆش بون بۆ ئەوەی حەفتەیەکی تر بمینیتەوە. تەنها زانیاری کە پیم گەیشتوە سەبارەت بە جموجولەکانی هەوالە بلاوەکەی ئیرەیە لەناو ئیرانیەکاندا، کە لە ورمێ دەرچوە پیش ئەوەی شارەکە گەمارۆ بدریت، بەلام ناچار کرابو کە بگەریتەوە چونکە ریگاکانی تەوریز لەلایەن کوردەکانەوە داگیر کرابون.

مستەر ئابۆت کۆپی دو لەو نامانەی کە شیخ لەم دواییانەدا ئاراستەی یەکی لە میسیونیرە ئەمریکاییەکانی ورمێی کردبو، بۆ ناردوم، تیایدا بەکورتی دوپاتی ئەو بابەتە گازەندانە دەکاتەوە کە دژ بە ئیرانیەکان هەیەتیو، دەلیت عەبدوالقادری کوری نیردراوە بۆ ئەم ولاتە بۆ مەبەستی وە دەستهینانی ریگەچارەیەك بۆ ئەم زولمو گازەندانە.

شیخ هەروەها دەلیت، ئیستا خۆیو هەمو سەرخیلە کوردەکان ریکەوتون لەسەر دامەزراندنی کوردوستانیکی یەکگرتو، بۆ ئەوەی لە دۆخیکدا بن بتوانن خۆیان کاروباری خۆیان بەریوە ببەن بەبێ دەستیوەردانی دەسەلاتدارانی تورك یان ئیرانی. رونکردنەوەی شیوەی ئاوا لەو نامانەشدا هەن کە بۆ حاکمی ورمێی نوسیون. گومان لەوەدا نیە کە ئامانجی شیخ لەمانەو لە وتارو ئەو نامانەی کە بەم دواییانە ناردونی بۆ سەرخیلە جۆراوجۆرەکان بەدریژایی سنوری ئیران، جیاکردنەوەی هەمو دانیشتوانە کوردەکان لە تورکیاو ئیرانو، پیکهینانی ئەمارەتیکی ئۆتۆنۆمی جیا بوە لەژیر قەلەمرەوی خۆیدا، وە بۆ گەیشتنیش بەم ئامانجە، هەولئەدا بە هەرەشەو گفت هانی هەمو خیلە کوردەکان بدات تا لەم ململانێ کراوەدا لەگەڵ ئەم ولاتەدا بدەنە پالی.

لە ٢٩ی ئەم مانگەدا، دو کەس لە پیاوەکانی شیخ عوبەیدوللە گەیشتنە تاران، بەنامەو پەیامی نهینی لە شیخەوە بۆ شازادە عەباس میرزای برای شا، پیی رادەگەیەنێ کە ئیستا هیزیکی گەورەی کوردەکان چونەتە ناو ئازربایجانو، داوا لە پایە بلندی شاهانەی دەکەن کە هیچ کات بەفیرۆ نەدات بۆ دانەپاڵ یاخیبوەکانەوە. عەباس میرزا بەشی زۆری ژیانی لە نەفیگە لە تورکیادا بەسەر بردوە؛ سەرەرای ئەوەش، خۆی کە نیو کوردە، چونکە دایکی کچی یەکیك لەسەرداره کوردەکانی نزیك ورمێ بوەو، ئەگەر نامەکەی شیخ بگیرایە پیش ئەوەی بگاتە دەستی، وا پایە بلندی شاهانەی دەکەوتە مەترسیەوە. ئەوەی رویدا، نیردراوەکانی بەگرتداو، دەستبەجیش مەسەلەکەی بەشا گەیاند.

دوا زانیاری باوەرپیکراو کە دەربارەی دۆخی ئیستای کاروبارەکانی ورمێ بەمن گەیشتوە ئەوەیە کە، بەگەیشتنی لەشکرەکانی ئیران بۆ مەراغە، کە بە فەرماندەیی

ئیعتماد السلطنە لە تەوریزەوە نێردرابون، بەشێکی هێزەکەی عەبدوالقادر لەناوچەکە بەرەو لای سابلاخ کشایەوە، لەویشەوە بەلای رۆژئاوای دەریاچەکەدا پێشرەویان کرد بۆ سەر ورمێ. ژمارەیەك لە کوردەکان، نزیکەی ٥,٠٠٠ کەس بە فەرماندەیی خەلیفە محمد سەعیدی زاوای شێخ عوبەیدوالله، دو حەفتەیەك لەمەوبەر بەماوەی ٢٤ میل لەو شارەوە بارگەیان خستبو. تومای برادۆستو، شێخ سادقی کوری شێخ عوبەیدوالله، لەگەڵ ١٠٠٠ کوردا، هەروەها لە نێرغی دەشتی مەرگەوەردا بارگەیان خستوە. هەواڵ واگەیەندراوە کە ئەم کوردانە هەمو باش بە مارتینی چەکدار کراون، ئەم چەکانەش بە تالانی، دو ساڵ لەمەوبەر لە بایەزید چنگیان کەوتوە.

وا باسدەکرێت، هێزەکەی بەردەستی ئیقبال الدولەی حاکمی ورمێ، تەنها لە سێ فەوج پێکهاتوە، کە لەوانەیە هەر یەکەی لە ٥٠٠ کەس زیاتر نەبێت.

بە هەرحاڵ، لەوەتای سەرهەلدانی کوردەکان دەستی پێکردوە ئەم هێزە زیادانەی خوارەوە بۆ ناوچەکانی مەراغەو ورمێ رەوانەکراون:

*هێزێکی نیزامیو سوارەی غەیرە نیزامی، مەزەنندە دەکرێت بە ٣,٠٠٠ کەس. لە تەوریزەوە بە فەرماندەیی ئیعتماد السلطنەنێردراوەو، ١٠ رۆژ لەمەوبەر گەیشتوتە مەراغە.

*تەیمور پاشاخانی حاکمی خوی، لەگەڵ ٥,٠٠٠ سەربازو ٦ تۆپدا، لە تەوریزەوە نێردراون بۆ ماکۆ، لە ٢٤ی ئەم مانگەدا گەیشتونەتە سەلماسو، وا چاوەروان دەکرێ دوینێ گەیشتبنە ورمێ.

*هێزێکی مەزەنندەکراو بە ٤,٠٠٠ کەس بە فەرماندەیی حەمزە میرزا، حشمة الدولە کەمامیکی شایە، لە تارانەوە بەرێگای بیجارەوە نێردراوەو، چاوەروان دەکرێ کە لە چەند رۆژێکی کەمدا بگاتە ناوچەی سابلاخ. حەمزە میرزا پێنج ئەفسەری نەمسایيو ١٢٠٠ سەربازی ئێرانی کە فێرکەرە نەمساییەکان رایانهێناون لەگەلدایە، چەکدارن بە تفەنگی داگیراو، کەتیبەیەکی تفەنگچیەوە.

*کەتیبەیەکی تر لە هەمەدانو گیرۆسەوە، بە فەرماندەی حەسەن عەلی خان نێردراوە، بریتیە لە دو فەوجو ٧٠٠ کەس غەیرە نیزامی. واباسدەکرێت کە گەیشتبێتنە مەراغەو پەیوەندیان بەهێزەکەی ئیعتماد السلطنە وە کردبێت.

لەبەر ئەوەی سوپاسالار رایگەیاندبو کە دو فەوجی ترو ژمارەیەك لە سوارەی غەیرە نیزامی ئەردەبیل کە وایدانابو بیاننێریت بۆ مەراغە، ئامادە کردبو، پێشنیارم کرد کە ئەمانە لە تەوریزەوە راستەوخۆ بنێردرێن بۆ ورمێو، ئەوەش کە هەروەها فەرمان بە ئیعتماد السلطنە بکرێت بەبێ لەدەست دانی کات لە مەراغەوە پێشرەویی بکات بەلای باشوری دەریاچەکەدا بۆ ناوچەی ورمێ، چونکە هێزی زیادە بۆ ئەوێ

زۆر بە پەلەو پیویست بوو، لەبەر ئەوەش کە لەوانەیە لەم کاتەدا مەراغە تارادەیەك سەلامەت بوبێ، چونکە کوردەکان لەو قۆلەوە دەستیانکردبو بە کشانەوەو، حشمە الدولە خەریك بو دەگەیشتە ئەو نزیکانەو؛ ئەم پیشنیارەش بە فەرمانی شا بە بروسکە دراوە بە سوپاسالار.

ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە بۆ زانیاری جەنابتان، کۆپی نامەکەی مستەر ئابۆت لە ٧ی تشرینی یەکەمدا، لەگەڵ تەرجەمەی نامەکانی شیخ عوبەیدوالله بۆ میسیونیرە ئەمریکاییەکانو عەباس میرزا، بنیرم. هەروەها کورتەیەکی خالەکانی نامەکەی شیخ بۆ حاکمی ورمێ، پیکەوە لەگەڵ تەرجەمەی راپۆرتیك کە عەباس میرزا ئاراستەی وەزیری کاروباری دەرەوە کردوەو، بروسکەیەکی سوپاسالاریش، کە حکومەتی ئیرانیئەم پاش نیوەرۆیە بۆ منی رەوانە کردوە، دەنیرم.

(ئیمزا) رۆنالد ف. تۆمسن

هاوپیچی ١ی ژمارە: ٦١

لە ئابۆتی کۆنسۆلی گشتیەوە بۆ مستەر تۆمسن

بەریز، ورمێ، ٧ی ت١، ١٨٨٠.

ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە رایبگەیەنم کە، بە گەیشتنم بۆ ورمێ لە ٢ی ئەم مانگەدا، یەکەم هەواڵ کە پیم گەیشت ئەوە بو کە لەشکریکی گەورەی کوردەکان بە فەرماندەیی شیخ عەبدوالقادر کە یەکیکە لە کورەکانی شیخ عوبەیدوالله، لە شنۆوە پیشرەوی کردوە بۆ سەر سولدوزو، لەوێ بەرەنگاری هیزیکی قەرەپاپەکانو کوردەکانی مامش بونو، ئەمانیش کاتیك بینیان بەرگریکردن بێ هودەیە، تەسلیم بە شیخ بونو، دایانە پاڵ لەشکرەکەی. حاکمی سولدوز زەخیرەی پیویستی بە شیخدا بۆ لەشکرەکەیو، ئینجا روەو سابلاخ کەوتنە رێ. کە شازادە حاکمی ئەو شارە نزیکبونەوەی هوروژم هینەرەکانی بیست، هەر ئەوساتە دەرچو بۆ تەوریز. بەو جۆرە، کوردەکان بەبێ بەرەنگاری کردنی دانیشتوانەکەوە، چونە ناو سابلاخ وەو، هەروەها زەخیرەشیان درایە پاشان شیخ لەگەڵ لەشکرەکەیدا کشان بۆ میاندواو مەسیحیەکانی دانیشتوی سولدوز لەلایەن کوردەکانەوە سەغلەت نەکرانو، لەو کاتەشەوە دەستیان لەخراپ مامەلەکردنی دانیشتوانە شیعەکانی سەر ریگاکەیان دەپاراست، بەلام

واباسدەکریت کە دو نەستۆری روتکراونەتەوەو کوژراون لەلایەن هەندێ لەو کوردە جەردانەی لە پاشاندا بەدوای لەشکرەکەدا هاتبون.

دوینێ، لیرە راگەیەندراوە کە چەندین پایەمبەر لەلایەن شیخ عەبدوالقادرەوە نیردراون بۆ میاندواو داوای زەخیرەو کەلوپەلیان کردوەو، واشباسدەکریت کە دانیشتوانەکان تەنانەت گوییان لە پەیامەکەشیان نەگرتوەو، سەربردراون، شیخیش کەللەیی بوەو بە پەلە لەگەڵ لەشکرەکەیدا چوە بۆ میاندواو، شارەکەی تالانکردوەو دانیشتوانەکەشی بەکۆمەڵ کوشتوە. لەلایەکی تریشەوە، واتەواتیك بوە کە سولەیمان خانی ئەفشار بەهیزیکی چار دەولەوە (Tchar dowlehs) کەوتۆتە شەر لەگەڵ کوردەکاندا لە میاندواوو هەردولا زیانی گەورەیان لیکەوتوە، بەلام لەئاکامدا، عەبدوالقادر لەگەڵ لەشکرەکەیدا کشاوەتەوە دواوە بۆ سەر سابلاخ.

بەم دواییانە نەستۆریەکی پروتستانت لە گەوەرەوە هاتۆتە ئیرە، دەیگەیەنیت ژمارەیەکی زۆر لە سەردارو خیلی کورد لەو ناوچەیەدا کۆبونەتەوە. ئەمانە لەهەمو بەشەکانی کوردستانەوە بەدەوری بەیداخەکەی شیخ عوبەیدوالڵەدا کۆمەلەیان کردوە، چونکە شیخ لە ریگەی یەکیك لە ئەفسەرە ئەساسیەکانیەوە کە نامەکانی بۆ ئەو مەبەستە بلاوو دابەش دەکات، بانگهیش کردبون.

دوابەدوای گرتنی سابلاخ، قەلاکەی لاهیجان تەسلیم بە کوردەکان بو، لە ئەنجامدا تۆپەکانیان لەکارخستو پادگا ئیرانیەکەشیان بە ٢٠٠ دیلەوە گرت.

راگەیەندراوە کە نەخشەکەی شیخ عوبەیدوالڵە، پەلاماردانی ئیرانە بەسێ لەشکری جیاوە. یەکەم لەشکر دەنیردریتە سەر خۆیو سەلماس، دوهەم بۆ سەر مەرگەوەرو ورمێ، سیهەم بۆ سەر سابلاخو تەوریز.

حالی حازر، ورمێ لەژیر هەرەشەی لەشکریکی کوردەکاندایە، کە وەك دەلین ١,٠٠٠ کەسن، بە فەرماندەیی شیخ سادقی کوری شیخ عوبەیدوالڵە. ئەم هیزە بارگەی خۆی لە نیرغی، کە لە ئەترافی دەشتی مەرگەوەر، بەدوری ٢٤ میل لەم شارەوە، لیداوە.

هیچ شتیك نیە ری لە شیخ سادق بگرێ بۆ کشانو داگیرکردنی ورمێ. ئەو هیزانەی کە لەبەر دەستی (تحت تصرف) ئیقبال الدولەدان، بەناو دو فەوجن، بەلام لەناوچەکەدا پەرشو بلاوبونەتەوەو، گەر کوردەکان لەپر پەلاماری ورمێ بدەن، زۆر زەحمەتە حاکمەکە بتوانیت بەرگری بکات. ناتوانیت بەهەموی زیاتر لە ٧٠٠ کەس کۆبکاتەوەو، ورمێش بیگومان هەمان چارەنوسی سابلاخی دەبێ.

دیداریکم لەگەڵ ئیقبال الدولە، کە بارگەی لەدەرەوەی شار لیداوە، کردوە. بیگومان، وەلیعەهد ئەم دۆخە پر مەترسیەی کە هەرەشە لە سەلامەتی دەسەلاتی

حکومەتەکەی دەکات، بەشا گەیاندوە؛ چونکە ئەگەر حکومەتی ئیران ئامادە نەبیت هیزی تەواو بهینیتە ناو مەیدانەکەوە بۆ بەرەنگاریکردنی لەشکری کوردەکان لە میاندواو، وا شیخ عەبدوالقادر بەردەوام دەبیت لەکشان بەرەو تەوریز.

دوینێ پیم راگەیەندرا کە ئیعتماد السلطنە بەچوار فەوجەوە بەریگەوە بوە بۆ ورمێ؛ هەروەها هیزی تریش بەپەلە روەو میاندواو دەگوازریتەوە بۆ بەرپەرچ دانەوەی (رد) شیخ عەبدوالقادرو، لەشکریکیش لەخۆی مۆڵ دراوە.

لەنامەکاریەکانی پیشومدا لەگەڵ بەریزتانو وەزارەتی دەرەوەی حکومەتی خاوەن شکۆدا، بە بەردەوامی ئەو مەترسیەم رونکردۆتەوە کە بۆ حکومەتی ئیرانو دانیشتوانە مەسیحیەکانی ئەم ناوچانە پەیدا دەبیت ئەگەر ریگە بە شیخ عوبەیدوالله بدریت ببیتە خاوەن نفوزی بێ سنور لەناو هۆزە کوردەکانی نیو سنوری ئیراندا؛ بەلاّم لەوە نەدەچو حکومەتی ئیرانی درکی بەوە کردبیت کە مەترسیەکە نزیکە. ئیستا شیخ هیچ نهینیەکی نەهیشتوە لە نیازەکانیدا. پرۆژەکەی ئەوەیە کە خۆی بەسەرۆکی ئەمارەتیکی کوردی دابنیت و، هەمو کوردستانیش لە تورکیاو ئیراندا، بلکینیت بەیەکەوە.

میسیونیرە ئەمریکاییەکان پیم رادەگەیەنن کە پەیوەندی دۆستایەتی باشیان لەگەڵ شیخ عوبەیدواللەدا هەیەو لەوە ناترسن کە تەنگ بە مەسیحیەکانی ورمێ هەلچنێ گەر ناچار بون تەسلیم بە لەشکرەکانی بن. میسیونیرەکان نامەیان بۆ نوسیوە، داوای لیدەکەن ریز لە ژیانو ماڵو مولکی دانیشتوانە مەسیحیەکان بگریت لەم شالاّوەی ئیستایداو، پیشنیاریان کردوە کە هەمان ریگە بگرم؛ بەلاّم نەمویستوە ئەوە بکەم، چونکە وام بیرکردۆتەوە کە شتیکی باش نابیت بۆ من نامەکاری، ئەو نامانە هەرچیەکیش بن، لەگەڵ سەرۆکیکی کوردا بکەم، کە هیرش دەکاتە سەر دەسەلاّتو خاکی شا. من وای بەباشتر دەزانم کە چاوەروانی رەوتی رووداوەکان بم و، باوەرت هەبیت کە بەخیرایی گەیشتنی هیزە زیادەکان بۆ ئیرە، ئیقبال الدولە لەم دۆخە نارەحەتەی ئیستای رزگار دەکات.

(ئیمزا) ولیام جی. ئابۆت

هاوپیچی ٢ی ژمارە: ٦١

لە شیخ عوبەیدواللەوە بۆ دکتۆر کۆچران

(تەرجەمە) ٢٥ی ئەیلول، ١٨٨٠.

بیگومـان تـۆ بیسـتوته کـه چـۆن لەسـاڵانی پیشـودا شـوحاع الدولـه بـوه هـۆی سەربرینی ٥٠ کەس له لایەنگرەکانم، بەبێ هیچ خەتاو تاوانیك و، زیاتر له ١٠٠,٠٠٠ تومەنیشی زەرەر لیدام.

عوسمانیەکان و حکومەتی ئیران، هیچ کامیان نیازیان پاك نیه. هەرگیز خۆیان لەقەرەی مافەکانمان نادەن. سەرەرای ئەمەش، بـەجۆریکی وا لـه فـەرەج الله خـانی، کوری حاجی غەفور خان که یەکیك بوە لەسەرۆك خیلەکانی شنۆ داوه، کە یەکسەر مردوه. دیسان، سالی پاریش موعین الدوله عەبدوالله خانو ئیبراهیم خانی خەلکی شنۆی بردو ٢٠,٠٠٠ تومەنی غەرامه لیسەندون، بەو شیوەیە، بەتەواوی مالەکانیانی کاولکردوه. هەروەها ١٠ ژنیشی به دیلی بردوه. ئیمساڵ، حاکمی ناوچەی موکری عەبدوالله بەگی برد، هەروەهـ کەوتـه سزادانی، وه هەرچەندە بێخـەتاش بـو ١,٥٠٠ تومەنی غەرامه کرد. دیسان هەندێ ژنی خیلی تونکوی بەزۆر لەمیردەکانیان سەند. لەو ماوه کورتەی دواییدا، حـاکمی سـابلاخ بـەناوی پیشـاندانی بـاوەرو متمانـەوە؛ هەمزاغای مەنگوری که سەرۆك خیلی چەندین خیلی ئەو ناوچانەیه دەعوەت کردبو بۆ سابلاخ، بەلام لەراستیدا بەمەبەستی گرتنو زیندانکردنیان بوه. هەمزاغا توانیبوی له ژورەکه دەرباز بێ، لەریگەکەیدا دوکەس بکوژێو، بەنارەحەتیەکی زۆرەوه خۆی رزگار بکات. ناتوانرێ ئەنجامی ئەم جۆره روداوه پر له زەبرو زەنگو چەوساندنەوانه باس بکریت. بەهۆی ئەم جۆره کردەوانەوه بوه که کوردستان ناچار بوەو، ناچاریشه بەپیویستی یەکبونو، (لەوەش زیاتر) ناتوانێ خراپەکاریو مالویرانی هەلگرێ. لەبەر ئەوە، ئیمه زۆر تکاتان لیدەکەین که ئەو مەسەلەی دواوه ئاگادارو، رون بکەنەوه بۆ کۆنسـۆلی بـەریتانی لەتـەوریز، بـۆ ئـەوەی، خوایاربـێ، دوای وردبونـەوه لەسـەر مەسەلەی کوردستان، بکەویته بەر باسو لیکۆلینەوەوە. بۆ ئەوە، مەلا سمایلم ناردوه بۆ رونکردنەوەی ئەو مەسەلەیەی ئامازەی بۆ کراوه.

هاوپیچی ٣ی ژماره: ٦١

له شیخ عوبەیدوللەوه بۆ دکتۆر کۆچران

(تەرجەمه) ٥ی ت١، ١٨٨٠.

مـەلا سمـایلم نـاردوه بـۆ ئـەوەی بەنـهینی وەك بەسـەرزارەکی (شـەفەهی) رام سپاردوه، دۆخی ئیرەتان بۆ رون بکاتـەوەو، بەتایبەتی تکاتان لیدەکەم راستیەکانی مەسـەلەی کوردسـتان و چونـی کورەکـەم بـۆ سـابلاخ، بـه حکومـەتی ئینگلسـتان رابگەیەنو رون بکەنەوه.

گەلی کورد کە لە زیاتر لە ٥٠٠ هەزار بنەمالە پیکهاتوە، میللەتیکی تایبەتیە. ئاینەکەیان (دیارە مەبەستی مەزەبە) لە ئاینی (ئەوانی تر) جیاوازەو، یاساو نەریتو خو ورەوشتی تایبەتیان هەیە. لەناو هەمو میللەتاندا بە نەتەوەیەکی زیان بەخشو کەللە رەق و در ناو دەبرین. بەو جۆرە باسی کوردستان کراوە. گەر یەکیك (لەناویاندا) کردەوەیەکی نارەواو ناشیرینی لیبوەشیتەوە، ناوی هەزارەها پیاو چاكو بیوەیی پیوە لەکەدار دەکریٚ. بالاتان ئاشکرا بیت ئەم هەمو سیفەتە خراپانە لەلایەن کاربەدەستانی عوسمانیو ئیرانیەوە بەخۆرایی بۆ کورد دروستکراون و هەلبەستراون، چونکە کوردستان لەنیوان ئەم دو دەولەتەدایەو، هەردو حکومەتەکەش ئەوەندەیان لەباردا نیە چاك و خراپ لەیەك جیا بکەنەوە. بەم جۆرە کەسە خراپەکان دەمیننەوەو خەلکە چاکەکانیش لەکەداردەبنو تیا دەچن. بیگومان لەنیو شتە دردونگەکانی تردا، ناوی خیلی عەلی ئاغای شکاکت بیستوە، کە بەکردەوەی خراپ و نارەوا ناویان دەرکردوە چۆن ئەزیەتی هاوولاتیو بیگانەیان ئەدا، بەهەمان شیوەش دەسدریژیان دەکردە سەر موسولمانان و خەلکانی تریش. هەردو دەولەتەکە ئاگایان لەکردەوە خراپەکانیان بوە. جا لەبەر گویٚ پینەدان و هەولدانی ئیران بۆ قایمکردنی دەسەلاتی، ئەم خەلك و خوایە هەمیشە دور دەبن لە شارستانیەت و بەدواکەوتوییو درندەیی دەمیننەوە. کردەوە خراپەکانی خیلی هەرکی کە رەعیەتی تورکیان، دیارو ئاشکرایە. حکومەتی عوسمانی دیسان وەك ئیران یان خۆی لە پیشخستنی ئەم میللەتە گیل دەکات، وە یان بەچاویکی نزمەوە، سەیری دەکات. هەمیشە کوردستان بەخراپی ناوبراوەو بەسوکی سەیر کراوە. جیاوازی ناکریت لەنیوان خەلکانی بیوەییو شەرانیدا. سەرۆك و بەریوەبەرەکانی کوردستان، جا لە رەعیەتەکانی عوسمانی یا ئیرانیو هەر هەمو دانیشتوانی کوردستان خۆیان یەکخستوەو گەیشتونەتە ئەو بریارە کە چیتر لە توانادا نەماوە لەژیر سایەی ئەو دو دەولەتەدا بژینو، پیویستە شتیٚ بکەن دەولەتە ئەوروپیەکان والیبکات لە مەسەلە کە ورد ببنەوەو لە دۆخەکەمان تیبگەن و بپرسنەوە. ئیمەش میللەتیکی دابەشکراوین. ئیمە دەمانەویت بەریوەبردنی کاروباری خۆمان بەدەست خۆمانەوە بیت، بۆ ئەوەی لە سزادانی تاوانکارانی خۆماندا بەهیزو سەربەخۆ بین و، ئەو مافانەمان هەبیت کە میللەتانی تر هەیانەو؛ سەبارەت بە خەتابارەکانیش، ئیمە ئامادەین ئەوە بگرینە ئەستۆی خۆمان (بەلین ئەدەین) کە ئازارو زیان لە هیچ میللەتیك نەکەویت. ئەمەیە ئامانجی ئیمەو، هۆی چونی کورەکەم بۆ سابلاخ، بۆ ئەوەی لەدۆخی کوردستان وردببنەوەو بپرسنەوەو، هیچ خراپەیەك رونەدات، دەنا سەرتاپای کوردستان

مەسەلەکان دەخەنە دەستی خۆیانەوە، چونکە میللەت لە توانایدا نەماوە خراپەو چەوساندنەوەی بێوچانی ئەو دو دەولەتە هەلبگرێ.

هاوپیچی ٤ی ژمارە: ٦١

لە شیخ عوبەیدواللەوە بۆ عەباس میرزا (مولك ئاوا)

(تەرجەمە) ٥ی ت١، ١٨٨٠.

ئەو چاکەو هەستە پاکەی کە خاوەن شکۆ شای خوالیخۆشبو لە سۆنگەی بەرژەوەندی گشتیو خیرو پیاوەتیەوە پیشانی باوکمی ئەداو، خۆشەویستیو دلسۆزی باوکی خوا لیخۆشبوشم بۆ خاوەن شکۆ، کە شەوو رۆژ باوکم بە بەردەوامیو دلسۆزانە دوعای بۆ حکومەتەکەی دەکرد، پیویستە لە هەمو شوینیك و هەمو کەسیك بیزانیت. دیسان پایەبلندی شاهانەتان باش ئاگادارە لەو دۆستایەتیەی کە لەنیوان شای خوالیخۆشبوو باوکمدا هەبو. ئیستاش، هەروەك پەندیك دەلیت "کور دەچیتەوە سەر بابی" (گیا لەسەر بنجی خۆی دەرویت) هەروەها پەندیکی تریش هەیە کە دەلیت "خۆشەویستی بەرامبەر وراثیە". ئیستا من بەش بەحالی خۆم و، وەك ئیلتیزامیکی ئەخلاقی، هەرگیز کەمتەرخەمیم لەو ئەرکە نەکردوە کە پیم سپیردراوەو، بەو پییەش پیویستە پایەبلندی شاهانەتان بەهەمان هەستی خوالیخۆشبو خاوەن شکۆوە کار بکەن و، ئەوەش بەروحیکی شاهانەوە ئەنجام بدەن، هەروەك باوکت دەیکرد، چونکە بەهەمان شیوەی سالانی رابوردو، من شاد دەبوم بەسۆزو چاکەی شای خوالیخۆشبو، لەبەر ئەوە ئیستا دلم بەلوتف و سۆزی پایە بلندی شاهانەتان خۆش دەبیت. بزانە ئەو وتەیە چەند جوانە، "کاتێ گولّ سیس دەبێو، گولی باخچە دەوەرێ، مرۆڤ ئەتوانێ لەکوێ جوانی گولەکە بگەریت، تەنها لە گولاوەکە نەبیت؟

لە کۆتایدا، ئەورەحیم بەگ کە شوینی متمانەی ئیمەیە، پەیامەکانمنتان بەحەرفی پیدەگەیەنیت.

من هیچ رونکردنەوەیەکی ترم نیە.

هاوپیچی ٥ی ژمارە: ٦١

کورتەی خالەکانی نامەیەکی شیخ عوبەیدوالله بۆ ئیقبال الدولەی حاکمی ورمێ لە ١٥ی ئەیلول ١٨٨٠دا.

پاش ریزو سلاو پیگەیاندن، دەلیت حاج مەلا سمایلی ناردوە بۆ ئەوەی بە شەفەوی پیوەندی بە حاکمەوە بکات. ئەو بێ ئاگانیە لە ئیلتیزاماتەکانی پیشوو،

هەمیشە وای بۆ چوە کە شتێکی ڕاست بێت، ئەوەی بەبیریا دەهات بەسود بێت بۆ حکومەتی ئێران، بەراشکاوی باسی بکات، حکومەتیش سەربەست بو لەوەی بەو شێوەیەی پێی خۆش بو، بۆچونەکانی قوبوڵ بکات یا نەیکات.

بێگومان حکومەت ئاگادارە لەوەی کە ٥٠٠,٠٠٠ بنەماڵە لە کوردستاندا هەن، بە ڕەعیەتە تورك و ئێرانیەکانیشەوە.

لەبەر ئەوەی تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەو وردبونەوەیەکی جدی لەسەر دۆخی کوردستان نەکراوە، هەمیشە خەڵکەکەی بە پیس ترین شێوە لەقەڵەم دراون.

لەوانەیە کەسانی خراپ لەنێویاندا هەبێ، بەڵام بۆچی خەڵکە بێ گوناحەکە لەگەڵ تاوانکارەکاندا لەیەك ڕیزدا دابنرێن؟.

هۆی ئەوەی کە بۆچی گلەیی گازندە لە کوردەکان دەکرێت ئەوەیە کە، حکومەتی عوسمانیو ئێرانی هیچیان نە دەسەڵاتیان هەیە نە دەخوازن بەباشیو ڕێکوپێکی حوکمیان بکەن.

کوردمان لە هەمو ئەمانەوە لەکەدار کراون و، ئەوانیش بەش بەحاڵی خۆیان هیچ پەیوەندیو ڕێزێکیان نیە بۆ فەرمانڕەواکانیان.

بەهۆی ئەم بارو دۆخەوە، کوردەکانی ئێران و تورکیا بڕیاریان داوە کە یەکبگرنو دەوڵەتێك پێکبهێنن و، لەنێو خۆیاندا نیزام بپارێزنو، بە نوسینیش بەڵێنی ئەوە بدەن کە هیچ هەڵاو بێ نیزامیەك لە وڵاتەکەیاندا ڕونەدات.

مەحاڵە بتوانرێ ئەم جوڵانەوەیەی ئێستا بەهێز دابمرکێنرێتەوە. خۆ ئەگەر حکومەت پەنای بۆ برد (بۆ هێز)، ئەوا دەیدۆڕێنن و، زیانێکی گەورەتر لە هەردو لا دەکەوێت.

لەبەر ئەوە، شتێکی باش دەبێت کە حکومەت ڕێو شوێنی هێمنانە بگرێت، گەر واش نەبێت، هیچ وەڵامێك نیە بۆ ئەنجامەکانی.

شێخ دەگاتە ئەو ئاکامەی کە بڵێت، ئەو، ئەو وتارەی لای سەرەوەی بەنیازێکی پاکەوە داوەو، حاکمیش بۆی هەیە چی بەباش ئەزانێت بیکات.

هاوپێچی ٦ی ژمارە ٦١:

لە عەباس میرزاوە بۆ وەزیری کاروباری دەرەوە

(تەرجەمە)   ٣٠ی ت١، ١٨٨٠.

دڕێژەی (تفاصیل) مەسەلەکە وەلای ئەوەی لای خوارەوەیە:

دوێنێ، هەینی، ٢٩ی ت١، دو کورد کە بران و جاران خزمەتی منیان دەکرد، یەکێکیان بەناوی عەبدوڕەحیم (دەبێت عەبدوالرحیم بێت) و ئەویتریان حوسێن نولی،

هاتنه ناو مالەکەمەوە. گوتیان، کاتێ موچەی حکومەتیان هەبوەو، لەریگەی ئایزخان سەردارەوە پییان دراوە، بەڵام ئیستا ئەو موچەیە بردراوەو، داوایان لیکردم بکەومە بەینەوەو هەولیان بۆ بدەم. پاشان، بەو بەهانەیەی (عذر- حجە) کە دەیانویست فرمانیکم پیشان بدەن، یەکیکیان نامەیەکی دەرهینا، دای بەمن و لەهەمان کاتدا بەچرپە پیی گوتم کە لە شیخ عوبەیدوللەوەیە.

نامەکەم خویندەوەو، هەروەکو دەلیت عەبدورەحیم زانیاری سەرزارەکی تریشم پێ دەگەیەنێ. بانگم کردە ژوریکی تایبەتیەوە. گوتی ئەو لەلای شیخەوە نیردراوەو پەیامەکەش ئەوە بو کە هیزیکی گەورە ئامادەیەو، پیویستە چەند زو دەتوانم خیرا بکەم و بدەمە پاڵ کامپەکەی (هی شیخ)و، ئەویش بۆ ئەوە نیردراوە کە بمبات بۆ بارگەکەی.

لەبەر ئەوەی خاوەن شکۆ شا رۆحم بە قوربانی بیت! نازی بەمن داوەو پیی گەیاندوم و منیش هەرگیز ناتوانم هیچ شیوە خیانەتکاریەك بکەم، ئەو دو کوردەم گرت و تەسلیمم کرد.

هاوپیچی ٧ی ژمارە: ٦١

لە سوپاسالارەوە بۆ وەزیری تەلەگراف

(تەرجەمە) تەورین، ٣٠ت١، ١٨٨٠.

(بەبروسکە)

من ئەو نامەیەم خویندەوە کە بەریز وەزیری بەریتانی ئاراستەی بەریز وەزیری کاروباری دەرەوەی کردبو و، تۆش وەك خۆی لەسەر فەرمانی شاهانە بە بروسکە بۆ منت ناردبو.

دەبیت ئیمرۆ تەیمور پاشا بەهیزیکی ١٠,٠٠٠ کەس و ٦ تۆپەوە گەیشتبیتە ورمێ. سبەینێ، هیزیکی زیادە، کە بریتیە لە فەوجیکی پیادە، ٣٠٠ سوارەو، تۆپیکی ٩ رەتلی، لەگەڵ ٥٠٠ گوللە تۆپدا، هەروەها دەردەچن بۆ ورمێ.

بیگومان، بێوچان هیزی پیادە، سوارە لەگەڵ تەقەمەنیدا بەریوەیە بۆ بارگەکەی ئیعتماد السلطنە. هەر ئیستاش پیشاندانیکی سەربازی ٣٠٠ سوارەی شا سیڤانم کرد، کە بەراستی کۆمەلیکی باش راهینراون و، سبەینێ بەیانی زو لەگەڵ کاروانیکی تەقەمەنیدا دەردەچن بۆ بارگەکەی ئیعتماد السلطنە. ئەگەر فەوجەکەی گیروس و سوارەکانی دەڤیران یش هەروەها بچنە کامپەکەی، وا بیگومان بەرەو سابلاخ دەکشێ؛ کاتیکیش حشمە الدولە دەگاتە سابلاخ، یانزیکی، ئەوسا کامپەکەی ئیعتماد السلطنەش دەرۆن بۆ ورمێ.

تکایە ئەمە بخەرە بەردەم خاوەن شکۆ شا. ئەگەر هەنگاوی تری چاك و بەسودو گونجاو تر لەوانەی من پێشانم دا دەزانیت، ئاگادارم بکەرەوە لیَ‌و، منیش جیٚبەجییان دەکەم.

ژمارە: ٦٢

لە مستەر گۆشن وە بۆ ئیرل گرانڤیل- (لە ٩ی کانونی یەکەمدا گەیشتوە)

گەورەم، ئەستەموڵ، ٢٩ی ت٢، ١٨٨٠.

گفتوگۆیەکی تری دورو درێژم لەگەڵ وەزیری دەرەوە، دەربارەی روداوەکانی کوردستان کردوە. هەروەها سەرم لەسەفیری ئیرانیش داوە، بۆ ئەوەی بەراوردی ئەو بۆچونانە (انطباعات) بکەم کە نامەکاریەکانی وەزیرەکانی ئیرە لەسەریان کردوە، لەگەڵ ئەوانەی (ئەو انطباعاتانەی) کە خۆم لەدیدارەکەم لەگەلیدا هەلم هینجاوە.

لەوە ناچیٚ جەنابی عاسم پاشا هیچ جۆرە زانیاریەکی دیاریکراوی لابیت؛ چونکە هەر وەك ئەندامیکی تری وەزارەتەکە، کە رۆژی پیشوتر سەردانی کردم، گوتی زۆرترین زانیاری لەیەك نەچویان (متناقض) پیگەشتوە ئەوەندەی کە لەوان، لە تاران، یان لە شوینەکانی ترەوە هاتون و، نەشیتوانی پیم بلیت گەر شیخ عوبەیدواللە هیشتا لە ئیرانە یا گەراوەتەوە بۆ ناو خاکی تورکیا. لەلایەکی تریشەوە، سەفیری ئیران پیی راگەیاندم کە سولتان دەربارەی ئەو پەیامەی پیی راگەیاندوە کە لە شیخەوە پیی گەیشتبو و ئاراستەی خۆی کرابو، وە تیادا هاتوەکە، بەگویٚ رایەلی بۆ فەرمانەکانی خاوەن شکۆ، گەراوەتەوە بۆناو سنوری تورکیا.

من سەرم سورما کە بینیم وەزیری دەرەوە تا چ رادەیەك کاری کوردەکانی تورکیا لەو بەسەرهاتانەی رویدا بەکەم دەگرت. دانی بەوەدا نە ئەنا کە شتیکی زانراو بو کە هیچ، بەلکو باندی زۆر بچوك لە سنور پەریبونەوە. ئەو رۆلەی کە شیخ عوبەیدواللە خۆی پیی هەلسا، هیشتا تەمومژ دەوری دابو؛ بەڵام سەبارەت بە کوردەکانی، لەناو خاکی ئیراندا نیشتەجیٚ بون و، یەکیکیشیان، کە عەبدوالقادر بو، ئیرانیەکان خۆیان دەسەڵاتیان پیٚ بەخشیبو.

کاتیٚ کە من هانی پیویستی سزادانی شیخم داو، بۆم رون کردەوە کە ئیرانیەکان بیگومان یان داوای تەسلیم بونی وەیان سزادانی دەکەن، وە یاخود گرتنی لەلایەن خۆیانەوە، بەریزی وەڵامی دامەوە کە بابی عالی داوایەکی زۆری هەیە دژ بە ئیرانیەکان بۆ ئەو تاڵانیو راوورووتیەی کوردەکانی ئیران دەیانکرد لە گوندەکانی تورکیاو، لەزۆر بۆنەشدا بیٚهودە داوای سزادانی تاوانکارەکانیشیان کردوە. من زۆر بەتیبینیەکەی کەللەیی بوم وەك وەزیریکی داد، کە دەربارەی شیوازەکە گفتوگۆم

لەگـــەلدا کردبـــو، ئـــەویش لەروانگـــەی خـــۆلادان لـــە تـــەعقیدات لەگـــەڵ ئـــیراندا، بەمامەلـــەکردنی توندوتیـــژی ســـەرکردەکانی هوروژمەکـــە، وەلأمیکـــی وردو راســـتی بەهەمان واتاو بە رستەیەکی ئاشکرا دامەوە بەوەی کە بابی عالی "حسابیکی جادی" بۆ ئەو جۆرە تاوانبارانە لەگەڵ ئیراندا دادەنیّو، داوای سزادانی سەرۆکە کوردەکانو، رەعیەتەکانی ئیران دەکات کە تاوانیان لەسەر سنورەکانی تورکیا ئەنجام داوە.

لەبـەر ئـەوە، کـاتیك داوایـەکی رەسمـی لەلایـەن ئیرانـەوە دەکریـت، پیدەچـیّ وەزیرەکان بریاری پەیرەوکردنی ئەم شیوازە مشت و مریان دابیت. لەدیدی خۆمەوە، هەولم دا بۆ عاسم پاشای رون بکەمـەوە کـە چـەند خەتـەرناك دەبیـت گـەر بەرهەلستی لەمامەلـەکردن لەگـەڵ مەســەلەکەدا بەشـیوەیەك بکریـت کـە یاسـای نیودەولـەتی بیخوازیّ، یـان اعـتراضی ناراسـتەوخۆ زیـادە بکریـت. ئـەوەی بـەریزی لەسـە رئـەوە دوپاتی کردەوە، ئەوە بو کە لیرە پیی راگەیاندوم کە پیویستە کومیسونیك دابنریت لە هەلومەرجەکان بکۆلیتەوەو شیخ دادگایی بکات.

بەم بۆنەیەوە، بەریزی هەولیکی زۆریـدا کە بۆم رون بکاتـەوە کە کاریکی مـەحاڵ بوە بـەوە بـاوەر بکریت کـە بابی عـالی لەپـەژارە بـەولاوە، لـە هیـچ روناکیـەکی تـرەوە نەیروانیوەتە ئەو بەسەرهاتانەی رویاندابو.دەبی تورکەکان چ ئامانجیکیـان لەهاندان، یان چەکداریکردنی کوردەکاندا هەبیّ؟ ئەو، ئەو بیرۆکەیـەی بـەلاوەنا کـە یارمـەتیدانی کوردەکـان پیویسـت بـوە بۆیـان، بـۆ مامەلـەکردن لەگـەڵ ئەرمەنیـەکاندا. دانیشـتوانە موسـولمانەکان، کوردەکـانی لیدەرچیـت، ئـەوەندە بـەهیز بـون کـە لەناوچـە ئەرمـەنی جیّنشینەکاندا گەورەو بالأدەست بن، گـەر وانەبونایـە، بـابی عـالی ئیعتمـادی دەکردە سەر لەشکرەکانی سولتان. جەنابتان دەبینیت چ جیاوازیـەکی سـەرنج راکیشـەر لـەم زمانـەدا هەیـە، ئەویش بەهۆی ئەو هەسـتەی بەجـەنابتانم راگـەیاند، کـە، بـەگویرەی باسی تر، لەناو بازنە تورکیەکاندا باوە.

من جاریکی تریش نەمتوانی بگەمە ئەوەی کە بابی عـالی تـا چ مەودایـەك بـاوەری بەنیازی شیخ عوبەیدوالله هەیە بۆ دامـەزراندنی کوردسـتانیکی سـەربەخۆ. انطبـاعی گشـتی مـن ئـەوەبو کـە عاسـم پاشـا خـۆی بـاوەری نـــەدەکرد بـــەبونی جدیـــی هیـــچ نەخشەیەکی طموحی لەوجۆرە.

(ئیمزا) جورج جەی. گۆشن

ژمارە: ٦٣

لە ئیرل گرانڤیل وە بۆ مستەر تۆمسن

بەریز، **وەزارەتی دەرەوە، ٩ کانونی یەکەم، ١٨٨٠.**

وەزیـری ولایەتـە یـەکگرتوەکانی ئـەمریکا سـەرنجی بـۆ دۆخـی میسـیونیرە ئەمریکاییـەکان و خیزانـەکانیان لـە ورمـێ راکیشـام، کـە وا پیشـان ئـەدرین توشـی دەردەسـەری بـبن بەدەسـتی دانیشـوانە ئیرانیـەکان، لـە ئـەنجامی ئـەوەی کـە بـە درۆ تاوانبار کراون بە بەشداری کردن لەگەڵ شیخ عوبەیدوڵڵەی کورددا.

بەوپییە، ئیمرۆ بـە بروسـکە داوام لـەئیوە کـردوە، کـە ئۆفیسـە چاکـەکانتان بـۆ بەرژەوەندی ئەم خەلکانە بەکاربهینن، کە شایستەی ئەوپەری ئاورلیدانـەوەن لەلایـەن حکومەتی ئیرانەوە.

(ئیمزا) گرانڤیل

ژمارە: ٦٤

لە مستەر تۆمسن وە بۆ ئیرل گرانڤیل

(بەبروسکە، لە ١٠ کانونی یەکەمدا گەیشتوە)

گەورەم، **تاران، ١٠ی ك١، ١٨٨٠.**

نیشانە بە بروسکەی جەنابتان بە بەرواری دوینـێ، ئـەز شـەرەفی ئـەوەم هەیـە بـە جەنابتان رابگەیەنم کە هەستی خراپ بەرامبەر بە میسیونیرە ئەمریکاییەکان لە ورمێ خولقاوە، بەهۆی بەشداریکردنیکی هەلبەستراوەوە بۆیان لەگەڵ شیخ عوبەیدوڵڵەداو، بۆ چەند رۆژیکی کەمیش دوای هیرشەکەی شیخ بۆ سەر شارەکە بـەردەوام بـو، بـەڵام لەو باوەرەدام کە ئیستا بە تەواوی دامرکابیتەوە.

حکومەتی ئیران خەریکی ناردنی ئامۆژگاریە بە بروسکە بۆ پایەبەرز سوپاسالار، فـەرمانی پیدەکـات هـەمو ئـەو ریـو شـوینانە بگـرێ کـە دەزانـێ پیویسـتە بـۆ مسۆگەرکردنی پاراستنی میسیونیرەکان.

پایەبەرزی، ئیستاکە کارەکەی جیهیشتوەو لە سابلاخ رۆیشتوەو، وا چاوەروان دەکرێ سبەینێ بگاتە ورمێ.

(ئیمزا) رۆنالد ف. تۆمسن

ژماره: ٦٥

له مستەر تۆمسن وە بۆ ئیرل گرانڤیل

(بە بروسکە لە ١١ی کانونی یەکەمدا گەیشتوە)

گەورەم،   تاران، ١١ی ك١، ١٨٨٠.

هەر ئیستاکە بروسکەیەکم بە بەرواری دوینێ لە کۆنسولی گشتی حکومەتی خاوەن شکۆوە لە تەوریز پێگەیشتوە، پێم رادەگەیەنیت کە لەو دوا نامانەی لە میسیونیرە ئەمریکاییەکانی ورمێوە وەریگرتوە، دەلین، پەیوەندی لەنیوان خۆیانو کاربەدەستە ئیرانیە خۆجێییەکاندا دۆستانەو گەرمەو، ئەو راپۆرتە ساختانەی سەبارەت بە بەشداریکردنیان لەگەڵ شیخ عوبەیدوالله‌دا بەو دواییانە بلاوبوبۆوە، زۆر دامرکابونەوەو دەلێ،

مستەر ئابۆت لەسەری دەروات بەگەیشتنی ئەو بروسکەیەی لە رۆژی ١٠ی ئەم مانگەدا ئاراستەیم کردبو، لە ئەنجامی ئەو بروسکەیەی جەنابتان کە لە سەرەوە ئاماژەی بۆ کراوە، گەر هیچ راستیەك هەبوبێ لەو مەترسیە مەزعومەی بەروی میسیونیرە ئەمریکاییەکان دەبۆوە، وتی دیدەنیەکی لەگەڵ نیردراوی وەزارەتی دەرەوەی ئیرانی لە تەوریز کردوەو، ئەو فەرمانبەرەش گفتی دابویە کە راستیەکانی مەسەلەکە بگەیەنیتە پایە بلندی شاهانە، وەلیعەهدو، ئەوەشی گرتە ئەستۆ کە دەسبەجێ ئەو ئامۆژگاریانەی (تعلیمات) لایەتی بە پەیامنیری تایبەتیدا بۆ پایە بلند سوپاسالاری رەوانە بکات، کە لەوانەیە (سوپاسالار) لەم ساتەدا گەیشتبیتە ورمێ.

(ئیمزا) رۆنالد ف. تۆمسن

ژماره: ٦٦

له ئابۆتی کونسولی گشتیەوە بۆ ئیرل گرانڤیل

(لە ١٣ی کانونی یەکەمدا گەیشتوە)

گەورەم،   تەوریز، ٢٣ت١، ١٨٨٠.

ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە کە هاوپیچ سێ کۆپی نامە بۆ جەنابتان بنیرم، کە ئاراستەی وەزیری مفوض حکومەتی خاوەن شکۆ لە تارانم کردبو، دەربارەی کاروباری کوردەکان، خربونەوەی هیزیکی روسی لەسەر سنوری ئاراس، وە دیدەنیەکی نوێ کە بۆم رەخسابو لەگەڵ پایەبەرزی شاهانە وەلیعەهد.

ئاماژە بەهاوپیچی ژمارە:٢، لەو ساتانەوە زانیومە کە ئەو ژن و کچە نەستۆریانەی میسیونیرە ئەمریکاییەکان راپۆرتیان دابو، لەلایەن سەربازە ئیرانیەکانەوە لە گوندی ئەنهار فریندرابون، کەسوکارەکانیان دۆزیویاننەتەوە.

ئەوەندە بە تەواوی خۆیان جیاکردبۆوە کە وایان لە دۆستەکانیان کردبو تعود بکەن گیرابون.

میسیونیرەکان نامەیان بۆ من نوسیوەو ئەو هەوالەی پیشویان دەربارەی ئەم مەسەلەیە، راستکردۆتەوە.

(ئیمزا) ولیام جی. ئابۆت

هاوپیچی ١ی ژمارە: ٦٦

لە ئابۆت ی کۆنسۆلی گشتیەوە بۆ مستەر تۆمسن

بەریز، تەوریز، ١٩ ت٢، ١٨٨٠.

ئیمرۆ، شەرەفی ئەوەم هەبو ئەم بروسکەیەی لای خوارەوە بۆ بەریزت بنیرم:

پۆستی ورمیٚ گەیشت؛ لە ١٢ی ئەم مانگەدا شیخ لەگەلٚ هیزەکانیدا هەلاٚتن. ئاماژە بە بروسکەی ١٨ی ئەم مانگە، تجاوزو خراپەکاریەکی زۆر لەئەنهارو بالۆ لەلایەن هیزە نیزامیو هاولاٚتیانەوە، نەك کوردەکان، کراوەتە سەر دانیشتوانە سوننیو نەستۆریەکان. بە پۆستدا دریژەکەی رەوانە دەکەم.

نیشانە بەوەی سەرەوە، هەروەها شەرەفی ئەوەم هەیە رابگەیەنم کە، بە بەرواری ١٤ی ئەم مانگە، نامەیەك لە ورمیٚوە بۆمن هاتوە دەلیت، سەر لەبەیانی ١٢ی ئەم مانگەدا سەیریان کردوە شیخ و هەمو هیزەکانی دیار نەماون و، بەلگەی زۆریش هەبوە کە زۆر بەپەلە رۆشتون. هەوالٚ هەبوە کە شیخ سادق لە مەرگەوەر بوبیٚو، واش بلاٚوبوە کە لەشکرەکانی ورمیٚ بەدوی کوردەکاندا چوبن.

لەشکرە ئیرانیەکان راوروتو تالاٚنیەکی زۆری مالٚو مولکی گوندنشینەکانیان کردوە، بە تایبەتی هی مەسیحیەکان. دیگەلەو چەندین گوندی تریش نەهامەتیەکی زۆریان بەسەرهاتوە. خەلکەکەی گۆکتەپە چون بۆ لای تەیمور پاشا خان بۆ گازەندە کردن لەسەر ئەمە. یەکیك لە قەشە پروتستانتەکان بە تەیموری گوتوە، لەشکرەکانی شیخ رەفتاریان زۆر لەمانە باشتر بو، چونکە هیچ سوکایەتیەکیان بە ژنان نەدەکرد.

لەوەتی شیخ رۆیشتوە، ئیرانیەکان دەستیان کردۆتەوە بە تالاٚنکردنی گوندی سوننیەکان. لە ١٣و ١٤ی ئەم مانگەدا، چەندین هەزار لەهیزی نیزامیو هاوولاٚتیان رۆیشتن بۆ بالۆو تالاٚنیان کردووەو، مالەکانیشیان ئاگر تیبەرداوە. وا باسدەکریٚ کە ٥٠ کەس لە دانیشتوانە نیرینەکان سەربردرابیتن، هەندیکیان لەناو قەلاٚکەی اسماعیل ئاغادا، کە هیزیکی ئیرانی چوبو بۆ گەران بەدوای شیخدا، دۆزرابونەوە. زۆر لەکابرایەکی حاجی کرابو کە کەللەسەری کورە کوژراوەکانی بکات بەدامینی

جلەكانیەوەو بەناو كامپەكەدا بیان گیریو پیشانی خەلكی بدات. پاشان سەربازە ئیرانیەكان تەجاوزو خراپەكاری لەزیادە بەریان لە گوندی تریشدا كرد. گوندی ئەنهاری نەستۆری، كە سەروەختیك شوینی بەیەك گەیشتنی شیخ بوە لەگەلٚ خەلكیدا، تالاٚن كرا، چەندین لە دانیشتوانە نیرینەكانی برینداربونو، هەشت ژنو كچیش بەدیل لیگیرانو بران.

كاتیك میسیونیرە ئەمریكاییەكان، لەبری مەسیحیەكانی بالۆ گازەندەیان لای تەیمور كرد، ئەمیش پاسەوانی دانا بۆ ریگەگرتن لە ئازار ئازار پیگەیاندنیان لەكاتی بەتالاٚنبردنی شوینەكەداو، گفتیدا كە نەیەلیت هیزەكانی خراپەكاری زیاتر بكەن.

(ئیمزا) ولیام جی. ئابۆت

هاوپیچی ٢ی ژمارە: ٦٦

لە ئابۆتی كۆنسۆلی گشتیەوە بۆ مستەر تۆمسن

بەریز، تەورین، ١٩ی ت٢، ١٨٨٠.

ئیمرۆ، ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە كە ئەو بروسكەیەی لای خوارەوە بۆ بەریزتان رەوانە بكەم:

"ژمارەیەكی زۆر لە قوزاقەكان گەیشتونەتە نەخچەوان؛ وا باسدەكریت كە فەوجیكی تەواوبن. دەستبەجیٚ بەرەو جەلفا دەرۆن. جموجولیكی زۆری لەشكر هەیە لەنیوان تفلیسو نەخچەواندا. بیستومە، كە چاوەرواندەكریت هیزیكی روسی بگاتە جەلفا."

ئامارژە بەوەی سەرەوە، ئەوەندەی من بتوانم تاوتۆی بكەم، پیدەچی روسیا تەعزیزاتی زۆر لەزەخیرەی جەنگ بۆ قارس بنیریت. ئەگەر یاخیبونی كوردەكان بە كوردستانی توركیاو ئیرانەوە سەربكەوتایەو ئەمارەتیكیان پیكبهینایە، روسیا دوژمنیكی ئیجگار گەورەی بۆ پەیدا دەبو كە لە نزیك قارسو بایەزیدەوە بەرەنگاری بوایەتەوەو، ئامادە بو دەوروبەری ئەلیكساندر پولٚو تفلیس كاولو ویران بكات. لەبەر ئەوە، لەوانەیە حكومەتی روسیا ریوشوینی خۆپاراستن دابنیٚ بەرامبەر هەر روداویكی چاوەروان نەكراو.

وە سەبارەت بە خركردنەوەی هیزیكی روسیش لەسەر سنوری ئاراس، ئیمرۆ زانیاریم پیگەیشتوە كە ژمارەیەكی زۆر لە قوزاقەكان گەیشتونەتە نەخچەوانو دەستبەجیٚ دەرچون بۆ جەلفاو، دەبیٚ بەخیراییش لەشكری تریان بەدوادا دیت.

ئەو کاربەدەستە ئیرانیانەی ئیرە، کە من باسی بارو دۆخەکەم بۆ کردون، سەیری مەسەلەکە دەکەن وەك وریاییو خۆپاراستنیك لەلایەن روسیاوە، کە بەگرنگی دەزانن (روسەکان) لەماوەی ئەم هەلچونەی ئیستای کوردەکاندا سنورەکەی لای ئازەربایجانەوە بێ ئامرازی بەرگری کردن نەبیت.

وەك بیستومە، سێ فەوجی سوارەی تورکی گەیشتونەتە بایەزیدو، یەکیکیش لە قزل دزەیە.

دەربارەی ئەم مەسەلانە، بەردەوام دەبم لەناردنی راپۆرتدا.

(ئیمزا) ولیام جی. ئابۆت

هاوپیچی ٣ی ژمارە: ٦٦

لە ئابۆتی کۆنسۆلی گشتیەوە بۆ مستەر تۆمسن

بەریز، تەوریز، ٢٠ت٢، ١٨٨٠.

ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە بە بەریزت رابگەیەنم کە ئیمرۆ دیدەنیەکی وەلیعەهدم کرد. باسی تاقیکردنەوەکانی ئەم دواییانەم بۆ ورمێ و، گەرانەوەم لە سەفەرەکەمدا بۆ تەوریز، بۆ پایەبەرزی شاهانەی کرد.

بۆ پایەبەرزی شاهانەیم رونکردەوە، کە کاتیك من لەورمێ بوم، بەئەرکی خۆمم زانیوە کە هەمو قورساییەکی نفوزم لەسەر شیخ عوبەیدوالله بەکاربهینم بۆ ئەوەی خوین رژانی ناپیویست رونەداتو، زامنی ئاسایش بۆ ژیانو ماڵو مولکی خەلکانی شەر نەکەری هەردو موسولمانو مەسیحیەکان بکەمو، لەزۆر نمونەشدا ئەو ئامانجانەم بەدەست هیناوە، ئەگەرچی مەترسیەکی زۆریش هەبوە لەسەر ژیانی خۆم.

هەروەها بەهەلم زانی کە ئاماژە بۆ ئەو بەرگریکردنە ئازایانە بکەم کە ئیقبال الدولە لە ورمێی کردو، ئەوشارەی بەرامبەر ململانیی گەورە راگرتو، پیرۆزبایی لە پایەبەرزی شاهانەشی بکەم بۆ دامرکاندنەوەی شۆرشی کوردستان، بە هەست کردن لەهەمان کاتدا بەو خزمەتو سودە بەهایانەی کە سوپاسالار لەماوەی ئەم کارەی دواییدا لە تەوریز، لە مەترسیدارترین دوریاندا، کردویەتی.

پایەبەرزی شاهانەی، زۆر بەگەرمی پیشوازی لیکردمو، دیار بو زۆر بایەخی بە قسەکانم ئەدا.

(ئیمزا) ولیام جی. ئابۆت

ژمارە: ٦٧

لە ئیرل گرانڤیل بۆ مستەر St جۆن.

بەریز،   وەزارەتی دەرەوە، ١٣ك ١، ١٨٨٠.

نامەکەی ١٦ی مانگی رابردوی مستەر گوشن م پیگەیشت، باسی گفتوگۆی بەریزی دەکات لەگەڵ عاسم پاشادا سەبارەت بە هوروژمەکەی ئیستا بۆ ناو ئیران.

من پیزانینی خۆم دەردەبرم بۆ ئەو شیوازەی مستەر گۆشن بەکاری هیناوە سەبارەت بەو سیاسەتەی کە تورکیا هەولئەدات لەم مەسەلەیەدا پیرەوی بکات.

(ئیمزا) گرانڤیل

ژ: ٦٨

لە جیگری کۆنسۆل، کلایتن وە بۆ مەیجەر ترۆتەر– (لە ١٧ کانونی یەکەمدا گەیشتۆتە وەزارەتی دەرەوە)

هەلبژاردە،   وان، ت٢، ١٨٨٠.

زانیاری دیاریکراوی زۆر، دەربارەی جوڵانەوەی کوردەکان لە ئیراندا لەبەر دەستدا نیە. دەلین، عەبدوالقادر مەراغەی گرتوەو، باندەکانیشی لەنزیك دیوارەکانی تەوریز خۆیەوە بون. بەڵام بەشی زۆری هیزەکەی، کە بۆ راوو روتو تاڵانی داویانەتە پالی، لە هۆزەکان پیکهاتون، خراپ چەکدارنو کەلوپەلو تفاقی بێ کەلکیان پییە، وە ئەگەر ژمارەیەکی زۆر بچوکیش لەهیزی نیزامی بەرەنگاریان ببنەوە دەستبەجێ بڵاوەی بۆ دەکەن.

واتەواتی وا بڵاو بوە کە بۆ چەند رۆژیك شیخ عوبەیدوالله خۆی لە هەندێ لە گوندەکانی نیوان ورمێو سنوردا گەمارۆ دراوەو، تا ئیمرۆش ئەوە دەبیستم کە نامە بە ئەرمەنیەکانی باشقەڵا گەیشتوە، تەئکید لەسەر ئەم هەواڵانە دەکات.

شیخ زۆر هەولو تەقەللای داوە کە وا لە مەسیحیەکان بکات بدەنە پالی. نەستۆریەکانی شەمدینانی ناچار کردوە کە برۆن لەگەلیداو، هەروەها ناردویتیە لای مارشەمعون گوتویەتی کە سزای شیخەکان ئەدات بۆ ئەو راوو روتیەی کردویانەو داوای یارمەتی (مارشەمعون) لیکردوە. بەو جۆرە، نزیکەی ٤٠٠ یان ٥٠٠ نەستۆریەك داویانەتە پالی، بەڵام کاتێ دەزانن مەسەلەکە بۆ کوێ دەچێ، وتویانە، ئیمە شەرمان لەگەڵ ئیراندا نیەو گەراونەتەوە مالی خۆیان. هەروەها ئوهانس ڤارتابەدی سەرۆکی قەشەی ئەرمەنی لە باشقەڵا کە تازە گەیشتۆتە ئیرە، پیی راگەیاندم کە شیخ چەند دەعوەتنامەیەکی گەرمی بۆ ناردوە کە بیتو بیبینێو

لەگەڵیدا دەربارەی دۆخی وڵاتەکە راویژ بکاتو چ هەنگاویش پیویستە بینین، بەڵام بۆ خۆی داوای لیبوردنی کردوەو نەچوە.

ژمارە: ٦٩

لە مستەر تۆمسنوە بۆ ئیرل گرانڤیل

(لە ٢٠ی کانونی یەکەمدا، بە بروسکە وەرگیراوە)

(هەلبژاردە) تاران، ٢٠ی ك١، ١٨٨٠.

حکومەتی ئیران بە بروسکە هەوالی گەیشتنی سوپاسالار بە فەرماندەیی لەشکریك بۆ ورمێ، پیگەیشتوە. پایەبەرزی لەسەرەتای تشرینی یەکەمدا لە تەوریز دەرچوە بۆ ئەوەی فەرماندەیی گشتی ئەو لەشکرانە بکات کە نیردراون بۆ دامرکاندنەوەی یاخیبونی کوردەکانو، لەماوەی مانگی رابوردودا سەردانی هەمو ناوچەکانی مەراغە، سابلاخ، سولدوز کە بەم دواییانە داگیرو تالانکرابون لەلایەن ئەو یاخیبوانەی شیخ عوبەیدوالڵەو کورەکانی سەرکردایەتیان دەکردن، کردوە.

لەشکرەکەی شیخ عوبەیدوالڵە، ئیستا بەتەواوی بڵاوەی پیکردوەو، نیزامیش هیدی هیدی دەگەریتەوە سەرتاپای ناوچەکە.

سوپاسالار لیوەشاوەیو توانایەکی زۆری پیشانداوە لە مامەلە کردنیدا لەگەڵ ئەو سەرۆك کوردانەی کە لە شۆرشەکەدا بەشداریان کردبو. زۆربەی ئەمانە گەراونەتەوە بۆ دلسۆزیان بۆ حکومەتو، ئەو شیوازەش کە سوپاسالار بەکاری هیناوە بەسزادانی هەندیكو بەخشینی مەدالیاو دیاری بۆ هەندیکی تر، بەپیی بارودۆخەکان، بۆتە هۆی مسۆگەرکردنی ئاسایش کە لە رەفتاری باش داهاتوی هۆزەکانەوە دیتە دەستو، هەروەها لە رازیبونیان بۆ پیدانی ١٠,٠٠٠ تومان غەرامە بۆ حکومەتی ئیران وەك بژاردنیك (تعویض) بۆ تەعەداکردنەکانی رابوردویان.

بەڵام حکومەتی ئیران کەوتۆتە مەوقفیکی گرانو ئالۆزەوە، چونکە شیخو کورەکانیو چەندین لەسەرۆکە سەرەکیەکانی شۆرشەکەی ئیران رایان کردوە بۆ تورکیاو ئیستاکە لەنزیك سنوری ئیرانەوە نیشتەجێنو؛ مادام ریگەیان پێ ئەدریت لەوێ بمیننەوە، ناتوانریت لەشکرەکانی ئیران لە ناوچەکانی سنور بکشینرینەوە ئەویش بەهۆی گریمانی سەرهەلدانیکی تازە، هەر ئەوەندەی کە زستان بەسەر دەچێ.

لەو گفتوگۆو قسانەی کە سەفیری تورك لیرە کردونی، شاو وەزیرەکانی گەیشتبونە ئەو باوەرەی کە لەشکرە عوسمانیەکانی سەر سنور، یا ریگەیان لەم سەرۆکانە دەگرت کە بچنە ناو خاکی تورکیاوە، وە یان لەحالەتی چونیاندا

دەیـانگرتنو؛ ڕەفتـاری (تـەصوفی) حکومـەتی تورکیـش لـە پشـت گوێخسـتنی جیبەجیکردنی ئەو گفتەی نوینەرەکەیان داویتـی، لیرە انطباعیکی سـەلبی دروست کردوە (خولقاندوە) هەم لەناو بازنە ڕەسمیەکانو هەم لەناو خەلکیشدا بەگشتی.

دوینـێ دیدەنیـەکی تایبـەتیم لەگـەڵ شـادا هـەبو، شـا بـە جـدی دەربـارەی ئـەم مەسـەلەیە دوا. گوتـی، حکومـەتی تـورك سـەبارەت بـە سـەرهەلدانی کوردەکـان بەشیوازیکی دۆستانەو ئاشکرا نەجولایەوە وەك ئەو چاوەروان بو. ئەوان (تورکەکان) گفتی هاوکاریکردنیان بە ئیران دابو، بەلام باوەر وابوە کە لەهـەندێ لایەنـەوە هـانی شـیخیان دابیـت لـە فیلـەکانیدا. بیگومـان هیـچ هـەنگاویکی کاریگـەریان نـەنابو بـۆ ریگەگرتن لێی لە چونە ناو خاکی ئیرانو دانانی خـۆی بەسـەرۆکی یاخیبوەکـانو؛ کاتیکیش خۆیو کورەکانی لە ئاکامدا لەلایەن لەشکرەکانی ئیرانەوە تیکشکینرابون، هیـچ هــەولیك نــەدرابو بــۆ وەســتاندنی پاشەکشــەکردنەکەی یــا ریگــەگرتن لــە شۆرشگیرەکان بۆ گەرانەوەیان بۆ ناو خاکی تورکیا، کە پەنا درانو لە راونانی زیاتر دەربازبون. هەروەها ریگە درابو بە چەندین سەرۆك کوردی ئیرانی کە رابکەن بۆ ناو تورکیا، لەگەڵ ئەوەشدا کـە سـەفیری تـورك سـویندو گفتـی دابـو کـە ئەگـەر شـیخو کورەکانی لەئیران دەرپـەرینران، دەستبەجێ بیانگرنو، ئەگـەر هـەمزاغاش هـەروەها هەروەها لەسنور پەریەوە، بگیریتو، جا یان کاربەدەستە تورکەکان ئیعدامی بکەن بۆ ئـەو تاوانانـەی پیشـتر لـە تورکیـا کردبونـی، وە یـان تەسـلیم بـە ئـیران بکریتــەوەو حکومەتی ئیرانی خۆی چی بە گونجاو دەبینیت بەرامبەری بیکات.

خاوەن شکۆ گوتی، ئەوە راستە کە ئەو گفتانـەی بابی عالی داویتـی بە سەفیری ئیرانی لـە ئەسـتەموڵ تارادەیـەك نادیـارو شـوین ڕەزامـەندی نـەبون، بـەلام قسـەکانی فەخری بەگ زۆر ئاشکراو رون بون.

شا دەیگوت، هەولی داوە قەناعەت بە بابی عالی بکات، داواکەی بەجێ بهینیت بۆ گواستنەوەی شیخ لە سنورو تەسلیم کردنی سەرۆکە کوردە شۆرشگیرەکانی ئیران، بەلام ئیستا، تەنها وەلامی نادیاری چنگ کەوتوە. بابی عالی وایدانابو کە هـەلاتوەکان چەك بکرین، بەلام ئەمە ناگونجاو ترین ریو شوین بوە کە پیشنیار کراوە، چونکـە ئەگەر شیخو کورەکانی لەنزیك سنور جێ بهیلرین، ئەوا شتیکی بەلگە نەویستە کە لەگەڵ هۆزەکانی ئەم دیوەی سنور پیلانـەکانیان دەست پیدەکەنـەوەو، شۆرشـەکەش سەرلەنوێ لە بەهاردا دەست پیدەکاتەوە. بەگریمانی تازە بوونەوەی ئەو جۆرە شـەرو شـۆرە، ئیران ناتوانـێ موجازەفەی ئەوە بکـات، ئـەو هـیزە سـەربازیە گەورەیـەی کـە ئیستا لـە ورمـێ کۆبۆتـەوە بکیشیتەوە، وەخـەرجیو بـەریوەبردنی لەشـکریکی ئاوهـا لەناوچەیەکدا کە هەمو سەرچاوەی پولو پارەی وشکی کردبو بەهۆی ئەو قاتوقریـەی

کە سالی پار لەو بەشەی ئیراندا بڵاوبوبۆوەو، ئەو راوروتو تاڵانیەی دواییش کە کوردەکان دەیانکرد، لاوازیو کۆسپیکی گەورە بۆ ئیران پەیدا دەکاتو، دەشبێتە سەرچاوەی نەهامەتی زیاتر بۆ دانیشتوانەکان، کە لەم کاتەدا وەرزیکی تری نەداری خراپتر لەوەی پیشو، هەرەشەی لیدەکردن.

شا لەسەری رۆیشتو گوتی، ئامۆژگاری نیردرابو بۆ سەفیرەکەی لە ئەستەمبوڵ، بۆ ئەوەی رونکردنەوەی زیاتر بۆ بابی عالی بکاتو، داوای گواستنەوەی شیخو کورەکانی لەسنوری ئیران بکات، وە هەروەها تەسلیم کردنی هەمزاغا، ئەمین ئاغا، لەگەڵ فتح الله ئاغا، کە سێ سەرۆك کوردی ئیران بونو رۆلیکی لەبەرچاویان لە یاخیبونە تازەکەدا دیوە. زۆر بەجدیەوە هیواخواز بو کە حکومەتی خاوەن شکۆ پشتگیری لەداواکەی بکات، کە بەباوەری ئەو داوایەکی نامەعقول نەبو، وە ئەوەی کە بابی عالیش هان بدریت تا بەزویی بریار بدات لەسەر ئەوەی مەبەستی بۆ بۆ بەدوکەوتن، بۆ ئەوەی ئیرانیش بەخیرایی بزانیت ئایا رازی بون بە داواکەی یان لەدواییدا رەفزکراوە. بە بۆچونی من، ئەگەر رەتکردنەوەی داواکانی ئیران دوا بریاری بابی عالی بیت، وا جۆرە هەستیك دەخولقینێ کە نارەحەتیەکی زۆر بۆ چارەسەرکردنی ململانیەکانی سنور، کە ئیستا لەنیوان دو وڵاتەکەدا بە هەلواسراوی ماوەتەوە، زیاد دەکاتو، گەرواش نەبێ ئەوە دەتوانرێ بە دانانی کۆمیسیونیك ریك بخریت بۆ بۆقلەمەکردنو بژاردنو چاککردنی ئەو زولمو گازەندانەی کە هەردولا ئیدعای دەکەن.

سەرباری ئەوەش، کاریگەری خیرای رەتکردنەوەکەیان، بیگومان دەبیتە هۆی ئەوەی کە پەیوەندیەکانی ئیران لەگەڵ روسیادا زیاتر لە هەمو کاتیك قولترو گەرمتر بیت؛ لوتکەی ئەنجامەکەشی، بەهەمو گریمانیك، لە قەناعەت پیکردنی شادا دەبیت بۆ هاوپەیمانی کردن لەگەڵ روسیادا، هەر کاتیك رودانی شەرو شۆر لەنیوان ئەو هیزەو تورکیا هەلیکی بۆ برەخسینێ بۆ تۆلە سەندنەوە.

ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە کە ناوەرۆکی بەشیکی ئەم نامەیە بە بروسکە بۆ جەنابتان بنیرم.

ژمارە: ٧٠

لە ئابۆت ی کۆنسۆلی گشتیەوە بۆ ئیرل گرانڤیل– (لە ٢٠ی کانونی یەکەمدا وەرگیراوە)

گەورەم،   تەوریز، ٣٠ ت٢، ١٨٨٠.

ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە کە هاوپیچ کۆپی ئەو نامانە بۆ جەنابتان بنیرم، کە ئاراستەی وەزیری مفوض حکومەتی خاوەن شکۆم کردوە لەتاران، سەبارەت بە ناردنی لەشکری روس بۆ سنوری ئاراسو، ئەو شالاوەش کە سوپاسالار دژ بە کوردە یاخیبوەکان فەرماندەیی دەکات.

(ئیمزا) ولیام جی. ئابۆت

هاوپیچی ١ی ژمارە: ٧٠

لە کۆنسۆلی گشتی، ئابۆت وە بۆ مستەر تۆمسن

(هەلبژاردە)   تەوریز، ٢٥ ت٢، ١٨٨٠.

راگەیەندراوە کە ئەو هیزە روسیەی وا چاوەروان کراوە لە شەش رۆژدا لە جەلفا بیتو، ٢٠٠ کەسیان گەیشتونەتە نەخچەوان، پیکهاتوە لە فەوجیکی قوزاقو هەندێ پارچە تۆپخانە.

هاوپیچی ٢ی ژمارە: ٧٠

لە کۆنسۆلی گشتی، ئابۆت وە بۆ مستەر تۆمسن

(هەلبژاردە)   تەوریز، ٢٥ی ت٢، ١٨٨٠.

ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە رایبگەیەنم کە نامەیەك کە لە ١٧ی ئەم مانگەدا لە ورمیێوە ئاراستەی من کراوە دەلیت، دواجار تەیمور پاشا خان رۆیشتوە بەدوی شیخداو تا بەلۆی راو ناوە؛ ئیقبال الدولەش بەریگەی بیندا کەوتۆتە ریێو ئاغا خان سەرتیپیش دوی شیخ عەبدوالقادر، کە لە مەرگەوەر سەنگەری لیدابو، کەوتوە.

میسیونیرە ئەمریکاییەکان نامەیان بۆ نوسیوم، گوتەکانی پیشویان سەبارەت بە گرتنی ژنە نەستۆریەکان لەلایەن سەربازە ئیرانیەکانەوە لە ئەنهار، راستکردۆتەوە، ئەوانەی (ژنەکان) وا دەردەکەوێ، بەشیوەیەکی وا چاك خۆیان شاردبۆوە، کەوا لە هاوریکانیان بکات، وابزانن گیرابون.

خراپەکاریو تەجاوزی زۆری هیزەکانی ئیران لە ورمیێو سابلاخدا، بۆتە هۆی نارەزایی سەفیری تورك لە تاران بەرامبەر حکومەتی ئیرانو، ئەو هاوکارە تورکەم

نامەیەکی دەربارەی ئەو مەسـەلەیە ئاراسـتە کـردوم، منیـش هـاوپیچ کۆپیـەکت بـۆ دەنـیرم. وا دەردەکـەویت کـە حکومـەتی ئـیرانی سـەفیرەکەی دلنیـا کردبیـت کـە ئامۆژگاری فەرماندەی لەشکرەکانیان دەکەن لە شالاوەکەدا مبادئی مرۆڤایەتی پیرەو بکـەن. بـەریزی ئامـاژە دەکـات بـۆ گونـدە مەسـیحیەکانو موسـولمانەکانیش، بـەلام شـتیکی ئاشـکرایە کـە بەتایبـەتی (ممـین) لـەناوبردنی ئـەو خەلکانـەی دواوە (موسـولمانەکان) لەلایـەن سـونییەکانەوە، کـە هـاو دینیـانن، بـەجۆریك حسـابی بـۆ دەکریت کە انطباعیکی سەلبی لای بابی عالی پەیدا دەکات.

لە هـەوالدا هـاتوە کە لەشکرەکانی ئیرانی نزیکەی بیسـت گونـدی کوردەکانیـان لەناوچـەی چـەهریوادان ویرانکـردوەو، لـەوەش ناچـێ هیـچ دیسـپلنیکیان پـیرەو کردبیت، هەرچەندە لـەو باوەرەدام کە لـە هـەندێ حالـەتدا دانیشـتوەکان توانیویانـە دەرباز بن، بەلام ترسی ئەوە هەیە کە ژمارەیەکی زۆر لەکەسانی بێ گوناح کوژرابێتن.

ئیستا من دەزانم کە گوندەکانی مەجید خـان هـەمان چارەنوسـیان هاتۆتـە رێ، بـەلام ئـەوەی کـە زۆریـان بـە بارمتـە لەلایـەن گلدراونەتـەوە، ئـەوە حالەتیکـە لەوانەیە فەرمانبەرە روسەکانی ناو ئیران راپۆرتی لەسەر بدەنو بیگەیەنن.

خان بابا خانی کوری مەجید خان کوژراوە. لەسەر داوای خۆی، لەشکری ئیرانی نیردرابو بۆ پاراستنی ئەو گوندەی داگیری دەکرد، بـەلام کـە دەبینـێ قـایم کـراوە، گـەرابۆوە بـۆ کامپەکـە. دوا بـەدوای ئـەوە، لەهـەمان گونـدەوە تەقـە کرابـو و هـەندێ سـەربازی ئـیرانی کوژرابـون، لـە ئـەنجامی ئەمـەش ئیعتمـاد السـلطنە بۆمبـارانی گوندەکەی کردو خانیشی سەربری.

ئیرانیـەکان، هـەروەها نیازیـان وایـە کیندەرگـاچ ی گوندەکـەی قـادر ئاغـاش بۆردومان بکەن. لەبەر ئەوەی مینەخانی کوری گوندەکەی قایمو پر لە چەکدار کردوە، هەمو هەولەکانیان (ئیرانیەکان) بۆ هینانەوەی سەربار بی هودە بو.

ژمارەی زۆر لەیاخیبوەکان، وە هەروەها لە خەلکانی شەرنەکەر، کە مەیال نەبون بۆ ئیران، رایانکردوە بۆ سەردەشتو ناوچەکانی تری کوردسـتان کـە گەیشـتنیان ئاسان نیە، لەنزیك لەشکرەکەی ئیرانەوە.

عوسمان ئاغا گەوریك کە سەرۆکیکی بەدەسەلاتە، خۆی لـە شۆرشـەکە بـەدور گرتوە. لەبـەر ئـەوە پیویسـتە حکومـەتی ئیرانی بـە عەقلـەوە مامەلـەی لەگـەلدا بکـات. هەمان تیروانین بەکار دەبیت بۆ سـەرۆكو خیلـەکانی دەوروبـەری سنەو سـەقز، کـە تـا ئیسـتا بـەبێ لایـەنیی ماونەتـەوە. رازی کـردنو راکیشـانیان دەیانکاتـە هاوپـەیمانی بەکەلك، سـەرانە وە توندوتیژیش دەیانکاتە نـەیاری کەللـەرەق. هـەمو لیوەشـاوەییو توانایەکی سوپاسالار پیویستە بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەو گیرو گرفتانەی لەدۆخەکەی

ئیستا ئالاون؛ بەلام بیگومان، ئاگاداری پیویستی بەهیزکردنی دادوەری دەبیت بە بەزەیی‌و دلنەرمی‌و، تیکەلنەکردنی بیّ گوناح‌یش لەگەلّ گوناحباردا شیوازی کاری توندی نابەجیّ لەلایەن ئیرانەوە پالّ بەوەوە دەنیّ کە لە بەهاردا یاخیبونیکی تازە وە یان جەنگیکی ئایینی لەنیوان سوننە مەزەبەکان‌و شیعەکاندا بەرپا ببیت.

لەوانەیە خراپەکاری‌و پەلاماردانی زۆرتری هیزەکانی ئیران بۆ سەر خەلکانی سوننی بیّ خەتا، ئیش کردن‌و چالاکیەکانی بابی عالی سارد بکاتەوە، لەکاتیکدا ئەو هیزی ناردوە بۆ سنوری تورکیا، بۆ ئەوەی ریّ لەپاشەکشەکردنی شۆرشگیرەکان بگریت.

وا راگەیەندراوە کە تەیمور پاشا خان ١٦٠ بارە حوشتری تفەنگ‌و فیشەکی گرتوە، کە بۆ شیخ دەچو؛ وە گرتنەکەش لەناوچەی برادۆست رویداوە (بوە)و، کاروانچییەکەش گوتویەتی، ئەو ویستویەتی ئەو کەلوپەلانە بگەیەنیتە نوچی‌و بە واندا تیپەریوە.

پیشرەویی کردنی لەشکری ئیران لە بناب‌وە بۆ سابلاخ زۆر بە خیرایی نەئەچوە پیشەوە. شیخ عەبدوالقادر، هەمزاغا، سەرۆکەکانی زەرزی، هەمویان ئەوەندەیان کات بەدەستەوە بو کە بتوانن بەباشی لەشارەکەی دواییەوە (مەبەستی سابلاخە) هەلبین. لەویوە، بەو بەشە کەمەی لەشکرەکەی پیشویانەوە رۆیشتن بۆ خیوەتەکانی مەرگەوەر، هیزی زیادەیان کۆکردەوە، بە لاهیجاندا تیپەرین بۆ شنۆ، هەولی پەلاماردانیکی سنوری لای سولدوزیشیان دا، کە لەئاکامەکەیدا لەلایەن قەرەپاپاکانەوە دامرکیندرایەوە. لەکۆتاییدا، شیخ عەبدوالقادر کشایەوە بۆ مەرگەوەر شتیکی گران نیە لەوە بگەین کە بۆچی روسیا زۆر بە مەبەستەوە دەروانیتە ئەم کیشەیەی ئیستاو داهاتوی ئیرانداو، ناشتوانیت گویّ نەداتە ئەنجامی جولانەوەیەك کە فراوان دەبو بۆ سنورەکانی لای ئازەربایجانەوە.

هاوپیچی ٣ی ژمارە: ٧٠

لە کۆنسۆلی گشتی، ئابۆت وە بۆ مستەر تۆمسن

بەریز، تەوریز، ٢٩ ت٢، ١٨٨٠.

لەریگەی هەوالەکانی دواییەوە زانیومە کە سوپاسالار ٥ فەوج، ٨ تۆپ، لەگەلّ ١٥٠٠ سوارەی بۆ مەرگەوەر ناردوە؛ ٤ فەوجیش بۆ مل پیدانی مەنگورەکان‌و ئەوەیش کەماوە لە لەشکرەکەی، کامپەکەی گواستۆتەوە بۆ سولدوز.

دانیشتوانە کوردەکانی سابلاخ کە هەلاتبون بۆ سەردەشت‌و ناوچە شاخاویەکانی تر، لەریگەی ئەحمەد بەگی سەرۆکی خیلی بایەزیدەوە، گەراونەتەوە مالەکانیان.

ئەحمەد بەگ هەمیشە دلسۆز بوە بۆ ئیرانو، لەگەڵ سوپاسالاریشدا رۆیشتبو بۆ سابلاخ، کە سەردار الدولە فەرمانرەوای بو.فەرمان بە بیوك قەرە پەپاك دراوە کە سەرۆکەکەی مامش کە لەسەرەتای قۆناغیکی شۆرشەکەدا لای یاخیبوەکانی گرتبو بهینیت بۆ بارگەکە، بەلام هەر زو دوای ئەوە خۆیدا بەدەستەوەو چوە لای ئیرانیەکان. لەمامەلە کردنیدا لەگەڵ سەرۆکە کوردەکاندا سوپاسالار لیوەشاوەییو توانایەکی زۆر دەخاتە رو. هەلبژاردنی ئەو بۆ عوسمان ئاغا کیورك ی سەردەشتەی بۆ فەرماندەیی ئەو هیزەی کە نیردرابوە سەر هەمزاغاو مەنگوریەکان، هەنگاویکی زۆر عاقلانەیە، چونکە ئەو سەرخیلانە لەگەڵ یەکتریدا ناکۆکن. پایەبەرزی هیچ گرفتیکی نەداوە بۆ لیبوردنی شاهانە بۆ هەمزاغا، بەلام تەلمیحیکی ساکاری داوە کە ئەگەر راستگۆو دلسۆز بیت، باشتر وایە بیت بۆ کامپەکەو دلسۆزی خۆی بخاتە روو مل دانەوینێ.

لەو باوەرەدام، کە سوپاسالار، بەگەیشتنی بۆ سابلاخ، ریوشوینی بەپەلەی داناوە بۆ ریگەگرتن لە ئەنجامدانی کاری نابەجێو توندوتیژی زیاتر لەلایەن لەشکرەکانی ئیرانەوەو، ئەو ریو شوینانەش دەریان خستوە کاریگەر بون؛ وە پیش رۆیشتنیشی لە تەوریز، فەرمانی توندی ناردوە بۆ ئەو ئەفسەرانەی فەرماندەیی لەشکرەکانیان دەکرد، کە پاسەوان بۆ هەمو ئەو گوندانەی کە بیگانەکان رەهنیان کردبون دابنێو لە تەنگپیهەلچنینو نارەحەتی بیانپاریزیت. گەر وەك ئیستا تەئکید کراوە ئەو گوندانە کاولکرابیتن، پیویستە ئەم پیش بونی سوپاسالار بە فەرماندەی گشتی، رویدابیت. ئەو ئەفسەرانەیش کە ریگەیان داوە ئەو کاولکاریانە بکرینو بەردەوام بن، بەرپرسیارن لییانو، هەروەها لەپشت گوێ خستنی (تجاهل- اهمال) ئەو ئامۆژگاریانەی بەریزی دەری کردون.

شیخ عوبەیدوالله خاوەنی چەندین گوندە لەمەرگەوەرو لە بەرزاییەکانی لیواری (حافە) ئەو ریزە چیایانەدا کە سنوری نیوان تورکیاو ئیران پیکدینن. هیچ دور نیە کە بۆ ئەو لایە کشابیتەوەو، لیرەش هەوالیك بلاوە کە هیزیکی تورکی پەکی هەولیکی شیخی خستوە کە کردویەتی بۆ پەرینەوەی لەسنور.

ئیچریك بارەگای عەلی خانی سەرخیلی شکاکە، بەناراستەوخۆ لە بروسکەکەدا ئاماژەی بۆ کراوەو، دەکەویتە لای راستی دەربەندی چیاکەوە، کە سەلماس لە ورمێ جیادەکاتەوە.

(ئیمزا) ولیام جی. ئابۆت

ژمارە: ٧١

لە مستەر پلەنکیت وە بۆ ئیرل گرانڤیل– (لە ٢٠ی کانونی یەکەمدا گەیشتوە)

گەورەم، **سانت پیتەرسبورگ، ١٤ی ك١، ١٨٨٠.**

دوینێ لەماوەی گفتوگۆیەکدا لەگەڵ M. de Giers، پرسی دوا هەواڵەکانم لیکرد سەبارەت بە کوردستان.

بەریزی وەڵامی دامەوە کە بەو دواییانە هیچی پینەگەیشتوە، بەڵام باوەری وابو کە شۆرشەکە دامرکینراوەتەوە.

منیش گوتم، لەم حالەتەدا، من وایبۆ دەچم کە سازدانی زیاتری روس لەسەر سنوری ئیران پیویست نەکات. بۆئەمە، M. de Giers تەنها ئەوەندەی وەڵام دایەوە، کە بایەخیکی زیاد لەپیویست بەو دو فەوجە دراوە کە روسیا بەراستی زانیبو بۆ نەخچەوانی بگویزیتەوە.

(ئیمزا) ف. ر. پلەنکیت

ژمارە: ٧٢

لە کاپتن کلایتن وە بۆ مەیجەر ترۆتەر– (لە ٢٢ی کانونی یەکەمدا گەیشتۆتە وەزارەتی دەرەوە)

بەریز، **وان، ٩ ت٢، ١٨٨٠.**

لە ٦ی ئەم مانگەدا بروسکەیەکم بۆ سەفیر نارد، تیادا هاتبو کە شیخ عوبەیدوالله ورمێی گرتوەو، هەروەها لە ٧ی ئەم مانگەشدا بەبروسکەیەکی تر رامگەیاندبو کە لەشکرەکانی ئیران جاریکی تر دەریان پەراندوە. ئیمرۆش، سەمیح ئاغا پیی راگەیاندم کە شیخ لە راستیدا هەرگیز نەچۆتە ورمێوە، ئەگەرچی نیو سەعاتیك دور بوە لەشارەکەوەو، پاشەکشە کردنەکەش بەهۆی پیشرەویی لەشکرەکانی ئیرانەوە بوە بەڵام لەسەر ئەو داواو هاندانو ئامۆژگاریەی حکومەتی تورکیا داویتی. جیاوازی هەیە لەو بۆچونانەدا سەبارەت بەوەی کە چ هاندەریك بەشیوەیەکی سەرەکی تەئسیری لەشیخ کردوە؛ لەوانەیە نزیکی ئیرانیەکانو کەسایەتی رارایی‌و بە گومانی هیزەکانی خۆی وای لەشیخ کردبیت حەزبکات گوێ لەراویژی دۆستانەی کاربەدەستە تورکەکان بگریت. هەروەها هەوال هەیە کە عەبدوالقادریش کشابیتەوەو، دوینێ لیرە واتەواتی ئەوە هەبو کە کوژرابیت، بەڵام ئەم واتەواتە تا ئیستا تەئکید نەکراوە. بەهەر حال، بەشیوەیەکی گشتی وا دەردەکەویت کە جوڵانەوەی کوردەکان تەواو بوبێ.

سەبارەت بەدۆخی گشتیش لەم ولایەتەدا، بە بەردەوامی هەوالی تازە دەگەیەندریت دەربارەی تالانیو رااوروتی کوردەکانو، رەوکردنیش لەهەکاریەوە هیشتا بەردەوامە. هەروەها گازندەی زۆریش هەر بەردەوامە، سەبارەت بەرەفتاری لەشکرەکان لەکشانیاندا، بەلام ئیمرۆ سەمیح پاشا دلنیای کردم کە ئەوەی لەتوانایدا بیت بیکات بۆ کۆتایی هینان بەوکارە. هەروەها گوتیشی، بەشیك لەو مامەلەکردنە خراپە، گوندنشینەکان خۆیان بەسەرخۆیاندا دینن بەهۆی ئەو کەللەرەقیو خیرا تورە بونو مەزاجە خراپەوە بەرامبەر بەلەشکرەکانو، نەویستیشیان بۆ کردنی هیچ شتیك بۆیان. ئەمەی کە من تارادەیەك ناوی دەبەم بە تصرفی وەزعیکی دیاریکراو ئەوەیە، کە من هیچ گومانیکم نیە، هەندێ جاریش پیشان دەدریت، بەلام تارادەیەکی زۆر لە ئەنجامی مامەلەکردنی خراپی پیشوو، وە هەروەها بەشیکیشی بەهۆی وەزعە نەداریەکەی (فقر) ژمارەیەکی زۆر لەگوندەکانە.

(ئمیزا) ئیمیلیەس، کلایتن

ژمارە: ٧٣

لەسیر .ئیلیەت وە بۆ ئیرل گرانڤیل– (لە ٢٧ کانونی یەکەمدا گەیشتوە)

گەورەم، ڤیینا، ٢٣ کانونی یەکەم، ١٨٨٠.

لەسەر داوای وەزیری ئیرانی، بارۆن هایمەرلی بەلینی داوە کە پشتگیری لە داوایەك بۆ بابی عالی بکات کە هەندێ لەو سەرۆکە کوردانەی لەئاژاوە تازەکاندا بەشدار بون بگیرینو نەهیلرین ئاژاوەی نوێ بنینەوە.

(ئیمزا) هیزی ئیلیەت

ژمارە: ٧٤

لە مستەر St جۆن وە بۆ ئیرل گرانڤیل– (لە ٣١کانونی یەکەمدا گەیشتوە)

گەورەم، ئەستەمولَ، ٢٢ك١، ١٨٨٠.

لەسەر داوای جەنابی موحسن پاشای سەفیری ئیران لیرە، حەز دەکەم یاداشتیك، لەگەلّ چەند هاوپیچیکدا کە زۆر بەتواناوە قوتابیە وەرگیرەکان تەرجەمەیان کردونو، لەسەر مەسەلەی ئەو هوروژمو تالانیە تازانەیە کە کوردە عوسمانیەکان لەناو ئیراندا کردویانە، بەسەرپەرشتی سەرۆك عوبەیدوالله، کە بەتیشکانیك بەدەستی لەشکریکی

ئیرانی سەر لەنوێ پەریوەتەوە بۆ ناو خاکی عوسمانی، ئەمانە وەك باسدەکریت پاش ئەنجامدانی هەمو جۆرە کاریکی درندانەو خراپەکاری.

سەفیرەکە پیی راگەیاندوم، کە بەردەوام نزیکیی ئەم سەرۆکە لە شوینی شاکارە بێ شورەییەکانیەوە، ئەگەرچی شوینی نیشتەجیٚشی بیت لەخاکی عوسمانیدا، شا ناچار دەکات کە هیزیکی ٣٠,٠٠٠ کەسی تەرخان بکات بۆ چاودیریکردنی سنورەکەو، وە بەهۆی ئەو نارەحەتیە مەترسیدارانەش کە روبەروی ئەم لەشکرانە دەبیتەوە لەزستانداو و لەناو هەوایەکی لەو جۆرەدا، جەنابی وای بۆدەچیت کە هەزاران کەس لەناو بچن.

لەبەر ئەوە، جەنابی ئومیدەوارە، کە حکومەتی خاون شکۆ نفوزی خۆی بەکاربهینیت بۆ قەناعەت پیکردنی حکومەتی عوسمانی کە شیخ بگویزیتەوە بۆ مەسافەیەکی ئەوتۆ لە سنورەوە، کە شا بتوانیت لەشکرەکانی بکیشیتەوە.

(ئیمزا) ف. ر St. جۆن

هاوپیچی ١ی ژمارە: ٧٤

یاداشت

(تەرجەمە)

ئەو روداوە گرنگانەی کە لەم دواییانەدا بەتەواوی یەکیك لەناوچەکانی ئیرانی ویرانکردوەو، ئەو شیوازەش کە حکومەتی عوسمانی بە گونجاوی زانیوە پیرەوی بکات لەپیش، لەماوەی (ئاستانەی) وە پاش ئەم روداوانەدا، ئەرکی راگەیاندنی هەمو ئەم راستیانە دەخاتە سەرشانی سەفیری ئیرانی، بە نوینەرەکانی هیزە ناوبژیکەرەکان لەنیوان ئیرانو تورکیاداو، داواکردنی تەدەخولی جدی حکومەتەکانیان لەپیناوی گازندە عادلەکانی حکومەتی ئیمپراتۆری خاوەن شکۆ شادا.

بێچونە ناوەوەی دریژە زۆرەکانی ئەم مەسەلەیەوە، سەفیری ئیران شەرەفی ئەوەی هەیە، لەشیوەی مسوەدەیەکی (مخطط- مسودە) خیرادا دیارترین خالەکانی ئەم روداوانە بخاتە بەردەم قائم باللاعمالی بریتانیەوەو، کۆپی ئەو نامانەش کە بەم بۆنەیەوە ئالوگۆر کراوە لەنیوان سەفارەتی ئیمپراتۆریو بابی عالیدا، بەنامەکاریەکەیەوە بلکینیت.

نزیکەی دو ساڵ لەمەوبەر، بۆ یەکەم جار سەفیری ئیران ناچار کرا کە سەرنجی حکومەتی عوسمانی رابکیشیت بۆ رەفتاری پر هەرەشەی شیخ عوبەیدوللە، کە سەرۆك کوردیکی عوسمانیو، باش ناسراوە بەکارەریگریو جەردەییەکانی لەسەر

دانیشتوانە ئەرمەنیەکانی ئاسیا. ئەم پیاوە، کە خاوەنی کارگەیەکی گرنگی فیشەکە، تەنانەت تا ئەو ساتەوەختە، نزیکەی یەك لەشکری تەواوی لەسەر سنوری ئیرانو تورکیادا بە بەردەوامی هیشتبۆوە.

هیچ شتیك بەرامبەر ئەم هەنگاوەی سەفیری ئیرانی نەکرا؛ ئەویش نەك هەر تەنها بە ئەنقەست یان لەروی ئیهمالیەوە هیچ هەنگاویك نەنرا بۆ دورخستنەوەی مەترسیەکە، بەلکو تەنانەت مەترسیەکە لەلایەن هەمزاغاوە زیادی کردبو، کە سەرۆك کوردیکی تری ئیرانو ئازادکرابو: پەنای بردبوە تورکیاو، بەهۆی چەند تاوانیکەوە کە لەناوخاکی تورکیادا کردبوی، گیرابوو، نیردرابو بۆ ئەستەمولّ، لەویش بۆ نزیکەی پینج سالّ لەژیر چاودیری پۆلیسدا بو. ئەوەندەی نەبرد بو کە هەمزاغا ئازادکرابو کاتیك گەرایەوە بۆ ئیرانو پەیوەندی بەشیخ عوبەیدوللەوە کرد. بە تەشجیعی ئەوەی دواوە (شیخ)، هانی خیلی مەنگور، کە خۆی سەرۆکی بو، وە هەروەها خیلەکانی تری ئەو نزیکانەیدا کە شۆرش بکەن. لەبەر ئەوەی ئەم پەیوەندیانەی کوردەکان، ئیرانیەکانو، تورکەکان رۆژانە لەپیشەوە چوندا بو، نزیکەیپینج مانگ لەمەوبەر سەفیری ئیران رونکردنەوەیەکی زیاتری بۆ بابی عالی کرد، سەرنجی بۆ خر بونەوەی نزیکەی ٥٠٠٠ کورد، کە ئامادەبون پەلاماری خاکی ئیران بدەن، راکیشا.

سەفیری ئیران رەسمی ترین دلنیایی (تطمینات) لەبابی عالیوە پیگەیشت، کە ئەو کوردانەی کەلەسەر سنوری هەردو دەولەتەکە کۆبونەتەوە، بلاّوە پیدەکرین، بەلاّم هەر وەك پیشو، ئەم دلنیا پیکردنانە بە ئەنجام نەگەیەندرا.

لەم هەلو مەرجانەدا، هەمزاغا، بە بەهانەیەکی زۆر بیّ هودە ئیشارەتی شۆرشی دا، لەسنور پەریەوەو رۆیشت بۆ لای شیخ عوبەیدوللە، کە بەسەرۆکایەتی چەندین هەزار کەسەوە، کە چەکدار بون بەتفەنگی مارتینی- هینری، چاوەروانی دەکرد. هەمزاغاو دو کورەکەی شیخ عوبەیدوللە فەرماندەیی ئەم کۆمەلە کۆچەرە ناشارستانیانەیان وەرگرتو، خۆیان کرد بەناو ناوچەی ئازەربایجانداو بەشیوەیەك کە ناتوانریّ وەسف بکریت تالاّنو کاولیان کرد. نزیکەی ٦,٠٠٠ کەس بە کۆمەلّ کوژرا، پاش ئەوەی خراپترین شیوەی ئەشکەنجەو تەعەدا لیکردنیان چیشتبو: تەعەدای ناموس لەژنان کرا، مەمکیان بردرایەوە، بەشەکانی تری لەشیان پارچە پارچە کراو تیکدرا؛ پیرەمیردو منالاّن سوتینران؛ دانەویلە یا بردراوە یا لەناو برا. بەکورتی، هەمو دانیشتوانە موسولمانو مەسیحیەکان بەبیّ هیچ لیبوردنو بەزەییەك، بەدژوارترین ئیشو ئازارەوە لەناوچون. مرۆڤ میشکی تیك دەچیت لەبەردەم ئەو هەمو خراپەکاریەدا.

لەرۆشنایی ئەو ئامۆژگاریانەی لە حکومەتەکەیەوە پیی گەیشتبو، سەفیری ئیرانی داوای لە بابی عالی کرد کە هەمو پەیوەندیەك لەنیوان عوسمانیەکانو کوردەکانی ئیراندا بوەستینیت. ئەم هەنگاوە تازەیەی سەفیری ئیرانی، هەمان چارەنوسی ئەوەکانی پیشوتری هەبو. لەراستیدا، ماوەیەکی کەم دوای ئەوە، شیخ عوبەیدواللە خۆی بەسەرۆکایەتی چەندین هەزار کەس لەسنور پەریەوەو ناوچەی ورمێی تالانو کاولکرد.

پاشان لەشکر نیردرایە سەر ئەم هەمەجیانە؛ تیکشکاندنیان؛ هەم خیراو هەم تەواویش بو.

بەناریكو پیکترین شیوە لەسنور پەرینەوە، دوای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لەشەرکەرەکانیان کوژران. ئینجا سەفیری ئیران داوای کرد کە ریگە نەدریت راکردوەکان بچنە ناو خاکی تورکیاوە. ئەم جارەش بابی عالی دیسان گفتیداو، گفتەکەشی بە ئەنجام نەگەیاند. شیخ عوبەیدواللەو دور کورەکەی توانیان بەکۆمەلە خەلکە کۆچەرەکانیانەوە، لەسنور بپەرنەوە. کاتیك کوردەکان چونە ناو خاکی عوسمانیەوە، گەرانەوە ناو مالەکانیان، دوای ئەوەی تالانیەکانیان بەشکردبو بەبێ ئەوەی بەهیچ شیوەیەك تەنگیان پێ هەلچنریت.

ئەو راستیانەی باسکران، هیچ رونکردنەوەیەکیان پیویست نیە.

ئیمرۆ، بەرپرسیاریتی زۆر دەکەویتە سەر هەم ئەو کەسانەی کە لەکاتیکدا ئەیانتوانی ریگە لەو بەدبەختیە بگرن، بەلاّم ریگەیان دا روبدات، وە هەم ئەو کەسانەی بە مەبەست یان لەروی ئیهمالەوە دوچاری تاوانکاران بونەتەوە، کە توندترین سزا بەس نیە بۆیان گەر بێ سزادان بۆی دەرچن.

حکومەتی خاوەن شکۆی شا داوا دەکات کە دادوەری پیرەو بکریت؛ کە شیخ عوبەیدواللەو کورەکانی لەو ولاّتانە بەدەر نرینو بدرینە مەحکەمە؛ کە کوردەکانی ئەم ناوچانە چەك بکرین؛ کە ریگە لەپەیوەندی نیوان کوردەکانی عوسمانیو ئیراندا بگیریت؛ کە ئەو کوردانەی پەنایان بردوە بۆ خاکی عوسمانی، بەپیی بەندی ٥ی دوا پەیماننامەی ئەرزرۆم تەسلیم بە حکومەتی ئیران بکرینەوە.

سەفیری ئیرانی بەباشی دەزانیت ئەوەش بلیت کە، بەهۆی ئەو زانیاریە تایبەتیانەی پیی گەیشتوە، کاربەدەستە عوسمانیەکان، دور لە دانانی ریو شوینی خۆپاراستن بۆ کۆتایی پیهینانی ئەم روداوانە، تەنانەت هانی خولقینەرەکانیشی داوەو، ئیستاش هیچ شتیك ناکەن بۆ ریگەگرتن لە دوبارە بونەوەیان. سەرباری ئەوەش، لەگەلّ گازندە یەك لەدوای یەکەکانی ئیرانیشدا، زمان حالی رۆژنامەگەریی

تورکیا لەسەر ئەم مەسەلەیە، کە رای گشتی پیشان نادات، بەلکو رای بازنەکانی حکومەت دەخاتەرو، بەشیوەیەکی کافی تەئکید لەم زانیاریە دەکات.

هاوپێچی ۲ی ژمارە: ٧٤

نامەیەك لەبابی عالیەوە بۆ سەفارەتی ئیرانی، لە ٢٥ی تشرینی دوەمی ١٨٨٠دا.
(تەرجەمە)

لەدوا نامەمدا بۆ بەریزتان، رونم کردەوە کە هۆزە ئیرانیەکان لە قازاو کوڤاردا بەنیازی خراپەوە یەکیان گرتوەو، لەلایەن فەرمانبەرە ئیرانیەکانەوە هاندراونو، لەهەوالیشدا هاتوە کە پر چەکیان کردون.

ئیستا، نامەکەی بەریزتان بە بەرواری ١٦ی تشرینی یەکەم وەرگرت، کە تیایدا وەلام دەدەیتەوە بەوەی کە هیچ جۆرە بنچینەیەك نیە بۆ تەئکید لەسەر ئەوەی کە فەرمانبەرە ئیرانیەکان چەکیان بەو خیلانەی لای سەرەوە باسکراون، دابیتەوەو، بەپیچەوانەوەشەوە، هەمو تەگبیریکی خۆپاراستن کراوە بۆ ریگەگرتن لەو جۆرە رەفتارە ناقانونیە. سەرباری ئەوەش، بەریزتان تەئکید لەسەر ئەوە دەکەن کە هەمزاغا، کە پەنای بردوە بۆ ناو خاکی تورکیا، لایەنگریکی شیخ عوبەیدوللەیەو، دوای کۆکردنەوەی چەند هەزار کەسیك بۆ مەبەستی راووروتو تالانی، ئیستا خەریکی تالانکردنی ناوچەی سابلاخە؛ ئەو راستیەش کەکورو کورەزاکانی شیخ عوبەیدوللە خەریکی ئەم ئاژاوانەن، بەلگەیەکە کە عوبەیدوللە خۆی بەشدارە لەگەلیانداو، گەر ئیمە ریو شوین دانەنین بۆ تیکشکاندنی ئەم یاخیبونە، ئەوسا بەرپرسیاریەکە دەکەویتە سەر ئەوانەی کە بەهۆیانەوە پەیدا بوە. لەبەر ئەوەی کە بەریزتان لە پەنجەرەیەکی جیاواز لەوەی ئیمە دەروانننە یاخیبونەکەی هەمزاغاو، بۆ ئەوەش دەخوازن بەرپرسیاریەکە بخەنە سەر خەلکی تر، بەئەرکی خۆمی دەزانم چەند رونکردنەوەیەك لەسەر مەسەلەکە بکەم. ماوەیەکی زۆر نابیت لەمەوبەر کە ئەو هەمزاغایەی لەسەرەوە باسکرا، دوای ئەوەی کاربەدەستە عوسمانیەکان بۆ ماوەیەك لەسەر کاری ناقانونی کە لەناوچەی کەرکوكدا کردبوی، دەیگرن، پاش ئەوە بە مەرجی نیشتەجێ بون لە موسڵدا، ئازادی دەکەنو، لەویشەوە هەلدێ بۆ سابلاخو، کاربەدەستە ئیرانیەکانیش مامەلەی باش دەکەنو، بەرگیکی شەرەفی پێ ئەبەخشنو، دەیکەن بەسەرۆکی ئەو هۆزانەی لەسەرەوە باسکرانو، تا ئەم ساتەش هەر لە ئیران نیشتەجێیەو، ئیستاش بەیداخی شۆرشی بەرز کردۆتەوە. سەبارەت بە عەبدوالقادری کورەکەی شیخ عوبەیدوللەش، چەند سالیکی کەم لەمەوبەر، خاکی تورکیای جیهیشتوەو لەئیران نیشتەجێ بوەو، لەو ساوە داویتیە پاڵ

شۆڕشگێرەکان. بەڕیزتان تەئکید لەسەر ئەوە دەکەن کە هەندێ لە دانیشتوە کوردەکانی خاکی عوسمانی، لەگەڵ ئەوانەی لەژێر سەرکردایەتیی هەمزاغادان یەکیان گرتوە. ئیستا حکومەتی ئیمپراتۆری خاوەن شکۆی سولتان ئەوەندە بەپەرۆشە کە بەرژەوەندیەکانی ئیسلام بپاریزیت و، لەهەمان کاتیشکدا ئاگاداری ئەوانە بکات (رعایە) کە دەولەتیکی سنور هاوبەشو دۆستانەن، هەرگیز بۆ ساتیکیش ریگەی نەداوە هیچ هاندانیك بۆ جوڵانەوەیەکی شۆرشگیرانە بکریت.

بەو پییە، بەهۆی سەرهەلدانی یاخیبونەکەی ئیستاوە، بەپەلە فەرمان درابو بۆ زیادکردنی ئەو هیزە سەربازیانەی لەسەر سنوری هەردو دەولەتەکە دانرابون، بەتایبەتی لەلای رەواندز، هەکاری، کۆڤارو واندا، وە تەنها نەك هەر ریگە لە کوردەکانی تورکیا گیرابو کە بدەنە پاڵ ئەوانەی ئیران، بەلکو لەریگەی سەرۆکەکانەوە، کە ئامۆژگاری بۆ بەنفوز ترینیان ناردبو، زۆر لەو خیڵانەی لە زەویە پر لەوەرگاکانی خاکی ئیراندا نیشتەجین و، لەگەڵ ئەوەشدا بە بنچینە عوسمانین، رازی کرابون لە سنورەکان بپەرنەوەو بگەرینەوە ناو خاکی تورکیا. بەم هەنگاوانە، ئیمە بەلگەی دۆستایەتیمان بەدەولەتی ئیران داوەو، ئەو پەیوەندیانەمان بەهیز کردوە کە دو ولاتەکە بەیەکەوە هاوکاری بکەن. لەبەر ئەوە، کاتێ دەبینین کوردە عوسمانیەکان بەشداریان لەم شۆرشەدا نەکردوە، حکومەتی عوسمانی بەهەمو شیوەیەك تەقەللای داوە ئاژاوەکە دابمرکینێ، ناتوانریت عوبەیدوالله بەرپرسیار بکریت بۆ ئەو شۆرشەی کورەکەی لە ئیراندا بەرپای کردوە، چونکە هیچ بەلگەیەك نیە کە جوڵاندنەوەکەی ئەم دو سەرۆکە بەیەکەوە گریدراون، سەرباری ئەوەش، دەبینین حکومەتی عوسمانی لە ئاستیکدا نەبوە بتوانێ ریگە لەخیلە عوسمانیەکانی دانیشتوی زەویە پر لە وەرگاکانی ناو خودی خاکی ئیراندا بگریت لە بەشداربونیان لە شۆرشەکەدا، گەر لەراستیدا وایان کردبیت. (بەشداریان کردبیت). دەخوازم بە بەریزت رابگەیەنم کە دلسۆزانە پەژارەی خۆم دەردەبرم بەوەی کە نەئەبوایە بەرپرسیاریتی بخرایەتە ئەستۆی دەولەتیك کە هەمیشە گەورەترین حەماسەتی پیشان داوە بۆ ئەم بە ئەنجامگەیاندنی ئەرکەکانی بەرامبەر ئیران وەك ولاتیکی هاوسنورو دۆست، بەرپرسیاریەك کە قبوڵ کردنی بەتەواوی رەت دەکەینەوە.

هاوپیچی ٣ی ژمارە: ٧٤

نامەیەك لەسەفارەتی ئیرانیەوە نیردراوە بۆ بابی عالی، ١٥ی تشرینی دوەم، ١٨٨٠ (١٢ی زی الحجە، ١٢٩٧) (تەرجەمە)

سەفارەتی ئیرانی لەوەڵامی نامەکاریەکانیدا، گەیشتنی نامەیەك بەبەرواری ٢٥ی تشرینی دووەمی ١٨٨٠ (٢١ زوالحجە، ١٢٩٧) دا رادەگەیەنیت، کە هەمزاغا، دوای زنجیرەیەك تالانی نارەوا لەئیراندا، هەڵاتبو بۆ ئەو دیو سنوری تورکیاو، لەویش دوای تجنید کردنی هەندێ لەلایەنگرەکانی شیخ عوبەیدواللەو چەند هەزار کوردیکی ناوچەکە، گەرابۆوەو، پالی دابوە شۆرشی کوردەکان لەئیرانو چەندین کاری توندو تیژیو داپلۆسینی دژ بە رەعیەتە دلسۆزەکانی سنجقی سابلاخ ئەنجام داوە؛ سەرباری ئەوەش، کورو کورەزاکەی شیخ لەگەڵ هەمزاغادا بونو، زانیاری باوەرپیکراو هەبو سەبارەت بە بەشداریکردنی شیخ لە یاخیبونەکەدا.

بابی عالی، لەوەڵامەکەیدا رونی دەکاتەوە کە، بێ گویدانە مافە نیو دەولەتیو پەیماننامەکان، سەبارەت بەیەکبونی رەگەزو نزیکیی خاکەوە، ئامۆژگاری پیویستیدابو بە فەرمانبەرەکانی کە ریگە لەهاوکاریکردنی کوردەکانی تورکیاو بلاوبونەوەی یاخیبونەکە بگرن؛ هەروەها دۆستایەتی خۆی پیشانی حکومەتی ئیرانی دابو، بەناردنی هیزی تازە بۆ هەموو مەخفەرە گرنگەکانی سەر سنور، بەتایبەتی بۆناو ناوچەکانی رەواندز، هەکاری، کوڤارو، وان؛ بەو جۆرە، ئەوەندەی توانرابو، هەمو ئەو ریگەی پەیوەندیانەی نەهیشتبو، کە بە هۆیەوە کوردەکانی تورکیا ئەیاندایە پاڵ یاخیبوەکان، بەڵام نەیتوانی شیخ عوبەیدوالله بەرپرسیار بکات بەرامبەر کردارەکانی کورەکەی، وە یان بەشداربویەك لەیاخیبونەکەی کورەکەیدا لەو دیو سنورەوە.

سەفارەتی ئیرانی سوپاسو پیزانینی خۆی پیشکەش بەبابی عالی دەکات بۆ ئەو ئیجارائاتە دۆستانەیەی لەبری کراوە. سەرەرای ئەوەش، لەسەرچاوەی باوەرپیکراوەوە بیستویەتی کە کوردەکانی تورکیا خیڵ بەدوای خیڵدا، بەم دواییانە لەسنور پەریونەتەوە، کەلوپەلو تفاقی سەربازیان بۆ یاخیبوەکان گواستۆتەوە بۆ ناو ئیرانو، بەهەمو شیوەیەكو بەئاشکرا یارمەتیان داون؛ شیخ عوبەیدوالله خۆیشی، بەهیزیکی گەورەوە پەریوەتەوەو، کاری هەمە جیانەی لە ورمێو ناوچەکانی نزیکیدا ئەنجام داوە؛ لەگەڵ وریابونو ئاگاداریکردنی بابی عالیشدا، ریگە لە کوردەکانی تورکیا بەهیچ شیوەیەك نەگیراوە کە هەمو جۆرە یارمەتیەك بە شۆرشگیرەکان بگەیەننو، ریگەی پەیوەندیەکانیشیان لی نەگیراوە بەهۆی گوێ پێنەدانی فەرمانبەرە تورکەکانی سەر سنورەوە؛ ئەمەیش شیوازیکە کە زۆر زەرەرمەند دەبیت بۆ بەرژەوەندیەکانی ئیسلامو هەردو ئیمپراتۆریەتەکەو، کە ناشتوانریت لەلایەن حکومەتی ئیرانەوە قبوڵ بکریت.

سەفارەتی ئیرانی زۆر بەداخە کە دەبینێ بابی عالی بەردەوامە لەسەر پشت گوێ خستنی بەشداركردنی شیخ، ئەگەرچی سەفارەتی ئیرانی ژمارەیەكی زۆر دۆكیومینتی بەدەستوخەتی شیخ لەلایەن دەیسەلمینن كە ئەو (شیخ) هۆی راستەقینەی شۆرشەكەیە؛ لەماوەی ئەو دو سالەی دواییدا، زانیاری سەرزارەكیو نوسراو بە بابی عالی دراوە سەبارەت بەوەی كە شیخ لەماوەی سێ سالی رابوردودا تۆوی یاخیبونی چاندوە.

دەرئەنجام، سەفارەتی ئیرانی دەخوازێ ئەوە رونبكاتەوە كە ئەگەر بەهۆی بەشداریكردنی لە هوروژمەكە بۆ ناوخاكی ئیرانو لەبەشداریكردنی لە شۆرشەكەدا گوشار بخریتە سەر شیخ، شتیكی ئاشكرایە كە سەر لەنوێ خۆی دەكاتەوە بەناو خاكی توركیادا؛ خۆ ئەگەر ریگەی پیبدرێ بەبێ هیچ كۆسپیك بپەریتەوەو تەسلیم بە فەرمانبەرە ئیرانیەكان نەكریتەوە، وە بەپیچەوانەشەوە، پیشوازی باشی لیبكریتو تەنانەت بخریتە ژیر سایەو پاراستنی ئیمپراتۆریەتەوە، ئەوا ئەو شیوازە پیچەوانەی دۆستایەتی تەواو و نیەت پاكی دەبیت كە لەنیوان دو ولاتدا هەن؛ خەلكو مالو مولكیكی زۆر لەدەست دەچنو؛ دەبیت بەرپرسیاریتی دەرئەنجامی وا خراپ بخریتە ئەستۆی ئەوانەی كە بە شیوەیەیەكی ئاشكرا سەبەب كاری بون.

هاوپیچی ٤ی ژمارە: ٧٤

نامەیەك كە لە بابی عالیوە بۆ سەفارەتی ئیرانی نیردراوە،

٢٨ی تشرینی دوەم، ١٨٨٠.

(٢٥ی زی الحجە، ١٢٩٧)

(تەرجەمە)

بابی عالی بە پەژارەوە ئەو نامەیەی بەرواری ١٥ی ت١، ١٨٨٠ (١٢زی الحجەی، ١٢٩٧) كە لە سەفارەتی ئیرانیەوە پیی گەیشتوە، خویندەوە، لەوەلامی نامەكەی خۆیدا، كە ئەو ئیجرائاتە دۆستانانەی رونكردبۆوە كە حكومەتی توركیا لەسەر سنور كردبونی، لەگەل جیاكردنەوەی خیلەكانی توركیا لە كوردەكانی ئیران. (دیارە مەبەستی خیلە كوردەكانە، وەرگیر)

پیویستە سەفارەتی ئیرانی لەوە باش ئاگاداربیت كە حكومەتی توركیا، وەك شیوازیكی دۆستانە، هەمو ئەوەی لەتوانایدا بوە كردویەتی بۆ دامركاندنەوەی شۆرشەكە، هەم بە پاسەوانكردنی سنورەكەو هەم لە پیش وەخت گیراندنەوەی ئەو خیلە توركیانەی كە لەهاویندا لەبەرزاییەكانی ئیراندا دادەنیشن.

بەهۆی ئەم ریو شوینە کاریگەرانەوە، یاخیبوەکان نەیانتوانیوە ژمارەکانیان زیادکەن؛ دوبەرەکیو کیشە لەنیوانیاندا پەیدا بوەو، جموجولی لەشکرەکانی ئیرانیش ئاسان بوە.

بە لە بەرچاوگرتنی ئەم راستیە خراپانە (بەدناوانە) کە بەباشی سەلمیندراون، بابی عالی بەسەرسورمانو داخەوە دەنواریتە ئەوەی کە سەفارەتی ئیرانی لەنامەکەیدا حکومەتی تورکیا بەرپرسیار دەکات بەرامبەر بە هوروژم بۆناو ئیران لەلایەن کوردەکانی تورکیاوە، بۆ یارمەتی کە تورکیا دابیتی بە یاخیبوەکان، وە بۆ ئەو خۆ گیل کردنەی فەرمانبەرە سیڤیلو سەربازیەکانی لەسەر سنور.

لەو ئیجرائاتانەی کراون، حکومەتی تورکیا تەنها دۆستایەتی دلسۆزانەو هەستی پاك هاندەری بون بەرامبەر حکومەتی ئیرانی. ئەم ئیجرائاتانەش یاریدەدەریکی مادیی بون بۆ دامرکاندنی شۆرشەکەو، زیاتریش لەوە رەزامەندیو پیزانینی حکومەتی ئیرانی پیشانداوە؛ لەبەر ئەوە، شوینی سەرسورمانەکە کە سەفارەتی ئیرانی لەنامەکەیدا بەرامبەر وەستاوەو تەئکید لەسەر پیچەوانەی ئەو شتە دەکات.

ناتوانریت شیخ عوبەیدوللە بەرپرسیار بکریت لە یاخیبونەکە چونکە گەر بیلایانانە لە مەسەلەکە بکۆلدریتەوە، دەردەکەویت کە هۆ سەرەکیەکان ئەو توندوتیژییە کە بەرامبەر هەمزاغا پیشان دراوەو ئە و چەوساندنەوەی چەند خەلکانیك لەلایەن کاربەدەستە ئازەربایجانیەکانەوە، وە هەروەها ئە و راوو روتو تالانیە هەمیشەییەی کە خیلەکانی سەر سنوری ئیران دەیکەن.

بەو جۆرە، هەر ئەوەندەی پال بە هەمزاغاوە نرا بۆ یاخیبون، لەسەر داوای حکومەتی تورکی شیخ لەمەیدانی شەر کشایەوە، کەچی خیلە ئیرانیەکان هەر بەردەوام بون لەسەر پەلاماردانو ئەوەیش خەلکی ناوچەکەی هاندا تۆلە بکەنەوە.

ئەنجامی باشی ئەو ئیجرائاتانەی حکومەتی تورکیا کردبونی، ئەوکاتە ئاشکرا بونو، بیجگە لەو کەسانەی کە لە بەرزاییەکانی ئیراندا مابونەوە، یەك خیلی تورکی لەهیچ کاتیك وە یان لەهیچ شوینیکدا نەیانداوەتە پال یاخیبوەکان.

بەهەر حال، شتیکی پیویستە کە حکومەتی ئیرانی وەلامی هەولی دۆستانە بداتەوە وەك ئەوەی تورکیا لەو دیو سنوری خۆی کردویەتی. ئە وە راستیەکی پر داخو پەژارەیە کە خیلەکانی ئیرانی بەردەوامن لە جەردەییو تالانی لە ولایەتەکانی بەغدا، موسلو، واندا. پیدەچێ ئەو نامە یەك لەدوای یەکانەی بابی عالی ناردونی بێ هودەبن (غیر مجدی)و، تالانچیەکانیش تەواو سەربەستیان لەخاکی ئیراندا هەبێ.

بەو جۆرە ، لەو دریژەیەی پیشکەش کرا، دەبینریت کە، لەکاتیکدا حکومەتی تورکی هەمو تەقەللایەکی داوە بۆ پاراستنی بەرژە وەندیەکانی ئیران، بناغەیەکی

چاکی هەیە بۆ گازندەکردن بۆ ئەو زەرەرو زیانو ئازارانەی بەدەستی خیلە ئیرانیەکان دوچاری خەلکی تورکیا بۆتەوە.

لەبەر ئەوە، بابی عالی ئە و بەرپرسیاریەتیە رەفز دەکات کە پیدەچی سەفارەتی ئیرانی بخوازێ بیخاتە ئەستۆی.

هاوپیچی ٥ی ژمارە: ٧٤

نامەیەکی سەفارەتی ئیرانی بۆ بابی عالی، ٥ی کانونی دوەمی ١٨٨٠.

(تەرجەمە)

بەداخیکی زۆرەوە، دوانامەتان بە بەرواری ٢٨ تشرینی یەکەمی ١٨٨٠، لە وەلامی نامەکەی پیشوماندا وەرگرت. لەو نامەیەدا پیمان راگەیاندبون کە شیخ عوبەیدوالله، لە سێ ساڵ لەوەبەرەوە هانی کوردەکانی ئیران ئەدات بۆ شۆرشو، بەباشترین بەلگەو نامەی نوسراو بەدەستی خۆی سەلماندویەتی کە بزوینەری فتنەو یاخیبونە، بەم دواییانە لەگەڵ هیزیکی گەورەدا پەریوەتەوە بۆ ئەم دیو سنوری ئیمەو خۆیشی بەشداری لەکارە نارەواکاندا کردوە. ئیمە هەروەها پیمان راگەیاندن کە خیلە کوردە عوسمانیەکان، یەك لەدوای یەك، بە پیشیلکردنی هەمو پەیماننامەو ریکەوتنیك لە سنور پەریونەتەوەو، بەئاشکرا یارمەتی یاخیبوەکانیان داوە بۆ گواستنەوەی تەقەمەنیو کەلو پەلو پیویستی تردا. ئیمە گوتمان کە، لەبەر ئەوەی سوپای عوسمانیو فەرمانبەرە سیڤیلەکانی سەر سنور بەهیچ شیوەیەك ریگە لەم کارانە ناگرن، وا ئاکامە خەمناکەکانی دەکەویتە ئەستۆی ئەو کەسانەی کە هانیان داون یاخیبن.

لەوەلامەکەتاندا، تێبینی دەکەین دەلین، هەرچەندە حکومەتی ئیرانی رەزامەندی دەردەبرێ بۆ ئە و هەنگاوانەی کە حکومەتی عوسمانی ناویتی بۆ پاسەوانی کردنی سنورەکەو، ریگەگرتن لە خیلە کوردە جۆراو جۆرەکانی عوسمانی کە نەدەنە پاڵ شۆرشەکە، کەچی هیشتا ئیمە (سەفارەتی ئیران لە ئەستەموڵ) هەمیشە تیروانینیکی پیچە وانەمان هەبوە بۆ مەسەلەکە. ئیوە دەلین، لەسەر ئامۆژگاری حکومەتی تورکیا، عوبەیدوالله لە مەیدانی شۆرشەکە کشاوەتەوەو، برینی بەردەوامی سنور لەلایەن هۆزە ئیرانیەکانەوە، رۆحی تۆلەسەندنەوەی لەناو دانیشتوانە تورکەکاندا بەرزکردۆتەوە؛ دیسان، ئەوەی کە ویرای ئەو خیلانەی ئیستا لە مەیدانەکەدان، هیچ خیلیکی عوسمانی تر هەرگیز نەیداوەتە پاڵ یاخیبوەکان؛ بەو جۆرە خواستی خۆتان پیشان ئەدەن بۆ دەربازبون لە بەرپرسیاریتی. زۆر لامان سەیرە، دەبێ بۆچونی ئیمە لە چ بەشیکی مەسەلەکە جیاواز بوبێ لەوەی حکومەتەکەمان. یەکە م شت، ئیمە سوپاسمان کردن، هەم لەلایەن جیگیرەکەمان. وە هەم خۆم بەشەخسی بۆ ئەو

دلنیاییکردنانە کە ئیوە داتان بە ئیمە بۆ پاسەوانی کردنی خالە گرنگەکانی سەر سنور. زۆر بەداخەوە دەلیین کە ئەو ئیجرائاتەی ئیوە کردتان هیچ جۆرە کاریگەریەکی نەبو، چونکە ریگەیان لەهیچ کەسیك نەگرت کە لە سنور دەپەریەوەو، هەمو ئەو کەسانەش کە تا ئیستا نەپەریونەتەوە، خەریکن دەپەرنەوە.

دوەم شت، سەبارەت بەعوبەیدوالله کە لە مەسەلەکەوە گلاوە، هەرچەندە ئیمە زۆر جار ئاگاداری ئیوەمان کردوە کە ئەو (شیخ) هۆی هەمو ئاژاوەکانو هاندەری شۆرشە، بەلام ئیوە هەمیشە هەولتان داوە خۆشناوی بکەنو، سوربن لەسەر وتنی ئەوەی کە هیچ پەیوەندیەکی بەیاخیبونەکەوە نەبوە. بەلام ئیستا هەرچۆنیك بیت، بەسە کە ریگا ئەدەنو دان بە وە دا دەنین کە لە سنور پەریوەتەوەو جاریکی تریش گەراوەتەوە.

بەهەرحال مەسەلەکە تەواو بە تیشکیکی جیاواز پیشان ئەدریت. راستەکەش ئەوەیە، کە لەسەر ئامۆژگاری حکومەتی عوسمانی نەبو، کە یاخیبوەکان لە مەیدانەکە کشانەوە. حکومەتی ئیرانی، کە دەیبینی ژمارەی یاخیبوەکان رۆژ بە رۆژ لە زیادبوندایە، کەوتە ئامۆژگاریکردنیان تا بلاوەی پیبکەن؛ بەلام بەهۆی ئەوەی کە ئەمانە (کوردەکان) ئەو جۆرە پیاوانە نەبون کە ئامۆژگاری قوبول بکەنو، ئەم روداوە دل تەزینو پر مەینەتیە بەدوای یەکانەدا، بوە شتیکی پیویست کە زەبروزەنگ بەکاربهینن بۆ سزادانیان. بەو پییە، یاخیبوەکان نەیانتوانی بەرگری هیرشەکانی سەربازەکانمان بەسەرپەرشتی شای مەلیکمانو، عوبەیدوالڵەش خۆی گوشاری خرابوە سەرو خەریك بو بگیریت، بەلام بەهەرچی ریگەیەك بێ، دەربازبو. ئیمە راماوین، ئایا ئەمە ئەو مەسەلەیەیە، کە وەك ئیوە دەلین، تیروانینمان جیاوازی هەیە تیایدا لەگەل ئەوەکەی حکومەتەکەدا؟

سیهەم شتیش ئەوەیە کە، جگە لە وانەی کە لەمیرگەکانی ئیراندا مابونەوە، ئیوە دەتانگوت، هەرگیز هیچ خیلیکی عوسمانی بەکۆمەل نەیانداوەتە پال یاخیبونەکە. هیچ پیویستی بە سەرسورمان ناکات گەر بە تاکەکەسی بیاندایەتە پال یاخیبونەکە. بەلام ئایا ئەو خیلانەی کە بە هەزاران لەگەل شیخدا پەرینەوە ئەو دیو، ئەگەر عوسمانی نەبون، چی بون؟ کەواتە، لەبەر ئەوەی حکومەتی ئیرانی ناتوانێ قوبولی ئەو پاراستنە بکات کە دراوە بەم عوبەیدوالڵەیە، کە ١٥,٠٠٠ کەسیکی بەدبەختی کوشتوەو گوندەکانیشی کاولکردون، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی دوپاتی بکەینەوە کە، ئەگەر سزا نەدریت بە دورخستنەوەیان حەپس کردنی هەتا هەتایە، وا بەرپرسیاریتی ئەو ئاکامانە (عواقب) دەکەویتە ئەستۆی ئەو کەسانەی کە ببونە هۆی.

هاوپێچی ٦ی ژمارە: ٧٤

نامەیەك لەبابی عالیوە بۆ سەفارەتی ئیرانی، ٢٩ تشرینی دوەمی ١٨٨٠ (٢٦ی زی الحجە ١٢٩٧)و

١٨ی تشرینی دوەمی ١٨٧٩ (١٢٩٦)

(تەرجەمە)

بابی عالی گەیشتنی نامەکەی سەفارەتی ئیرانی دەگەیەنیت، کە تیایدا داواکراوە سزای ئەو سەرۆکانە بدرین کە لەشکرەکانی ئیران دەریان دەپەرینن بۆ ئەو دیو سنوری تورکیا، وە لە وەڵامدا دەخوازیت ئەوە بخاتەرو کە پیویستە ئەو پەناهەندانە وەك کەسانیك دابنریت کە داوای پەناهەندەیی دەکەن لەژیر حمایەی حکومەتی تورکیاداو، کاتیك کە چەکەکانیان لی وەرگیرا، ئەوسا دەبیتە شتیکی سروشتی کە وەربگیرین. سەرباری ئەوەش، لەوان وە بەبابی عالی راگەیەندراوە کە حکومەتی ئیرانی سەرکەوتنەکەی بەجۆریکی وا نهینی بەکارهیناوە کە، بەهۆی کۆمەڵ کوژیەکەی بەشیك لە دانیشتوانی ورمێ، نزیکەی ٦٠,٠٠٠ یا ٧٠,٠٠٠ کەس کۆچیان کردوە بۆ ناو تورکیاو، ٢٠٠٠ کەسیکیش لەمانە هاتون بۆ هەکاری.

سەرنجی حکومەتی ئیرانی بۆ ئەو راستیە رادەکیشیت کە باشترین ریگەی گیرانەوەی ئاشتیو ئارامی ئەوەیە کە رازی بیت بە بەرهەمەکانی سەرکەوتنەکەی، ئەو ریگەیەی کە لە هەمان کاتدا لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی خودی خۆیدا ریکدەکەویت. ئەنجامی سوربون لەسەر ریو شوینی توندوتیژ، تەنها ئەوە دەبێ کە خەلکانی ئیرانی بە کۆمەڵ دەرژینە ناو خاکی عوسمانیەوەو، لەویش ناچار دەبن پارەو دراویکی زۆر بۆ خواردنو حەوانەوە خەرج کەنو، سەرباری ئەوەش، دەبێ خاکە ئەسلیەکەی خۆیان جیبهیلن وەك بەباشی دەزانریت، زۆرایەتی ئەمانە سەر بەخیلی هەمە جۆرن، کە بەپیی خوو نەریتیان، هەر ئەوەندەی هەلیکیان بۆ هەلکەوتبی بۆ تۆلەسەندن، لەسنور پەریونەتەوەو دەستیان کردۆتەوە بەکاری توندوتیژیو تالانی لە ئیراندا.

لیرەوە، چەندین گیروگرفتو سەرهەلدانی میللی روئەداتو، حکومەتی تورکیش ناچار دەبیت هیزیکی سەربازی گەورەو هەمیشەیی لەو ناوچانەدا بهیلیتەوە بۆ ریگەگرتن لە ئاژاوەی ناوەوەو هوروژوم بۆ ناو خاکی ئیران.

لەبەر ئەوە، بابی عالی داوای پیویستی کۆتایی هینان بەم کۆچکردنە دەکات بە بانگهیشتنی سیاسەتیکی ریکەوتن، کە بۆ کەرامەتی شیاوتر دەبێو، هەروەها باشتریش دەبێ بۆ ئەو خەلکە.

سەبارەت بە هوروژم کردن بۆ ناو خاکی ئیران لەلایەن رەعیەتەکانی تورکیاوە، یا ئەو زەرەرو زیانەی خیلە تورکەکان لەناو خاکی ئیراندا ئەیدەنو، ریگەگرتنیش لە

دوباره بونەوەی ئەو کارە نارەوایانە، زۆر پێویستە لەسەر سەفارەتی ئێران داواکەی بابی عالی قوبوڵ بکاتو، کۆمیسیونێکی تایبەت بۆ ئەو ناوچانە بنێریت، بۆ ئەوەی چی دەتوانێ بیکا بۆ ڕێگەگرتن لەو زەرەرو زیانو ئازارەی تورکەکان بەدەست خێلە ئێرانیەکانەوە، دەیچێژنو، دڵنیاییش لەو بارەوە بدات.

هاوپێچی ٧ی ژمارە: ٧٤

نامەیەك لە سەفارەتی ئێرانەوە بۆ بابی عالی، لە بەرواری ١١ی موحەرەم ی ١٢٩٨ (١٣ی کانونی دوهەم، ١٨٨٠)

(تەرجەمە)

نامەکەتان بە بەرواری ٢٦ی زو الحجە، ١٢٩٧ (٣٠ی ت ٢ی ١٨٨٠) گەیشت، کە نیشانە ئەدات بە "داوایەك کە ئاراستەی بابی عالی کراوە بۆ گرتنو سزادانی چەند سەرۆکو ناودارانی ئێران کە، کاتێك لەشکرەکانی ئێران گوشاری توندی خستونەتە سەر، پەنایان بردوە بۆ ناو خاکی تورکیا." لەم نامەیەدا، ئێوە دەڵێن، لەولایەتی وان وە هەواڵ وا گەیشتبو کە ئەو خەلکانەی لە سنور پەڕیبونەوە پەناهەندەنو داوای پەناهەندەییان کردوە، بەشتێکی سروشتی زانراوە کە پاش چەك لێ سەندن لێیان، وەربگیرێنو؛ وەکە ٦٠,٠٠٠ یان ٧٠,٠٠٠ لە دانیشتوانی ورمێ کۆچیان کردوەو، ٢٠٠ خێزانیشیان گەیشتونەتە نزیك هەکاری. ئێوە هەروەها دەڵێن، کە لە ئەنجامی ئەم هەواڵەدا فەرمان دەرکرابو تا بەخێرایی بچن بەهانای ئەم خەلکانەوە، کەچی لەهەمان کاتدا ڕێگە لە کۆچکردنی زیاتر گیرابو؛ بڕیاردراوە کە کۆمیسیونێکی تایبەت بۆ شوێنەکە بنێردرێت تا بزانێت گەر هیچ لە خێلە تورکەکان خەریکی نانەوەی ئاژاوەن لە ناو خاکی ئێرانداو، گەر واش بێت، هەنگاوی پێویست بنێت بۆ ڕێگەگرتن لەدۆخێکی بەردەوامی لەو جۆرە. ئێوە گەیشتونەتە ئەو ئاکامەی داوای ڕێگەگرتن لەو زولمو ئازارو زیانەی گازەندە دەکەن کە ڕەعیەتە تورکەکان لە خێلە ئێرانیەکانیان دابێ. لەبەر ئەوەی ئێوە ناوی ئەو کەسانەی کە بە ناودارو سەرۆکە ئێرانیەکان ئامارژەیان بۆ دەکەنو ناچار کراون پەنا بەرنە بەر خاکی عوسمانی نەداوینەتێ، کارێکی مەحاڵە بزانین کێنو، سزای هیچ کەسێکیش بەو ئامارژە کردنە داوا نەکراوە. ئەگەر ئەو درندانەی بەو ناوە ئامارژەیان بۆ کراوە کوردی ئێران بن کە ئێستا لە گەڵیاندا لە جەنگداینو، بە دوژمنیان دادەنێین، وە ئەگەر دوای ئەو دڵنیاکردنەوانەی لەسەر ئەو مەسەلەیە کراونو، دوای ئەوەیش کە ئەو جۆرە خراپەکاریانەیان ئەنجام دابێت، ئێوە هێشتا پێشوازیان لیبکەنو داڵدەیان بدەن، دەتوانین تەنها ئەوە وەڵامە بدەینەوە کە ئێمە زۆر بەداخین.

ئەو خەلكانەی كە لە ئیراندا ریگەی یاخیبونیان گرتوە، دو جۆرن: جۆریكیان لەو رەعیەتە ئیرانیانە پیكهاتون كە شیخ عوبەیدوواللەی بەدناو سەری لیشیواندونو، پاش ئەوەی لە یاخیبونەكەدا هەزاران خەلكی بەدبەختیان كوشتو، چەندین شارو گوندی ئاوەدانو پر سامانیان كاولكرد، هەلاتون بۆ ئەو دیو سنور، تا لەو سزایە دەربازبن كە بە قانون دەیانگریتەوە. ئەمانە ئەو درندانەن كە ئیمە بە توندی داوا دەكەین پەنایان نەدەن، بەلكو بیاندەنەوە دەست كاربەدەستەكانی سەر سنور، بەپیی ئەو پەیماننامانەی كە هەن.

جۆرەكەی تر، لە كورەكانی شیخو باندیكی ۱۰،۰۰۰ یا ۱۵،۰۰۰ لە رەعیەتەكانی توركیا پیكهاتوە. دلنیاكردنەوەی بەردەوام پیشكەش كرابو كە ریگە نەدرین لە سنور بپەرنەوەو، سەربازیش كۆكرابونەوە بۆ ئەوەی بوەستینرین، كەچی نەیانتوانی ریگە لە چونیان بگرن. چونە ناو خاكی ئیرانەوەو هەمو جۆرە خراپیو كاری نارەوایان كرد، بەلام هیچ هەولیك نەدرا بۆ گرتنیان كاتیك گەرانەوە، وە تەنانەت شیخیش هەروەك لەنامەكەی پیشودا ئاگاردار كرابون ئیستا خەریكی نانەوەی ئاژاوەو گرفت دروستكردنە لەناو ولاتەكەماندا، چونكە بە بەردەوامی هەولی چەكداركردنی خەلكو ناردنیانە بۆ زیاد كردنی هیزەكانی تالانی. دەخوازم بۆ جاریكی تریش بەتوندی ئەوەت بخەمەوە یاد كە، ئەگەر شیخ، كە سەرچاوەیەكی بەپیتی ئاژاوەو فتنەیە، نەگویزریتەوە بۆ شوینیكی دورو، بەیەكجارەكی حەپس نەكریت، بەرپرسیاریتیەكە دەكەویتە ئەستۆی سەبەبكارە راستەقینەكەی ئەم دۆخە.

ئینجا دیینە سەر ئەو خەلكانەی لە ورمیّوە كۆچیان كردوە. ئیوە چاك دەزانن كە ئەو كەسانەی كە بەشداریان نیە (مشاركە) لەگەلّ خراپەكاراندا، هەرگیز هەست بەنارەحەتی ناكەنو ناترسنو، هیچ هۆیەكیش كە مالەكانیان جیهیلن. ئەم كۆچكەرانە، پیویستە هەندیّ بن لەجۆری یەكەم، مەبەست لەوە هەندیّ لەو كەسانەیە كە بە پیلانەكانی شیخ فریودرابون؛ ئەو كۆمەلە كافرە ناپەسەندانەی (وغد- لئیم) كە هەمو دانیشتوانە نیرینەكانی زیاتر لەسەر گوندیان كوشتو سەربری، كە مەمكی ئافرەتە بە تەمەنەكانیان بریەوە، منالیان لەباوەشی دایكیاندا دەرهیناو هەلیاندانە ناو ئاگرەوە، زیاتر لە حەفتا كچیان كون كردو، هەمو جۆرە كاریكی خراپو نارەوایان ئەنجامدا.

پاراستنی ئەم پیاوانە، دەبیتە هاندانی كاری نارەواو خراپەكاری، بە بەردەوامیو بیّ سنورو، دەبیتە پیچەوانەی ئەو ئاشتیە دۆستانەیەی كە ئیستا لەنیوان دو دەولەتەكەدا هەیە (كە پیویستە بۆ خیرو خۆشی ئیسلامی یەكگرتو)و، وە هەروەها دژ بەو یاسایانەشن كە پەیوەندی بە دەولەتی زلهیزی هاو سنورەوە هەیە. من هۆی

تەواوم هەیە کە داوای ئەوە بکەم فەرمانی بەپەلەو چارەنوس ساز بۆ کاربەدەستە خۆجییەکان بنیردریت تا پەنای ئەم خەلکانە نەدەنو، ریگەشیان نەدەن لە سنور بپەرنەوە. سەبارەت بە دەرکردنی لیبوردنیکی گشتییشەوە، ئەوە مەسەلەیەکە حکومەتەکەم بریاری لەسەر ئەدات. بیگومان، شتیکی ئاشکرایە کە حکومەتەکەی من بەزەییو رأفە بەلادا نانیت. پیکادانو بەرەنگاربونەوەی کەم چەندین جار لەنیوان خیلەکانی هەردو دیوی سنوردا رویداوەو، شتیکیش نیە کە یەکەم جار بیت کە حکومەتەکەم چاو لە خراپەکاریوا دەپۆشیٚ؛ وە پیویستە ئەوەشتان پیٚ رابگەیەنم کە لەلایەن ئیمەوە هەروەها بریار دراوە کومیسیونیکی تایبەت بۆ شوینەکە بنیردریت تا لیکۆلینەوە لەسەر مەسەلەکە بکات.

هاوپیچی ٨ی ژمارە: ٧٤

نامەیەك لە سەفارەتی ئیرانیەوە بۆ بابی عالی، لە ١٢ی موحەرەمی ١٢٩٨دا (١٥ی کانونی یەکەمی ١٨٨٠)

(تەرجەمە)

ئاشکرایە کە، بەگویرەی مەرجەکانی یاسا کەتایبەتن بە رۆژنامەگەریەوە (صحافة)، ئەو رۆژنامانەی لە ئەستەمولٚ چاپ دەکرینو بلاودەکرینەوە، روبەروی سزادان دەبنەوە گەر زمانی نابەجیٚ بەکاربهینن، تەنانەت بەرامبەر تاکە کەسانی تایبەتیش. بەداخەوە، لەماوەیەك لەمەو بەرەوە تیبینی ئەوەمان کردوە کە رۆژنامەی "Vakit" بەواتا "Terdjimani- Hakikat" (ترجمانی حەقیقەت)و "Djerede-i- Havadis" (جەریدەی حوادس"، لە نوسینیاندا لەسەر ئەو یاخیبوە کوردانەی لە سنوری ئیراندا دەرکەوتون، هەندیٚ وتاری زۆر زیانبەخشیان بلاوکردۆتەوە، کە دنەو هانی خیلە کوردەکان ئەدەنو، تۆوی ناکۆکی لەنیوان رەعیەتەکانی هەردو دەولەتە موسولمانە گەورەکەدا دەچینن؛ بەلام لەگەلٚ ئەوەشدا کە ئیمە داوامان کردوە کە هەندیٚ زەوابتیان لەسەر دابنریت، کەچی بیرۆی رۆژنامەگەری (Bureau de la presse) هیچ جۆرە کاریکی بۆ ئەو مەسەلەیە نەکردوەو، ئەم خۆگیل کردنەی کاربەدەستانیش بیٚ ئابرویی (وقاحە) ئەو رۆژنامانەی دو ئەوەندە زیاد کردوەو، وای لیکردون زمانی توندوتیژ بەشیوەیەکی نائاسایی بەکاربهینن، سوکایەتی بە ئاینی میللەتی ئیران بکەن، حکومەتەکەیان بەکەم بزانن گالتەی پیٚ بکەنو، ناوی فەرمانبەرە سیڤیلو سەربازییەکانیان بەخراپ بهیننو جنیویان پیٚ بدەن. ئەم رۆژنامانە، لەریگەی پۆستەوە خۆیان دەکەن بە هەمو قوژبنیکی خاکی ئیمپراتۆریەتداو، شتیکی ئاشکراشە کە ئەو وتارە زیانبەخشانەی تیایاندایە، دەبنە هۆی هاندانی یاخیبوە

کوردەکان، چونکە ئەوان وەك ئەو هیمایە لیکی دەدەنەوە کە جوڵانەوەکانیان لە پایتەختدا پشتیوانی بۆ پەیدا دەبیت. هەروەها لە ئیرانیشدا، ئەو رۆژنامانە لە هەر شوینیك بخویندرینەوە، هەمان واتاو بایەخیان دەبیت.

لەمیژەوە هەردو دەولەتەکە بەپەرۆشن کە سەرچاوەکانی ئەم ترسە دور بخەنەوە، چونکە پیویست ناکات ئەوە بخەینە رو کە ئەو زمانەی لەم رۆژنامانەدا بەگەر دەخرین، دەبنە هۆی خوین رشتنیکی زۆر لەنیو خیلە کوردەکاندا. خەلکەکە، هەریەك لەم رۆژنامانە بە لیکدەرەوەی بیرو بۆچونو رای بەشیك لە کۆمەڵ دادەنیـن‌و، لەبەر ئەوە شیوازیان لە سوکایەتی پیکردنی کردارەکانو سیاسەتی دەولەتیکدا کە لە دەمیکەوە دۆستی تورکیایەو، قسە وتن (جنیودان) بە فەرمانبەرەکانی؛ پیشیلی (خرق– انتهاك) یاسای دەولەتان دەکاتو، ناچارمان دەکات داوای سزادانیان بکەین. لەبەر ئەوە من بەشیوەیەکی رەسمی داوا لە وەزارەتی دەرەوە دەکەم کە ئەو ریوشوینانە بگریت کە بەهەمان شیوە لە یاساکانی خۆیاندا پیرەو دەکریت، ئەویش بەو تەبایی‌و ئاشتی‌و ریککەوتنە تەواوەی لەنیوان دو زلهیزەکەدا هەیەو، هەروەها ئەو یاسایانەی پەیوەستن بە سنوری هاوبەشی دەولەتانەوە.

ژمارە: ٧٥

لە مستەر تۆمسن وە بۆ ئیرل گرانڤیل (لە ٦ی کانونی دوەمدا گەیشتوە)

گەورەم، تاران، ٢٩ی ت٢، ١٨٨٠.

مستەر ئابۆت پیی راگەیاندم کە کۆپیەك لە راپۆرتەکەی خۆی لەسەر دۆخی نەستۆریەکانی ورمێ، بۆ جەنابتانی راستەو خۆ بەپۆستدا رەوانە کردوە.

سەردانەکەی بۆ ئەو ناوچەیە، لە ساتیکی ناگونجاودا بوە. یاخیبونی کوردەکان، هەر دەمودەست پاش گەیشتنی دەستی پیکردوەو، پیش ئەوەیش کە بتوانیت خۆی ئامادە بکات لەو شوینە دەرچیت، کوردەکان پیشرەوییان کردو هەمو ئاواییاکانی ئەو دەورو بەرەیان داگیر کردو، شارەکەش دوای ئەوە لەلایەن شیخ عوبەیدوڵلاوە گەمارۆ درا. وەزعی مستەر ئابۆت لەم بارو دۆخانەدا، زۆر دژوار بو. بەڵام پیدەچێ ئەو لیکۆلینەوەیەی کە خۆی پیوە خەریك کردبو، بەشیوازیکی باش‌و پڕ رەزامەندی (مرض) ئەنجام دابیت، هەروەها سەبارەت بە مامەلە کردنی لەگەڵ کاربەدەستە خۆجێییە ئیرانیەکان‌و، سەرۆکە یاخیبوەکانیشدا، کە پیویست بو پەیوەندیان لەگەڵ ببەستیت‌و، لەو باوەرەشدام کە لیوەشاوەیی‌و بیروبۆچونیکی زۆری پیشان دابو.

لیکۆلینەوەکانی مستەر ئابۆت ئەوە پیشان ئەدات کە، تەنانەت بەر لە کاولکردنی وڵاتەکە لەلایەن کوردەکانەوە، دانیشتوانەکانی ورمێ، هەم موسولمان‌و هەم

مەسیحیەکانیش، بەڵام بەتایبەتی ئەوانەی پیشەوە (موسولمانەکان)، چەرمەسەریەکی زۆریان بینی بو بەدەست پەلامارو جەردەیی کوردەکانەوەو، لەو روەشەوە، بینینی دۆخەکانی ئەم بەشەی ئیران زۆر دلتەزین بو.

بەڵام سەبارەت بە نەستۆریەکان، بەشیوەیەکی گشتی وا دەردەکەوت کە کاربەدەستە ئیرانیەکان بەباشی هەلسو کەوتیان لەگەلدا بکەنو، هیچ گازەندەو سکاڵایەکی تازەیان نەبو، ئەگەرچی هەندێ لەگازەندە کۆنەکانیان هیشتا مابۆوە.

نەستۆریەکانی ئیران لە گوندە نزیکەکانی لای ورمێدا هەمو بەپیشەی کشتوکالیەوە خەریکن، کە یان هی سەرۆکە موسولمانەکانە، وە یان لەژیر کۆنترۆلیاندایە. ئەمانەش زۆربەیان خیلی ئەفشارن، کە وەك یاسا چەندیك زۆر بتوانن باج لە جوتیارە موسولمانەکانو مەسیحیەکان بەبێ جیاوازی دەستینن.

ئەو کاری چەوساندنەوەیەی کە ئەوانەی دواوە (مەسیحیەکان) سکاڵای لێ دەکەن ئەمانەی لای خوارەوەیە:

١-بری باجی خانو کە لە مەسیحیەکان بەزۆر دەستینرێو، لەوانەش زیاترە کە لە موسولمانەکان دەستینرێ.

٢-سەپاندنی کاری بەزۆر لەلایەن خاوەن مولکەکانەوە بۆ کیلانی زەویەکانیان؛ ئەمەش زولمیکە کە هەم موسولمانەکانو هەم مەسیحیەکانیش دوچاری دەبنەوە.

٣-راوو روتی فەرمانبەرە ئیرانیە ناونجیەکان کە لە نەستۆریەکانیان دەکەن کاتیك کە لە روسیا دەگەرینەوە بەو رەنجەی لەکارەکانیان لە ولاتە لەماوەی مانگەکانی هاویندا دەستیان دەکەویت.

٤-فراندنی بەزۆری کچە مەسیحیەکان لەلایەن موسولمانەکانەوە؛ وا باسدەکریت کە ئیستا لەجاران کەمتر روبدات، چاککردنو بژاردنیش لەلایەن کاربەدەستە ناوچەییەکانەوە دەکریت، کاتیك حالەتی لەو جۆرانە دەهینریتە بەردەمیان.

٥-نادادوەری (ناعەدالەتی) ریگەدان بەهەر ئەندامیکی خیزانیکی مەسیحی کە بوە بە ئیسلام کاتێ داوای مولكو مالی هەمو خیزانەکە دەکات.

٦-رەفزکردنی شایەتی مەسیحیەك دژ بە موسولمانیك لەدادگادا.

ئەم زولمانە هەمان ئەوانەن کە چەندین سالە ئیمە تەقەللای بۆ دەدەین کە کاربەدەستە ئیرانیەکان چاکیان بکەن. شوینی رەزامەندیە کە لە قسەکانی مستەر ئابۆتو ئەوانەی میسیونیرە ئەمریکاییەکانو نەستۆریەکان خۆشیان وا دەزانن کە، ئەگەر ئەمانە بە تەواویش نەگویزرینەوە لە هەمو حالەتیکدا نارەحەتیو ئازاریان کەم بۆتەوە، هەر وەك ئەوەیش کە دان بەوەدا نراوە کە دۆخی نەستۆریەکان لەم سالانەی دواییدا زۆر چاك بوە.

لەسەر فەرمانەکانی شا، وەزیری کاروباری دەرەوە پرۆژەیەکی ئامادەکردوە بۆ زیاتر چاککردنی دۆخی مەسیحیەکانی ورمێ، ئەوەیش هەر ئەوەندەی نیزام لە سەرتاپای ئەو ناوچەیەدا دەگیردریتەوەو کاربەدەستەکانیش لە وەزعیکدا دەبن کە بتوانن ئەو ریو شوینانە پیشنیار کراون بە شیوەیەکی کاریگەر جیبەجێی بکەن. ئەو هیشتا ئەم نوسراوەی بۆ نەناردوم، ئەویش بەهۆی ئەوەی تا ئەم ماوەیە سەرقال بوە بەمەسەلەی بە پەلەی ترەوە کە پەیوەندیان هەیە بە دامرکاندنەوەی سەرهەلدانی کوردەکانەوە. بەلأم گفتی داوە کە لەم حەفتەیەدا باسی مەسەلەکەم لەگەلدا بکاتو؛ منیش هەولئەدەم لە بەرنامەو ریو شوینەکانیدا بۆ چاککردنو لابردنی ئەو زولمو گازندانەی لەسەرەوە باسکرا، بەشداریم هەبێ.

من چاوەروان ناکەم کە دەربارەی ئەمانە هیچ گرفتیك دروست ببیت، بیجگە لە دوانەکەی دواوەو، بۆ ئەمانەش، پیشنیار دەکەم کە وەك حالەتی تاك کە لەوانەیە روبدەن، مامەلەیان لەگەلدا بکریت. من پیشنیار دەکەم کە مستەر ئابۆت داوا لە میسیۆنیرە ئەمریکاییەکان بکات کە راپۆرت لەسەر هەر حالەتیکی دردۆنگ (فاضح- شنیع) بدەن، لەوانەی کەبەشیوەیەکی ناعادلی لە مامەلەکردن لەگەلٚ مەسیحیەکاندا رو ئەدات بەهۆی ئەوەی مولكو مالیان لەلایەن ئەو کەسانەوە داوا دەکریت کە ئاینیان گۆریوە بۆ ئیسلام، وە یان بەهۆی شایەتی مەسیحیەك دژی موسولمانیك کە رەفز دەکریت؛ وە لەحالەتی چاککردنیك لەکاربەدەستەکانی تەوریز جیبەجێی ناکەن، ئەوسا روداوەکان لەریگەی وەفدی حکومەتی خاوەن شکۆوە دەخریتە بەردەمی شا، کە لەو باوەرەدام دلسۆزانە دەخوازیت رەعیەتە مەسیحیەکان لە بەرامبەر هەمو کاریکی چەوساندنەوە بپاریزریت.

مستەر ئابۆت دەلیت نفوزی میسیونیرە ئەمریکاییەکان ئەوەندە دەبیت کە نەستۆریەکان لە حالأتی چەوساندنەوەی ئاسایی بپاریزیتو، کاتیکیش حالەتی زۆر خراپ روئەدات، مسیۆنیرە ئەمریکاییەکان دەیگەیەننە تەوریزو، حالەتەکەش یان لەریگەی کاربەدەستەکانی ئازەربایجانەوە، وەیان لەوانەی لە تارانن، چاك دەکریت. تێبینی ئەوەش دەکریت کە ئەو (مستەر ئابۆت) هەروەها رای خۆی دەردەبریت بەوەی کە فەرمانبەرە ئیرانیەکان، وەك یاسایەك، ئیجگار لەخۆبوردو بە تەحەمولنو، هەرگیزیش لە مەسەلەی ئاینییدا تەنگ بە مەسیحیەکان هەلناچنن.

من بە تەواوی لەگەلٚ ئەو بۆچونەی کە مستەر ئابۆت دەریبری یەك دەگرمەوە، کە دانانی ئەفسەریکی کۆنسۆلخانەی بریتانی کە لە ورمێ نیشتەجێ بێ، کاریکی گونجاو نیە.

(ئیزا) رۆنالد ف. تۆمسن

ژمارە: ٧٦

لە ئابۆت ی كۆنسۆلی گشتیەوە بۆ ئیرل گرانڤیل- (لە ٦ی كانونی دوەمی ١٨٨١دا گەیشتوە)

گەورەم، تەوریز، ٤ی ك١، ١٨٨٠.

ئاماژە بەنامەكانم لە ٢٣و ٣٠ی مانگی رابوردودا، دیسان شەرەفی ئەوەم هەیە كە كۆپی چوار نامە كە ئاراستەی وەزیری مفوض حكومەتی خاوەن شكۆ لە تارانم كردبو، بۆ جەنابتان بنیرم، دەربارەی شالاوی دژ بە یاخیبوە كوردەكان، مولدانی هیزیكی روسی لە نەخچەوان لەسەر سنوری ئاراس، وە هەلاتنی شیخ عوبەیدوالله بۆ ناو خاكی توركیا.

(ئیمزا) ولیام جی. ئابۆت

هاوپیچی ١ی ژمارە: ٧٦

لە ئابۆت ی كۆنسۆلی گشتیەوە بۆ مستەر تۆمسن

بەریز، تەوریز، ١ ك١، ١٨٨٠.

بەم دواییانە، لیرە هەوالیك بلاو بوە كە عوبەیدوالله لەگەڵ هیزیكی اسماعیل ئاغا كلیسیدا گەراونەتەوە بۆ ناوچەی برادۆست، بەلام ئەو دوا نامانەی كە لەورمێوە بە بەرواری ٢٥ی مانگی رابوردو گەیشتونەتە ئیرە، لەسەر ئەم مەسەلەیە بێ دەنگن، تەنیا ئەوە دەلین كە شیخ هەلاتوەو لەشكرەكەشی بلاوەی پیكراوە، دو كورەكەی بەهیزیكی گەورەوە لە مەرگەوەر بونو، دو فەوجیش لە ٢٣ی مانگی رابوردودا لە ورمێ لە دەرچون بۆ ئەو شوینە.

هەروەها هەوالی رۆشتنی تەیمور پاشا خان لەگەڵ هیزیكی ٦٠٠٠ كەسیدا بۆ برادۆست گەیەندراوە. ئیقبال الدولە هیشتا لەگەڵ ٢٠٠٠ كەسدا لە ورمێیە.

وا پیدەچێ ئەو لەشكرەی كە بابی عالی ناردبوی بۆ سنور، بەشیوەیەكی كاریگەریی ریگەی پاشەكشەكردنی یاخیبوەكانی بۆ ناو خاكی توركیا بری بیت.

(ئیمزا) ولیام جی. ئابۆت

هاوپێچی ٢ی ژمارە: ٧٦

لە ئابۆت ی کۆنسوڵی گشتیەوە بۆ مستەر تۆمسن

بەریز، تەوریز، ٣ی ك١، ١٨٨٠.

پێم گەیشتوە (زانیومە) کە تا ئیستا هیچ هێزیکی روسی نەگەیشتۆتە جەلفا، وە دوا شوینی (وجهە) ئەوانە، ئیستاکە نەخچەوانەو، ژمارەی گەیشتنیان رۆژانە بۆ ئەوێ، نەزانراوە.

هاوپێچی ٣ی ژمارە: ٧٦

لە ئابۆت ی کونسوڵی گشتیەوە بۆ مستەر تۆمسن

بەریز، تەوریز، ٤ی ك١، ١٨٨٠.

دوینێ، نامەکانی بارگەکەی (کامپ) سوپاسالار لە سولدوز بە پایەبلندی شاهانەی راگەیاندوە کە شیخ لەگەڵ نۆ کەس لەلایەنگرەکانی (اتباع) هەڵاتون بۆ نۆچێی جیگەی نیشتەجێی لەناو تورکیادا. من ئەم هەوالەم تەنیا ئەمرۆ بیستوەو، ماوەیەکی کەمیش دوای ئەوە نامە لە ورمێوە گەیشتوەو تەئکید لەسەر ئەو هەوالە دەکاتو دەلیت کە "شیخو دو کورەکەی دەبێ لە نەهری بن". ئامارژە بۆ ماڵو بارەگاکەی شیخ بۆ ئەوێ دەکرێ. ئەم شوینە کە بە نەیری تەلەفوز دەکرێ، پایتەختی نۆچییە. لە نەخشەکاندا بەنیرجی دەکیشریت، بەڵام پیویستە لەگەڵ ئەو گوندەی کە بەهەمان ناوەوەیە لەسەر سنوری مەرگەوەر، تیکەلی نەکەین (لیمان تیك نەچیت).

نامەکە لەسەری دەرواتو دەلیت "لەکۆتاییدا شیخ لەگەڵ پانزەکەس لەلایەنگرەکانی بەناوچیاکاندا هەلهاتنو رۆیشتەوە بۆ مالەکەی.

(ئیمزا) ولیام جی. ئابۆت

هاوپێچی ٤ی ژمارە: ٧٦

لە ئابۆت ی کۆنسوڵی گشتیەوە بۆ مستەر تۆمسن

بەریز، تەوریز، ٤ی ك١، ١٨٨٠.

حالی حازر، هیزەکەی روس لە نەخچەوان، لە ١٠٠٠ کەسو عەرادەیەکی تۆپخانە پیکهاتوە.

هەروەها پێم گەیشتوە، کە ئەم هیزانە بەشیکن لە شەش بەتالیۆن، ئەوەیش کە ماوە بەهۆی بەسەرچونی کاتەوە، گەراونەتەوە؛ لەوەش ناچیت کە ئەمانە لە نەخچەوان بگۆردرین، بەڵام ئەگەر تەواوکردنیك بکریت (هەمو بەیەکەوە دابنرین)، وا

سەرجەمەکەی دەگاتە نزیکەی ٦,٠٠٠ کەس. ئەفسەرە فەرماندەکانی ئەم هێزە وای بۆ دەچن کە وەك پاراستن‌و پاسەوانیکی زیادە بەهۆی یاخیبونەکەی کوردستانەوە نێردراونەتە سەر سنورەکەو، بۆ ڕێگەگرتنیش لە کوردەکانی تورکیا، لە تێپەربونیان بە روسیادا بۆ ناو خاکی ئێران.

(ئیمزا) ولیام جی. ئابۆت

ژمارە: ٧٧

لە ئابۆت ی کۆنسۆلی گشتی‌وە بۆ ئێرل گرانڤیل- (لە ٦ کانونی دوەمی ١٨٨١دا گەیشتوە)

گەورەم، **تەوریز، ٧ك١، ١٨٨٠.**

ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە کۆپی هەلبژاردەی ئەو نامانە بۆ جەنابتان بنێرم- پێکهاتون لە پێنج هاوپێچ- کە لە قۆناغیکی زوی یاخیبونی کوردەکاندا ئاراستەی وەزیری مفوض حکومەتی خاوەن شکۆ لە تارانم کردوە.

نامەکەی بەرواری ٢٧ی کانونی یەکەم، لەکاتیکدا نوسراوە، کە خەریکی ڕۆیشتن بوم بۆ ورمێ.

(ئیمزا) ولیام جی. ئابۆت

هاوپێچی ١ی ژمارە: ٧٧

لە ئابۆت ی کۆنسۆلی گشتی‌وە بۆ مستەر تۆمسن

بەڕێز، **تەوریز، ١١ی ئەیلول، ١٨٨٠.**

ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە ڕایبگەیەنم کە هەمزاغای بلباس‌ی خیلی مەنگور، کە چەند سالیك لەمەوبەر هەلاتبو بۆ تورکیا، لەو کاتەوە رەفزی کردوە بگەڕیتەوە بۆ ئیران‌و باج‌و خەراج بە شا بدات؛ بەلام بەم دواییانە، هاتوە بۆ سابلاخ‌و فیلیکی کردوە بەوەی کە تەسلیم دەبێ‌و ملیش بۆ حکومەتی ئیران دادەنەوینێ.

شازادەی حاکمی سابلاخ هەولی‌دا بیگریت؛ بەلام توانی بەسەر پەلاماردەرەکانیدا زال بیت‌و، چەند کەسیکی لێ کوشتن، دواییش خۆی‌و چەند سوارەیەکی کورد، کەنزیکەی سەد کە ئەبون، بەباشی دەرباز بون.

وا باوەر دەكريت كە هەمزاغا ئيستا لەگەڵ خيلەكەيدا لە بارەگاكەياندا بن لەنيوان سابلاخو لاهيجان داو، حكومەتی ئيرانيش هيزيكی سەربازی نزيكەی ٢,٠٠٠ كەس دەنيريتە سەر بۆ بەزۆر مل پی دانەواندنی.

حكومەتی ئيرانی نيازی نيە ريوشوينی توندو تيژ دژی هەمزاغا بگريتە بەر، ئەگەر بگاتە تيگەيشتن لەگەلياندا، بەلام بە پەرۆشيشن دەربارەی ئەوەی كە دور بخريتەوە لەگەرانەوە بۆ توركيا، چونكە دور نيە كە لە ئاكامدا نەرواتو نەداتە پاڵ شيخ عوبەيدوالله (دلسۆزی خۆی پيشكەش بكات)

(ئيمزا) وليام جی. ئابۆت

هاوپيچی ٢ی ژمارە: ٧٧

لە ئابۆت ی كۆنسۆلی گشتيەوە بۆ مستەر تۆمسن

(هەلبژاردە) تەوريز، ١٦ ك١، ١٨٨٠.

ئەم دوای نيوەرۆيە، نيردراوی (عميل– وكيل) وەزارەتی دەرەوە سەردانی كردم. گوتی، وەليعەهد لەسەرچاوەی هەمە جۆرەوە هەوالی پيگەيشتوە كە، هەمزاغای سەرۆكی كوردی، كە لە نامەكەی ١١ی ئەم مانگەمدا ئامارژەم بۆ كردبو، داويتيە پاڵ شيخ عوبەيدوالڵەو، ئەمەی دوايشەوە (شيخ) هەلويستيكی پر مەترسی هەبوە بەرامبەر بە ئيران. نيردراوە كە هەروەها گوتی، ئەو زۆر باوەری بەو واتەواتانە نەكردوە، بەلام كاتيك كە پايە بلندی دەبيستێ سنورەكانی ورمێ لە دۆخيكی زۆر پر ئاشوبەدان، نيردراويكی خيرا بۆ لای ئيقبال الدولە دەنيريت بۆ دلنيابون لە راستی وەزعی دۆخەكە.

هاوپيچی ٣ی ژمارە: ٧٧

لە ئابۆت ی كۆنسۆلی گشتيەوە بۆ مستەر تۆمسن

(هەلبژاردە) تەوريز، ٢٢ك ١، ١٨٨٠.

ليرە، واتەواتيك لەناو خەلكدا بلاوە كە هەمزاغاو شيخ عوبەيدوالله بەلەشكريكی گەورەوە پيشرەوی دەكەن بۆ سەر شنۆ. ئەحمەد ئاغای ماميش كە لايەنگريكی گوێ رايەلی شايە، هەروەها لەگەڵ هەمو خيلەكەيدا داويانەتە پاڵ شيخو، ئەوەكەی دواوە داوا لە ئيران دەكات كە واز لەو ناوچەيە بهينيت كە تا روباری جاغەتو دەگات لای باشوری مەراغەوە. هەروەها دەركەوتوە كە لەشكرەكەی شيخ ٣٠,٠٠٠ كەسن، بەشيكی زۆريان تفەنگی مارتينیيان پييە، بەلام هەمو ئەو گوندانەی كەوتونەتە ريی

پیشـرەویەکەیان دەسـت لینـەدراون‌و تـەنگیان پیهەلنـەچنراوە، هـەمو ئـەو زەخـیرەو کەلوپەلەی پیویستیش بوبیٚ، شیخ بەپارە کریونی.

نیردراوەکەی وەزارەتی دەرەوە باوەری نیە بەم هەواله ئاگادارکەرەوانەو، دەلیت، وەلیعەهد زانیاری تازەی پیگەیشتوە کە هـەمزاغا لەبارەگاکـەی خۆیـەتی لەیـەکیك لـە گوندەکانی خۆیدا لەناوچەی مەرگەوەر، وە شیخیش لەمالی خۆی لەنۆچیٚ نەجولاوە، نیردراوەکە بەهیوایە کە پایەبلندی شاهانە بەو زوانە لەورمیٚ‌و سابلاخەوە زانیاری شوین باوەری پیٚ بگات، سەبارەت بە جموجول‌و نەخشەکانی هـەمزاغاو شیخ، پاش گەرانەوەی ئەو پەیامبەرە خیرایەی ئیقبال الدولە ناردبوی بۆ تەوریز.

حکومەتی ئازەربایجان خەریکی خۆسازکردنن بۆ شالاویکی سەربازی لە حالـەتی پەلەداو، جەنەرالی ئەمشاری، ئاغاخان هەلبژیردراوە بۆ فەرماندەییی کردنـی؛ بـەلام تـا ئیمـرۆش، تـەنیا ژمارەیـەکی بچـوك لەسـوارەی نـانیزامی لـە قـەرەدەوە بـۆ سـابلاخ نیردراون. هـەروەها پیم گەیشتوە کە، ئیسـتا چـوار پارچـە تۆپخانـە بـەریگاوەن بـۆ ناوچەکەو، هیزەکانی ئەم شارە، هی مەراغە، وە شوینی تریش بۆ هـەمان ئـەرك لـەژیر فەرماندان.

من ئاگادارم کە ئیقبـال الدولـە بـۆ وەلیعـەهدی رونکردۆتـەوە کـە نـاتوانریت هـیز لـەورمیٚ کۆبکریتـەوەو، شتیکی باشیش نابیت مەرکـەزیکی سنوری ئاوها گرنـگ لـە ئـامرازی بـەرگریکردن بەرامبـەر هوروژمـی کوردەکـان روتبکریتـەوە. بیگومـان، ئـەو هەوالانـەی سـەرەوە سـەبارەت بە هەولویستی دوشمنکارانـەی شیخ بەرامبـەر ئـیران، پیویستە چەند بتوانریٚ بە وریاییی‌و تحفظ وە وەربگیریت. من لەو باوەرەدام کە زۆری پیوەنراوە، گـەر هەموشی دروست نـەکرابیت؛ بـەلام ئـەو بۆچونـەی مـن لەنامـەکانی پیشـومدا دەرم بریبـو سـەبارەت بـە پیویسـتیی پوچـەلٚ کردنـەوەی ئـەو نفـوزە خەتەرناکەی شیخ هەیەتی بەسەر لایەنگرە کوردەکانی شادا کە، هاو ئاییـنن (دیـارە مەبەستی مەزەبە)، نەگۆر دەمینیتـەوە؛ وە واشی بۆ دەچم کە حکومەتـەکانی ئیران‌و تورکیـا نـاتوانن چاویـان لـەو دۆخـەی ئیسـتا بنوقینـن، کـە پیدەچـیٚ داوای گرتنـی ریوشـوینیکی تـەواو راسـت بکـات بـۆ دور کەوتنـەوە لـە تعقیـدات (گرفـت‌و کیشـە) جدیەکانی داهاتو.

بۆ ئـەوەی، ئـەوەی سـەرەوە بنوسـم، چاوم بەهاوکارە تورکیەکـەم کـەوتوەو، پیـی راگــەیاندوم کــە ئــەو هەوالانــەی لــیرە دیــن‌و دەچــن ســەبارەت بــە جولانــەوە دوشمنکارانەکەی شیخ عوبەیدوالله، هیچ بناغەیەکیان نیـە، بـەلام ئـەوە راسـتە کـە هەمزاغا، دوای ئەوەی لە سابلاخوە هات، ریی کرد بۆ نوچیٚ‌و، لەوانەیە هیشتا لەگـەلٚ شیخ دا بیت. کۆنسۆلە گشتیەکەی تورکیا هـەروەها گوتـی، ئەحمـەداغای مـامش بـەو

دواییانه سەردانی شیخی کردوە، بەڵام دوای ئەوەی گەراوەتەوە بۆ سنوری ئیرانیو، لەو باوەرەشدا بو کە شیخ عوبەیدوالله کە عەبدوالقادری کوری تا ئەو دواییانەش لە ورمێ بوە، پەیوەندیەکانی لەگەڵ حکومەتی ئیراندا، هیشتا دۆستانەو باشە.

هاوپیچی ٤ی ژمارە: ٧٧

لە ئابۆت ی کۆنسۆلی گشتیەوە بۆ مستەر تۆمسن

بەریز، تەوریز، ٢٧ك١، ١٨٨٠.

کە ٢٤ی ئەم مانگە لە سابلاخەوە گەیشتە ئیرە دەلیت، کورەکەی شیخ عوبەیدوالله لە شنۆ بوەو، کۆمەلیك لەسەرۆکە کوردەکانیشی لی بوە، بە هەمزاغاو ١٥٠ کەسی تریشەوە لە هەمو بەشەکانی کوردستانەوە، هەموشیان سویندی دلسۆزیان (ولاء) بۆ شیخ خواردوە.

هەواڵ هاتوە کە بنەماڵە ئەرمەنیو روسیەکان سابلاخ جی دیلن، بۆ ئەوەی لە حالەتی هوروژمیکی کورداندا لە مەترسیەوە دوربن. باوەر ناکریت شیخ بەراستی نیازی پیشرەویکردنی هەبیت بۆ سەر سنوری ئیرانی، لەوانەیە بابی عالی بەشتیکی گونجاوو بەسودی بزانیت کە دان بە شیخدا وەك سەرۆکی میللەتی کورد بنیت، بە مەرجیك بتوانیت زەمانەتی راگرتنی نیزام لەناو خیلەکاندا بکاتو باجو خەراجی ساڵانەی تەواویش بە سولتان بدات. لەلایەکی تریشەوە، لەوانە نیە بە تەواوی پیش بینیەکی ناراست بیت کە شیخ لە ئاکامدا بخوازیت خۆی لە فەرمانرەوایی تورکی لابدات، یان ئەو گوشارەی لە ئەوروپا خراوەتە سەر بابی عالی، دۆخیکی وای هیناوەتە کایەوە، کە بەهۆیەوە تەرەفەکەی بەرامبەر بخوازیت گۆرانکاریەك بخولقینیت.

هاوپیچی ٥ی ژمارە: ٧٧

لە ئابۆت ی کۆنسۆلی گشتیەوە بۆمستەر تۆمسن

(هەلبژاردە) ورمێ، ٧ی ت١، ١٨٨٠.

بە گەیشتنم بۆ ورمێ لە ٢ی ئەم مانگەدا، یەکەم هەواڵ کە پیم گەیشت ئەوەبو کە لەشکریکی گەورەی کوردەکان، بە فەرماندەیی شیخ عەبدوالقادر، یەکیکە لە کورەکانی شیخ عوبەیدوالله- لەشنۆوە پیشرەویی کردوە بۆ سولدوز، لەوێ هیزیکی قەرەپاپەکانو کوردەکانی مامش بەرەنگاریان بونەتەوە، بەڵام کە دەبینن بەرگریکردن بێ هودەیە، مل بۆ شیخ دادەنەوینو دەدەنە پاڵ لەشکرەکەی. حاکمی سولدوز زەخیرەی پیویستی بە لەشکرەکەی شیخ داو، ئینجا روەو سابلاخ کەوتنەرێ. کاتیك شازادە (میر)- حاکمی شارەکە، نزیکبونەوەی هوروژم هینەرەکانی بیست، هەر ئەو

ساتە دەرچو بۆ تەوریز. بەو جۆرە کوردەکان بەبێ بەرەنگاریکردنی دانیشتوانەکان، چونە ناو سابڵاخو هەروەها زەخیرەشیان درایە. پاشان شیخ لەگەڵ لەشکرەکەیدا، کشان بۆ میاندواو.

مەسیحیەکانی دانیشتوی سولدوز، لەلایەن کوردەکانەوە سەغلەت نەکرانو، لەو کاتەشەوە دەستیان لە خراپ مامەلەکردنی دانیشتوانە شیعەکانی سەر ریگاکەیان دەپاراست.

دوینێ لیرە هەوالی ئەوە هەبو کە چەند پەیامبەریك کە شیخ عەبدوالقادر ناردبونی بۆ زەخیرەو پرسین لە نیازی دانیشتوانەکان، سەربردراون لەلایەن ئەمانەی دواوە (دانیشتوان)، شیخیش بەمە کەللەیی بوەو بەپەلە لەگەڵ لەشکرەکەیدا هەلی کوتاوەتە سەر میاندواو، شارەکەی تالان کردوەو دانیشتوانەکەشی بەکۆمەڵ کوشتوە. لەلایەکی تریشەوە، واتەواتیك بوە کە سولەیمان خانی ئەفشار بەهیزیکی چار دەولەوە لە میاندواو لەگەڵ کوردەکاندا کەوتۆتە شەرو، هەردولا زیانی گەورەیان لیکەوتوە، بەلام لە ئاکامدا عەبدوالقادر لەگەڵ لەشکرەکەیدا کشاونەتەوە بۆ سەر سابلاخ.

بەم دواییانە، نەستۆریەکی پروتستانت لە گەورەوە هاتۆتە ئیرە، دەیگەیەنیت کە ژمارەیەکی زۆر لەسەردارو خیلی کورد لەو ناوچەیەدا کۆبونەتەوە. ئەمانە لە هەمو بەشیکی کوردستانەوە بەدەوری بەیداخەکەی شیخ عوبەیدوللەدا کۆمەلەیان کردوە، چونکە شیخ لەریگەی یەکیك لە ئەفسەرە ئەساسیەکانیەوە کە نامەکانی بۆ ئەو مەبەستە بلاوو دابەش دەکات، بانگهیش کردبون.

دوابەدوای گرتنی سابلاخ، قەلاکەی لاهیجان تەسلیم بە کوردەکان بو، لە ئەنجامدا تۆپەکانیان لەکارخستو پادگا ئیرانیەکەشیان بە ۲۰۰ دیلەوە گرت.

راگەیەندراوە کە نەخشەکەی شیخ عوبەیدوللە پەلاماردانی ئیرانە بە سێ لەشکری جیاوە. یەکەم لەشکر دەنیردریتە سەر خۆیو سەلماس؛ دوەم بۆ سەر مەرگەوەرو ورمێ؛ سییەم یش بۆ سەر سابلاخو تەوریز.

حالی حازر، ورمێ لەژیر هەرەشەی لەشکریکی کوردەکاندایە بە فەرماندەیی شیخ سادق. ئەم هیزە، لەنیرگی، لەنزیك دەشتی مەرگەوەر، بەدوری ٢٤ میل لەم شارەوە بارگەی لیداوە. هیچ شتیك نیە رێ لە شیخ سادق بگرێ بۆ کشانو داگیرکردنی ورمێ. ئەو هیزانەی کە لەبەر دەستی ئیقبال الدولەدان بەناو دو فەوجن، بەلام لەناوچەکەدا پەرشو بلاوبونەتەوەو، گەر کوردەکان لەپر پەلاماری ورمێ بدەن، زۆر زەحمەتە حاکمەکە بتوانیت بەرگری بکات. ناتوانیت بەهەموی، زیاتر لە ۷۰۰ کەس کۆبکاتەوەو، ورمێ یش بیگومان هەمان چارەنوسی سابلاخی دەبیت.

لەگەڵ ئیقبال الدولەدا، کە لە دەرەوەی شار بارگەی لیداوە، دیداریکم کردوەو، داوای پیویستی ناردنی بروسکەم لیکرد بۆ تەوریز، بۆ سازدانی هیزی تازە.

بیگومان وەلیعەهد ئەم دۆخە پر مەترسیەی کە هەرەشە لە سەلامەتی دەسەڵاتی حکومەتەکەی دەکات، بەشا گەیاندوە؛ چونکە ئەگەر حکومەتی ئیران ئامادە نەبیت هیزی تەواو بهینیتە ناو مەیدانەکەوە بۆ بەرەنگاریکردنی لەشکری کوردەکان لە میاندواو، وا شیخ عەبدوالقادر بەردەوام دەبیت لەکشان بەرەو تەوریز.

لە نامەکاریەکانی پیشومدا لەگەڵ بەریزتانو وەزارەتی دەرەوەی حکومەتی خاوە شکۆدا، بە بەردەوامی ئەو مەترسیەم رونکردۆتەوە کە بۆ حکومەتی ئیرانو دانیشتوە مەسیحیەکانی ئەم ناوچانە پەیدا دەبیت، ئەگەر ریگە بەشیخ عوبەیدوللە بدریت ببیتە خاوەن نفوزی بێ سنور لەناو هۆزە کوردەکانی نیو سنوری ئیراندا؛ بەڵام لەوە نەدەچو حکومەتی ئیران بەوەی زانیبیت کە مەترسیەکە نزیکە. ئیستا شیخ هیچ نهینیەکی لە نیازەکانیدا نەهیشتوە. پرۆژەکەی ئەوەیە کە خۆی بەسەرۆکی ئەمارەتیکی کوردی دابنیتو، هەمو کوردستانیش لە تورکیاو ئیراندا، بلکینیت بەیەکەوە.

ژمارە: ٧٨

لە ئیرل گرانڤیل وە بۆ مستەر St جۆن

بەریز،   وەزارەتی دەرەوە، ٧ی ك٢، ١٨٨١.

نامەی ٢٢ی مانگی رابوردوتانم پێ گەیشت، بە تەرجەمەی یاداشتیكو هاوپیچەکانیەوە، کە موحسین خانی سەفیری ئیرانی لە ئەستەموڵ، ئاراستەی هیزە ناوبژیکەرەکانی کردبوو، داوای بەگەرخستنی نفوزیانی کردبو بۆ تەئسیرکردن لە بابی عالی، تا هەنگاو بنیت بۆ ریگەگرتن لە شیخ عوبەیدوللە، کە ئیستاکە لە ناو خاکی تورکیادایە، سنوری ئیران نەبەزینیت.

پیش گەیشتنی هیچ وەڵامیك بۆ ئەم داواکاریە، حکومەتی خاوەن شکۆ پیخۆشحاڵ دەبیت بزانیت، گەر سەفیری روسی هیچ کاریکی کردبیت بۆ پشتیوانی لیکردن لەو گازەندانەی سەفیری ئیرانی دەربارەی ئەم مەسەلەیە بۆی کردوە.

(ئیمزا) گرانڤیل

بە بروسکە نیردراوە

ژمارە: ٧٩

لە مستەر. St جۆن وە بۆ ئیرل گرانڤیل– (لە ١٤ی کانونی دوەمدا گەیشتوە)

(بە بروسکە)   ئەستەموڵ، کاتژمیری ٨,١٠ دوای نیوەرۆی ٨ی ك٢، ١٨٨١.

ئاماژە بە بروسکەکەی دوینێی جەنابتان، سەفیری روسی پیی راگەیاندم کە، لە چەندین بۆنەدا پشتگیری لەسەفیری ئیرانی کردوە لە گازەندەکانیدا سەبارەت بە پەلاماردانی کوردەکان. هەروەها دەیگوت، کە پیویستە لەو پشتگیریکردنەی بەردەوام بیت.

ژمارە: ۸۰

لە مستەر St جۆن وە بۆ ئیرل گرانڤیل– (لە ١٤ی ك٢دا گەیشتوە)

گەورەم، ئەستەمولْ، ٤ ك٢، ١٨٨١.

ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە کە هاوپیچ کۆپی نامەکانی جیگری کۆنسۆلی گشتی حکومەتی خاوەن شکۆ لەوان، دەربارەی مەسەلەی هوروژمی کوردەکان بۆ ئیرانو، واتەواتی پیکهاتنی کۆمەلەیەکی کوردی، بۆ جەنابتان رەوانە بکەم.

(ئیمزا) ف. ر. St جۆن

هاوپیچی ١ی ژمارە: ٨٠

لە کاپتن کلایتن وە بۆ مەیجەر ترۆتەر

بەریز، وان، ٢٣ی ت٢، ١٨٨٠.

هەوالی باوەرپیکراو گەیشتوە، ئەوە رادەگەیەنیت کە هوروژمی کوردەکان بۆ ئیران، ئیستا بە تەواوەتی لەناوچوە. کوردەکان زۆر خراپ لەلایەن هیزەکانی ئیرانەوە تیکشکینراونو بەهەمو لایەکدا بلاْوەیان لیکردوە، بە تەنها چەند سەد کەسیکیان لەگەلْ شیخ عوبەیدوالله، عەبدوالقادری کوری ماون. هەردو ئەمانە، پیدەچیْ لە دۆخیکی زۆر وریایی دابن. چەند رۆژیکی کەم لەمەوبەر هەوالْ هەبو، کە شیخ عوبەیدوالله گەراوەتەوە بۆ مالەکەی خۆی لە شەمدینان، بەلاْم پاشان هەوالْ گەیشتو هەندیْ گومانی هاویشتە سەر ئەمە.

واباسدەکریت کە تورکەکان ریگەی پیْ نادەن بگەریتەوە ناو ولاْتەکەیان لە ترسی ئەوەی توشی فەزیحەو مەترسی نەبن. بەهەرحالْ، ئەو (شیخ) لە شوینیکە، نزیك سنورو، عەبدوالقادریش لە شوینیکە لەنیو عەشایەرەکانی باشوری دەریاچەی ورمیْ. ئیمرۆ، نامەیەکم پیشاندرا، میسیونیرە ئەمریکاییەکانی ئیرە لەیەکیك هاوریکانیان لە ورمیْوە پییان گەیشتوە، دەلیت، بۆ حەفتەیەك ورمیْ لەلایەن شیخەوە گەمارۆ درابو و، لەو ماوەیەدا شەر هەر بەردەوام بوەو بەنزیك بونەوەی هیزە تازەکانی ئیران دۆخەکە باش بوە. پیدەچیْ یاخیبونەکە بوبیتە جەنگیکی ئایینی (دیارە

مەبەستی مەزەبیە- وەرگێر) نیوان سوننیو شیعەو کاری نارەواو خراپەکاریو کۆمەڵ کوژی لەلایەن هەردو لاوە ئەنجام دراوە. من وای بۆ دەچم کە مەسیحیەکانیش لێی بەدەر نەبون.

هەواڵ لە باشقەڵاوە هاتوە کە هیزەکانی تورك بەخیرایی دەگویزرینەوە بۆ گەوەر، بۆ پاراستنی سنور هەم لە کوردەکانو هەم لە ئیرانیەکان کە راویان دەنین. بەڵام واباسدەکری کە ژمارەیەکی زۆر لەکوردی هەڵاتو کە زۆر گوندی مەسیحیەکانی گەوەریان تاڵان کردوە، هاتبیتنە سەر سنور، لەبەر ئەوە دانیشتوانەکان هەڵاتون بۆ باشقەڵاو؛ گازندەو سکاڵای ئەوەش هەیە کە هیزەکانی تورکیا ئەوەندەی کوردەکان خراپن.

بەگشتی، من لەو باوەرەدا نیم جاریکی تر وا زو لە داهاتودا، شتیکی چاوەروانکراو بیت کە شیخ ئەوەندە بەهیزو شوین مەترسی بیت.

(ئیمزا) ئیمیلیەس کلایتن

هاوپیچی ۲ی ژمارە: ۸۰

لە کاپتن کلایتن وە بۆ مەیجەر ترۆتەر

(هەلبژاردە) وان، ۲۷ی ت۲، ۱۸۸۰.

ئاماژە بەداواکەت بۆ زانیاری زیاتر کە بتوانریت وەدەست بکەویّ، سەبارەت بە واتەواتی پیکهینانی کۆمەلەیەکی کوردی، من لەو باوەرەدانیم شتیکی لەو جۆرە وەك کۆمەلەیەکی کوردی بتوانریّ باس لە بونی بکریت، گەر مەبەست لەوە یەکیتیەکی تاوتویکراوی سەرۆکەکانو هۆزەکان بیت بۆ ئامانجیك کە لای هەموان درك پیکراوو مەبەستە. من وای بۆ دەچم کە ئەوەی رویداوە، ئەمەبوە. شیخ عوبەیدواللە، بەهۆی ناو شۆرەتی لەروی پاکیو لەخواترسیەوە، بەهۆی توانای شەخسیەوە، وە بەهۆی حەماسەتی لایەنگرەکانیەوە، توانی نفوزیکی زۆر فراوانو بەرین بەسەر کوردەکاندا وەدەست بهینیت.

لەبەر ئەوە، سەرخیڵو هۆزە جۆراو جۆرەکان ئامادەبون گویّ رایەلی فەرمانەکانی بکەن، هەرچیەك بوبیتن، لەلایەکەوە بەهۆی ئەم نفوزەوە رایکیشابون، وە لەلایەکی تریشەوە بەهیوای تاڵانی.

بەباوەری من، بەم جۆرە، لەکاتیکدا شیخ خۆی، ئامانجو نەخشەی زۆر سنوردارو ئاشکرای هەبو، کوردەکان بەشیوەیەکی گشتی، زۆر کەم دەیانزانی بەچ پرۆژەو کاریکەوە خەریکن، هەرچەندە گومان لەوەدا نیە کە وروژاندنو هەستیکی زۆر

لەناویاندا بەگشتی خولقێندرا بەو واتەواتانەی کە لەئارادابون سەبارەت بەو امتیازاتانەی درابو بە ئەرمەنیەکان؛ وە گریمانیکی زۆریش هەیە کە شیخ سودی لەمە وەرگرتبیتو، دەستنیشانی پیویستی یەکیتی نیو کوردەکانی کردبیت بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خودی خۆیان.

من تەواو دلنیام کە ئامانجو نیازی شیخ یەکگرتنی هەمو کورد بوە لە هەردو خاکی تورکیاو ئیراندا، بۆ ئەمارەتیکی سەربەخۆ یا نیمچە سەربەخۆ بەسەرۆکایەتی خۆی. هەلومەرجەکان وایان لیکرد کە یەکەم جار بایەخ بە دیوی ئیران بدات، لەوانەیە بەزۆری بەهۆی ئەو سەرنەکەوتنە زۆرەی تەقەللاکەی دژی حوکمی عوسمانی لە سالی پاردا، بوبیّو، هەروەها بەهۆی ئەو بۆچونەی بلاوبو دەربارەی لاوازیی ئیران. ئەو هەروەها لەوانەیشە، لە دەستپیکردنیدا، لەگەڵ ئیراندا، وای بۆچوبیت کە گریمانی هەراسانکردنو تورەکردنی دەولەتە ئەوروپاییەکان کەمتر بوە. بیگومان ئەو بەهیوابو کە پیشەکی ئەو دەسەلاتی نیمچە سەربەخۆییە لە حکومەتی ئیرانی بستینیت کە عەبدوالقادری کوری ئیستاکە هەیەتی بەسەر خیلە کوردەکانی باشوری دەریاچەی ورمیّدا. من لەو باوەرەدام، ئەگەر ئەو لەمەدا سەرکەوتو بوایە، ئەوا دوای جیگیر کردنی دەسەلاتی بەسەر دیوی ئیراندا، لای ئەکردەوە بۆ وەدەستهینانی هەمان شت سەبارەت بە کوردەکانی تورکیا لە حکومەتی عوسمانی. شتیکی بەلگەنەویستە کە نیردراوەکانی لە هەمو لاکاندا سەرقاڵ بون، هەولی راکیشانی نەك تەنیا هەمو خیلە کوردەکان، بەلکو هەروەها نەستۆریو ئەرمەنیەکانیشیان ئەدا. لەنامەکانی پیشومدا، باسی دەست پیشخەریەکانیم کردوە بۆ نەستۆریو ئەرمەنیەکان؛ وە سەمیح پاشاش دوینیّ پیی راگەیاندم کە نامەی شیخ عوبەیدواللەی دەستکەوتوە، کە نوسیونی بۆ زۆر لە خیلە کوردەکان، داوایان لیدەکات بدەنە پالیو، دەشلیت حکومەتی تورکی گفتی چەكو تەقەمەنی پیداوە. بەلام سروشتی سەربازگیریەکەی لەیەك ترازانیکی کوشندەی بۆ دروست کرد. لە هەوەڵ کۆدا، بیگومان ژمارەیەکی زۆر لە خەلکی دایانە پالی بۆ ئەوەی شتیّ زیاتر تالانی بکەنو، کاتیکیش ئەوەندەیان دەسکەوت کە ویستیان، جیابونەوەو رۆیشتن، وە ریزو هەیبەتو نفوزیش بەس نەبون بۆ هیشتنەوەی ئەوانەی کە مابون بەیەکەوە، کاتیك پیشرەویە سەرکەوتوانەکەی وەستینرا– چونکە کورد وەك خەسلەتیکی گشتی، رەگەزیکی زۆر ئازاو کەللە رەق نین، بەلام چۆن بەئاسانی تەفرە ئەدرین، هەر ئاواش بەئاسانی دەترسینرینو، سەرباری ئەوەیش ئەو شتانەیان نیە کە پیویستن بۆ بەردەوام بونی شالاویکی پر کیشەو ململانیّو دریژخایەن.

لەبەر ئەوە، من لەو باوەڕەدام کەمەترسیەکی کەم هەیە کە جوڵانەوەیەکی گرنگی یەکگرتوی تر لەناو کوردەکاندا جاریکی تر تا ماوەیەك روبدات، چونکە تەنها کەسیك کە توانی یەکیان بخات، بەم شیوەیە بە ئاشکراو رون فەشەلی هینا. بەڵام، بیگومان، خیلە زۆرو جۆراوجۆرەکان دەتوانن ئازارو زیانیکی زۆر گەورە بە دانیشتوانە نیشتەجیو بیوەیەکانی وڵاتەکە بگەیەنن، لە نەبونی ریو شوینی تەواوو گونجاودا لەلایەن حکومەتەوە بۆ دابین کردنی ئارامی.

کاربەدەستە تورکەکان پییان راگەیاندم کە شیخ گەراوەتەوە شەمدینان، هیزەکەی بە تەواوی بڵاوەی کردوەو، ژمارەیەکی زۆریش لە راکردو لەو دیو سنورەوە هاتون بۆ ئەوەی لە دەست هیزەکانی ئیران کە کاری نارەواو تەجاوزی زۆر خراپ دەکەن، دەربازبن. کاربەدەستە تورکەکان دالدەی ئەم کوردە هەڵاتوانە دەدەنو، وەك سەمیح پاشاش پیی راگەیاندوم، بەنیازن بەشیوەیەك بروانن حەملەکەی شیخ، کە هاوشیوەیە لەگەڵ ئەو پەلامارە بەردەوامانەی خیلە ئیرانیەکان دەیکەن بۆ سەر ئەم دیوی سنورو، هەمیشەش کە دەگەرینەوە خاکی ئیران دەپاریزرین، ئەگەرچی ئەم سەرکیشیەی ئیستا وەك پاشا خۆیشی تیبینی کردوە، لەسەر مەودایەکی زۆر گەورەتر بوە. لەوە ناچیت، وەك چاوەروان دەکرا، هیچ نیازیك هەبی بۆ رەخساندنی هەلو هەنگاو نان بۆ دابین کردنی ئارامی خودی خۆیان لە داهاتودا.

ژمارە: ٨١

لە ئیرل گرانڤیل وە بۆ ئیرل دەفەرین

گەورەم، وەزارەتی دەرەوە، ٢٨ك٢، ١٨٨١.

لەنامەیەکی M. de Giers دا کە سەفیری روسیا لە ٢٥ی ئەم مانگەدا بۆ منی خویندەوە، بەریزی تیبینی لەسەر هوروژمی کوردەکان بۆ ناو ئیراندا. دەیگوت، پیویستە حکومەتی خاوەن شکۆ لەم کاتەدا، لە مەترسی دەست تیوەردانی روسیا لە ململانیکە، دلنیا بکریتەوە. بەوەی کە روسیا نەگەراوە بەدوای هەلەکەدا بەلکو بەوەی گەر ئینگلستان بخوازیت لەداهاتودا خۆی لی بپاریزیت، پیویستە لەگەڵ روسیادا ریگە لە دوبارە بونەوەو گەرانەوەی ئەم پشیویانە لەسەر سنور بگرن، کە لەوانەیە دەرئەنجامی ترسناکی لی بکەویتەوە. هەلویستی گوماناوی بابی عالی سەبارەت بە جوڵانەوەی کوردەکان کاریگەریەکی خراپی لەتاران پەیدا کردوە. لەسەردەمی پیشودا، ناوبژیکردنی بەیەکەوەی روسیاو ئینگلستان سەرکەوتو بوە لەریگەگرتن لە کیشەو ململانیی نیوان تورکیاو ئیراندا. رەنگ ئیستایش هەمان ئەنجامی هەبیتو

نیزامو ئاشتی بگەڕیتەوە ناو ولاتە پڕ ئاژاوەکان. حکومەتی روسیا، بەش بەحالی خۆی، هیچ ئامانجیکی تری نیە.

بەمیر لۆبا نۆڤ م راگەیاند، کە ناتوانم هیچ وەلامیك لەسەر ئەم مەسەلەیە بدەمەوە، گەر لەگەڵ هاوڕیکانمدا راویژ نەکەم، بەلام لەو باوەڕەدام کە ئەو فیکرەیەیان بەچاك زانیبیت کە، ئینگلستانو روسیا لە تەقەللایاندا بۆ ئارامو ئاسایی کردنەوەی دۆخی ئەم ولاتانە، بەیەکەوە کاربکەن وەك لەوەی دژ بەیەك بن.

(ئیمزا) گرانڤیل

ژمارە: ٨٢

لە مستەر تۆمسن وە بۆ ئیرل گرانڤیل

(لە ٣١ی کانونی دوەمدا، بە بروسکە وەرگیراوە)

گەورەم، تاران، ٣١ی ك٢، ١٨٨١.

دوینێ وەزیری کاروباری دەرەوە، دو بروسکەی بۆ خویندمەوە، کە هەر ئەوساتە گەیشتبوە دەست حکومەتی ئیران لە کاربەدەستەکانی سنور، لەخۆیەوە، دەیگەیەنن کە جاریکی تریش شیخ عوبەیدوالله بەفعلییو چالاکانە خەریکی خۆ ئامادەکردنو سازدان بوە بۆ دەستپیکردنەوەی کاری دوشمنکارانە لەگەڵ ئەم ولاتە، وە حکومەتی تورکیش هیچ هەنگاویکی نەناوە بۆ ریگەگرتن لی لە کۆکردنەوەو سازدانی لەشکرو کرینی چەك بۆ ئەو مەبەستە.

میرزا سەعید خان دەیگوت، شا خواستویەتی کە داوا بکەم ئەم هەوالە بگەیەنمە جەنابتانو، بلیم ئەگەر بابی عالی رازی نەکریت ریو شوینی کاریگەر بگریت بۆ وەستاندنی (کبح) شیخو کورەکانی، ئەوا گریمانیگی زۆر دەبیت کە لە بەرهاردا هوروژمیکی نوێ لە تورکیاوە بۆ ناو ئیران روبدات.

ئیران، تاکو ئیستا نەیتوانیوە رەزامەندی بۆ داواکاریە مام ناونجیەکانی (معتدل) سەبارەت بە گواستنەوەی شیخ عوبەیدوالله لە سنور، وە بۆ تەسلیم کردنەوەی ئەو سەرۆکە ئیرانیانەی کە لە سەرهەلدانەکەی دواییدا بەشداریان کردبو، بەدەست بهینیت، لەبەر ئەوە شا رونی کردەوە کە بەردەوام بون لەسەر جەخت کردن بۆ ئەم داواکاریانە لەحالی حازردا، کات بەفیرۆ دانە. تەنها دوپات کردنەوەی ئەو بەلینە نادیارانەی لی دەبیتەوە کە تورکیا تا ئیستا داویتیو هیچ ئەنجامیکی عەمەلی لی پەیدا نابیتو، شیخ عوبەیدوالله‌ش لەم کاتەدا خۆ ئامادەکردنو سازدانی تەواو کردوەو شەرو دوشمنکاریەکانی دەستپیکردۆتەوە.

رای شا ئەوە بو کە مادام هیشتا وەخت ماوە، کاری ژیرانە تر لەوەدایە هەولی وەدەستهینانی ئەو زەمانەتە بدریت کە بابی عالی هەندێ ریوشوینی کاریگەر بگریت بۆ ریگەگرتن لە شیخ عوبەیدوالله، جاریکی تر بەهیزیکی چەکدارەوە نەچیتەوە ناو خاکی ئیران. لەم روانگەیەشەوە بە بروسکە ئامۆژگاری نیردرا بۆ سەفیری ئیران لە ئەستەمولٚ تاواز لە داواکاریەکان بهینیتو، ئیستاش هانی حکومەتی تورکیا بدات بۆ ئەوەی بە نوسین تعهدیکی رەسمی بداتو، ئەوە بخاتە ئەستۆی کە ریگە بەهیچ هیزیکی چەکدار نەدریت لەهیچ بەشیکی خاکی تورکیا بچیتە ناو ئیرانەوە.

وەزیری کاروباری دەرەوە هەروەها وتی، شا زۆر بەجدی داوایکردوە کە حکومەتی خاوەن شکۆ لەریگەی کۆنسۆلە خۆش مەعشەرەکەیانەوە لە ئەستەمولٚ، پشتگیری لەو داوایە بکات کە ئامۆژگاری حاجی موحسین خان کرابو بۆ وەدەستهینانی ئەم تەعهدە، ئاراستەی بابی عالی بکات.

(ئیمزا) رۆنالد ف. تۆمسن

ژمارە: ٨٣

لە مستەر تۆمسن وە بۆ ئیرل گرانڤیل

(لە ٢١ی شباط دا، بە بروسکە گەیشتوە)

(هەلبژاردە)   تاران، ٢ی شباط، ١٨٨١.

ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە کە بۆ زانیاری جەنابتان ئەوە رابگەیەنم کە لە دیداریکی تایبەتیدا کە دوینێ کردم، گفتوگۆیەکی دورو دریژم لەگەلٚ شادا کرد، سەبارەت بە نەستۆریەکانی ورمێو ئەو هەلویستە دوشمنکاریانەی شیخ بۆ جاریکی تریش لەم دواییانەدا لەسەر سنوری ئیران پیشانی داوە.

بۆ قسەکردن لەسەر مەسەلەکەی دواوە، شا دەیگوت لە بروسکەکانی میرزا رەزا خان– ئەفسەریك بوە سوپاسالار ناردویەتی بۆ وان، کە گەیشتونەتە حکومەتی ئیران، وا دەرکەوتوە کە شیخ عوبەیدوالله لەشکری کۆکردۆتەوەو بە ئەفسەری کەم دەرەجەوە (صغیر– ثانوی) کەهەتا ئەو دواییانەش خزمەتی حکومەتی تورکیان کردوە، راهینراون؛ چەکو تەقەمەنی لەو فەرمانبەرە ناونجیە تورکانە کریوە، کە گوایە بەشیوەیەکی نهینی لە ئەمبارەکانی حکومەتەوە دەستیان کەوتوە؛ ئەم خۆسازدانو ئامادەکردنانەش بە ئاشکراو بەدان نان بە نیازی پەلاماردانیکی نوێ بۆ خاکی ئیران، ئەنجام دراون؛ وە حکومەتی تورکیاش بە تەواوی بەکردارەکانی شیخ عوبەیدوللەی زانیوە، کە سەرباری ئەوەش هیچ هەنگاویکی نەناوە بۆ ریگەگرتن لییان، یان

وەستاندنیان. ئیران بی هودە هەولیداوە زەمانەتیکی لەبابی عالیوە دەستکەویت، کە بتوانیت بەهۆیەوە دلنیا بیت لەوەی هورژمیکی نویٚ لە تورکیاوە ناکریتەوە ناو خاکەکەی. داواکاریەکەی بۆ دورخستنەوەی شیخ عوبەیدواللەو کورەکانی لەسنورو بەدەستەوەدانی سەرۆکە یاخیبوە ئیرانیەکان جیبەجی نەکرا، وە ئیستاش حکومەتی ئیرانی بریاری داوە کە داوای تعهدیکی نوسراو بکات، بۆ ئەوەی لە داهاتودا ریگە نەدریت بەهیچ هیزیکی چەکدار لە تورکیاوە بچیتە ناو خاکی ئیرانەوە. خاوەن شکۆ دەیگوت، ئەگەر ئەمانە رەفز کران، ئەوا شتیکی ئاشکرایە کە بابی عالی کردارەکانی شیخ عوبەیدوالله پیٚ باشەو هانی ئەدا، وە ئیرانیش لە راستیدا مامەلەی لەگەلٚ یاخیبوە کوردەکاندا نەکردوە، بەلکو لەگەلٚ حکومەتی تورکیادا، کە فەرمانبەرەکانی خەریکی ریکخستنو هاندانی عملیاتی دوشمنکارانەن دژی ئەم ولاٚتە.

هیوای وابو کە حکومەتی خاوەن شکۆ هانی بابی عالی بدات تا پیشنیازەکەی قوبولٚ بکاتو، لەو باوەرەشدا بو کە سولتان ناتوانیٚ داواکەی رەفز بکات گەر ئینگلستانو روسیا فشاری بخەنەسەر، چونکە هیزی ناو بژیکەرنو لەم کاتەشدا ئۆفیسە چاکەکانیان بەشیوەیەکی نەگۆر بەکارهیناوە بۆ چارەسەرکردنی هەمو کیشەو گرفتەکانی سنور لەنیوان دو دەولەتە موسولمانەکەدا.

بەخاوەن شکۆیم راگەیاند کە پیشتر داواکەیم لەسەر ئەم مەسەلەیە بە بروسکە بە حکومەتی خاوەن شکۆ گەیاندوە، بەلاٚم من لەو باوەرەدابوم کە، لەکاتیکدا حکومەتی ئیرانی هەولی ئەدا سەبارەت بە کردارەکانی شیخ عوبەیدوالله بگاتە تیگەیشتنیك لەگەلٚ بابی عالیدا، پیویست بو ئاگاداری ئەوەش بن، کە بە جۆریك خۆیان ئامادە بکەن کە بتوانن بەرپەرچی هەر هیرشیك بدەنەوە کە لەوانەیە بیکاتە سەریان.

ژمارە: ٨٤

له مستەر تۆمسن وە بۆ ئیرل گرانڤیل- (لە ٤ی شباط ی١٨٨١ وەرگیراوە)

گەورەم، تاران، ٢٣ی ك١، ١٨٨٠.

لە دیدارەکەمدا لەگەلٚ شا، لە ١٩ی ئەم مانگەدا، خاوەن شکۆی بە تایبەتی داوای لیکردم کە چەند دۆکیومینتیکی دیاریکراو لەوانەی کەوتبونە ناو دەستی لەشکرەکانی ئیرانەوە کە خەریکی دامرکاندنەوەی سەرهەلدانی کوردەکان بون، بۆ جەنابتان بنیرمو، بەهۆی ئەوەی سوپاسالار ئەم دۆکیومینتانەی رەوانەی تاران کردبو، وەزارەتی کاروباری دەرەوە بۆ هەمو وەفدە (بعثە- وفد- منتدب) جۆراوجۆر بیگانەکانی ناردبو. (دیارە مەبەستی سەفارەتەکانە)

ئەم دۆکیومینتانە، کە ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە هاوپیچ تەرجەمەکانی بنیرم، ئەوە ئەمانەن کە ئاراستەی شیخ عوبەیدوالله کراون لەلایەن هەمزاغا، عەبدوالقادری کوری، وە کابرایەکی فەرەنسی بەناوی ئەلیکساندەر رەینارتوە. بیگومان، ئەو زانیاریانەی تیایاندایە چیتر شوین بایەخو گرنگی نین، بەڵام خاوەن شکۆی بەتایبەتی دەخوازیت کە جەنابتان سەرنجی شیوازو، ئەو ناونیشانە بدەن کە ئاراستەی شیخی پێ کراون، وە هەر ئەوانەن کە بەعادەتی لە ئیراندا بەکار دەهینرین، کاتێ نامە بۆ شا خۆی دەنوسن. خاوەن شکۆ ئەمە وەك بەلگەیەك دەهینیتەوە کە ئامانجەکانی شیخ چەند (گەورە) بون، وەکو ئیدعای ئەو لەقەبانە دەکات بۆ خۆی لەسەر خاکی ئیراندا کە تەنها هی فەرمانرەوای وڵاتەکەیە.

(ئیمزا) رۆنالد ف. تۆمسن

هاوپیچی ١ی ژمارە: ٨٤

نامەی ئاراستەکراو بۆ شیخ عوبەیدوالله

(تەرجەمە) لە هەمزاغای مەنگورەوە بۆ شیخ عوبەیدوالله

ماوەی دو رۆژە ئیمە لەشاری بنە شەر دەکەینو، بە تەواوی گەمارۆی شوینەکەمان داوە، بۆ ئەوەی هیچ کەسیك نەتوانێ لە قەڵاکە دەرچێ. ئومیدەوارم خوای گەورە سەرکەوتنمان مسۆگەرو لەشکری دوژمنیش وەك تۆوی خەشخاش بڵاوە پێ بکات.

بە گەیشتنی ئەم نامەیە، لەپایەبەرزتان دەخوازم بە خیرایی ١,٠٠٠ کەسو ئەوەندەی دەتوانریت تفەنگی مارتینیو تەقەمەنیم بۆ بنیریت. من دلنیام لەوەی لە دوعاکانتا لەبیرم ناکەیت.

تێبینی– ئەو نازناوانەی لەو نامەیەی سەرەوەدا بەکارهینراون، هەر وەك ئەوانەن کە ئاراستەی میریکی شاهانە دەکرین.

لە شیخ عەبدوالقادرەوە بۆ شیخ عوبەیدوالله

ئەز شەرەفی وەرگرتنی نامەکەی خاوەن شکۆتانم هەیە کە دابوتانە دەست مەلا حەسەنو، گەلیك خۆشحاڵ بوم بە بیستنی ئەوەی کە ورمێ گەمارۆ دراوە، دو تۆپ گیراوە، وە لەشکری موسولمانەکان سەرکەوتونو خەلکەکەی ورمێش زۆر لەنارەحەتیەکانیان کەم بۆتەوە. تکامان وایە خوا سەرکەوتنی خیراو تەواومان پێ ببەخشێ. ٢٠٠٠ سوارە دەنیرم بۆ لای خاوەن شکۆتان، کە شەوو رۆژ لە خزمەتتدا بن؛ سەرکردەکانیشیان تعهدی دلسۆزیان (اخلاص) داومەتێ. هیزەکەی من لیرە

بچوکە، چونکە بە تەنها لایەنگرەکانی (لیرەدا نوسراوە پیاوەکانی) خان بەهاخان، هەمزاغاو، چەند خیلیکی کەمی دیگوری لیٚیە. دوژمن لەبەر دەمماندایە. گولٚ عەلی ئاغا چۆتە سەریان، دەموچاوی رەش داگەراوە! پاش گرتنی ورمیٚ، تکایە ١,٠٠٠ کەسو تەقەمەنی پیویستم بۆ بنیرە. خۆشت بەخیرایی وەرە.

نامەیەك (ئیمزا نەکراوە) ئاراستەی شیخ عوبەیدوالله کراوە

ئەو فەرمانانەی کە خاوەن شکۆتان بە لوتفەوە فەرموبوتان، بە تەواوی ریكو پیکیو لەسەرخۆ جیبەجیٚ کران. بەهیمەتی شیخی خاوەن شکۆی پیرۆز، یەك کەس چیە لەناو گوندەکاندا نەماون لەترسی سەربازەکان (پەلاماردەرەکان– مغیر) خەلکەکە هەمو لە ترسا هەلاٚتون. مەحالە هەستی بەرزی دادوەری خاوەن شکۆتان ریگە بەو جۆرە کارانە لەو شوینانەدا بدات. کیلگەکانی برنج بیٚ خاوەنن؛ دوکانەکانی شارەکە تالاٚن کراون. من ترسی ئەوەم هەیە کە لەوانەیە لەشکرە سەرکەوتوەکەی خاوەن شکۆت بەم کردارەی بۆ پیویستی زەخیرە، لەکەدار بیت. لەخوا داواکارم خاوەن شکۆت سەرکەوتوبیت! تکا لە خاوەن شکۆت دەکەم ٢٠ یان ٣٠ کەسم بۆ بنیریت تا مالٚو مولکەکەم بپاریزن. لیرە، زۆر سوارە هەن لە خزمەتی خاوەن شکۆتدا، بەلاٚم گویٚ رایەلی من ناکەن.

–تیٚبینی– ئەو نازناوانەی لە هەمو ئەم دو نامەیەدا بەکارهینراون، ئەوانەن کە ئاراستەی شا دەکرین.

لە عەبدوالقادرەوە بۆ شیخ عوبەیدوالله

سەبارەت بە تیکشاندنەکەم لە بناب، هۆی ئەوەی کە سەرکەوتو نەبوم ئەوە بوکە هەندیٚ لە خەلکەکە لەگەلٚ دوژمندا ریککەوتن. شەرەکە دو شەوو دو رۆژ بەردەوام بوو، بریار درا کە بکشیینەوە بۆ مياندواو بۆ ئەوەی سزای خیلی چەهار دولی بدەین. خوا یاربیٚ، ئیمرۆ دەگەینە چەهار دولی.

لەوە دەچیٚ ئەوانەی لە گەلمدان بیانەویٚ بلاٚوەی لیبکەنو، منیش بۆ چەند رۆژیکە هەولئەدەم کارەکان ریکبخەمەوە. گەر نەترسن، بیگومان هەمو بلاٚوەی لیدەکەن. پیویستە جەهال خان قەرەپەپاكو اسماعیل ئاغا حاجی خوش حەپس کەین بۆ ئەوەی ببنە پەند بۆ خەلکی تر. پیویستە لەبارەی منەوە نامە بۆ هەندیٚ لەوانە بنوسیت.

ئەو خیلاٚنەی لەگەلٚ مندان، کۆنترۆلکردنیان گرانە

له ئەلیكساندەر رەینارتی رەعیەتی فەرەنسیەوە بۆ شیخ عوبەیدواللە

چەند سالیك لەمەوبەر، خاوەن شكۆتان لوتفتان فەرمو كە من بەیەكیك لەلایەنگرەكانتان دابنیینو ئەو دۆكیومینتەش كە دەرتان كردبو لەبەردەستدایە. من ئیستا خاوەنی گوندیكم، بەشیكی دانیشتوانەكەی‌موسولمانو بەشەكەی تریش مەسیحین؛ یەك شیعەیان لەناودا نیە. تكا بفەرمون خاوەن شكۆتان نامەیەكی ئیمزاكراو بۆ ئەو خەلكە بنوسن، بۆ ئەوەی لەشكرە سەركەوتوەكەتان ئازارو زەرەریان پێ نەگەیەنن، وە هەموشیان دەبنە رەعیەتی دلسۆزی ئیوە.

ژمارە: ٨٥

له ئابۆت ی كۆنسۆلی گشتیەوە بۆ ئیرل گرانڤیل– (لە ٤ی شوباطی ١٨٨١دا گەیشتوە)

گەورەم، تەوریز، ٣٠ ك١، ١٨٨٠.

ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە، كۆپی دو نامەو هاوپیچیك بۆ جەنابتان بنیرم، كە ئاراستەی وەزیری مفوض حكومەتی خاوەن شكۆم كردوە لە تاران، دەربارەی ئەو هەوالە ناراستانەی لەسەر زەرەرو زیان گەیاندن بە مسیونیرە ئەمریكاییەكان بلاوكرابونەوە، بەشداریكردنیان لەگەلّ شیخ عوبەیدواللەو ئەو ریو شوینانەش كە من دامنابون بۆ لابردنی ئەو بۆچونە نادروستەی پەیدابو، وە هەروەها بۆ پاراستنی ئەو پیاوانەو خیزانەكانیان.

دلنیام كە جەنابتان ئەو كارەی من لەسەر ئەو مەسەلەیە كردومە، دەسەلمینن.

(ئیمزا) ولیام جی. ئابۆت

هاوپیچی ١ی ژمارە: ٨٥

له ئابۆت ی كۆنسۆلی گشتیەوە بۆ مستەر تۆمسن

(هەلبژاردە) تەوریز، ١٠ك١، ١٨٨٠.

لەماوەی گەمارۆدانی ورمێدا لەلایەن یاخیبوە كوردەكانەوە، میسیونیرە ئەمریكاییەكان كەوتبونە دۆخیكی زۆر گرانەوە. شیخ عوبەیدواللە لەگەلّ لەشكرەكەیدا لە دەرەوەی شارەكە، ریك نزیك بەخانوەكانی كۆلیجەكە بارگەی لیدابو، وە ئەوپەری نازیری دەبو گەر میسیونیرەكان رەفتاریكی دوشمنانەی ئاشكرایان بەرامبەری بنوانایە، یان نەیانتوانیایە سود لەو هەستە دۆستانەیە وەربگرن كە پیشانی ئەدان. بەلام لەهەمان كاتیشدا، ئاگاداری ئەوە بون كە بەلگەی وا قەناعەت

پیکەر بهیننەوە، بتوانن بیسەلمینن کە هەستیان بەرامبەر کاربەدەستە ئیرانیەکان زیاد لەهەمو کاتیك خۆشەویستانەو گەرمەو هەرگیز کەم ناکات. ئەوان هەردەم رەفتاریان بە دلسۆزیەکی بێ هاوتاوە دەکردو، کاتیکیش پەلاماردانیك بۆ سەر شارەکە نزیك دەبۆوە، چەندیك زۆر خانوەکانیان جێی بوایەتەوە، ئەوەندە دالدەی هاوسێ ئیرانیەکانیان ئەدا. ئەمەش بۆ ئەوە دەکرا، بۆ ئەوەی ئەو بۆچونە نادروستە نەهیلن کە ئەوان تەنها بەپەرۆش بون بۆ رزگارکردنی مەسیحیەکان.

لەبەر ئەوە مۆنسینور کلوزل ی گەورە قەشەی فەرەنسی، پەنای بۆ من هینابو کە خۆیو ئەندامەکانی ارسالیەی لازاری بپاریزم، لەبری ئەوان (لاجل) پەیامیکم بۆ شیخ ناردو، خوشکانی خیرخواز (Charity) لەلایەن ژنە ئەمریکاییەکانەوە داوەت کران کە لەگەلیاندا لە کۆلیجەکە نیشتەجێ بن تا مەترسیەکە کۆتایی دیت، بەلام داوەتەکەیان قوبوڵ نەکرد. بەیداخی Union Jack شان بەشانی بەیداخی ئەستیرەو خەتەکان (دیارە مەبەستی بەیداخی ئەمریکایە، وەرگیر) بەسەر بیناکانی کۆلیجەکەوە دەشەکانەوەو، نوسینیکی فارسیش لەسەر قاپیەکان هەلکەندرابو:

نشینگەی کۆنسۆلی ئینگلستانو میسیونیرە ئەمرکاییەکان.

سەرو ۳۰۰ نەستۆریو ژمارەیەکی زۆر لە ئیرانی پەنایان بردبوە بەر دەورو بەرو حەوشەی کۆلیجە ئەمریکاییەکە. خانوی ارسالیەکە لەناو شاردا بەریز قەشە مستەر ویپل ی تیادا بو بە مەترسیەکی زۆرەوە لەسەر ژیانی.

من ئەمە بەهەل دەزانم تا بەرەسمی رونی بکەمەوە کە ئەو راپۆرتانەی دەربارەی زەرەرو ئازاردانی میسیونیرە ئەمریکاییەکان بلاو کراونەتەوە، افتراو ناوشیواندنو زیانبەخشنو، بە تەواویش لەراستیەوە دورن. هۆ زۆرە بۆ ئەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکان شانازی بەو پیاوانەوە بکات کە هەمیشە جوامیرو لەبەرچاون بۆ ئەو ئەرکو فرمانە ئایینیانەیان کە لە ورمێ، لەناو قاتوقری، تاعونو، جەنگدا عەزم ئازایەتیەکیان ئەنواند، کە هەرگیز لەبیر ئەو کەسانە ناچیتەوە کە لەو فەسلی مەینەتیانەدا لەوێ ئامادە بون.

سەبارەت بە سکالاو گازەندەکردن لەکاربەدەستەکانی ئازەربایجان، من لەبری میسیۆنیرەکان ئەو راستیانەی پیشەوەم خستۆتە بەرچاویانو، گوتوشمە کە هەر تەنگ پیهەلچنینیك کە بەو پیاوانە یا خیزانەکانیان بکریت، وا حکومەتی خاوەن شکۆ بەنارەزاییەکی زۆرەوە تێی ئەروانێ.

هاوپیچی ٢ی ژمارە: ٨٥

لە ئابۆتی کۆنسۆلی گشتیەوە بۆ مستەر تۆمسن

بەریز، تەوریز، ٢٩ی ك١، ١٨٨٠.

ئیمرۆ، شەرەفی ئەوەم هەبو کە ئەم بروسکەیەی لای خوارەوەتان بۆ رەوانە بکەم:

نامەیەکی میسیۆنیرە ئەمریکاییەکان بە بەرواری ٢٣ی ئەم مانگە، پیم رادەگەیەنیت کە سوپاسالار زۆر بە لوتفەوە پیشوازی لیکردونو، دلنیای کردون لەویستو ئامادەیی بۆ پاراستنیان، وە حکومەتی ئیرانیش هیچ باوەری نەکردوە بەو سومعە شیواندنو لەکەدارکردنەی دژیان بلاوکراوەتەوە."

وا هاوپیچ هەلبژاردەیەکی ئەو نامەیەی لای سەرەوە ئاماژەی بۆ کراوە، دەنیرم

(ئیمزا) ولیام جی. ئابۆت

هاوپیچی ٣ی ژمارە: ٨٥.

لە قەشە (کاهن) ب. لاباری وە بۆ کۆنسۆلی گشتی، ئابۆت

(هەلبژاردە) ورمێ، ٢٣ی ك١، ١٨٨١.

رۆژیك دوای گەیشتنی سوپاسالار بۆ ئیرە، سەردانمان کردو، بە لوتفیکی زۆرەوە پیشوازیمان لیکرا.

ئیمرۆ، سەردانی سوپاسالارمان کرد. تەئکیدی بۆ کردین کە حکومەت باوەری بەم سومعە شکاندنو لەکەدارکردنەی دژی ئیمە کراوە، نەکردوەو، تەقدیرو پیزانینی خۆی دەربری بۆ ریکخراوە (دەزگا) خیرخوازە گەورە، بەبەهاو، بەخشندە بێ لایەنەکەمان. ئەو (سوپاسالار) دەیگوت، کە ئیمرۆ لە تارانەوە پێی گەیشتوە کە لەسەر داوای حکومەتی ئەمریکا، ئیرل گرانڤیل بروسکەی بۆ مستەر تۆمسن کردوە بۆ ئەوەی لە شا داوابکات مسیۆنیرە ئەمریکاییەکان لە رقو دوشمنایەتی ئیرانیەکان لە ورمێ بپاریزیت. ویستو نیەتی چاکی دەربری بۆ جیبەجیکردنی ئەوکارە.

ژمارە: ٨٦

لە کۆنسۆلی گشتی، ئابۆت وە بۆ ئیرل گرانڤیل– (لە ٤ی شوباطی ١٨٨١دا وەرگیراوە)

گەورەم، تەوریز، ٣١ ك١، ١٨٨١.

ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە کە هەلبژاردەی ئەو نامە نوێیانەی (پیکهاتون لە شەش هاوپیچ) کە ئاراستەی وەزیری مفوض حکومەتی خاوەن شکۆم کردون لە تاران، دەربارەی بەرژەوەندی سیاسی بۆ جەنابتان بنیرم.

(ئیمزا) ولیام جی. ئابۆت

هاوپێچی ١ی ژمارە: ٨٦

لە کۆنسۆلی گشتی، ئابۆت وە بۆ مستەر تۆمسن

بەرێز، **تەوریز، ٩ی ك١، ١٨٨٠.**

وا دەردەکەویت کە کاری (مهمە) هیور کردنەوەی لەسەر سنوری کوردستان بەرینمایی سوپاسالار بەباشی بەرەو پیشەوە دەچیت؛ ژمارەیەکی زۆر لەدیل، کە کوردەکان لەمیاندواوو شوینی تر گرتویانن، تەسلیم بەپایەبەرزی کراون؛ وە ئیرانیش داوای بژاردنی ئەو زەرەرو زیانەی جەنگیان لە سەرۆکە کوردەکان کردوە، کە ژمارەیەکی زۆریان ئیستا وەلایان کردۆتەوە بۆ شا.

زانیاریەکی ئەوتۆ دەربارەی هەمزاغای سەرخیلی مەنگور نیە، وەنە دەربارەی ئەو لەشکرکیشیەش هەیە (واباسدەکریت، لەچوار فەوجو هەندێ سوارەی غەیرە نیزامی پیکهاتوە بە فەرماندەیی جەنەراڵ حەسەن عەلی خان ی ئەفشار) کە وەك من تیی گەیشتوم. کراوەتە سەری.

هەوالی ئەوە هەیە کە سوپاسالار بەم زوانە بۆ ورمێ دەچیتە پیش. لەو راپۆرتە هاوپیچەی یەکیك لە میسیۆنیرەکان بۆ منیان ناردوە، دەردەکەویت کە سوننی، شیعەو، مەسیحیەکان لەو ناوچەیەدا زۆریان چیشتوە. بیگومان، سوپاسالار لەم مەسەلانە دەپرسیتەوەو بەو شیوەیەی پیویست بیت ریو شوینی بۆ دادەنیت.

هاوپیچی ٢ی ژمارە: ٨٦

هەلبژاردەی نامەیەك کە ئاراستەی کۆنسۆلی گشتی، ئابۆت کراوە

ورمێ، ٣٠ ت٢، ١٨٨١.

پیاوەکانی تەیمور پاشا ئەوەندەی کوردەکان خراپ بون لەسەرجەم تالآنیو کارە نارەواو خراپەکاریەکانیاندا. سوننیەکان دەلین، لە ورمێ ٥٠٠٠ بنەمالەن– چەند گوندیکی کەمیان نەبیت کە مەزەبیان گۆریوە بۆ شیعە، بەتەواوی لیکترازان. کەوتونەتە دوڵو گوندە بچوکەکانی ناو چیاکانەوەو، ئەوەندە نەبوەن، خەریکە لەبرساو لەسەرمادا دەمرن. ژمارەیەکی زۆر لە پیاوەکان کوژراون.

سەبارەت بە مەسیحیەکان، ئەو ئامارانەی تا ئیستا لەبەر دەستماندایە ئەوە دەردەخات کە ٢٧ گوند تالآنکراوە، زۆربەیان لەلایەن کوردەکانی شکاكو، رەعیەتە سونییەکانی ئیرانەوە؛ هەندیکیشیان لەلایەن پیاوەکانی تەیمور پاشاو شیعەکانەوە.

خراپترین حالەت گاڤیلان ە: ٢٧ بنەمالە، چیان هەبوە تالآن کراونو ٦ پیاویشیان کوژراوە.

ئەوی تر چارباشە: زیاد لە ١٠٠ خێزان تالانکراونو ٤ کەسیان کوژراوە. بەگشتی، نزیکەی ٤٠٠ بنەماڵە، بەهۆی ئەوەی کە تالانکراون لە وەزعیکی زۆر نەبو و هەژاریدان.

هاوپیچی ٣ی ژمارە: ٨٦

لە کۆنسوڵی گشتی، ئابۆت وە بۆ مستەر تۆمسن

(هەلبژاردە) تەوریز، ١٥ ك١، ١٨٨١.

وەلیعەهد لە سوپاسالارەوە هەوالی پێگەیشتوە، کە بەهیوایە لە ١٢ی ئەم مانگەدا بگاتە ورمێ.

بەپێی قسەی کاتبی فەوجیك، ئەو لەشکرکیشیەی (حملە) کرابوە سەر خێلی مەنگور، پاش ئەوەی گوندەکانی هەمزاغایان ویران کرد، گەرانەوە بارگەکەیان. هەمان ئەوکەسە رایگەیاند کە ژمارەیەکی زۆر لە مەنگوریەکان کوژراون، هی تریان بەدیل گیراون؛ هەزار حوشترو تالانیەکی زۆر بەشی زۆری لەلایەن خێلەکانی لای مەراغەو حوشترو دەوە بەتالان بران– لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە گیراونەتەوە، ئەو هێزانەی کە مالەکەی هەمزاغایان سوتاندو ١٦ کەس لەدانیشتوەکانی بەژنو منالەوە بەکۆمەڵ کوژران. واباسدەکریت، هەمزاغاو ژنەکەی توانیویانە دەربازبن.

بیگومان، ئەو هەوالەی پیشەوە پیویستی بە تەئکید لێ کردن هەیە.

هاوپیچی ٤ی ژمارە: ٨٦

لە کۆنسوڵی گشتی، ئابۆت وە بۆ مستەر تۆمسن

(هەلبژاردە) تەوریز، ١٦ ك١، ١٨٨٠.

لیرە هەوالی ئەوە هەیە، بەلام پیویستی بە تەئکید لێ کردنیشە، کە بەهۆی ئەوەی هێزەکانی تورك ریگەیان لە هەمزاغا گرتوە لە سنور بپەریتەوە، ئیستا شوینەکەی لە نزیکەوە لەلایەن ئیرانیەکانەوە گەمارۆ دراوە، وە شیخ عوبەیدوللەش لە خاکی تورکیادا گیراوە، بەلام دەکات داوا ریگە بدرێ لەبەر دەم مەجلیسیکدا بەرگری لە قەضیەکەی بکات. ئەمە گەر راست بیت، مانای ئەوەیە کە لەبەردەم نوینەرانی تورکیاو ئیراندا بیت.

هاوپێچی ٥ی ژمارە: ٨٦

لە کۆنسۆلی گشتی، ئابۆت وە بۆ مستەر تۆمسن

(هەلبژاردە) تەوریز، ٢٩ ك١، ١٨٨٠.

هەمزاغاو لایەنگرەکانی هەولیان داوە لە سنور بپەرنەوە بۆ ناو تورکیا، بەلاّم روبەروی باندیکی گەورە لە کوردە دوشمنکارەکانی تورکیا بونەتەوە. شەریکی خویناوی رویداوە. مەنگورو سەرۆکەکەیان بۆ ناو خاکی ئیران هەلبرراونەتەوە دواوەو، بۆ سەردەشت هەلاّتون.

نامەیەك لە دو قازی سابلاّخ وە گەیشتۆتە ئیرە، هەوالی ئەوەی گەیاندوە کە هەمزاغا بە هیزیکی گەورەوە گەمارۆی سەردەشتی داوە.

کاتیك وەزیر فاڤایت بەمە دەزانیت، کات بەفیرۆ نادات و فەوجیك لە هیزی نیزامی، هەندێ میلیشیاو، دو تۆپ لە سابلاّخ وە دەنیریت بۆ سەردەشت. هەروەها ئەو هەنگاوانەی کە نابوی بۆ بەرەنگاربونەوەی جموجولەکانی هەمزاغا، بە وەلیعەهدی راگەیاندو، لە ئەنجامی ئەمەشدا وای بەباش زانی (وەلیعەهد) کە بۆ حالی حازر سوارەی شاە سەڤەند، کە بەو دواییانە لە جەنگ گەرابونەوەو بەریگاوە بون بۆ تاران، لە تەوریز بهیلرینەوە.

هاوپێچی ٦ی ژمارە: ٨٦

لە کۆنسۆلی گشی، ئابۆت وە بۆ مستەر تۆمسن

(هەلبژاردە) تەوریز، ٣٠ك ١، ١٨٨٠.

بەپیی ئەو هەوالەی گەیشتۆتە ئیرەو، پیویستی بە تەئکید کردنە، ئەو لەشکرانەی روسیا کە لە نەخچەوان خۆیان سازدابو (بارگەیان لیدابو)، لە ٢٤ی ئەم مانگەدا دەستیان کرد بە گەراندنەوە بۆ مەرکەزەکەی خۆیان.

ژمارە: ٨٧

لە مستەر. St جۆن وە بۆ ئیرل گرانڤیل– (لە کاتژمیری ٣,٤٥ پاش نیوەرۆی ٤ی شوباط دا گەیشتوە)

(بەبروسکە) ئەستەمولّ، کات ژمیری ١,٤٥ پاش نیوەرۆی ٤ی شوباطی، ١٨٨١.

بروسکەیەکم لە کاپتن کلایتن وە پیگەیشتوە، رایدەگەیەنیت کە شیخ عوبەیدوالله خۆی ئامادە دەکات بۆ هوروژمی نوێ بۆ ناو ئیران، وە لەلایەن سولتانەوە یاریدەدەریکی کامپی (Aide- de- Camp) **بۆ نیردراوە.**

سەفیری ئیران لێرە، لەوە دەپرسێ گەر من دەسەڵاتم درابێتێ پشتگیری لە نارەزاییەکانی بکەم لای بابی عالی.

ژمارە: ٨٨

لە ئیرل گرانڤیل وە بۆ مستەر تۆمسن

بەریز، وەزارەتی دەرەوە، ٥ی شوباط، ١٨٨١.

بروسکەکەی ٤ی ئەم مانگەتانم وەرگرت کە دەلین زانیاریتان پیگەیشتوە کە شیخ عوبەیدوالله خەریکی خۆسازدانە بۆ هوروژمیکی نوێ بۆ ناو ئیرانو، سەفیری ئیرانیش پرسی ئەوەی کردوە گەر ئیوە تەخویل کرابن بۆ پشتگیری کردنی گازندەکانی لای بابی عالی.

بەوە دەزانم کە سەفیری روسیا رینمایی کراوە کە پشتگیری لەو جۆرە نارەزاییانە بکاتو، منیش هاوشان لەگەڵ مسیۆ دی ناڤیکوڤدا، پیویستە ئامۆژگاری تۆ بکەم کە پشتگیری لەو گازندانە بکەیت کە حکومەتی ئیرانی بەرامبەر بە بەزاندنی سنورەکەیان لەلایەن باندە کوردەکانەوە، دەیکات.

(ئیمزا) گرانڤیل

ژمارە: ٨٩

لە مستەر Stجۆن وە بۆ ئیرل گرانڤیل– (لە ١٧ی شوباتدا وەرگیراوە)

گەورەم، ئەستەمولّ، ٧ی شوبات، ١٨٨١.

ئامارژە بە بروسکەکەی ٥ی ئەم مانگەی جەنابتان، ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە رایبگەیەنم کە ئیمرۆ، دەربارەی مەسەلەی بونی بەردەوامی شیخ عوبەیدوالله لەنزیك سنوری ئیرانەوە، قسەم لەگەڵ وەزیری کاروباری دەرەوەدا کرد. گوتم، حکومەتی خاوەن شکۆ ئیستا ئامۆژگاری کردم تا ئەو گازندانەی کە سەفیری حکومەتی خاوەن شکۆ دو مانگ لەمەوبەر کردبونی، بۆ بەریزی دوپات بکەمەوە، وە هەروەها گوتی، بەپیی ئەو زانیاریانەی پیی گەیشتوە، ئەم شیخە ئاژاوەچیە (بەئاشوبە) جاریکی تریش خەریکی خۆسازدان بوە بۆ هوروژمیکی تر بۆ ناو ئیران.

عاسم پاشا وەڵامی دایەوە کە من خراپ تیگەیەندراومو، ئیجرائات کراوە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەکە بەشیوازیکی قەناعەت پیکەر، وە ئەو خراپەو مەترسیانەی سەفیری ئیران لە راپۆرتەکانیدا داویەتی بە حکومەتەکەی، زۆری پیوە نراوە.

عاسم پاشا لەسەری رۆیشـتو گوتی، واتەواتی چەکدارکردنی کوردەکان بێ بنچینە بوە، ئەو جۆرە ریو شوینە هەرگیز لەلایەن حکومەتی تورکیاوە تەنانەت بیریشی لینەکراوەتەوە، باشترین هۆش ئەوەیە کە ئەوان (کوردەکان) رەگەزیکی سەرشیتو ئاشوبە چین، کە زۆر زەحمەتە کۆنترۆڵ بکرین گەر چەکیان بدریتێو فیری بەکارهینانیان بکرین.

بەکورتی، بەریزی وای لیکردم بگەمە ئەو دەرئەنجامەی کە، هەرچەندە لەنیو کوردەکاندا کەسانی ئەوتۆ هەن کە لەوانەیە چەکیان لەدەرەوەی ولات بۆ بەکارهینانی خودی خۆیان کریبیت، بەلام بیگومان حکومەت بایەخ بە ریگەگرتن لەو جۆرە مارەسەیە دەدات وەك لەوەی هانی بدات. لەبەر ئەم هۆیە بو کە کوردەکان لەماوەی دوا جەنگ لەگەڵ روسیادا، چەکیان نەدرایە.

(ئیمزا) ف. ر. St جۆن

ژ	ناو	بەروار	بابەت	لاپەرە
١	مستەر تۆمسۆن	١٤ مایس ١٨٨٠	رِاووروتی کورد لەسەر سنوری تورکیا ئیران، ئارەزوی ئیران بۆ گەلآلەکردنی ریکەتننامەیەك لەگەلْ بابی عالیدا لەو بارەیەوە	١
٢	بۆ مستەر گۆشین	١ تەمموز	بابی عالی هان بدریت کات بەفیرۆ نەدات لە رەوانەکردنی رەشنووسی ریکەوتننانە بۆتاران (سەیری ژ. ١بکە)	١
٣	بۆ مستەر تۆمسۆن	١ تەمموز	زمانیکی پەسندکردن لەلایەن ئەوەوە بەکاردەهینریت وەك لەژمارە (١)دا راگەیەندراوەو ئەو ئاگادار دەکات لەرەوانەکردنی بۆ مستەر گۆشین (سەیری ژ. ٢ بکە)	١
٤	مستەر گۆشین	٣ ئاب	کۆپییەکی داخراوی پەیامیك ئاراستەی بابی عالی کردووە سەبارەت بەو راووروتەی لەلایەن کوردەکانەوە کراوە.	٢
٥	بۆ مستەر گۆشین	١٩ ئاب	پەسندکردنی مەرجەکانی پەیامەکەی ئاراستەی بابی عالی کراوە کەلە ژ. ٤دا بەنهینی هاوپیچ کراوە	٤
٦	مستەر گۆشین	١٧ ئاب	ناردنی پەیوەندییەکی پاتریارکی ئەرمەنستان سەبارەت بە پیکهینانی کۆمەلەیەکی کوردی	٥
٧	مستەر گۆشین	٢٣ ئاب	ناردنی کۆپی بەرقییەیەکی کلایتۆنی جیگری کۆنسوڵ سەبارەت بەریوشوینەکانی شیخ عوبەیدولآی کوردەوەو هەلویستی مەسیحییە نەستۆرانییەکان	٧
٨	کۆنسوڵ ژەنەرال ئابۆت	٣١ تەمموز	ناردنی کۆپی سێ بروسکە بۆ وەزیری خاوەن شکۆ لەتاران سەبارەت بە ئالۆزیو گرژی لەسەر سنوری تورکیاو ئیرانو ئیمپراتانەکانی شیخ عوبەیدولا	٨
٩	مستەر تۆمسۆن	٢٤ ئاب	بەردەوام دەبیت لەهاندانی حکومەتی ئیران بۆ ئەوەی هاریکاری بکات لەپاراستنی نیزام لەسەر سنور وەزعی دانوستاندن سەبارەت بە رەشنوسی پیشنیارکراوی ریکەوتننامە	١٠

١٠	مستەر تۆمسۆن	٨ تشرینی یەکەم	دەستەی گەورەی کورد شارۆچکەو ناوچەی سووج- بۆلاك یان گرتووە. دەسەڵاتدارانی ئیرانی رایان کردوە. ئەو هەنگاوانەی لەو بارەیەوە لەلایەن حکومەتەوە گیراونەتەبەر	١١
١١	مستەر تۆمسۆن	١١ تشرینی یەکەم	رەوانەکردنی دیداریك لەگەڵ شادا سەبارەت بە یاخیبوونی کورد لە ئازەربایجان. ئەو تکا لە حکومەتی خاوەن شکۆ دەکا لای ئەستانبوڵ تەدەخول بکات.	١١
١٢	ئەسیم پاشا بۆ موسوروس بیگ (بروسکە)	١٤ تشرینی یەکەم	بابی عالی بیستویەتی کە کوری شیخ عوبەیدوڵا بەسەرۆکایەتی باندیك بۆ مەبەستی راووروت خەریکە بپەریتەوە بۆ ناوچەکانی تورکیا	١٢
١٣	بۆ مستەر تۆمسۆن	١٦ تشرینی یەکەم	تەئکیدکردنی ژ. ١٢	١٣
١٤	مستەر گۆشین	١٢ تشرینی یەکەم	زانیاری لەلایەن مستەر تۆمسنەوە دراوە (سەیری ژ. ١٠ بکە) بە بروسکەش لە بەغداو وانەوە سەلمینراوە. وتوویژ لەگەڵ بالیۆزی ئیران سەبارەت بە ریکەوتننامەیەك لەنیوان ئیرانو تورکیادا.	١٣
١٥	بۆمستەر گۆشین	١٩ تشرینی یەکەم	ناردنی کۆپی ژ ٩٠ بۆ هاندانی بابی عالی بۆ خیراکردن لە گەڵالەکردنی ریکەوتننامەیەك لەگەڵ ئیراندا.	١٣
١٦	مستەر گۆشین	١٩ تشرینی یەکەم	ناردنی کۆپی بروسکەیەك لەلایەن بالیۆزی ئیرانەوە نیردراوە سەبارەت بە داگیرکاری کوردان	١٤
١٧	مستەر تۆمسۆن	٢٧ تشرینی یەکەم	تەئکیدکردنی نامەیەك لە مستەر ئابۆتی حەوتەمینی خیراوە. ورمێ لەژیر هەرەشەی کوردان دایە. بەگویرەی راپۆرت مستەر ئابۆت ئەوێی جێ هیشتووە.	١٤
١٨	مستەر تۆمسۆن	٢٨ تشرینی یەکەم	بە گویرەی راپۆرت یەکیك لە کورەکانی شیخ عوبەیدوڵا کوژراوە لە شەریکدا لەنزیك مەراغە. پیشکەوتنی هیزەکانی ئیران	١٥

١٩	مستەر گۆشین (بروسکە)	٢٩ تشرینی یەکەم	هەواڵ دەدا کە حاکمی سورونیا رایکردووە، شیخ عوبەیدولا لەسنور پەڕیوەتەوە بۆ ناو ئیران	١٥
٢٠	مستەر تۆمسۆن	٣٠ تشرینی یەکەم	زانیاری کە لە ژ. ١٢دا دراوە. پیچەوانەیە لەگەڵ دیدو لیدوانەکانی شیخ عوبەیدولادا. سەرۆکە کوردەکان ئارەزوو دەکەن کوردستانیکی سەربەخۆ دابمەزرینن.	١٦
٢١	مستەر تۆمسۆن	١ نۆڤەمبەر	کوردان لەورمێ کشاونەتەوە	١٦
٢٢	مستەر گۆشین	٢٤ ئۆکتۆبەر	کۆپی بروسکەیەکی مەیجەر ترۆتەر سەبارەت بە پروپاگەندەی هەولی پیکهینانی کۆمەلەیەکی کوردی	١٦
٢٣	مستەر تۆمسن (بەبروسکە)	٢ نۆڤەمبەر ١٨٨٠	شا زۆری پیخۆشە کە رونکردنەوەیەکی زیاتر بکریت بۆ بابی عالی، وە جەختیان لەسەر بکەن کە سنورەکە بەباش چاوەدیر بکەن.	١٧
٢٤	بۆ مستەر گۆشن	٢ نۆڤەمبەر ١٨٨٠	ئەو پیشنیارەی پیباشە کە یەکیك لە کۆنسوڵەکانی خاوەن شکۆ لەگەڵ کۆمسیۆنەکەدا بیت ٠بروانە ژ: ١٤)..	١٨
٢٥	مستەر پلەنکیت (بەرووسکە)	٤ نۆڤەمبەر ١٨٨٠	حکومەتی روسیا هیزی ئامادە کردوە بۆ یارمەتیدانی ئیرانیەکان بۆ مل پیکەچکردنی کوردە تالانکەرەکان.	١٨
٢٦	بۆ مستەر پلەنکیت	٦ نۆڤەمبەر ١٨٨٠	پرسیار لە حکومەتی روسیا دەکات کە ئەگەر بەراستی ئاگادار کرابیت. (بروانە ژ: ٢٥)	١٨
٢٧	مستەر گۆشن (بەبروسکە)	٧ نۆڤەمبەر ١٨٨٠	ئەو هەنگاوانەی کە بابی عالی ناویتی بۆ ریگەگرتن لە هۆزە کوردە گەرۆکەکان لە چونەوەیاندا بۆ ناو ناوچە تورکیەکان..	١٨
٢٨	مستەر پلەنکیت	٨ نۆڤەمبەر ١٨٨٠	برگەیەك لە "بیریگ Bereg" ئەوە پیشان ئەدات کە شا بو داوای یارمەتی روسیای کردبو (بروانە ژ: ٢٦)	١٨
٢٩	مستەر پلەنکیت	٣ نۆڤەمبەر ١٨٨٠	گفتوگۆ لەگەڵ بارون (نبیل) جۆمینیدا سەبارەت بە ئاشوبەی کوردەکانەوە. لەوانەیە روسیا بەشیوەیەکی راستەوخۆ تر گرنگی پێ بدا ..	١٩

٣٠	مستەر تۆمسن (بە بروسکە)	٨ نۆڤەمبەر ١٨٨٠	ئیرانیەکان هیشتا ئورمیەیان بەدەستەوەیە، بەڵام کوردەکان نەکشاونەتەوە وەك باسکرابو..	٢٠
٣١	مستەر تۆمسن (بە بروسکە)	٨ نۆڤەمبەر ١٨٨٠	لەم کاتەدا، حکومەتی ئیران بەهیوای ئەوەیە کە بتوانێ یەکیتی (یەکبون) کوردەکان بە وتوویژ تیك بشکینی.	٢٠
٣٢	مستەر پلەنکیت	٨ نۆڤەمبەر ١٨٨٠	بارون جۆمینی رونی دەکاتەوە کە شا بوە حەزی خۆی دەربریوە بۆ یارمەتی روسیا، وە رازیش بوە ٠بروانە ژ: ٢٦)	٢٠
٣٣	مستەر گۆشن	١ نۆڤەمبەر ١٨٨٠	لەسەر ژمارە ١٥ کاری کردوە	٢١
٣٤	مستەر تۆمسن	٩ نۆڤەمبەر ١٨٨٠	پاریزگاری ئوورمیە راپۆرتی داوە کە توانیویتی کوردەکان لە خەندەقەکانیان (سەنگەرەکانیان) بەدەرنێ.	٢١
٣٥	بۆ مستەر پلەنکیت	٩ نۆڤەمبەر ١٨٨٠	گفتوگۆ لەگەڵ بالیۆزی روسیادا سەبارەت بە داوای شا کە هیزەکانی روسیا یارمەتی بدەن بۆ شکاندنی کوردەکان	٢١
٣٦	مستەر تۆمسن	١٢ نۆڤەمبەر ١٨٨٠	سوپاسی شا بۆ ئوفیسە چاکەکانی ئینگلتەرە کە قەناعەتیان بەبابی عالی کردوە بۆ هاوکاریکردن لە دامرکاندنی یاخیبونی کوردەکاندا.	٢٢
ژ	ناو	بەروار	بابەت	لاپەرە
٣٧	مستەر تۆمسن (بە بروسکە)	١٢ نۆڤەمبەر ١٨٨٠	راپۆرتی کوشتنی فەرماندەی هیزە قایم کراوەکان کە لە تارانەوە نیردراوە. بەهاناچونی سابلاخەوە لەلایەن ئیرانیەکانەوە	٢٢
٣٨	مستەر گۆشن (بەبروسکە)	١٣ نۆڤەمبەر ١٨٨٠	ئایا هانی بابی عالی بدات بۆ گرتنی شیخ عوبەیدوڵاو کورەکانیو سزاشیان بدات بەشیوەیەك کە ببنە عیبرەت؟	٢٢
٣٩	بۆ مستەر گۆشن	١٣ نۆڤەمبەر ١٨٨٠	رونکردنەوە بۆ بابی عالی سەبارەت بە شیخ عوبەیدولاّ بۆ لیهاتویی (فطنە) خۆی بەجێ دەهیلری.. دەبێ بابی عالی ئاگادار بکریت کە پەناهەندەیی نەداتێ.	٢٢

٤٠	مستەر گۆشن	٩ نۆڤەمبەر ١٨٨٠	ناردنی دوو بروسکە لەلایەن جیگیری کۆنسوڵ (کلایتۆن) سەبارەت بەکیشەی کوردەوە	
٤١	بۆ مستەر پلەنکیت	١٦ نۆڤەمبەر ١٨٨٠	جەخت کردنی م. دێ گیرز لەریگەی بالیۆزی روسیاوە کە ئیمپراتۆر سوورە لەسەر ئەوەی کە ریگە بگریت لە هیزەکانی، ئەوەندەی کە لە توانادا بێ، کە سنور نەبەزینن	٢٤
٤٢	مستەر تۆمسن	١٩ نۆڤەمبەر ١٨٨٠	کۆنسولی گشتی حکومەتی خاوەن شکۆ لە تەوریز راپۆرتی داوە کە هەمو هیزەکانی کوردەکان خەریکی هەڵاتنن.	
٤٣	مستەر تۆمسن	٢٠ نۆڤەمبەر ١٨٨٠	کۆنسولی گشتی حکومەتی خاوە شکۆ لە تەوریز راپۆرتی گەیشتنی قوزاقەکانیان داوە لە نەخچەوان، نزیک بەسنوری روسیا.	٢٥
٤٤	مستەر پلەنکیت	١٧نۆڤەمبەر ١٨٨٠	بارون جۆمینی دەلیت راپۆرتەکانی ئەو دواییانەی کوردستان زۆرتر شوینی رەزامەندین	٢٥
٤٥	مستەر گۆشن	١٦ نۆڤەمبەر ١٨٨٠	گفتوگۆ لەگەڵ وەزیرانی تورکدا دەربارەی هەلسانی کوردەکان. بۆچونی تورکەکان سەبارەت بە مەسەلەکە	٢٦
٤٦	مستەر تۆمسن	٢٣ نۆڤەمبەر ١٨٨٠	گفتوگۆ لەگەڵ شادا سەبارەت بە یاخیبونە کوردیەکەوە خاوەن شکۆ وای بۆ دەچێ کە بابی عالی بەرپرسیارە لەهەمو ئەو شتانەی رویانداوە. بۆچونەکانی سەبارەت بەو هەنگاوانەی کە دەبیت بنرین بۆ سزادانی شیخ عوبەیدوڵا.	٢٧
٤٧	مستەر تۆمسن	٢٤ نۆڤەمبەر ١٨٨٠	زانیاری سەبارەت بە جموجولی هیزەکانی روسیا لەسەر سنوری ئیران	٢٨
٤٨	بۆ مستەر گۆشین	٢٤ نۆڤەمبەر ١٨٨٠	لەوانەیە ئامۆژگاری‌یەکی وای بابی عالی بکات وەك پێی وایە پیویستە بە گەرانەوە بۆ ژ. ٤٦.	
٤٩	مستەر پلەنکیت	٢٤ نۆڤەمبەر ١٨٨٠	بارۆن جۆمینی رادەگەیەنیت دوا بەدواداچوونەکانی لە کوردستانەوە بەتەواوی قایلکەر نین بۆچوونەکانی سەبارەت بە ئامادەکاری سەربازیی روسیا	٢٩

٥٠	مســــتەر تۆمسۆن	٢٥ نۆڤەمبــەر ١٨٨٠	کۆنسۆلی گشتی خاوەن شکۆ لە تەبریز هـــەوالی گەیشـــتنی ٢٠٠ قەفقاســـی روسیایی بۆ نەخچەوان رادەگەیەنیت	٢٩
٥١	مســــتەر گۆشین (بەبروسک ٥)	٢٥ نۆڤەمبــەر ١٨٨٠	وەزیری کاروباری دەرەوە رایدەگەیەنیت کۆمیسیۆنیك پیك دەهینریت بۆ ئـەوەی شیخ، کورەکـەی‌و یاخی‌بووەکـانی دیکـە دادگـــایی بکـــاتو لــــە کاروبارەکـــان بکۆلیتەوە.	٣٠
٥٢	مســــتەر تۆمسۆن	٢٨ نۆڤەمبــەر ١٨٨٠	بـــەگویرەی راپـــۆرت زۆر لەســـەرۆکە کوردەکان مل کەچی خۆیان بۆ حکومەتی ئیران راگەیاندووە و خۆیان بە دەستەوە داوە	٣٠
٥٣	مســــتەر پلەنکیت	٢٩ نۆڤەمبــەر ١٨٨٠	بـارۆن جۆمینـــی بیســتویەتی کـە شـیخ عوبـــەیدولا پلانـــەکانی دەســـت پیکردۆتـــەوەو شـــانکا لــە حکومـــەتی بەریتانیاو روسیا دەکات بابی عالی هان بدەن بۆ ئەوەی تاوانبار سزا بدات.	٣٠
٥٤	مســــتەر گۆشین	٢٦ نۆڤەمبــەر ١٨٨٠	نـاردنی چــەند بروســکەیەکی کلایتـــۆن جیگری کۆنسولْ سەبارەت بە داگیرکاری کـوردو جموجولـەکانی سـوپاکە دەسـتی پیکردووە.	٣١
٥٥	کۆنســۆلی گشــــتی ئابۆت	١١ نۆڤەمبــەر ١٨٨٠	راپۆرتیـك دەدات ســەبارەت بـە رەوشــی مەسیحی‌یە نەستۆرانی‌یەکانی ورمیْ	٣٤
٥٦	کۆنســۆلی گشــــتی ئابۆت	١٥ نۆڤەمبــەر ١٨٨٠	رەوانەکردنی چەند برگەیەکی بیرەوەری رۆژانـــی مانـــەوەی لـــەورمیْ لـــەکاتی داگیرکـــاری کــــورداو نــــاردنی کۆپــــی بروسـکەیەك بـۆ مسـتەر تۆمسـۆن لـەو بارەیەوە	٣٧
٥٧	مســــتەر تۆمسۆن	٧ دیسەمبەر	حکومـەتی ئـیرانی زانیویـەتی کـە شـیخ عوبەیدولاو کورەکانی ئیستا بـەدریژایی سنوری ئیران کشاونەتەوە.	٤١
٥٨	مســــتەر تۆمسۆن	٩ دیسەمبەر	ســیمای باشــی گیرانــەوەی نــیزام لــە سنوری کوردا	٤١
٥٩	مســــتەر تۆمسۆن	١٧ ئۆکتۆبەر	فـەرماندەی تــورك رایدەگەیــەنیت ئــەو ریرەوانەی داگیرکردوە کە لیْیانەوە کورد دەیەرینەوە ناوچەکانی تورکیا.	٤١

٦٠	مستەر تۆمسۆن	٢٩ ئۆکتۆبەر	ناردنی کۆپی بەیانیکی وەزیری کاروباری دەرەوەی ئیران بۆ نوینەرانی بیانی لەتاران سەبارەت بە یاخی بوونی کورد، لەگەڵ هەندیك نامەی دیکەدا.	٤٢
٦١	مستەر تۆمسۆن	٣١ ئۆکتۆبەر	پیشکەشکردنی بروسکەیەك لە مستەر ئابۆتەوە کە زانیاری سەبارەت بەیاخیبوونی کوردو چەند کۆپییەکی چەند نامەیەك کە لەلایەن شیخ عوبەیدوڵاوە نووسراون بۆ دەربرینی دیدو ئامانجەکانی.	٢٤
٦٢	مستەر گۆشین	٢٩ نۆڤەمبەر	گفتۆگۆیەك لەگەڵ ئەیسم پاشا سەبارەت بەرووداوەکانی کوردستان. ئەو سکاڵا لەدەست حکومەتی ئیرانی دەکاتو دەلیت بابی عالی ریرەویکی بەدوادا چوون لەگەڵ ئیراندا لەو بارەیەوە پیك دەهینیت.	٥٠
٦٣	بۆ مستەر تۆمسۆن	٩ دیسەمبەر	مژدەبەرانی ئەمریکی لە ورمێ بۆ ئەوەی ئۆمنیە چاکەکانی لە جیاتی بەکاری بهینیت.	٥١
٦٤	مستەر تۆمسۆن	١٠ دیسەمبەر	نارەحەتی بەرامبەر مژدەبەرانی ئەمریکایی رۆلی خۆی بینیوە (سەیری ژ. ٦٣ بکە).	٥١
٦٥	مستەر تۆمسۆن	١١ دیسەمبەر	مژدەبەرانی ئەمریکا رایدەگەینن کە پەیوەندییەکانیانی لەگەڵ دەسەلاتدارانی ئیرانیدا دۆستانەیە. لەو بارەیەوە چەند هەنگاویك لەلایەن حکومەتی ئیرانەوە نراون.	٥١
٦٦	کۆنسۆلی گشتی ئابۆت	٢٣ نۆڤەمبەر	پیشکەشکردنی کۆپی سێ بروسکە سەبارەت بەکاروباری کورد بۆ وەزیری خاوەن شکۆ لەتاران. بەگویرەی هەواڵ ژنانیك کە لەلایەن سەربازانی ئیرانەوە هەلگیراون لەلایەن خزمەکانیانەوە دۆزراونەتەوە.	٥٢
٦٧	بۆ مستەر سەینت جۆن	١٣ دیسەمبەر	زمانی پەسندکردن لەلایەن مستەر گۆشینەوە بۆ ئەسیم پاشا بەکاردەهینریت لە ژ. ٤٥ دا راگەیەندراوە.	٥٣

٦٨	کلایتــــون جیگـــــری کونســـۆڵ. بۆ میجــەر ترۆتەر	٢ نۆڤەمبەر	ریرەویکـــی پروپاگـــەندە ســـەبارەت بـــە جوڵانـــەوەی کـــورد. هەوڵـــەکانی شـــیخ عوبەیدوڵا بۆ قایل کردنی مەسیحیەکان بۆ ئەوەی یەیوەندی پیوە بکەن.	٥٤
٦٩	مســــــتەر تۆمسۆن	٢٠ دیسەمبەر	گەیشتنی سوپای ئیران بۆ ورمێ. ئیستا ســـوپای شـــیخ عوبـــەیدوڵا بەتـــەواوی پەرتەوازە بووە.	٥٤
٧٠	کۆنسۆڵ- گشـــــتی ئابۆت	٣٠ نۆڤەمبەر	نـــــاردنی کۆپـــــی چـــــەند بروســــکەیەك سەبارەت بە جموجولـی سـوپای روسـیا بەرەو سنوری ئاراسو هەڵمـەتی ئـیرانی دژی کـورد بـۆ وەزیـری خـاوەن شـکۆ لـە تاران.	٥٥
٧١	مســــــتەر پلەنکیت	١٤ دیسەمبەر	گفتوگۆکـردن لەگـەڵ مســـتەر گیـبریس ســــەبارەت بـــــە داگیرکـــــاری کـــــوردو بڵاوکردنـــەوەی هیزەکـــانی روســـیا تـــا نەخچەوان.	٥٨
٧٢	کـــــــاپتن کلایتــــون بۆ میجــەر ترۆتەر	٩ نۆڤەمبەر	وا دەردەکـەویت بزوتنـەوەی کـــورد لـــە روخاندابیت. وەزعی کاروبار لە ویلایەتی وان	٥٨
٧٣	سـیر ئیـچ ئیلیۆت	٢٣ دیسەمبەر	بـارۆن هاریمـەری بەلین دەدات پشتگیری داوای بابی عالی بکات لـەوەی کـە دەبیت هـەندیك لـە سـەرۆکە کوردەکـان تەسـلیم بکرینەوە.	٥٨
٧٤	مســــــتەر ســــــەینت جۆن	٢٢دیسەمبەر	نـــــاردنی دەقـــــی تەرجەمـــــەکراوی یاداشتنامەیەك کە لەلایەن بالیۆزی ئیران سـەبارەت بـە بابـــەتی داگیرکـاری کـورد ئاراســـــــتەی نوینـــــــەرانی هـــــــیزە ناوبژیکەرەکان لە ئەستانبوڵ- کراوە.	٥٩
٧٥	مســــــتەر تۆمسۆن	٢٩ نۆڤەمبەر	بارودۆخی مەسیحیە نەستۆرانیەکانی ورمێ ئـەنجامی لیکۆلینـەوەکانی مسـتەر ئابۆت لەو بارەیەوە.	٦٧
٧٦	کۆســـــنول ژەنـــــەراڵ ئابۆت	٤ دیسەمبەر	کۆپـی چـەند بروسـکەیەك سـەبارەت بـە هەڵمـــەت دژی کـــوردانو جیگـــیرکردنی هـــیزیکی روســـیایی لـــە نەخچـــەوانو هـەڵاتنی شیخ عوبەیدوڵا بۆ ناوچـەکانی تورکیا بۆ وەزیری خاوەن شکۆ لە تاران	٦٩

٧٧	کۆنسوڵ ژەنەراڵ ئابۆت	٧ دیسەمبەر	پیشکەشکردنی کۆپی چەند بروسکەیەك لە قۆناغیکی سەرەتای داگیرکاری کوردا ئاراستەی مستەر تۆمسۆن کراون.	٧٠
٧٨	بۆ مستەر سەینت جۆن	٧جەنیوەری١٨٨١	بالیۆزی روسیا هیچ کاریکی ئەنجامداوە سەبارەت بە نوینەرایەتییەکانی ئیران (سەیری ژ. ٧٦ بکە).	٧٣
٧٩	مستەر سەینت جۆن (بروسکە)	٨جەنیوەری١٨٨١	لەچەند بۆنەیەکدا وا بالیۆزی روسیا پشتگیری نوینەرەکانی ئیرانی کردوە (سەیری ژمارە ٨١ بکە).	٧٣
٨٠	مستەر سەینت جۆن	٤ جەنیوەری١٨٨١	ناردنی کۆپی چەند بروسکەیەك بۆ جیگری کونسولی خاوەن شکۆ لەویلایەتی وان سەبارەت بە داگیرکردنی ئیران لەلایەن کوردەوەو پروپاگەندەی بلاوی پیکهینانی کۆمەلەیەکی کورد	٧٣
٨١	بۆ ئیرل دوفەرین	٢٨جەنیوەری ١٨٨١	گفتوگۆکردن لەگەڵ بالیۆزی روسیادا. حکومەتی روسیا دەیەویت هاریکاری ئینگلتەرا بکات لە بەرگرتن لەو بێنیزامییەی سنوری ئیران	٧٥
٨٢	مستەر تۆمسۆن	٣١جەنیوەری ١٨٨١	هەوالی ئەوەی کە شیخ عوبەیدولا خۆئامادە دەکات بۆ هیرشی نوێو تورکەکانیش هیچ ناکەن بۆ ریگەگرتن لێی	٧٥
٨٣	مستەر تۆمسۆن	٢فیبریوەری	گفتوگۆکردن لەگەڵ شادا سەبارەت بەو زانیارییەی لە ژ. ٨٢دا هەبووە. بۆچوونی حکومەتی خاوەن شکۆ لەو بارەیەوە.	٧٦
٨٤	مستەر تۆمسۆن	٢٣ دیسەمبەری ١٨٨٠	پیشکەشکردنی کۆپی چەند بەلگەنامەیەکی ساغو دلنیا ئاراستەی شیخ عوبەیدولا کراوە لەکاتی دوایین داگیرکاریدا.	٧٦
٨٥	کۆسوڵ- ژەنەراڵ ئابۆت	٣٠ دیسەمبەری ١٨٨٠	راپۆرتی ساختەی زیاتر دابەشکراوە لەو بارەیەوە کە بۆ ئاسانکردنی نیردەی ئەمریکایە لەگەڵ شیخ عوبەیدولا	٧٨
٨٦	کۆنسوڵ ژەنەراڵ ئابۆت	٣١ دیسەمبەری ١٨٨٠	ناردنی چەند برگەیەك لە بروسکەی ئەم دوایییە بۆ وەزیری خاوەن شکۆ نیردراوە لەتاران لەبارەی چەند بابەتیکی جۆراو جۆری پەیوەست بە داگیرکاری	٧٩

			کوردەوە.	
٨٧	مستەر سەینت جۆن (بروسکە)	٤ فیبریوەری ١٨٨١	کاپتن کلایتون رایدەگەیەنیت کە شیخ عوبەیدوڵا خۆی ئامادە دەکات بۆ شاڵاوی نوێ بۆسەر ناوچەکانی ئیران	٨١
٨٨	بۆ مستەر سەینت جۆن	٥ فیبریوەری ١٨٨١	بۆ پشتگیری کردن لە نوینەرایەتی‌یەکانی ئیران دژی پیشیل کردنی سنورەکەیان لەلایەن کوردەوە. وەڵامی ژ.٨٧.	٨١
٨٩	مستەر سەینست جۆن	٧فیبریوەری	بەگویرەی رینمایی‌یەکانی ژمارە ٨٨ رەفتاری کردبیت. وەڵامی بابی عالی لەو بارەیەوە.	٨١